


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوەڕۆک

------------------------------------------------------

## بابەتی: ٢٠١٧: لاپەڕەی: ٧

١- قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی ٢٨ی گەلاوێژدا

٢- بیست و هەشتی گەلاوێژ، رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستانە ........ عەبدوڵڵا موهتەدی

٣- بەرگری لە خەڵخاڵی باوک یان خەڵخاڵی تاوانبار؟ .......................... ن: مستەفا زاهیدی

٤- پەلاماری ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بۆ سەر کوردستان لە سەر بەستێنی کام بارودۆخدا روویدا

٥- ٣٨ ساڵ بە بێدەنگی و لاری! ...................................................... خالید محەممەدزادە

٦- ٢٨ی گەلاوێژ هێمای خۆڕاگری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە ............................ فۆئاد شێربەیگی

٧- جیهادی سپی ............................................................................ کەریم پەرویزی

## بابەتی: ٢٠١٦: لاپەڕەی: ٣١

٨- رۆژژمێری داگیرکردنی وڵاتێک ................................................... ئامادە کردن: مستەفا زاهیدی

٩- ٢٨ی گەلاوێژ فەرمانێک بۆ خەساری کۆمەڵایەتیی درێژخایەن ..................... چەکۆ ئەحمەدی

١٠- "فەرمان" دژ بە کوردان ........................................................... رەزا محەممەدئەمینی

١١- ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان (وتووێژ) .................... ئیمان موردوەیسی

١٢- لە ٢٨ ی گەڵاوێژ دا، دەستی کورد کوژیی فاشیزمی فارس لە قۆڵی خومەینیەوە هاتەدەر ..... عیرفان رەهنمود

١٣- ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی هێرشی داعشەکانی ئێران بۆ سەر خەڵک و خاکی کوردستان ......... ئاسۆ ڕوانسەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی: ٢٠١٥: لاپەڕەی: ٥٨

١٤- سی و شەش ساڵ جینایەت لە پێناو کپ کردنی دەنگ .............................. سامان ریشەساحێب

١٥- جیهادە یان جینایەتە؟! .................................................................... مەلا برایمی مەجیدپور

١٦- خوێنی لاوانی کورد لە شووشەی زوحاکانی کۆماری ئیسلامیدا ....................... جەمال نەجاری

١٧- جیهادی خومەینی لەدژی گەلی کورد و جینایەتەکانی خەڵخاڵی لە کوردستان ........... ن: ئیبراهیم قاسمی زاد .... وەرگێڕان: ڕووش

## بابەتی: ٢٠١٤: لاپەڕەی: ٧٥

١٨- ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی ڕاگەیەندرانی شەڕی بێ کۆتایی لە دژی خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..... قادر وریا

١٩- فەرمانی جیهادی خومەینی و مێژوویەک لە قوربانیدان ...................................... هیوا میرزایی

٢٠- ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژێک کە کورد بە "کافر" ڕاگەیەنرا ............................................ مەجید حەقی

٢١- عەبدوڵلا موهتەدی: خۆڕاگری لە بەرابەر ئەو هێرشەدا ،لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی و گەشە و هەمیشە لە مێژووی ئێمەدا دەمێنێتەوە

## بابەتی: ٢٠١٣: لاپەڕەی: ٩٣

٢٢- ئاوڕێک لە فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ......... ناسر ساڵحی ئەسڵ

٢٣- ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی حوکمی «جیهاد»ی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان ..... کوێستان فتووحی

٢٤- ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەکەمانە .................. کەماڵ گروێسی

٢٥- بەبۆنەی٣٣ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی. ............................................ لوقمان زەهرایی

٢٦- ٢٥ی گەلاوێژ، خۆڕاگری هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان لەدژی هێرشی کۆماری ئیسلامی سازدان: سامان ریشەساحێب

٢٧- جینایەتێکی سامناک ................................................................ عەبدوڵلا حەسەن زادە

٢٨- ناو و ناوبانگی ٥٩ شەهیدی تێکۆشەری خەڵکی مەهاباد ........................ ئامادە کردنی رەحمان نەقشی

٢٩- پەنجا و نۆ گەڵای وەریو! .............................................................. هەیاس کاردۆ

## بابەتی: ٢٠١٢: لاپەڕەی: ١٢٤

٣٠- وەستانێک لە سەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان ..................................... فەرامەرز سجیم

٣١- هێرشی یەکەمی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨)ە

٣٢- شەڕی ٢٤ رۆژەی شاری سنە، دەسپێکی قۆناغی دووهەمی بەرەنگاری نەتەوەیی لە کوردستان ... فواد محەممەدی

٣٣- مانگی گەلاوێژ و بیرەوەرییە خۆش‌و ناخۆشەکانی ............................................. قادر وریا

٣٤- ٢٨ی گەلاوێژ. رۆژی فەرمانە بەدناوەکەی خومەینی ........................................ ئەحمەد مەکّلاوەیی

٣٥- ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی بەرگریی نەتەوەیی ........................................................ هاشم رەزایی

٣٦- جیهادی جەللادێک بە دژی نەتەوەیەکی ئازادیخواز

٣٧- ٢٨ی گەلاوێژ، سی و سێ ساڵ لە داگیرکەریی ............................................. هیرش عەلیزادە

٣٨- کۆمەڵکوژی لە کوردستان لەزاری شایەتحاڵان و لە دووتوێی ئامارەکاندا .................. بەهمەن دێهقان

٣٩- عەبدوڵلا حەسەن زادە: لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا

٤٠- ئیبراهیم عەلیزادە: مادەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە

٤١- د. نووری زادە: خومەینی کەسێک نەبوو کە پابەند و باوەڕی بە مەسەلە دینییەکان یان بێت

٤٢- مستەفا هیجری: مەسەلەی تەجزیە تەڵەبیش بەشێکە لەو تۆمەتانەی حکوومەتی خومەینی

٤٣- مامۆستا حەسەن ئەمینی: فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، هەم بڕیارێکی مەزهەبی بووە و هەم بڕیارێکی سیاسی

## بابەتی: ٢٠١١ - ٢٠١٠: لاپەڕەی: ١٨٦

٤٤- فەتوای خومەینی و جینۆسایدێکی بەردەوام ............................................ تەوار شەریفی

٤٥- فەتوای ئیمام خۆمەینی؛ سەرچاوە، پاڵپشت، کارتێکەری‌و ڕوانگەی ئێمڕۆی مریدەکانی .... سدێق بابایی

٤٦- فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لەلایەن خومەینی .......................................... فەتاح ئەحمەدی

٤٧- ٢٨ی گەلاوێژو ژینۆسایدی نامرۆڤانە .! .................................................. ناسر سالحی ئەسڵ

٤٨- ٢٨ی گەلاوێژ بیرەوەرییێکی تاڵ لە مێژووی کورد لە کوردستانی ئێران .................... عەلی بەهرامی

٤٩- رەواییدان بەکوشتاری کوردستان بە در کردنی فتوایەک ............................ ماڵپەری کوردیش پرسپکتیف

# بابەتی: ٢٠٠٩: لاپەڕەی: ٢١٢

٥٠- بە دڵی خۆش و ورەی بەرز بەرەوپیری رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بچین ........................ عبدالله مهتدی

٥١- لە بەرەبەری ٢٨ گەلاوێژدا ............................................................ حسەین یەزدانپەنا

٥٢- ٢٨ی گەلاوێژ، رۆژی وەستانەوە و خۆڕاگری ............................................... خالید سیادەت

٥٣- ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی دەستپێکردنی موقاوەمەتێکی سەربەرزانە بەرانبەر بە هێرشێکی جینایەتکارانە

٥٤- ٢٨ی گەلاوێژ هێمای هاوپشتیی نەتەوەیی گەلی کورد ................................ ئەنوەر ئەسەدزادە

٥٥- ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی بەرەنگاری و هاوپشتی نەتەوەیی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی ..... فواد کوردپوور

٥٦- ٢٨ی گەلاوێژ، دەرسەکان و ئەزموونەکان .................................................... کاوە فەتاحی

٥٧- ٢٨ی گەلاوێژ، مێژووی دروستکردەوە ...................................................... باران سەلیمی

٥٨- پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێرانو راڤەیەک ...................................... ئارام. مەریوان

٥٩- کوشتاری ساڵی ٦٧، پەڵەیەکی رەشی نێوچاوانی رێژیم ................................ حەسەن سەلیمی

# بەیاننامەی حیزبەکان: لاپەڕەی: ٢٤٢

٦٠- بەیاننامەی هاوبەشی سێ پارت و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان

٦١- راگەیاندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٦٢- بەیاننامەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبۆنەی ساڵڕۆژی هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان

٦٣- راگەیەندراوی دەست بەکار بوونی کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان

٦٤- داخویانی کەمپەینی حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ

٦٥- بەیاننامە: ناوەندی پێشەوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

٦٦- ٢٨ی گەلاوێژ" راگەیاندنی رۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستان

٦٧- راگەیەندراوی سازمانی خەبات کوردستانی ئێران

٦٨- لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا چ بکرێت؟ چ ناوێک بۆ ئەو رۆژە دیاری بکرێت؟

٦٩- بە مەبەستی مانگرتنی گشتی لە یادی ٣٢ ساڵەی فەتوای خومەینی لە دژی نەتەوەکەمان

٧٠- ٢٨ی گەلاویێژ، رۆژی پەرچدانەوەی مرۆڤ کوژی رژێمی کۆماری ئیسلامی ..... کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد – ئوروپا

٧١- راگەیاندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٧٢- بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدکا

٧٣- پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

٧٤- با ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی قەتڵ و عامی گەلەکەمان لە یاد نەکەین. بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان.

٧٥- شەڕی قڕکردنی کورد لەلایەن خومەینییەوە لە رۆژهەلاتی کوردستان ...... ڕەنجدەر دۆڵەگۆمی

٧٦- ٢٨ی گەلاوێژ هێمای درندەیی رژێمی ئیسلامییە و نیشانەیەکە بۆ ئیرادەی بەهێزی خۆراگرانەی خەڵکی کوردستان رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە (فراکسیون)

٧٧- راگەێندراوی سپای رزگاریی کوردستان سەبارەت بە ٢٨ی گەلاوێژ

٧٨-پارتی ئازادیی کوردستان : شەکاوە بێ ئاڵای بەرخۆدانی نەتەوەیی

٧٩- بە هاسانی هەموو کۆمەڵکوژییەکان .............. ن. سەعید سەنەندەجی ... و: مەسعوود مەناف

## کۆمەڵکۆژی لە رۆژهەڵاتی کوردستان: لاپەڕەی : ٣٠٩

٨٠- لێکدانەوەی شەڕی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ١٩٧٩ - ١٩٩١ ........................ س.ماکوان

٨١- قوربانییە سیڤیلەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٣٥٩دا .................................. س.ماکوان

٨٢- گوللەبارانکراوەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات ساڵی ١٣٥٨ - ١٩٧٩

٨٣- گوللەبارانکراوەکانی سەر بە رێکخراوی کۆمەڵە

٨٤- لیستەی بەشێک لە قوربانیانی تێرۆری کۆماری ئێسلامی ئێران ......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی

٨٥- کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندی قارنێ" ........................................ حامید گەوهەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی: ٢٠١٧

---------------------------------------------

## قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆڕیادی ٢٨ی گەلاوێژدا



### د. ئاسۆ حەسەنزادە

٢٨ی گەلاوێژ خاڵی چڕبوونەوەی نەیاریی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلی کورد و ساتی دەرکەوتنی ناتەبایی جەهانبینیی گەلی ئێمە و ئەو رێژیمەیە.

بە سڵاو و ڕێز بۆ هەموو لایەک!

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەسخۆشی بە ڕێکخەران و بەڕێوبەرانی ئەم شکۆمەندیەی خۆڕاگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێم. تەبیعەتەن ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی و پێشوازی لە هەر دەسپێشخەرییەک دەکەین کە ببێتە هۆی ئەوەی میللەتەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە کارێک ئەنجام بدا.

**سڵاو لە نزیک بە چوار دەهە خەبات و خۆڕاگریی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ سڵاو لە شەهیدانی ئەم خۆڕاگرییە، لە سەربازە ناودار و بێناوەکانی ئەم خۆڕاگرییە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا، لە زیندانەکان، لە زانکۆکان، لە کۆڵان و مەیدانەکانی شار، لە کێڵگە و مەزراکانی گوند، لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەندەران.**

**٢٨ی گەلاوێژ دەسپێکی خۆڕاگریی گەلی ئێمە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نییە، چونکە ئەم خۆڕاگرییە درێژەی خەباتێکی دەیان ساڵە و بگرە سەدان ساڵەیە. پاش ئینقلابیش دەزانین کە ڕووداوەکان بە چەشنێک بوون کە ئەم خۆڕاگرییە بەر لەم ڕێکەوتە دەستی پێکردبوو. بەڵام راستە کە ٢٨ی گەلاوێژ خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئەم خۆڕاگرییەدا، نوختەی چڕبوونەوەی نەیاری و دوژمنکاریی دەسەڵاتی تازە لەگەڵ گەلی ئێمە و خاڵی دەرکەوتنی ناتەبایی دوو جۆر لە جەهانبینییە: جیهانبینیی فراوان و دێموکرات و پێشکەوتنخوازانەی گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، جیهانبینیی تاریکپەرەستانە و دژە دێموکراتیک و دژی گەلییانەی ڕێژیمی ئەودەم تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی.**

**هەروەک دەزانن ئەو کاتە سەرباری هەموو پرۆپاگەندەیەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ بەقەولی خۆیان توندوتیژیخوازی و جوداییخوازیی گەلی ئێمە و سەر بە بێگانەبوونی تێکۆشەرانی ئەو گەلە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو باقیی بەشەکانی ئێران هەلومەرجێکی ئینقلابی لە ئارادا بوو. بەڵام دەقیقەن لەبەر ئەو ناتەبایی و نالێکییە لە جیهانبینیی نێوان کورد و دەسەڵاتی تازەدا و لەبەر ئەوە کە ڕێژیم و شەخسی خومەینی دەیانزانی کورد چی دەوێ و دەشیانزانی کە جێبەجێکردنی ئەو شتە کە کورد دەیهەوێ لەگەڵ کۆی ئەو سیستمە کە ئەوان دەیانویست لە ئێراندا دایبمەزرێنن ناکۆکە، سەرباری هەموو هەوڵەکانی گەلی ئێمە و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە و بۆ شانس بەخشین بە ڕێگاحەلی سیاسیی مەسەلەی کورد لە ئێران، ڕووداوەکانی سنە، نەغەدە، مەریوان و پاوە روویان دا و دواتریش واتە پاش شکستی بەناو وتووێژەکان سیاسەتی داگیرکاری و سیاسەتی عەرزی سووتاویان لە کوردستان بە سەرتاسەری کرد. ئەوەش نیشانی دا کە سیستمی تازە بە تەما نییە گوێ لە داواکانی گەلی ئێمە بگرێ و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە گرتنە بەری ڕێگای خۆڕاگری و سەربەرزی بژارێکی دیکەیان لەپێش نەمابوو.**

**لە سی و هەشت ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژدا، دەبینین کە گەشەسەندنی گەورە لەپێوەندی لەگەڵ مافی گەلان لە دنیادا و تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا رووی داوە. بەخۆشییەوە ئەمڕۆ خوشک**

و برا کوردەکانمان لە باشووری کوردستان لە چەند قەدەمیی هەنگاوێکی گەورەدان و لێبڕاون ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بەڕێوە ببەن. تەبیعەتەن ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات پشتیوانیی لێ دەکەین و هیوادارین کە خوشک و براکانمان لەو بەشەی کوردستان بە یەکڕیزییەوە بەپیل ئەم چالێنجە گەورەیە بچن کە ڕێفراندۆمی سەربەخۆییە.

بەڵام سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرباری خەبات و خۆڕاگرییەکی گەلی ئێمە کە هەروا بەردەوامە، دەبێ دانی پێدا بنێین کە بە داخەوە بە زۆر هۆکاری پێوەندیدار بە سیستم لە ئێران و دۆخی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بارودۆخی نێونەتەوەیی، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر سەرنجی پێ دەدرێ. ئەو کەمتر سەرنج پێدان و لە پەراوێز کەوتنە کە ئێمە دەبێ بەدژی ڕاوەستین و قەرەبووی بکەینەوە، بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە بۆخۆشمان بەو جۆرەی پێویستە یەکگرتوو نین. لەنێو هیچ میللەتێکدا بەقەد میللەتی کورد باسی یەکگرتن ناکرێ، کەچی بەداخەوە هیچ میللەتێکیش ئەوەندەی میللەتی ئێمە نایەکگرتوو نییە.

ئێمە پێمان وایە بۆ هەستاندنەوەی هەرچی زیاتری خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ بە فاکتۆر کردنەوەی پرسی کورد لە ئێران، پێویستە هەموو بەستێنەکان و هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ لایەنێک بە ئامانج نەگرن. پێویستە تێبکۆشین بە وتارێکی هەمەلاگیر کە تەواوی کۆمەڵگای ئێمە ببینێ و هەموو بەستێنەکان و هەموو ڕەهەندەکانی خەبات ئەکتیڤ بکا، خەبات بە مەیدانی و بە جەماوەری بکەینەوە. پێویستە ناکۆکی و جیاوازییە نیوخۆییەکانمان وەلابنێین و هەوڵ بدەین ڕاستگۆیانە تەوازووعمان هەبێ، شەهامەتمان هەبێ و بە کردەوە کار بۆ یەکریزیی میللەتەکەمان بکەین. هەر لەپێناو بووژاندنەوەی خەباتدا پێویستە گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە بەرامبەر دەسەڵاتی حاکم و نوخبەی سەراسەری کە بە داخەوە ئەمڕۆ لە ڕابردووش زیاتر بە نیسبەت خواستەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوێیان کەڕە و چ تەنانەت لە بەرامبەر دنیای دەرەوەشدا، بە دوور لە هەر چشنە پاشکۆیەتییەک هەوڵ بدا دەنگێکی هاوبەش دروست بکا.

سەبارەت بە خودی ٢٨ی گەلاوێژیش، یادکردنەوەی ٢٨ی گەلاوێژ پیرۆزە، پێویستە، و جێگای خۆیەتی ئەو شکۆمەندییە کە بەو خۆڕاگرییە دەبەخشرێتەوە، بکرێتە نەریتێکی هاوبەش. بێگوومان هەموومان بەجیا هەموو ساڵێ یادمان کردۆتەوە، بەڵام دیسان دەسخۆشی دەڵێمەوە بە وانەی کە ئیبتکاری ئەو کارەیان گرتە دەست - و ئێمەش لە پشتیان بووین - بۆ ئەوە کە ئەمساڵ هەموومان پێکەوە ئەو یادە بکەینەوە. بەڵام تەنیا یادکردنەوەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

کافی نییە و ئێمە پێویستە لە ٢٨ی گەلاوێژ بەکردەوە هێندێک دەرسیش وەربگرین کە زۆر خێرا عەرزتان دەکەم: یەکەمین دەرس کە ئێمە دەبێ لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ وەری بگرین، وەبیرخستنەوەی ئەو راستییەیە کە لەو شوێنانەی گەلی ئێمە پێکەوە و پارتەکانمان بەسەریەکەوە خۆڕاگرییان لە بەرامبەر هێرش و قەلاچۆ و داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی دەکرد، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی باشتر شکستیان دەخوارد. ئێستا پێویستە بیر بکەینەوە کە چ جۆرێک لە ناهەماهەنگی و نایەکگرتوویی لەم قۆناغەدا بوو بەهۆی ئەوەی ئێمە تووشی جۆرێک لە پاشەکشە بین، ئەگەرچی خۆڕاگرییەکە هەر بەو شکۆمەندییە کە ئێستا ناوی لێنراوە، تا ئێستا بەردەوامە.

دەرسێکی دیکە کە پێویستە لە ٢٨ی گەلاوێژ وەری بگرین ئەوەیە کە وەکوو گەلانی دیکەی دنیا کە قەلاچۆکردنیان دەکەنە بنەمای شەرعیەت و وجوودی سیاسیی خۆیان، ئێمەش دەبێ یادەوەریی قەلاچۆکردنی گەلەکەمان بکەینە بنەمای شەرعییەتی سیاسی و حقووقیی ویست و خەونەکانی ئەو گەلە.

پێویستە زیاتر کار لەسەر ٢٨ی گەلاوێژ و ڕووداوەکانی دواتر کە جینایەتی شەڕ، جینایەتی دژەمرۆیی، و تەنانەت جینایەتی ژێنۆساید لەدژی گەلی ئێمەیان لێ کەوتۆتەوە، بکەین. ئەوانە پێویستە بە دۆکومێنت بکرێن، زیاتر لەقاو بدرێن و ببنە ئامرازی قانوونی و سیاسی و مێدیایی بەهێزتر بۆ شەرعییەت و حەقانییەتی خەباتی میللەتی ئێمە بەڕووی دونیای دەرەوەدا.

جیا لەوە با ٢٨ی گەلاوێژ ڕوونتر و ئاکامدارتر بچێتە نێو گوتاری سیاسیی ڕزگاریخوازانەی پارتە سیاسییەکانی ئێمە. هەروەکوو چۆن پاش ٢٦ی سەرماوەز و ڕووخانی کۆمار ئەرتەشی شاهەنشاهی نەک بە ئارەزووی گەلی ئێمە بەڵکوو بەزۆر گەڕایەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، پاش ٢٨ی گەلاوێژیش ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ولاتێکی ئازاد بوو و حیزبەکانی ئێمە بۆخۆیان بەڕێوەیان دەبرد، ئەرتەش و سوپای ڕێژیمی نوێ بەبێ ڕەزامەندیی گەلی ئێمە و بە سیاسەتی داگیرکاری جارێکی دیکە هاتەوە چەکمەکانی خستەوە سەر ئەو خاکە. ئەوەش حەقانییەت دەدا بە سروشتی ڕزگاریخوازانەی خەباتی ئێمە و پێویستە بە متمانە بەخۆبوون و بەبێ دوودڵی لە وتاری سیاسیی خۆماندا باسی بکەین.

ئاخرین دەرس کە پێم وایە دەبێ لە ٢٨ی گەلاوێژی وەربگرین، ئەوەیە کە هەروەکوو گوتم پێویستیمان بە لێکگرێدانی هەموو شێوەکانی خەبات هەیە. لە بەرەبەری ٢٨ی گەلاوێژ و پاش ٢٨ی گەلاوێژ زۆر شت ڕوویان داوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که هەر ئەو کاتە  فرەڕەهەندی و فرەبەستێنیی خەباتی ئێمەیان جێ ختووە. لەو فەسڵە دایە کە ڕێپێوانە مێژووییەکەی خەڵکی مەریوان هاوکاتە لەگەڵ بەربەرەکانی و خۆڕاگری و فیداکاریی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی دیفاع لە ئازادی. بەگشتی دەرسەکانی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ ئەمڕۆش دەتوانێ ئیلهامبەخش و سەرمەشقمان بێ.

بەهیوای ئەوە کە ئەم یادەوەرییە بەشکۆیە لە ساڵانی داهاتووشدا بە مێکانیزمی وردتر و چڕتر بەردەوام بێ و ئەگەرچی ئەمە بۆ ڕەوەندی کوردی ڕۆژهەڵاتە بەڵام ئێمەش وەک حیزبە سیاسییەکان لەپشتتان دەبین. چونکە پارتەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵات چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە نابێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ تەئکیدی لەسەر بکەین دەقیقەن ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا، هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگا و کۆمەڵگا بە گشتی لەو خەباتە هاوبەشەدا ئەرکدار بکەین و پێمان وا نەبێ کە خەباتی ڕزگاریخوازانە تەنیا لە مۆنۆپۆلی پارتە سیاسیەکاندایە، ئەگەرچی پارتە سیاسییەکان ڕیسالەتێکی پێشڕەوانەیان هەیە کە حاشای لێ ناکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێرانیش لەسەر دەستی ئەوان وەک پرسێکی سیاسی ناسێندراوە و ئەوەش هەر بەردەوام دەبێ.

لەکۆتاییدا سوپاس بۆ گوێگرتنتان و بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجەکانی شەهیدانی ٢٨ی گەلاوێژ.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## بیست و هەشتی گەلاوێژ، ڕۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستانە




### عەبدوڵلا موهتەدی

سی و هەشت ساڵ لەوە پێش لە وەها ڕۆژێکدا ئایەتوڵڵا خومەینی، بەبێ پرس کردن بە سەرۆک وەزیری ئەو کات و شورای ئینقیلابەکەی خۆیان و فەرماندە نیزامییەکانی ئێران، فەرمانی هێرشی بۆ سەر کوردستان دەرکرد. فەرمانی هێرشەکەی خومەینی تاوانکارانە و بیانووەکەشی ساختە و پڕوپووچ بوو. بەقسەی ئەو ژنانی موسوڵمان لەلایەن کوردە کۆمۆنیستەکانەوە لە مزگەوتی جامیعەی سنە بە بارمتە گیرابوون و دەبوو هەموو هێزی نیزامی و هەموو موسوڵمانێکی ڕاستەقینە لە هەموو ئێرانەوە هێرش بەرێتە کوردستان و بچێتە هانای ئەو بارمتانەوە و ڕزگاریان بکا.

ئەم درۆ شاخدارە، کە دواتر خودی بازرگان لە کتێبی (انقلاب ایران در دو حرکت)دا بەئاشکرا دەڵێ ناڕاست بوو، هەرگیز لەلایەن خۆشیانەوە پەیگیری نەکرا: کەس نەیزانی داخۆ ئەو خانمە بەبارمتە گیراوانە ڕزگار کران و ئەگەر ڕزگاریان بوو، ئەی بۆ سی و هەشت ساڵ دوای ئەوەیش داگیرکاری کوردستان هەر کۆتایی پێنەهاتووە؟ لەڕاستیدا، مەبەست هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی کۆمەڵانی بێ ئاگای خەڵکی ئێران و سازدانی مەکینەیەکی داپڵۆسێنەری پێکهاتوو لە هێزی چەکداری کلاسیکی تەیار بە تۆپ و تانک و تەیارە وێڕای لەشکرێکی هەڵخڕاوی هەڵخەڵەتاوی وەحشی و نەفام بوو کە لە هیچ جینایەت و تاوانێک سڵ نەکا، خوێنی کورد بە حەڵاڵ بزانێ و لە چەشنی پێشینیانە سەفەوییە دڕندەکانیان کوردستانی ئازاد و ئازادیخواز داگیر و کاول و خاپوور کا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بەڵام کورد نەفەوتا و ئەوان شکان. سێ مانگی پێنەچوو کە فەرمانی هێرش بوو بە پەیامی ئاشتی و (هیات حسن نیت) ڕەوانەی کوردستان کرا کە بۆخۆی باسێکی جیاوازە و لێرەدا لەسەری ناڕۆم. دەمەوێ بڵێم کورد بە بەرەنگاری خۆی لە فەوتان ڕزگار کرد، نەسلی شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە بە ڕێکخستنی خۆبەخشانەی ئەو بەرەنگارییە نەتەوەییە، بە ڕێکخستنی خەباتی مەدەنی و بەرخۆدانی جەماوەری، بە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و بەخشینی خوێن، سەرورییەکی گەورەیان بۆخۆیان و بۆ هەموو گەلی کورد تومار کرد. خوێن ڕژا، ڕۆڵە کوژا، ئەمما دەرسێکی گەورەش بە داگیرکەران درا و ناو و ناوبانگ و ڕووسوورییەکی گەورەش بۆ هەمیشە لە مێژووی کورد تومار کرا. ئەگەر نەسلی نوێی کوردی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ سەری بەرزە و بەشانازییەوە چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان، ئەگەر لاوانی کوردستان هەستی غورور و بڕوا بەخۆبوونیان بەردەوام لە هەڵکشان دایە، ئەگەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نافەوتێ و بەهیچ زەبر و زەنگێک دانامرکێ، هەمووی بەرهەمی بڕیاری مێژووسازی ئەو بەرەنگارییە نەتەوییەیە کە سی و هەشت ساڵ پێش ئەمڕۆ و ڕێک بەدوای فەرمانی هێرشی کۆماری ئیسلامیدا درا.

ئەو وەختیش و ئێستاش هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە ژمارە، بە چەک و چۆڵ، بە ڕاهێنان و هەر وەها بەسەرچاوەی دارایی سەدان قات لە هێزی پێشمەرگە تەیارترن. ئەو کات و ئێستاش وەکوو تێرۆریستی ترسنۆک دەستیان وەشاندوە و قوربانییان لێ گرتووین. بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە، ئێمە ئەوانمان گەمارۆ داوە. کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی وەکوو ژمارەیەک دوڕگەی بچووکی ناو ئوقیانووسێکی دە میلیۆنی کورد لە ئێران وان، مەددێکی ئەو ئوقیانووسانە دەتوانێ هەموو ئەو جزیرانە بۆ هەمیشە نوقمی بن گۆم بکا. هەموو هەوڵێک، هەموو ماندوو بوونێک، هەموو خەباتێک لەوانە خەبات و چالاکیی پێشمەرگانەش، دەبێ بۆ هەستانی ئەو ئوقیانووسە گەورەیە تەرخان بکرێت.

لەسەر دایک و باوکان و گەورەکانی بنەماڵەکانیشە کە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ وەکوو ڕۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی بە منداڵەکانیان بناسێنن و ڕێزگرتن لەو بەرەنگارییە بکەن بە نەریتی گەورە و بچووکی هەموو بنەماڵەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## بەرگری لە خەڵخاڵی باوک یان خەڵخاڵی تاوابنار؟



**ن: مستەفا زاهیدی**

بیست و نۆ (٢٩) ساڵ لەمەوپێش و لە وەها رۆژانێکدا بوو کە رژیمی کۆماری ئیسلامی، بە مەبەستی چاوترسێن کردنی جەماوەر و خولقاندنی کەش و هەوای ترس و خەفەقان، لە زیندانەکان دەستی دایە قەتڵ وعام و بە کۆمەڵ ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دادگایی کردنێکی چەند چرکەدا ئێعدام کرد.

رژیم لە درێژ کردنەوەی شەڕی ماڵوێرانکەری عێراق- ئێراندا، تووشی شکست هاتبوو، بە قەولی خۆیان نەیانتوانیبوو رێگای قودس لە کەربەلاوە ببڕن. خومەینی پیری جەماران جامی زەهری نۆش کردبوو و دانی بەوەدا نابوو کە لە درێژ کردنەوەی جەنگ شکەستیان خواردوە، خواردنی جامی ژەهر لە لایەن خومەینیەوەو راگرتنی جەنگ، بوو بە هۆی ئەوەی ئەم پرسیارە لە مێشکی خەڵکدا چەکەرە بستێنێ کە بۆ ئەم شەڕە درێژ نەکرایەوە، لەحاڵێکدا دەکرا چەند ساڵ پێشتر ئەم ئاگربڕ۪ە بکرێ؟

لە لایەکیترەوە باری ئابووری کۆمەڵگای ئێران تا دەهات روو بە خراپ بوون دەچوو. رژیمێک کە بەڵێنی ئەوەی دابوو خزمەتکاری هەژار و فەقیر بێت، هیچ خزمەتکاری هەژار و فەقیر نەبوو، بەڵکوو بوو بەهۆی ئەوەی بەهۆی گرانیەوە کۆمەڵگا لە هەژاریدا نوقم بێت.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ و بیرکردنەوەی جەماوەری کۆمەڵگای ئێران، لە ئاکامە ماڵی و گیانی و ڕۆحییەکانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، بەوە دەچوو نارەزایەتییەکان لە ناوخۆی وڵات دژ بەو دەسەڵاتە پەرە بستێنێ, شەڕ کۆتایی هاتبوو، ئیتر نەدەکرا بە پاساوی ئەوەی ئێمە لە شەڕداین و وڵات لە شەڕدایە، وەڵامی خواستەکانی جەماوەر نەدرێتەوە. تا دەهات پرسیار لە مێشکی جەماوەردا کەڵەکە دەبوو. هەموو ئەم پرسیارانەش بۆ ئەم دەسەڵاتە بڤە بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە ساڵەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیدا و بە تایبەت لە ساڵی ٦١ و ٦٢ ، بە تاوانی ئەوەی کە ئەمانە دژ بە دەسەڵاتن و سەر بە ڕۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکان ئێعدام  کرابوون. بنەماڵەی ئەم کەسانەش لەم رژیمە داخ لە دڵ بوون. بە گشتی کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەت ئەو کۆمەڵگایەی رۆڵەکانیان لە زیندانەکانی رژیمدا گیانیان لە دەست دابوو، ئەو بنەماڵانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا ئازیزانی خۆیان لە دەست دابوو، پرسیاریان هەبوو، ناڕازی بوون. پرسیار لەوەی ٨ ساڵ شەڕ بۆ؟ پرسیار لەوەی رۆڵەکانمان بۆ ئێعدام کران؟ پرسیار لەوەی ئەمە بوو خزمەت بە هەژاران ؟ زۆر پرسیاری تر هەبوون کە پێویست بوو وەڵامی پێ بدرێتەوە

رژیم بۆ بەرگرتن بەم نارەزاییەتیانە بیری لەوە کردەوە کە دەبێ کەش و هەوای ترس و خەفەقان لە کۆمەڵگا دابمەرزێنێ و بە واتایەکی تر پرسیار کردن قەدەغە بکات؟

خومەینی بۆ ئەم مەبەستە خەڵخاڵی وەک حاکم شەرع بە ئێختیاراتی تەواوەوە رەوانەی زیندانەکان کرد.
مەئموورییەتی خەڵخاڵی ئەوە بوو لە رێگای ئێعدام کردنی چالاکانی سیاسی و رۆشنبیر و چەپ و شۆڕشگێڕەوە، دەست بداتە خولقاندنی کەش و هەوای ترس و خەفەقان.

بە هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و رۆشنبیری و لە شۆڕشگێڕانی چەپ لەم هاوینە شوومەدا لە لایەن خەڵخاڵییەوە لە دادگایی کردنی چەند چرکەدا، ئێعدام کران و بە دزیەوە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان نێژران و ژمارەیەکیشان لە گۆڕستانی خاوەران نێژران.

ئێستاش گۆڕستانی خاوەران بەڵگەی ئەو جینایەتەی رژیمە و وەک خاڵی رەش بە ناوچاوانی ئەم رژیمە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووەکەیەوە ماوەتەوە.

بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەم جینایەتەی ڕژێم ئەو سەردەم لە میدیای جیهانیدا ڕەنگی نەدایەوە و کۆمەڵگای جیهانی بێدەنگەی کرد بەرامبەر بەم جینایەتە وەحشیانەیە کە دەکرێ ببرێتە خانەی کۆمەڵکوژییەوە.

ئێستا ٢٩ ساڵ لەو ڕووداوە دڵتەزێنە تێپەڕ دەبێ، سەیر لەوەدایە ئێستاش ڕژێم دەستبەرداری گوشار بۆ سەر ئەو بنەماڵانە نابێ کە ئازیزانیان لە هاوینی ٦٧ دا بە فەرمانی خومەینی و جێ بە جێ کردنی خەڵخاڵی لە دادگایی کردنێکی چەن چرکەدا نێردرانە بەر جووخەی ئێعدام. ئێستاش ڕژێم ئیزن نادات بنەماڵەی گیانبەختکردوانی هاوینی ٦٧ لە سەر گلکۆی ئازیزانیان لە گۆڕستانی خاوەران کۆ ببنەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بنەماڵەی گیانبەختکردوانی هاوینی ٦٧ هەوڵیانداوە لە سەر گڵکۆی ئازیزانیان کۆ ببنەوەو یادیان بکەنەوە، بەڵام ڕژێم و دەست و پەیوەندەکانی بەریان بە کۆبوونەوەی بنەماڵەکان گرتووە.

بەراست ئەمە چ ترسێکە بە ناو زیندوویەکی وەک ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامی لە بە ناو مردوانی هاوینی 67 هەیانە؟

ئاخۆ ئەمە ترس لەو باوەڕە نییە ئەم کەسانە گیانیان لە پێناویدا بەخت کرد؟ ئەو باوەڕەی کە ئەم ڕژێمە زیندوو بوونەوەی بە ئاماژەیەک دەزانێ بۆ بە مەترسی کەوتنی دەسەڵاتەکەی.

لەو هاوینە شوومەدا، ماشێنی مەرگ بە وەحشیانەترین شێوە کەتبووە کار و ئازادیخوازانی دەکرد بە قوربانی. خەڵخاڵی فەرمانی لە خومەینەوە وەرگرتبوو و بە ئێختیاری تەواوەوە هاتبووە مەیدان. ئەوەی لەو هاوینەدا ڕوودا دەچێتە خانەی کۆمەڵکوژییەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستە زۆر کەم هەوڵدراوە لەم کەیسە کەڵک وەربگیردرێت بۆ پەراوێز خستنی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکەی. لە ٢ - ٣ ساڵی ڕابردوودا لە ئورووپا هەوڵدرا دادگاییەک ڕێک بخرێت بۆ دادگایی کردنی غیابی بەرپرسانی ئیسلامی . ژمارەیەک شاهید کۆ کرانەوەو شاهیدیان لە سەر ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامیدا، هەوڵدرا میدیاکان و دونیای دەرەوە لەو بابەتە ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم پرسە زۆر لەسەری کار نەکراو ئەم پرۆسەیە وەستا یان لانیکەم چالاکیەکانی دیار نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لەو هاوینە شوومەدا بوون بە قوربانی چالاکانی سیاسی کورد بوون، ئەو کەسانەی کە خەونیان بە ئازادییەوە دەبینی و خەونەکانیان زیندە بە چاڵ کرا. کورد پێویستە وەک خۆی، بە جیا لە سەر ئەم کەیسە کار بکات، چ وەک زیندوو راگرتنی یادی قوربانیانی نزیک بە ٤ دەهە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی و چ وەک قوربانیەکانی ئەو هاوینە شوومە.

ئێستە دوای نزیک بە سێ (٣) دەیە لەو ڕووداوە هەوڵێک هەیە لە لایەن نزیکانی تاوانبارانی ئەو تاوانە گەورەوە بەوەی بە هەر شێوەیەک بێت ئەو تاوانبارانە لەو جینایەتە دابماڵن ، یان بە بێ تاوان ناویان ببەن. نموونەی ئەو جۆرە پاساو هێنانەوانە قسەکانی فاتمە سادقی، کچی خەڵخالیە لە وتوویژ لە گەڵ مانگنامەی (اندیشە پویان). ئەو کاتەی باسی کوردستان و کوشتارەکانی دەهەی ٦٠ دەکرێت لە کوردستان بە فەرمانی راستەوخۆی خەڵخاڵی وەک نوێنەری خومەینی ، فاتمە سادقی کە بە ناو لێکۆڵەرەو بیرجیاوازە لە گەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەڵێت: " من وەک کەسێکی ئاسایی زۆر جار دەبێت بڕۆم بخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم لە کوردستان چی ڕوویداوە و چی قەوماوە بۆ ئەوەی دروست قەزاوەت بکەم."

فاتمە سادقی کە خۆی بە لێکۆڵەر و شارەزای بواری سیاسەت دەناسێنێت چۆنە ئاگادار نییە لە دەهەی ١٣٦٠ (١٩٨٠) لە کوردستان چی ڕوویداوە؟ ئایا خۆدزینەوە نییە لە وەڵامدانەوە بەو پرسیارە؟ ئاخر ئەو (ژێن)ی بە میرات پێگەیشتووە، (ژێن)ێک لە باوکەوە، (ژێن)ێک کە ئەمڕۆ ئەوی کردوە بە شارەزا و پسپۆڕ!!؟

فاتمە سادقی لە درێژەدا دەڵێت: " حەزم نەکردوە دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان بخوێنمەوە، هەر چەند دەزانم ئەو سەردەمە زۆر گرینگە، ڕەنگە ڕۆژێک ئەم کارە بکەم (لەو بارەوە بخوێنمەوە) بۆ ئەوەی بزانم ڕووداوەکانی کوردستان چی بووەو باوکم چ دەور و نەخشێکی بووە لەو سەردەمەدا."

خۆ دزینەوە لە وەڵامی پرسیار لە لایەک و لە لایەکیترەوە وەک دیدێکی پان ئێرانیسمی فارس، خۆ دزینەوە لە راستییە مێژوویەکان سیاسەتێکە کە خانمی سادقی دەیگرێتە بەر. لە هەمانکاتدا بەم شێوەیە پاساو بۆ تاوانەکانی باوکی دێنێتەوە. وەک چۆن لە درێژەدا دەڵێت: "ئەو فەزا و کەش و هەوا ئایدۆلۆژیکیە قاتع بوونێکی شۆڕشگێڕانەی دەویست، ئەو کەسەی لە شوێنی ئاغای خەڵخاڵی دادەنیشت، دەبوایە بۆ ئەو قاتع بوونە وەڵامی هەبوایە. "

بەلای خانمی سادقییەوە قاتع بوونی شۆڕشگێڕانە واتە جێبەجێ کردن و فەرمانکردن بە کوشتنی هەزاران ئینسانی بێتاوان و بیرجیاواز. لە لایەکەوە حەق بە خەڵخاڵی دەدات کە ئەم کارەی کردوە لە بەر ئەوەی قاتعیەتی شۆڕشگێڕانەی بووە، لە لایەکیترەوە دەیهەوێت بە شێوەیەکیتر دەیهەوێت باوکی و کەسانی وەک باوکی بە بەرهەمی ئەو دۆخە ئایدۆلۆژیە بزانێت و ئەو دۆخەش بە پێویستییەک دەزانێت بۆ ئەو سەردەمە.

لەو وتوویژەدا، فاتمە سادقی هەوڵی ئەوەیە باوکی بە کەسێکی راستگۆ و بەقەولی خۆی شۆڕشگێڕ ناوببات، کە لە پێناو باوەڕیدا ئەو کارەی کردوە وەک چۆن دەڵێت: " بە هیچ شێوەیەک نامهەوێت بەرگری لە باوکم بکەم، بەلای خۆمەوە خەریکی وەسفی ئەو سەردەمە دەکەم. سروشتیە ئەو سەردەم هەمووان دەیانویست خۆیان وەک کەسێکی شۆڕشگێر نیشان بدەن بۆ ئەوەی دوژمن بترسێت.... "

دوژمن کێیە؟ هەر سیستەمێکی تۆتالیتەر و دیکتاتۆر بۆ بەرێ خستنی ماشێنی مەرگ لە ناوخۆ پێویستی بە دوژمنە. دوالیزمی دۆست/دوژمن ، دوالیزمێکە بۆ جیاکردنەوەی خودی و ئەویتر. دوو جۆر دوژمن پێناسە دەکات : دوژمنی دەرەکی و دوژمنی ناوخۆیی. کۆماری ئیسلامی ساڵی ٦٧ (١٩٨٨) بەرامبەر بە دوژمنی دەرەکی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو، بە ناچار جامی ژەهری خواردبۆوەوە. بۆ سەرکوت کردنی نارەزایەتییەکان بەرامبەر بە درێژەدانی ئەو جەنگە دەبوایە هەوڵی بدایەت هەموو دەنگێکی نارازی سەرکوت بکات. خستەگەڕی ماشینی مەرگ لە هاوینی ٦٧ وەڵام بوو بە سەرنەکەوتن بەرامبەر دوژمنی دەرەکی. بۆ ئەم مەبەستە باس لە دوژمنی ناوخۆیی کرا. هەموو ئەوانەی لە هاوینی ٦٧ ئیعدام کران، وەک دوژمنی ناوخۆیی ناسێندران کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دوژمنی دەرەکی (عیراق، ئەمریکا و ئیسرائیل و...) دەکەن. فاتمە سادقیش بە هێنانە بەر باسی هەمان دەستەواژە و چەمک ( ترساندنی دوژمن) بەکار دەبات.سادقی و کەسانیتر کە خۆیان بە رەخنەگری بەشێک لە دەسەڵات دەزانن، هێشتا بەندی پۆتینەکانیان لە مێشکیاندا بەرامبەر بە کوردستان نەکردۆتەوە، لە هەمانکاتدا هەر بیرجیاوازییەک بە شایستەی سەرکوت دەزانن.

فاتمە سادقی بەرگری لە کام خەڵخاڵی دەکات؟ ئەو خەڵخاڵیەی کە تاوانبارێکە بە قەولی خۆی ناو تەکسیا دەبیستێ قسەی پێدەکەن یان ئەو خەڵخاڵیەی کە باوکی بووەو توندووتیژ نەبووە؟

بێگومان نگەران هەردووکی. هەم ئەو باوکەی کە لە ماڵەوە باوک بووەو هەم ئەو باوکەی کە نوێنەری

**ئایدۆلۆژیایەک بووەو بەشێک بووە لە دەزگای سەرکوت و مەرگ. سادقی نیگەرانی هەردووکیانە، خەوشدار کردنی هیچکامیان لە بەرژەوەندی خۆیدا نابینێت، ئاخر ئەو هەڵگری (ژێن)ێکی بەرزە! ژێنێ سادق خەڵخاڵی.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٧**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# پەلاماری ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بۆ سەر کوردستان لە سەر بەستێنی کام بارودۆخدا روویدا




٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستانە. ٣٨ ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا کە هێشتا زیاتر لە چەند مانگ لە تەمەنی دەسەڵاتی تێپەڕ نەببوو، تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە لە رژیمی شاوە وەک میرات بۆی بەجێ مابوو، لە پێناو سەرکوتی جەماوەرێک لە کوردستان بەکاری هینا کە دەیانویست لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی خۆیان بەهرەمەند بن. کوردستان لە هەلومەرجێکدا کەوتەبەر شاڵاوی رژیمی ئیسلامی، کە دەورەیەکی چەند مانگەی رزگاری لە کۆت و بەندی دیکتاتۆری رژیمی پەهلەوییان تەجروبە دەکرد. حیزبە سیاسیەکان ئازادانە چالاکیان دەکرد، رێکخراوە مەدەنیەکان وردە وردە شکڵیان دەگرت، لە هەندێک لە شارەکان شوراکانی بەرهەمی خەباتی جەماوەریی، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی خەڵکیان بەدەستەوە گرتبوو، رێژەی جورم و جینایەت لەچاو تەواوی تەمەنی رابردووی ئەم کۆمەڵگایە، بە لانیکەمی خۆی گەیشتبوو. فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پێشدەو رەگاژۆی کردبوو و وشیاری و شعووری سیاسی گشتی، بە ئاستێکی باڵا گەیشتبوو، ئیبتکار و خەلاقیەتی جەماوەریی بۆ سارێژ کردنەوەی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو زامانەی کە دەسەڵاتی پەهلەوی لەسەر جەستەی کۆمەڵگا بەجێی هێشتبوو، کەوتبۆە کار و هەستی ئینساندۆستی و شور و شەوقی شۆڕشگێرانە، سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتبوو.

بەڵام لە هەمانکاتدا، نیگەرانی لەو مەترسیانەی کە لە کوردستان و لە ئاستی سەرتاسەریدا هەستیان پێدەکرا، وردە وردە پەرەی دەسەند. رژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، هەر لە یەکەم رۆژەکانی پاش راپەرینی ٢٢ی

ڕێبەندان، هێمای دژێوی مەبەست و ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بە جەماوەر نیشان دابوو. چەند مانگ پێشتری یەکەمین بەهاری ئازادی خەڵکیان لە شاری سنە شەلاڵی خوێن کردبوو، پیلان گێڕی، هەڕەشە و خەت و نیشان کێشانی بەردەوام، پشتگیری و بەهێز کردنی تاقم و گروپی کۆنەپەرەست و پشتیوانی لە پاشماوەکانی کۆنەپەرەستی دەرەبەگایەتی، نائەمن کردنی فەزای شارەکان لە ڕێگای جێگیر کردن و دامەزراندنی بنکەی چەکداری سەر بە ڕژیم، تەواوی ئەمانە زایەڵەی شوومی ئەو مەترسیانەی کە لە ڕێدا بوون، بە گوێی خەڵکی کوردستاندا چرپاندبوو. لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵە سەرەڕای تەواوی ئەم کارشکێنی و کەند و کۆسپانەی کە لە ناوخۆی کوردوستاندا دەیان خستە سەر ڕێگای، هەوڵی دەدا خەڵک لەو مەترسیانەی کە لەڕێدا بوون، ئاگادار و جەماوەری خەڵک بۆ موقاوەمەت و بۆ خۆراگری بەرانبەر بە هێرشێک کە لە ڕێ دابوو ئامادە بکات.

بە هەر ڕادەیەک کە ڕژیمی ئیسلامی جێگا پێی خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران پتەوتر دەکرد، مەترسی هێرش بۆسەر کوردستان زیادی دەکرد و هاوکات سێبەری ئیستبداد و کۆنەپەرەستی بەرە بەرە هەموو ئێرانی دادەپۆشی. ئەم مەترسیە لە چەند مانگ پێش ڕووخانی ڕژیمی شا، هەر لەو کاتەوە کە دروشمی "حیزب تەنیا حیزبوڵا، ڕێبەر تەنیا روحوڵا" بوو بە وێردی سەر زمان، هەستی پێدەکرا و دەنگی پێی ئیستبدادێکی مەزهەبی هەر لەو کاتەوە دەبیسترا.

هێرشی ٢٨ی مورداد ١٣٥٨ی ڕژیم بۆسەر کوردستان، ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە پلانەکانی خومەینی و هاوبیرانی بە مەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران و ناچار کردنی جەماوەری ڕاپەریو بۆ ملکەچ کردن لە بەرانبەر ڕژیمی ئیسلامی دا. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ماشێنی تازەی سەرکوت بە خێرایی کەوتەوە کار و نە تەنیا هێزە سیاسیەکان، بەڵکوو تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کرانە ئامانج. بە پێشوازی کردن لە شەڕی ئێران و عێراق، نە تەنیا کەش و هەوای کۆمەڵگای ئێرانیان میلیتاریزە کرد و شورا کرێکاریەکانیان داخست، بەڵکوو زۆربەی کارخانەکانیان لەکار خست و کرێکارەکانیان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کرد، نە تەنیا دەفتەری ڕێکخراوە سیاسیەکانیان لە زانکۆکان کۆکردەوە، بەڵکوو تەواوی زانکۆکانیان داخست، کرێکارانی ناڕازی و بێکاریان لە بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان و تاران دایە بەر دەسڕێژی گوللە، هێرشیان کردە سەر خوزستان و تورکەمەن سەحرا، سوکایەتیان بە ژنان کرد و لەژێر چارشێوی ڕەش دا، یەخسیر کران و خزاندیاننە گۆشەی ماڵەکانیانەوە. هێرش بۆسەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژ بەشێک بوو لە پلانێکی سەرتاسەری بە مەبەستی وەرگرتنەوەی تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سەرکوتی ئەو جەماوەرەی کە بۆ ڕزگار بوون لە دەست سەرەڕۆیی پەهلەوی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان ڕاپەڕیبوون.

جەوهەری راستەقینەی حکومەتی مەزهەبی، زەوت کردنی ئیرادەیە لە ئینسان بوو. لەم رووەوە ئەم رژیمە هەر لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئازادی ئینسان بێگانەیە. خومەینی بە پشت بەستن بە تەقیە (یان رەوا بوونی درۆ لە مەزهەبی شیعە)دا، پێویستی بە دەرفەتێک بوو هەتا پایەکانی نیزامە ئیسلامیەکەی خۆی جێگیر بکات. بەڵام وجودی کەش و هەوای ئازاد دەرفەتێکی ئەوتۆی پێنەدەدا، تا ئەو کاتەی کە سروەی نەسیمی ئازادی لە هەر شوێنێکی ئێران هەستی پێدەکرا، ئەو بە ئاسودەیی خەوی لێنەدەکەوت. لە روانگەی ئەوەوە ئازادی وەک ژەهرێک وابوو کە دەڕژایە جەستەی رژێمی ئیسلامیەوە. ئەو تەنیا بۆ چارەسەری شەڕی نێوان دەست و پێوەندەکانی خۆی و جێنشیەکانی پێی دەگوتن کە: "پێوەر دەنگی خەڵکە."

خۆڕاگرییەکی پرژوبڵاو و ناهاوئاهەنگ لە بەرانبەر هێرشی کۆنەپەرستیدا لە هەموو شوێنێکی ئێران شکڵی گرت و رژێم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک لە ئاستی سەرتاسەریدا بە ئاسانی داگیر بکات. بەڵام ئەم خۆڕاگریە لە کوردستان وەها جانانە بوو کە سەری کۆماری ئیسلامی تێیدا لەبەرد درا. ئەم خۆڕاگریە، دەنگی شۆڕشی ئێران بوو کە لە کوردستانەوە دەبیسترا و بە گوێی خەڵکی هەموو ئێران و جیهان دەگەیشت. ئەو خۆراگرییە لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگ دا خومەینی کێشایە پشت مێزی وتوویژ، تا ئەم جارەیان بە فێڵ و فریوکاری دەرفەتێکی گونجاو بەدەست بێنێت و بلێسەی ئاگری ئەم بزوتنەوەیە دامرکێنێتەوە. ئەم وتوێژە هەر وەکوو چاوەڕوان دەکرا بە هۆی نەسەلماندنی هیچ بەشێک لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن رژێمەوە، بە ئاکامێک نەگەیشت،کاتێک چەند مانگ دواتر رژێم هەستی بە ئامادەبوون کرد، سەرلەنوێ هێرشی نیزامی خۆی دەست پێکردەوە. لە ماوەی ئەم ٣٨ ساڵەدا رێگایەکی سەخت و دژوار تێپەڕ کرا، بەڵام خەڵکی کوردستان لەم تاقی کردنەوە مێژووییەدا سەربەرز هاتنە دەرێ. بزووتنەوەی عادڵانە و ئازادیخوازانەی ئەم خەڵکە، تووشی گەلێک هەوراز و نشێو بوو، بەڵام "زەوی لە ژێر پێی رژێم لە کوردستاندا هەمیشە داغ" بوو. شۆڕش لە ئێران شکستی پێ هات، بەڵام بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێگومان ٣٨ ساڵی رابردوو، دەورانێکی سەخت و دژوار بووە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام نە بەو رادەیە دژوار کە ئەگەر سەریان بۆ دەسەڵاتی ئەو رژێمە دانەواندبایە، تووشی دەبوون.

ئەمرۆکە زۆرێک لەوانەی کە سەردەمێک فەرمانیان دەدا "تا شۆڕشی کوردستان دانەمرکێنن، پۆتینەکانتان لەپێ دەرمەهێنن" و یان " چاوەڕوانی فەرمانی خومەینی بوون تا ببن بە موجاهید بۆ سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز " و یان" بۆ سلامەتی ئیمام دوعایان دەکرد" و داوایان دەکرد کە "سپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکرێ"، زۆریەک لە سازماندەرانی سەرەتایی ناوەندەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی، سەران و دامەزرێنەرانی سپای پاسداران

که دەستیان بە خوێنی خەڵکی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران سوورە، هەمووی ئەمانەی کە ئەوکات شمشێری دوژمنیان دەمەزەرد دەکردەوە و نەمامی سەرەڕۆیی مەزهەبییان ئاو دەدا، ئێستا و لەم دەورەیەدا خۆیان بوونەتە قوربانی ئەم رژێمە و خەڵکی کوردستانیش شانازی بە خەبات و خۆڕاگری ٣٨ ساڵی خۆیانەوە دەکەن. خەڵکی کوردستان کە ئالاهەڵگرانی خۆڕاگری لە بەرانبەر رژێمی ئیسلامی بوون، لە رۆژی مێژوویی ٢٨ی گەلاوێژدا کە هێمای هاوپشتی و خۆڕاگرییە، رێز لە یادی ئازیزانێک دەگرن کە لە رێگای ئازادی و بۆ دیفاع لە کەرامەتی ئینسانی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەش، خەڵتانی خوێن بوون. رۆژی ریزگرتن لە یادی ئازیزانێکی بێ دیفاعە کە لە شوێنگەلێکی وەک قاڕنێ و قەلاتان و سوفیان و کانی مام سید و ئیندرقاش، بەکۆمەڵ کوژران. رۆژی رێزگرتن لەو ئینسانە کۆمۆنیستە شەریفانەیە کە لە گۆشە و کەناری ئێرانەوە بە هانای خەڵکی کوردستانەوە هاتن و بۆ دیفاع لەو خەڵکە لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنێکی غەدار، گیانیان بەختکرد.

سەرچاوە: رێکخراوی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئێران(کۆمەڵە) - ڕێکەوتی: ٢١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٣٨ ساڵ بە بێدەنگی و لاری!




## خالید محەممەدزادە

ئەو قسەیە عەبدوڵڵا موهتەدی کە دەڵێت لە سەردەمی فتواکەی خومەینی بۆ سەر کوردستان نە میدیا هەبوو، نە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەنگی خۆمان بە دونیا بگەیەنین، راستی تێدایە، بەڵام ناکرێ ئەو راستییەش بشاردرێتەوە کە کوردانی رۆژهەڵات دوای فتواکەی "خومەینی"ش کاریان لەسەر ئەو کەیسە نەکردووە بە بیروڕای گشتی و کورد و جیهانیان نەناساندووە، وەک چۆن کوردانی باشوور کەیسی ئەنفالیان بە رای گشتیی کورد و جیهان ناساند، خۆ لە سەردەمی ئەنفالیشدا میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش نەبوون!، جیهانیش لە پشتیان نەبوو وەک چۆن جیهان بە هانای کوردی رۆژهەڵاتیشەوە نەهات!

گرفتەکە ئەوەیە کە لە دوای فتواکەی خومەینییەوە کار دەکرێ بۆ خالیکرنەوەی هەموو بەهاکانی کورد بوون لە رۆژهەلاتی کوردستان و بە لارێدا بردنی رای گشتی کورد لەم بەشەی کوردستان بەنیسبەت کوردبوونەوە بەجۆرێک کە کوردی رۆژهەڵات لەهەمو شوینێک و بۆ هەموو لایەک خەریکی کوردایەتین ئیلا لە رۆژهەڵات نەبێ!

ئەم رەوتە لارە ئەگەر ئێرانیشی لە پشت نەبێ، ئەوە سوودەکەی هەر ئێران دەیچنێتەوە، رەوتێک کە نەک کار لەسەر زیندو راگرتنی بەهاکانی کوردبون لە رۆژهەڵات ناکات ،بەڵکو بەردەوام حاشا لە بوونی بەهاکانی کوردبون لەرۆژهەڵاتیش دەکات!

**ئەگەر بمانەوێ دەنگمان ببیسترێت و تراژیدیاکانمان ببن بە تراژیدیای هەمووان تەنها تەئکیدکردنەوە لە سەر یەکگرتن بەس نیە و دەبێت کار بکرێت بۆ رێنێسانێکی فیکری و رۆشنگەری جڤاکی بۆ گەرانەوەی بەهاکانی کوردبوون بۆ رۆژهەڵات دەنا چۆن حاشایان لە بوونی کورد لە رۆژاوای پێش بەهاری عەرەبی دەکرد، هیچ دور نیە لە داهاتووش دا حاشا لە بوونی کورد لە رۆژهەڵاتیش بکرێ!**

**بۆ راستکردنەوەی ئەو بارە لارەو گەرانەوەی بەهاکانی کوردبوون، حیزبەکانی رۆژهەلات و ئەو حیزب و کەسایەتییانەی مایەی رۆژهەلاتی بوونیان( هەمان کوردبون) تێدایە هەلگری بەرپرسیارەتی گەورەن دەنا هەموو کارەساتەکانمان بە دەردی فتوای جیهادی خومەینی بە نامۆیی و فەرامۆشی دەمێننەوە!**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ هێمای خۆڕاگری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە



**فۆئاد شێربەیگی**

دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا و نەمانی دەوڵەتی پاشایەتی لە ئێران، کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرفەتێکی بۆ هەناسەهەڵکێشان لە کەشوهەوایەکی ئازاد بۆ ڕەخسا و حزبەکان بە ئاشکرایی دەوری سیاسییەکی بەرچاویان لە وشیارکردنەوەی خەڵکدا گێڕا و هەروەها تواندرا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەڕێوەبردنی شارەکان بکەوێتە دەستی خەلک و دەیان ئەزموونی بە نرخ بەدەست هات.

دەسەڵاتی نگریسی ویلایەتی فەقیهـ لە تاران بە زووترین کات دوای بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵات سەرنجی بۆ لای کوردستان ڕاکێشرا و بە دیتنی بەهاری ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان شڵەژا و زانی ئەوە لە کوردستان شتێک لە ئارادایە کە لەگەڵ خەونە ڕەشەکانی ئەو بۆ دەسەڵاتداریێتی لە ئێران ناتەبایە و کوردستان بووەتە جەزیرەیەکی جیا لە ئێران، تەسلیم بوو بە دەسەڵاتی ئایینی و وەکوو نموونەیەک لە ژیانی ئازاد مەترسی گەشەسەندنی هەیە.

یەکەم جێژنانەی دەسەڵاتی مەلاکان لە تاران بۆ خەڵکی کوردستان نەورۆزی خوێناوی سنە بوو کە بە تۆپ و گولەبارانی شاری سنەی خوێناوی خەڵکی ئەو شارەی لە خوێن گەوزاند و دوابەدوای ئەوش لە کاتی هاتنی نوێنەرانی بۆ کوردستان دیتیان کوردستان تەزیو و بەزیو نییە و ناتواندرێت بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگیرێت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان و هەروەها هێز و توانای ئەوەشیان نییە لەو کاتەدا بەرەنگاری ببنەوە، هەر بەو هۆیەوە یەکەم سەری تەسلیم بوونیان لە مێژووی دەسەڵاتداریتی خویان دانەواند و تەسلیمی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بوون.

بەڵام تاڵی ئەو چۆکدادانەیان لە زاردا هەر ما و بەتەمای دەرفەتی گونجاو خۆیان لە کوردستان ماتدا و بەدوای ئەوەشدا کۆچی مێژوویی مەریوان ئەوەندەی تر وشیاری کردنەوە کوردستان تەسلیم نابێت و نابەزێت هەر بۆیەش خومەینی فتوای جیهادی دژ بە کورد دەرکرد و هێزی ڕەشایی و تاریکی ڕووی لە کوردستان کرد.

مانای فتوای جیهادی خومەینی حەڵاڵ کردنی گیان وماڵ و ناموسی کورد بۆ هیزی داگیرکەر و فەرمانی ئەوپەڕی کوشتن و تاڵان کردنی بێبەزەییانەی گەورە و بچووکی خەڵکی کورد بوو و کاتێکی هەستیاریش بوو بۆ کوردستان کە تەسلیم بێت و ئاوات و ئارەزووەکانی بە خنکاوی ببینێتەوە و کەرامەت و شەڕافەتی پێشێل بکرێت یا خۆڕاگری بکات.

کۆمەڵە وەکوو حزبێکی بەرپرس لە ئاست چارەنووسی خەڵکەکەی و بە لێکدانەوەیەکی دروست و تێگەیشتنێکی مێژوویی لە نووسراوەی مێژوویی " خەڵکی کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەدا " بڕیاری خۆڕاگریدا و گرینگی ئەو خۆڕاگرییەی بۆ خەڵک ڕوون کردەوە و خەڵکیش بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە و بە باوەڕێکی قایم و پۆڵایین بەرەوپیری ئەو بانگەوازەوە هاتن و بەدوای ئەوەدا بۆ ماوەی سێ مانگ کوردستان کەوتە شەڕێکی بێ بەرامبەر لەگەڵ داگیرکەران، شەڕێک کە لایەکی خەڵکی کوردستان بوو بە ورەی بەرز و ئیرادەی پۆڵایینەوە بە ڕێبەری حزبەکانی کوردستان و لایەکی تر، هێزی پڕچەکی دڵ پڕ لە قین و ڕەشی دەسەڵاتی مەلاکان.

ئەو خۆڕاگرییەی کە تا ئەمڕۆش ڕەمزی خۆبەدەستەوە نەدانی کوردستان و سەرفەرازی خەڵکی کوردە و کوردستانی کردووەتە چقڵی چاوی دوژمنان و هیوابەخش و پشت ئەستووری خەڵکی کوردستانە و سەرەڕای هەموو هەوراز و نشێوەکانی بەردەمی بوو بە بزووتنەوەیەکی خۆڕاگری نەتەوەیی و هەتا ئەمڕۆش دوای ٣٨ ساڵ هەر زیندووە و لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە پیر و گەنجەوە ، بە ژن و پیاوەوە هەر لە ئارادایە و دەسەڵاتی تاران نەیتوانیوە تەسلیم بوونی کوردستان ببینێت.

بڕیاری ئەوسەردەمی خەڵکی کوردستان خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی سیاسی ئێراندا و بوو بە تەنیا سەنگەری بەرگری لە ئازادی و ڕاپەڕین و ئەو سەنگەرە هەتا ئەمڕۆش ئاوەدانە و ئێستاش تەنیا دەربیجەیەکە کە ڕووناکی ئازادی و دیموکراسی لێوە دیارە و بزووتنەوەی کوردستان زیندووە و ئالاهەڵگری شۆڕشێکی نوێیە و بەدڵنیاییەوە موژدەی سەرکەوتنی هێزی ڕووناکی بەسەر تاریکی کۆماری ئیسلامی هەر لە کوردستانەوە دەبیسترێت و خۆری ڕزگاری لەوێوە هەڵدێت.

لە کۆتاییدا جارێکیتر ڕێز دەگرین لە گیانبازی و تێکۆشانی هەموو خەباتکارانی نەتەوەکەمان و بەڵێن نوێ دەکەینەوە ئەو سەرکەوتنەی ئەوان لەو تاقیکردنەوە مێژووییەدا بەدەستیان هێنا ئێمەی جیلی نوێش بە دڵ و گیان دەیپارێزین و ئێستاش ئێمە خۆمان هەر لەو تاقیکردنەوەیەدا دەبینین و دڵنیاشین سەرکەوتنی یەکجاری زۆر نزیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# جیهادی سپی




## کەریم پەرویزی

٣٨ساڵ پێش، لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینیی ڕێبەری ڕێژیمی تازە کە هەموو دەسەڵاتەکانی پاوان دەکرد، بە دژی نەتەوەی کورد فەرمانی جیهادی دا و بە هەموو هێزی نیزامیی موتەعارف و ناموتەعارفەوە، هروژمیان بۆ کورد و کوردستان هێنا و ئەوەی تاوان لە دەستیان هات بۆ بە چۆکدا هێنانی کورد ئەنجامیان دا.

نەریتی هەموو لات و لووت و کەسانی زۆرمەدارە کە دەچنە شوێنێک و یان دەیانەوێ دەست بە سەر ناوچەیەکدا بگرن، لە پێش هەموو کەس و گرووپدا هێرش دەبەنە سەر ئەو کەس یان گرووپە کە بەهێزتر و خۆڕاگرتر دیارە و لە ڕاستیدا ئەو ملهوڕ و زۆرمەدارانە دەیانەوێ بە هێرش بۆ سەر دیارترین و بەهێزترین و شاییبەخۆترین کەس و گرووپ، توانا و دڕندەیی خۆیان بسەلمێنن و بە شکستهێنانی گرووپ و کەسی دەستنیشانکراو، گرووپ و بەشەکانی دیکە چاوترسێن بکەن تاکوو ساناتر تەسلیمیان بن.

ڕێژیمی خومەینیش لە یەکەم گرووپەوە لە ئێراندا بە کوردەوە دەستی پێکرد و فەرمانی جیهادی بە دژ دەرکرد تاکوو کوردستان داگیر بکا و کورد شکست پێ بێنێ و بیکا بە وانەی پەندوەرگرتن بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێران تاکوو زوو تەسلیم ببن و مل بۆ فەرمانەکانی ڕابکێشن. دوای هێرشی نیزامی و داگیرکردنی کوردستان بە هێزی نیزامی و پاسدار و سوپای دڕندە، ڕێژیمی ئیسلامیی تاران هەوڵی داوە کە ئیرادەی خۆڕاگرییش لە کوردستاندا

**بەچۆکدا بێنێ.**

**شکست پێهێنان بە ئیرادەی خۆڕاگری، بە هێزی نیزامی ناکرێ و بۆیە کۆماری ئیسلامی دوای قۆناغی داگیرکاریی نیزامی، پەنای بردۆتە بەر پیلانی دیکە و بە شکڵ و شێواز و پیلانی جۆربەجۆر، لە ڕێگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە ویستوویە کە هێرشە دیار و نادیارەکانی پەرە پێ بدا و بە مەبەستی نگریسی واتە بەچۆکدا هێنانی ئیرادەی خۆڕاگری لە کوردستان بگات.**

**یەکێک لەو پیلانانە کە ئەنجامی داوە و دەتوانین بە جیهادی سپی ناوی ببەین، هروژمی سیاسی و فیکریی کۆماری ئیسلامی بە سیما و ناوی جۆربەجۆر و بە دەمامکی جیاوازەوە بووە تاکوو کوردستان بە گەمە سیاسی و شانۆگەری و فێڵ و تەڵەکەکانی تاران و قومەوە سەرقاڵ بکا و لە ناسنامەی خۆڕاگریی دوور بخاتەوە و بە شێوەی سیاسی دزە بکاتە نێو قەڵای لەگیران نەهاتووی ئیرادەی نەتەوەیی کورد و کە دزەی تێ کرد ئیتر لە نێوەوە بیپووکێنێتەوە و ئەو قەڵایە داتەپێنێ و لە سەر وێرانەی ئەو قەڵا، حوسەینیەی جەماران کۆپی بکا.**

**ئەم پیلانە بەتایبەت لە سەردەمی تیاتری بەناو هەڵبژاردنەکاندا زەقتر دەبێتەوە و دەیانەوێ کورد بە کایەی ئێعتداڵی و چاکسزایخوازیی ئیسلامی و ئوسوولگەرا و ... سەرقاڵ بکەن و کاتێک وشیار ببنەوە کە ببینن لە نێو گەمەیەکی دیاریکراوی سەرانی جەماران و قومدا هەڵخەڵەتێندراو بوون و ناسنامەی سیاسیی کوردستان و کورد کە قەڵای بەرخۆدانی نەتەوەیی و ئازادیخوازییە دەستەمۆ بکەن.**

**جیهادی سپیی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، درێژەی فەرمانی جەهادی خومەینیە کە بە شێوەی سەربازی کوردستانیان داگیر کرد و بە پیلانی سیاسی دەیانەوێ ئیرادەی خۆڕاگری لە کوردستاندا بە چۆکدا بێنن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٧**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بابەتی: ٢٠١٦

--------------------------------------------------

## ڕۆژژمێری داگیرکردنی وڵاتێک



### ئامادە کردن: مستەفا زاهیدی

ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ زایینی) خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی فەرمانی جەهادی دژ بە خەڵکی کورد ڕاگەیاند و فەرمانی بەسەرجەم هێزەکان دا بەوەی هێرش بکەنە سەر کوردستان و کۆتایی بە کێشەی کوردستان بێنن و بیانووی ڕژیم بۆ هێرش بۆ سەر خەڵکی کورد ئەوەی بوو گۆیا ژمارەیەک لە ژنان و پیاوانی موسڵمان لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە گەمارۆ دراون. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، واتە ڕۆژی دوای فەتواکەی خومەینی ڕژیم بە هێزێکی گەورەوە هێرشی کردە سەر کوردستان و ئەم هێرشە لە شاری پاوەوە دەستی پێکرد و دواتر لە پرۆسەیەکدا سەرجەم کوردستانی گرتەوە. فەرمانی هێرشێک کە دۆخێکی سەربازی لە کوردستان جێگیر کرد و تا هەنووکەش ئەو دۆخە نائاساییە هەر بەردەوامە. لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشەکان بۆ شاری پاوە هاوکات لە شارەکانیتری کوردستان ڕژیم دەستی دایە ئێعدامی ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسی – کرێکاری شارەکان. سەرەتا ئەم ئێعدامانە لە شاری پاوەوە دەستی پێکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## داگیر کردنی شارەکانی کوردستان و دەستپێکردنی شەپۆلی ئیعدامەکان

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ هێزەکانی رژێم لە شاری پاوە ١٢ کەسیان لە دادگایەک فەرمایشی و چەند چرکەییدا ئێعدام کرد و دواتر شەپۆلی ئێعدامەکان شارەکانیتری کوردستانی گرتەوە. ئەو ١٢ کەسەی لە شاری پاوە ئێعدام کران بریتی بوون لە: عەبدوڵلا نووری، هوشەنگ عەزیزی، محەممەد عەزیزی، یەدوڵلا موحەممەدی، حسێن شیبانی، هورموز گورجی بەیانی، موزەفەر فەتاحی، بەهمەن عیزەتی، محەممەد مەحموودی، ئەسغەر بێهنوودی، ئازەرنووش مەهدەویان، دوکتور قاسم رەشووندی سەرداری. شەپۆلی ئیعدامەکان کە لە شاری پاوەوەو رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دەستی پێکردبوو هەر بەردەوام بوو، رۆژی دواتر واتە رۆژی ٢٩ی گەلاوێژ هەر لەشاری پاوە ٧ لاوی ئەو شارە ئیعدام کران. دیاری سپای ئیسلام و رژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان کە ئیعدام و کوشت و بڕی خەڵک بوو و لە پاوەوە دەستی پێکردبوو شارەکانیتری کوردستانی گرتەوە لەوانە، مەریوان، سنە، سەقز، مەهاباد.

رۆژی ٣ی خەرمانان و ٥ رۆژ دوای هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان لە پادگانی شاری مەریوان ٩ کەس لە چالاکانی سیاسی-کرێکاری ئەو شار کە سەرجەمیان لە چالاکانی یەکیەتی جووتیاران و رێکخراوە مەدەنییەکانی ئەو شارەبوون کە کۆمەڵە دایمەرزاندبوون ئێعدام کران و ئەو ٩ کەسە بریتی بوون لە : ئەمین مستەفا سوڵتانی، حسێن مستەفا سوڵتانی، جەلال نەسیمی، حسێن پیرخزری، ئەحمەد پیرخزری، دوکتور ئەحمەد ئەخزەری، فایەق عەزیزی، ئەحمەد قادرزادە و عەلی دادستانی. بەم شێوەیە فەیلەقووس کە جارێکیتر رووی کردبۆوە شار ٩ کەس لە چالاکانی کرێکاری- مەدەنی ئەو شارەی لە دادگایی کردنی چەند چرکەییدا ئێعدام کرد. ماشینێکی ئیعدام  کە درێژەی کێشا و پەلی هاوێشت بۆ شارەکانیتری کوردستان.

ئامادەبوونی سەربازی و هەوڵدان بۆ ترساندن و چاوترسێن کردنی خەڵک لە لایەن رژێمەوە هەر بەردەوام بوو، بەڵام خەڵکیش بەردەوام دژی ئەم سیاسەتەی رژێم دەوەستانەوە. هەفتەیەک دوای هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان خەڵکی شاری سنە چوونە سەر شەقام و ناڕەزایەتییان بە هێرشی سەربازی رژێم بۆ سەر کوردستان دەربڕی و لەو خۆپیشاندانەدا گەنجێکی ئەو شارە بە گوللەی هێزەکانی رژێم گیانی بەختکرد. گیانبەختکردنی ئەم گەنجە ناڕەزایی زیاتر خەڵکی لێکەوتەوەو خۆپیشاندانەکان پەرەی سەند و رژێم ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خۆپیشاندەری

شاری سنەی قۆڵبەست کرد. ژمارەیەک لە دەستگیرکراوەکان ئازاد کران، بەڵام ١١ کەسیان ڕۆژی ٥ی خەرمانان و لە دادگایی کردنێکی ٥ خولەکیدا بە مەرگ مەحکووم کران و لە فڕۆکەخانەی شاری سنە ئیعدام کران کە بە ئیعدامەکانی فڕۆکەخانە ناوی دەرکردووەو ئەو کەسانەی لە فڕۆکەخانە ئێعدام کران بریتی بوون لە: ئەحسەن ناهید، شەهریار ناهید، جەمیل یەخچاڵی، مزەفەر ڕەحیمی، عەتا زەندی، ئەمجەد موبسری، عیسا پیرۆلی، ناسر سەلیمی، مزەفەر نیازمەند، یەدوڵڵا فوولادی و سیرووس مەنووچێهری.

دوو کەس لەم ١١ کەسەی کە لە فڕۆکەخانەی شاری سنە ئێعدام کران برینداربوون و یەک کەسیان بە برانکارد برایە بەر جوخەی ئێعدام و بڵاو بوونەوەی ڕەسمی ئێعدامەکانی شاری سنە لە بڵاوکراوەکانی ناوخۆ و دەرەوە هەر ئەو کات ناڕەزایەتی گەورەی لێکەوتەوەو "جەهانگیر ڕەزمی" فۆتۆگرافەری ئەوکاتی ڕۆژنامەی ئیتلاعات فۆتۆی ئیعدامەکانی بڵاو کردەوە، هەرچەند ئەوکات ناوی فۆتۆگرافەرەکە نەنووسرا بەڵام دواتر و ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی پۆلیتزەری پێبەخشرا. لەبەر ئەوەی تا ساڵی ٢٠٠٧ کەس نەیدەزانی ئەو فۆتۆگرافەرەی خەریکە ئەم تاوانە مێژووییە بە کامیراکەی تۆمار دەکات کێیە.

خەڵکی شاری سەقزیش وەک شارەکانیتری کوردستان دژ بە ڕژیمی ئیسلامی، کە هیچکات خەڵکی کوردستان قبووڵیان نەکردبوون و ڕۆژی ١٢ای خاکەلێوەی هەمان ساڵ هەمووان بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان دەنگی (نەخێر)یان بە کۆماری ئیسلامی وتبوو،وەستابوونەوەو بەردەوام بوون لە خەبات و وەستانەوە دژی ڕژێم. بۆیە ڕژیم ڕۆژی دوای ڕووداوی شاری سنە ، واتە ڕۆژی ٦ی خەرمانان جەلادی لاوانی کوردستان (خەڵخاڵی) بەرەو شاری سەقز ڕەوانە کرد و لەو ڕۆژەدا ٢٠ کەس لەو شارە کە ١٠ کەسیان لە لاوانی شار و ١٠ کەسیان لەو نیزامی و ئەرتەشیانە بوون کە لە شوێنی کارەکەیان نەبوون ئێعدام کران و لە ناو ئیعدامیەکاندا تەنانەت منداڵی ١٢ ساڵان و ١٤ ساڵانیش دەبینرێت. ئەو ٢٠ کەسەی لە شاری سەقز ئیعدام کران بریتی بوون لە: ئەحمەد سەعیدی، قادر بەهادور، تاهێر خەتیبی، محەممەد بابامیری، ناسر حەدادی، ڕەسووڵ ئەمینی، محەممەد غەفاری، ناجی خورشیدی، کەریم ڕەزایی، ئەنوەر ئەردەڵان، سەیفوڵڵا فەیزی (١٤ ساڵان)، عەلی فەخرایی، سەید حەسەن ئەحمەدی، کەریم شیربانی، عەبدوڵڵا بەهرامی، محەممەد دەروێش نوقرەیی، ئەبووبەکر سەمەدی، ئەحمەد موقەددەم، جەلیل جەماڵزادە، ئازرگەشب دارایی (١٢ ساڵان). بەم شێوەیە ڕژێم لە جینایەتەکانی بەردەوام بوو و بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و هێزی خۆی لە کوردستان پەنای بردە بەر هێرشی سەربازی و ڕێکخستنی دادگایی نمایشی چەند خولەکی و ئیعدامی لاوان و هەڵسووڕاوانی سیاسی-کرێکاری لە شارەکانی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ئەم ماشین مەرگ و هێرشەی کە رژێم لە شاری پاوەوە دەستی پێکردبوو بڕیاربوو سەرجەم شارەکانی کوردستان بگرێتەوە تا ئەو کاتەی کوردستان داگیر دەکرێت و بە قەولی خۆیان خەڵکی کورد بەچۆکدا دێنن. بۆیە دوای هێرش بۆ سەر پاوەو سنە و مەریوان و سەقز رژێم لە قۆڵێکی ترەوەو لە لایەکیترەوە بە هەموو هێزەکانیەوە، سپا، ئەرتەش و ژاندارمێرییەوە هێرشی کردە سەر شاری مەهاباد، شان بە شانی هێزە سەربازییەکان خەڵخاڵی و ماشێنی ئیعدام لە شارەکانی کوردستان دەستیان کرد بە ئیعدامی خەڵک کە بە ناڕەزایەتی بە بوونی هێزە سەربازییەکان لە کوردستان خۆپیشاندانیان دەکرد.

## شەهید بوونی کاک فوئاد

رۆژی ۹ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ی هەتاوی فوئاد مستەفا سوڵتانی (کاک فوئاد) یەکێک لە رێبەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە ئاوایی بستام سەر بە سەرشیو، نێوان سەقز- مەریوان، لە حاڵێکدا لە شاری بانەوە بەرەو مەریوان دەڕۆیشت کەوتە شەڕێکی نابەرابەرەوە کە فەرماندەیی هێزەکانی رژێم لەو شەڕەدا وەک دەوترێت "مستەفا چەمران" بووە و بە داخەوە کاک فوئاد لەو شەڕەدا گیانی بەختکرد. گیانبەختکردنی کاک فوئاد لەو شەڕەدا لە حاڵێکدا بوو کە چەند رۆژ پێشتر واتە رۆژی ۲۸ی گەلاوێژ ۲ برای بە ناوەکانی ئەمین و حسێن مستەفا سوڵتانی لە پادگانی شاری مەریوان ئیعدام کران. هەواڵی گیانبەختکردنی کاک فوئاد زۆر زوو لە میدیاکانی رژێمدا رەنگی دایەوەو رۆژنامەکانی رژێم بە خۆشحاڵیەوە باسیان لە شەهید بوونی کاک فوئاد کرد و هەواڵەکانی سەعات ۲ی نیوەڕۆ وەک هەواڵێکی بەپەلە، هەواڵی شەهید بوونی کاک فوئادیان بڵاو کردەوە. شەهید بوونی کاک فوئاد لەو قۆناغە هەستیارە مێژووییەدا خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد بە گشتی و بۆ کۆمەڵە بە تایبەت و هەواڵی شەهید بوونی کاک فوئاد بوو بە خەمێکی گەورە لای لایەنگرانی بزووتنەوەی کوردستان و دۆستان و ئەندامانی کۆمەڵە بە تایبەت.

## داگیرکردنی شاری بۆکان

رۆژی ۱۰ خەرمانان رژێم بە هەموو تواناکانییەوە هێرشی کردە سەر شاری بۆکان و دوای شەڕو پێکدانان لە نێوان هێزەکانی رژێم و هێزە کوردییەکاندا شاری بۆکان لە لایەن رژێمەوە داگیرکرا. هەر ئەو رۆژە لە بەشی سەرووی کوردستان و لە شاری سەڵماس، جەنگ و رووبەڕوو بوونەوە لە لایەن هێزەکانی رژێم و خەڵکدا روویدا و هێزەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

رژێم بە فڕۆکە و فانتۆم هێرشیانکردە سەر خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو شارە لە لایەن رژێمەوە دەستگیر کران و چەند کەس شەهید کران و ماشێنی ئیعدام لەم شارەش خرایە گەڕ. هەر لەم رۆژەدا واتە رۆژی ١٠ی خەرمانان شاری پیرانشار (خانێ) لە لایەن رژێمەوە داگیرکرا.

## قاڕنا و قەڵاتان

رۆژی ١١ی خەرمانان هێزەکانی رژێم بە فەرماندەیی ئاخووند حەسەنی هێرش دەکەنە سەر دوو گوندی (قاڕنا و قەڵاتان) لە دەوروبەری شاری نەغەدە و کۆمەڵکوژییەکی گەورە لەو شارە رێک دەخەن و لەو کۆمەڵکوژییەدا ٦٨ کەس لە خەڵکی ئەو دوو گوندە، بە ژن و پیر و منداڵەوە لە لایەن هێزەکانی رژێمەوە دەکوژرێن و رژێم کە عادەتی بوو هەواڵی ئیعدامەکانی کوردستان بە پەلە لە میدیاکانی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە بەڵام بۆ پەردەپۆش کردنی ئەم رووداوە ٢٠ رۆژ دواتر هەواڵی کۆمەڵکوژی قاڕنا و قەڵاتانی بڵاو کردەوەو بە ناو لێژنەیەکیان پێک هێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەو رووداوەو هیچکات ئەو لیژنەیە بە ئامانجێکی تەواو نەگەیشت و هیچ شتێکی نەدا بە دەستەوە.

## بۆمباران کردنی شاری مەهاباد

رۆژی ١٢ی خەرمانان، لە چوار سووچی شاری مەهابادەوە، ئەم شارە بۆمباران کرا و دوای بۆمباران کردن و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری مەهاباد، شاری مەهاباد لە لایەن رژێمەوە داگیرکرا و ماشێنی ئیعدام لەو شارە کەوتە رێ و نەک ئەو شارە بەڵکوو ژمارەیەک لە گوندەکانیش لەوانە سەرچنار، ئیندرقاش ، هێرشیان کرایە سەر و کۆمەڵکوژی لەو گوندانە بەڕێوەچوو.

## داگیرکردنی شاری بانە

رۆژی ١٣ی خەرمانان دوای شەڕ و پێکدادانێکی قورس لە گەردەنەی خان، لە نێوان هێزەکانی رژێم لەوانە لەشکەری ٢٨ی سنە و هێزە سیاسیە کوردییەکان، شاری بانە لە لایەن رژێمەوە داگیر کرا. لە شەڕی گەردەنەی خاندا بەرەی کورد توانی زەربەی کاریگەر لە هێزەکانی رژێم بدات بەڵام تۆپخانەکانی رژێم و فڕۆکەکانی رژێم هێزە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

کوردییەکانیان ناچار کرد بەوەی ئەو شارە بدەن بە دەستەوە.

## ئیعدامی ٤ کەس لە شاری سەقز

هەر لە رۆژی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ دا چوار کەس لە شاری سەقز لە لایەن ماشینی ئیعدامی رژیمەوە ئیعدام کران. ئەم چوار کەسە بریتی بوون لە: عەتا محەممەدی، حسێن محەممەدی، ئیبراهیم محەممەدی، حسێن نووری. ئەم چوار کەسە بە تاوانی چالاکی چەکداری دژ بە هێزەکانی رژیم ئیعدام کران.

## داگیرکردنی شاری سەردەشت:

رۆژی ١٥ ی خەرمانان، تەکاوەرەکانی هێزی دەریایی و ئاسمانی شیراز بە یارمەتی هێزە ئاسمانی و زەمینییەکانی ئەرتەش دەستیان کرد بە بۆمباران کردنی شاری سەردەشت کە چۆڵ کرابوو و سەرەنجام ئەم شارەیان داگیرکرد. بەم شێوەیە هێزەکانی رژیم لەسەر فەتوای خومەینی و بە فەرمانی بەنی سەدر سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی کوردستان هێرشیان کردە سەر کوردستان و کوردستانیان کرد بە مەیدانی جەنگ و دۆخێکی سەربازییان لە کوردستان جێگیر کرد و ئەم دۆخە سەربازییە تا ئێستەش لە کوردستان هەر بەردەوامە. ئەوەی لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە لە کوردستان دەبیندرێت راگەیاندنی دۆخێکی نائاساییە لە کوردستان کە تا ئێستەش کە ئێستەیە ئەم دۆخە لە کوردستان هەڵنەوەشاوەتەوەو رژیم بە هەمان روانینی ئەمنیەتییەوە چاو لە کوردستان دەکات. لە بەرامبەریشدا خەباتی گەلی کورد بۆ وەستانەوە دژ بە رژیم بە هەموو فۆڕمەکانییەوە سەرەڕای هەموو کێشەک کە بۆ ئەم خەباتە هاتۆتە پێش هەر بەردەوامەو گەلی کورد بە ئێستاشەوە ئامادە نەبوون و نین ملکەچی رژیم بن و رژیمیش کوردستان بە ئەویترێکتر دەبینێت کە هەرکات هەوڵ دەدات ئەم ئەویترەوە سەرکوت بکات. خەڵکی کورد لە یەکەم ساتەکاندا خۆی لە تاقیکردنەوەیەکی قورسدا بینیەوو ئێستەش هەر لەو تاقیکردنەوەدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٢٨ی گەلاوێژ فەرمانێک بۆ خەساری کۆمەڵایەتیی درێژخایەن




## چەکۆ ئەحمەدی

کاتێک چاو لە مێژوو دەکرێ، گەلێک ڕووداوی تاڵ و خوێناوی لە مێژوودا بەرچاو دەکەوێ، کە بووەتە هۆی خەساری قورسی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە لەم نێوەدا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان زیاتر لەوانی دیکە لەسەر کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی هەیە و کاریگەرییەکانی درێژخایەنتر بووە. کاتێک باس لە هێرشی ئیمپراتوورییەکان بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە دەکرێ، کاتێک باس لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی دەکرێ، کاتێک باس لە هۆلۆکاست و قڕکردنی میلیۆنان جوولەکە بەدەستی نازییەکانی ئاڵمان، یان کوشتوبڕی ئەرمەنییەکان بەدەستی تورکی عوسمانی، و کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لەلایەن بەعسی عێراقەوە دەکرێ، تەنیا خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن کە بە زەقی خۆ دەنوێنن و لە پلەی دووهەمدایە کە پرسی سیاسی بەئەژمار دێت.

بۆیە دەکرێ بگوترێ کوشتوبڕی هەر نەتەوەیەک، و بەدەستی هەر دەسەڵاتدارێک و بە هەر بیانوویەک بێ، پێش لە هەموو شتێک بە ئامانجی دانانی تۆوی خەمۆکی و بێهیوایی لە ناخی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا و نەوەکانی داهاتووی ئەو نەتەوانەدایە.

ئەگەر چاوێک بە ڕووداوەکانی پاش ئەو کردەوە خوێناوییانەی نازییەکانی ئاڵمان و تورک و بەعسدا بگێڕین، پاش ئەو هەموو ساڵانە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، کاتێک مرۆڤێکی ئەم سەردەمە بە ئاستەم بیری لێ بکاتەوە، لە

ناخەوە هەست بە ئازار دەکات و دەبێتە بەشێک لەو مرۆڤانەی کە بوونەتە قوربانیی هزری نەخۆش و هۆڤانەی چەند سەرکردەی دەسەڵاتدار و سەرهەڵدانی حاڵەتی ئاوا لە تاکی مرۆڤدا، دەبێتە هۆی جۆرێک لە خەمۆکی و نەخۆشیی دەروونی، و ئەمەش دەبێتە هۆی دیسانەوە سەرهەڵدانەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی پاش ئەو ڕووداوە خوێناوییانە.

کاتێک نەتەوەکانی ئێران لە ١٩٧٩دا، شۆڕشێکی مەزنی جەماوەرییان وەڕێ خست و دژی دەسەڵاتێکی گەندەڵی پاشایەتی و دیکتاتۆر ڕاپەڕین، لەڕاستیدا تەنیا لە نێو بەشێکی بچووک لەو کەسایەتییانەدا توانای بیرکردنەوە لە داهاتوو، و وێنا کردنی ئاڵترناتیڤ بۆ ئەو ڕێژیمە، بەدی دەکرا.

ڕێبەرانی کورد و پێش لە هەموویان دوکتور قاسملوو، بە باشی دەیانزانی کە ئەگەر دەسەڵاتی پاشایەتی وەلا دەنێن، لەبەرانبەردا، چ شێوازە دەسەڵاتێکیان دەوێ. بەڵام مخابن لە ناوەندا و لەنێو نزیک بە هەموو سەرکردە سیاسییە سەرانسەرییەکاندا، بیرکردنەوە لە پاشی ڕێژیمی پاشایەتی وەک تراویلکە وابوو و تەنیا شتێک کە بیری لێ نەکرابووەوە، ئاڵترناتیڤ بوو، بۆیە لە ناکاو وێنەی خومەینی لەنێو مانگی چواردەدا دەرکەوت و لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بە چەپ و ڕاستەوە چوونە ژێر فەرمانی نوێنەری خودا، واتا خومەینی. لە بەرانبەردا، نەتەوەی کورد لە کوردستان نەچووە ژێر ڕکێفی هێژموونییەک کە بە خومەینی درابوو، و لەسەر داوا ڕەواکانی سوورتر لە هەمیشە لەبەرانبەر دەسەڵاتدارانی ناوەندا ڕاوەستا.

خومەینی بۆ سەپاندنی ئەو دەسەڵات و هێژموونییەی پێشکەشی کرابوو، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، فەرمانی جیهاد دژی نەتەوەی کوردی ڕاگەیاند. شارەزایانی ئایینی ئیسلام دەزانن کە جیهاد لەلایەن موسڵمانانەوە دژی ناموسڵمان دەدرێ، و بە پێی شەریعەتی ئیسلام لە ئاوا حاڵەتێکدا خوێنی ئەو کەسانەی فەرمانی جیهادیان لەسەر دەدرێ حەڵاڵە، و لەوە گرنگتریش ئەوەیە کە، ئەو فەرمانە و کوشتنی ئەو بەرفەرمانانە وەک ئەرکێکی ئایینی لەسەر هەموو موسڵمانێک فەرز دەبێ.

فەرمانی جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد بەڕێوە چوو، و هەزاران ڕۆڵەی بێتاوانی کورد بوونە قوربانیی تینویەتیی نوێنەرانی دەستکردی خودا بە خوێنی مرۆڤ، و شەهید کران. کۆمەڵێکی زۆر لە ژن و منداڵی نەتەوەی کورد، هاوسەر و بابیان لەدەست دا و بێدەرەتانیی ئابووری و ماڵوێرانی و ونبوونی لەناکاوی سۆزی هاوسەر و باب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرۆکی گرتن. خەم و پەژارەیەکی تاقەتپڕووکێن باڵی بەسەر وڵاتی کورداندا کێشا، قوربانیانی ئەو جینایەتەی خومەینی و ڕێژیمەکەی، لەناکاو خۆیان لە دۆخێکدا دەدیتەوە کە پێشتر نموونەی لەوچەشنەیان لە چیرۆکیشدا نەبیستبوو.

زۆرینەی تاکەکانی کورد بڕوامەند بە ئایینی ئیسلام بوون، بەڵام لەناکاو هەم ئایینەکەیان لێ ئەستێندرابووەوە و بە کافر ناودێر کرابوون، هەم ڕۆڵەکانیان ببوونە قوربانی و شەهید کرابوون. هەموو ئەمانە دەستیان بە دەستی یەکەوە دا، تاکوو
بارودۆخێکی نالەباری ژیان باڵ بەسەر وڵاتێکدا بکێشێ کە تاکە تاوانی داواکردنی مافی سەرەتایی مرۆیی خۆی بوو.

فەرمانی جیهادی خومەینی لەسەر کورد، دەسپێکی شەڕێکی خوێناوی بوو، و بە هەزاران مرۆڤی بێتاوان لە نێو کورد و بە دەیان هەزار مرۆڤی ساویلکە و هەڵخڵەتاو لە ڕیزەکانی ڕێژیمدا، بوونە قوربانیی ویست و ئیرادەی تاقمێکی بێبەری لە هەست و ئاوەزی مرۆیی. ئەو ڕەوایی دان بە کوشتنی کوردە لە لایەن خومەینییەوە، بووە هۆی پەروەردە بوونی کۆمەڵێک خوێنڕێژی هەوسار پچڕاوی وەک خەڵخاڵی و پاسدارەکان کە لە زێدی خۆیانەوە بە مەبەستی کوشتنی کوردی کافر، وەڕێ دەکەوتن. ئەو کەسانەی لە کوردستاندا دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور بوو، و بەو شێوازە خۆشخزمەتیی خۆیان بۆ دەسەڵاتداران سەلماند، پاشتر چوونە سەر کورسیی دەسەڵات و تا هەنووکەش هەر لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵات و بڕیارداندان، و ئەو خوێنڕێژانەن کە وڵات بەڕێوە دەبەن. پرسیار لێرەدایە: گەلۆ کەسانێک کە بە ڕشتنی خوێنی مرۆڤ دەستیان بە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کردبێ، دەتوانن لە بەڕێوەبەریی وڵاتدا سەرکەوتوو بن، و نەوەیەکی سەرکەوتوو و ئەکتیڤ پەروەردە بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چاوخشاندنێک بە ڕێژەی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵی، کردەوەی بەلاڕێدابەرانە، هەژاری، بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر، و ئاستی تەناهیی کۆمەڵایەتی و زۆر بابەتی دیکە، بە ڕوونی دەردەکەوێ و بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەسپێکی شەڕ و فەرمانی جیهادی خومەینی و سڕینەوە و کوشتوبڕی جیابیران، و دەسەڵات بەدەستیی بکوژان چ ئاکامێکی بەدواوە بووە.

وڵاتی ئێران بە هۆی ئەو سیاسەتەی بەرانبەر نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەپێشی گرتووە، کە پاکتاو و سڕینەوەی نەتەوەکان و جیابیران ئامانجی سەرەکییەتی، بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا؛ ئەو وڵاتەی تا ئاستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

مایەپووچبوون لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری گەیاندووە و قەیران لە هەموو بوارەکاندا لەم وڵاتەدا هێڵی سووری تێپەڕ کردووە.

ئابراهام مازلوو بیرمەندی ئامریکایی، کۆمەڵێک پێویستیی سەرەتایی بۆ ژیانی هەر تاکێک کە بتوانێ ژیانی سەرەتایی بەڕێوە ببات، دەستنیشان کردووە، و پێداگرە لەسەر ئەوەی کە ئەم خاڵانە سەرەتاییترین و پێویستترینن بۆ ژیان کردن، کە گرنگترینیان خۆراک و شوێنێک بۆ حەوانەوەی سەرەتایی، هەست کردن بە تەناهیی و ڕێز لێگیران و بنەماڵە و...، ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئێراندا کۆمەڵێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاریدان، و بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان و لە دابینکردنی سەرپەنا و خۆراکدا، لەگەڵ کێشە و گرفتی قووڵ بەرەوڕوون. تەناهیی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەودا وەک خەون و خەیاڵی لێهاتووە، و تەنانەت لە نێو بنەماڵەشدا هەست بە تەناهیی ڕێژەییش ناکرێ و بەردەوام مەترسیی دەستدرێژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە مێشکی دانیشتوانی ئەو وڵاتەدا دەسووڕێتەوە و ترس لە داهاتووی ناڕوون، بەرۆکی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا گرتووە. ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کورتیش لە ئێراندا ژیانیان بەسەر بردبێ، بە ڕوونی دەزانن کە دۆخێکی وا بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، کە ڕێز لێگیران و ڕێز دانان بۆ مرۆڤەکان لە لایەن دەسەڵاتداران و ئەو سیستمەی بەڕێوەی دەبەن، لەڕاستیدا بووەتە خولیا و بە پێچەوانەی هەموو جیهانی پێشکەوتوو، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هەموو کەس بە تاوانبار و جێی گومان سەیر دەکرێ، مەگەر ئەوەی پێچەوانەکەی بسەلمێنێ. کەواتە بەگشتی ڕێزگرتن و ڕێز لێنانیش وەک بابەتەکانی دیکە نوقسانە. بنەماڵە و کۆڕی بنەماڵە، یەکێک لە گرنگترین پێداویستییەکانی مرۆڤە و ڕەگەز و ئایین و جۆری بیرکردنەوە، هیچ جیاوازییەکی نیە و هەموو تاکێکی مرۆڤ تەنانەت لە هەر تەمەنێکیشدا بێ، پێویستی بە بنەماڵەیە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتیەوە، بە هەزاران شێوە بناغەی بنەماڵەکانی لێک پژاند، و لەگەڵ هەڵوەشانەوە بەرەوڕووی کردن. کوشتن و ئیعدام، زاڵ کردنی هزری پیاوسالاریی هەوسارپچڕاو، پەرەگرتنی دیاردەی دزێو بە هۆی پێڕەو کردنی سیاسەتی هەڵە، بەرز بوونەوەی ڕێژەی کوشتنی نامووسی و ئایینی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق بە دەیان هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆر فاکتی دیکە، بەشێکن لە هۆکارەکانی لەدەستچوونی کۆڕی بنەماڵە بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئێران.

هەموو ئەوانەی بە کورتی ئاماژەی پێکرا، هەرکامەو بە شێوازێک، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جینایەتەکانی ئێرانەوە هەیە، و ئەگەر خوێندنەوەی وردتری بۆ بکرێ، بێگومان لایەنی شاراوەی زۆرتری هەیە. لەوانەیە بەشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org


هەرەزۆری خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵانی داهاتوودا بەرچاو بکەوێ و ئاشکرا بن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕوونە، وڵاتی ئێران لەژێر کاریگەریی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆر و فاشیستەدا، ڕوو لە دارمان و مایەپووچ بوونی هەمەلایەنەیە، و لەم نێوەدا ئەرکی چالاکان و وڵاتپارێزانی کورد بۆ پاراستنی بەشە نیشتمانی خۆمان لەو قەیران و دارمانە، گەلێگ گرنگە و چالاکانی کۆمەڵایەتیی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ بە هەستیارییەوە بەرنگاری سیاسەتی دژە نەتەوەیی ڕێژیمی ئێران ببنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabazi.org

## "فەرمان" دژ بە کوردان



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

**ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژێکی مێژوویە لە دیرۆکی گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی. لەو ڕۆژە و لەساڵی ١٣٣٢دا دەست و پێوەندەکانی محەممەدڕەزا شا بە چاوساغی و هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا، کوودەتایان بەدژی حکوومەتی گەلیی دوکتور محەممەدی موسەدیق ئەنجام داو بەم چەشنە بۆ جارێکی دیکە دیکتاتۆری باڵی بەسەر ئێراندا کێشایەوە. دوابەدوای ئەم کوودەتایە، گرتن و لەسێدارەدانی هەڵسووڕاوە سیاسییەکان لە ئێراندا دەستی پێکرد و لە کوردستانیش تەشکیلات و ڕێکخستنەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان کەوتنە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەیان کەس لە کادر و ئەندامانی حیزب دەسبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەکان کران.**

**ئەو ڕۆژە هەروەها بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆیە مێژوویە کە ڕێک ٢٦ساڵ دواتر، واتە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی، ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، فەرمانی جیهادی بەدژی گەلی کورد دەرکرد. لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی نەتەوەکەماندا دەبینین زۆر جاران فەرمان لەدژی کورد دەرکراوە و نەتەوەکەمان کەوتۆتە بەر قڕکردن و کوشتاری بەکۆمەڵ و هێرشی بێگانە و داگیرکەر و دەسەلاتە سەرەڕۆ و داپڵۆسێنەرەکان. هۆکاری ئەو هێرش و پەلامارانە ئەوە نەبووە کە گەلی کورد هێرشی کردبێتە سەر دراوسێکانی و "تەعەدا"ی لێکردبن، بەڵکوو بەپێچەوانە کورد بۆیە فەرمانی لێدراوە کە کورد بووە و داوای سەرەتاییترین**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافەکانی خۆی کردوە. فەرمانی جیهادی خومەینیش بۆ سەر کوردستان و، کورد و کوفر بە چاوێک سەیر کردن، رێک لەبەر مافخوازی نەتەوەی کورد و ملنەدان بۆ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی بووە.

لەگەڵ دەرچوونی ئەو فەرمانە، وێڕای گەمارۆی هەمەلایەنەی کوردستان، سەدان هەزار کەس لە هێزەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران و بەسیج، بە هەموو کەرەستەیەکی پێشکەوتووی شەڕەوە، هێرشیان کردە سەر کوردستان و شەڕێکی خوێناویان هەڵگیرساند. لەو هێرشەدا زۆربەی شارەکانی کوردستان لە لایەن فڕۆکەکانی رێژیم بۆردومان کران و گوندەکانیش کەوتنە بەر ئاگری تۆپ و کاتیۆشا. جگە لەوەش دەیان کەس لە لاوانی بێتاوانی کورد بە بێ هیچ بەڵگەیەک و تەنیا بە تاوانی کوردبوون بەدەستی جەلادی بەدناو، خەڵخاڵی خوێنڕێژ، لە پاش داگیرکردنەوەی شار و گوندەکانی کوردستان کۆمەڵکوژ کران.

دیارە ئەو هێرش و تاوانانە لە لایەن گەلی راپەڕیوی کورد و پێشمەرگە فیداکارەکانی بێوەڵام نەمایەوە و لە شەڕ و بەربەرەکانێیەکی کەموێنەدا کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە، گەلی کورد و رۆڵەکانی، توانیان وێڕای لێدانی زەبری کوشەندە لە هێزە سەرکوتکەرەکان، هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی تێک بشکێنن. لە پاش ئەو خۆڕاگری و بەربەرەکانێیە کەموێنەیەدا بوو کە خومەینی ناچار بوو لە ٢٦ی خەزەڵوەری ٥٨، واتە سێ مانگ دوای دەرکردنی فەرمانەکە، پیامێکی بەڕواڵەت ئاشتیخوازانە بۆ گەلی کورد بنێرێ و داوای دانوستان و چارەسەری کێشەی کورد لە رێی وتوویژ بکا. دیارە هەروەک دواتر دەرکەوت پەیامی خومەینی و راگرتنی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامی، کەمترین نیازپاکی پێوە دیار بوو و لە راستیدا دەسەڵاتدارانی رێژیم لە لایەک توانای خۆڕاگریان لە بەرانبەر دژەهێرشی پێشمەرگەی کوردستاندا نەمابوو و لە لایەکی دیکەش لە کات و دەرفەت دەگەڕان بۆ خۆڕێکخستنەوە و خۆتەیار کردن بۆ هێرشێکی بەرینتر و بەربڵاوتر.

سەرەڕای نەرمی نواندنێکی زۆری نوێنەرانی کورد و حیزبی دێمۆکرات لە دانوستان و وتووێژەکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ویست و داخوازەکانی کورد، رێژیم بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر شار و گوندەکانی کوردستان و شەڕێکی خوێناوی بەسەر گەلی کورددا سەپاند. ئەو شەڕە نیشانی دا کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا زەرفییەت و توانای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی نییە و لەجێدا باوەڕی بە نەتەوە و مافە نەتەوەییەکان نییە. دیارە لەگەڵ هێرشی دووبارە بۆ سەر کوردستان وەک مەکۆی خۆڕاگری لە سەرانسەری ئێران، هێرش بۆ سەر حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و ئازادییە تاکەکەسی و

کۆمەڵایەتی‌یەکانیش دەستی پێکرد. ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە پاش هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ لەگەڵ عێراق، لە لایەک هەر دەنگێکی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی کپ کرد و بەم چەشنە جێگە و پێگەی سەرەڕۆیانەی خۆی پتەوتر کرد و لە لایەکی دیکەش بیروڕای گشتیی جیهان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو جینایەتانەی کە لە کوردستان و دەرحەق بە نەتەوەی کورد دەیکرد بەلاڕێدا برد. لەو ماوەی هێرشی بەربڵاوی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان سەدان گوند و لادێی کوردستان خاپوور کران و دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی کوردستان بە دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵکوژ کران و هەزاران کەسیش لە زیندانەکان، بەبێ دادگایی کردن لەسێدارە دران. لە ڕاستی‌دا جینایەتکارانی ڕێژیم توانیان فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ قڕکردنی کوردستان و سەرکوتی بێبەزەیانەی نەتەوەکەمان بەباشی بەڕێوەبەرن.

ئێستاش لە پاش تێپەڕینی ٣٧ساڵ بەسەر فەرمانی جیهادی خومەینی، سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد نەگۆڕاوە و سەرکوت و کوشت و بڕ هەروا بەردەوامە. ڕۆژ نییە لە زیندانەکانی ڕێژیم لاوانی کورد لەسێدارە نەدرێن و لە سەر سنوورەکان کۆڵبەرانی کورد نەکرێنە نیشانەی چەکدارانی ڕێژیم و گیانیان لێ نەستێندرێ. سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ گەلی کورد و داخوازەکانی هەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبەستراوەتەوە و هەروەک دەبینین کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ دابین کردنی مافی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەکا و بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێ نەخشی تێکدەرانەی خۆی دەگێڕێ. ئەو ڕێژیمە سەرەڕای مەحکووم کرانی لە لایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکی‌کار لە مافی مرۆڤ، لە پێوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی سەرەتایی‌ترین ماف و ئازادی‌یە ئینسانی‌یەکان، لە سەرکوتی گەلانی ئێران و درێژەدان بە سەپاندنی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بەردەوامە.

لە یادی ٢٨ی گەلاوێژ و ٣٧ساڵەی دەرچوونی"فەرمان" بەدژی گەلەکەمانەوە، وەبیر هێنانەوەی چەند ڕاستی‌یەک، هەرچەند ڕەنگە ئازاردەریش بێت بەجێ‌یە؛ سەرەڕای بەربەرەکانی و خۆڕاگری قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکەی کوردستان، بێگومان ئەگەر کێشە و شەڕی نێوخۆیی نەبووبا و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا بەگژ دووژمن‌دا چووبانەوە، گەلەکەمان دەیتوانی بە ورەتر و بەگوڕتر لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی‌دا بوەستێتەوە و دوژمن نەتوانێ سەرکوتی بکا. جگە لەوەش دەبینین لەو ماوەیەدا نەک هەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە لە بەرەیەکدا کۆببنەوە، بەداخەوە وێڕای دوورکەوتنەوە لە مەیدانی خەباتی ڕاستەقینە لە نێوخۆی وڵات، تووشی پرش‌وبڵاوی و لێکترازان و لێکدابران بوون. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، بە حیزبی دێمۆکراتیشەوە، ئەگەر بە هەر هۆیەک بێ نەیانتوانیوە وەک ساڵانی

سەرەتای شۆرش بەربەرەکانی چەکدارانە یان خەباتی چەکدارانە بکەن، توانای هێنانە سەرشەقامی خەڵک و بەهێز کردنی خەباتی مەدەنیشیان سنووردار بووە و بە رادەی پێویست لەم بوارەدا چالاک و سەرکەوتوو نەبوون. شک لەوەدا نییە داهاتووی تێکۆشانی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە گرەوی ئەکتیڤبوونی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دایە و حیزبەکانی رۆژهەڵات دەبێ تێبکۆشن لە لایەک هزر و شوناسی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەهێز بکەن و لە لایەکی دیکەش لە هەموو هێز و تواناکانی خۆیان بۆ بردنەسەری ورەی خەباتگێڕانەی خەڵک لە پێناو خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی کەڵک وەرگرن.

**لە ژمارە ٦٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦**

## ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان




## وتووێژی گەورەژووری ڕاوێژ

**خوێنەری هێژا:**

**بابەتی بەردەستت وتووێژی گەورەژووری ڕاوێژە لە ڕایەڵەی تلێگران کە شەوەکانی ٢٨ و ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی لە سەر مژاری "٢٨ی گەلاوێژ و فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان" لەگەڵ بەڕێز عەبدوولا ڕەسووڵی، چالاکی سیاسیی کورد و بە پێشکەشکاریی بەڕێز "ئیمان موردوەیسی"، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی گەورەژووری ڕاوێژ، ئەنجام دراوە.**

***ڕاوێژ: بە گشتی سەرەتا ئەگەر بکرێ باس لە ٢٨ی گەلاوێژ بکەین، ٢٨ی گەلاوێژ چ ڕۆژێکە؟***

***ڕەسوڵی:*** **ڕۆژی بیست و هەشت گەلاوێژ ئەو ڕۆژەیە کە یانزدە کەس لە فرۆکەخانەی سنە لەدار دران، یانزدە کەسی بێتاوان کە بە بڕیاری بەرپرسانی تاران نرانە بەر گوللەوە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## عەبدووڵا ڕەسووڵی

***ڕاوێژ: خومەینی بە دژی گەلی کورد، فتوای جیهادی دا، بۆچی بۆ ئەو کارە لە وشەیەکی شەرعی کەڵکی وەرگرت؟ لە بنەڕەتدا مەگەر جیهاد بۆ سەر کافرەکان نیە؟***

***ڕەسوڵی:*** **بەکارهێنانی ئەو وشە یان خود جیهاد، مانای زۆری هەیە. ئەم مانایە نەک لە بواری ئایینییەوە، بەڵکوو لە لای کورد مانای جیاوازی هەیە، بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە دەبێت دوو ڕەهەندی مێژوویی و ئایینی لەبەرچاو بگرین. لە ڕوانگەی ئایینییەوە بەو مانایەیە کە کورد موسڵمان نییە و جیا لەوەش دژی ئایینی ئیسلام وەستاوەتەو،ە ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە کورد داوای مافی نەتەوەیی دەکرد و گوتەیەکی جیاواز لە ناسیونالیزمی ئێرانی و ئیسلامی هەبوو. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، هەمیشە دوژمن، بە ئایین کوردی سەرکوت کردووە یان بە ڕاستی بڵێم گەوجاندوویەتی، خومەینیش وەک دوژمنی کورد و وەک کەسێکی ئایینی ئەو چەکەی لە دژی کورد بە کار هێنا.**

***ڕاوێژ: خەسارەکانی ئەو شەڕە بۆ کورد ئەگەر باسی بکەین چ بوو؟***





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## نیمان مرادوەریسی

*ڕەسوڵی:* بێگومان ئەو بڕیارە و ئەو شەڕە و بوونی هەندێ لایەنی ئاپینیی خزمەتکاری تاران بووە هۆی ئەوەی کوردستان دابەش بوو بەسەر باش و جاش و بێلایەندا، جیا لەوە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاپینی لە نێو دڵی خەڵک چاند، هەرچەندە ئاپینێکی ساختەیە و ڕاستەقینە نییە. جیا لەمانە کورد ئەوەی بۆ مایەوە تەنیا خۆڕاگری و خوێندان بوو و بەس بۆیە ڕووەڕووی شەڕێکی نەخوازراو بووینەوە.

***ڕاوێژ: کە باس لە فتوای خومەینی و ٢٨ی گەلاوێژ دەکرێ، یەکەم ناو، ناوی چەمرانە کە دێتەوە بیر، چەمڕان کێ بوو و لە کوردستان چی کرد؟***

*ڕەسوڵی:* چەمران کەسێکی فارسی ئاپینی شیعە بوو کە لە ئەمریکا خوێندبووی و لە لوبنان دەورەی شەڕێکی چریکی و دژە چریکی بینیبوو لە لایەکی دیکەوە چوون پێشمەرگەش شەڕی چریکی بناغەی کاری بوو، چەمران لە ئێران و لە نێو بەرپرسانی نوێ شارەزاترین کەس بوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ کورد.

***ڕاوێژ: باس لە لەسێدارەدانەکان لە کوردستان لەو کاتیدا باسێکی بەرینە، خەڵخاڵی و حەسەنی ئەو کات چیان بەسەر کورد هێنا؟***

*ڕەسوڵی:* دەمهەوێت ڕۆڵی ئەو دوو کەسە بە جیا باس بکەم. خەلخاڵی نوێنەری خومینی لە کوردستان بوو و حوکمی ڕەهای بۆ کوشت و بڕ هەبوو. خەڵخاڵی کەسێک بوو کە لە کوردستان دادگایی کردنی سەیروسەمەری ئەنجام دەدا بۆ نموونە کۆمەڵێک خەڵکی ڕیز دەکرد و دەیژماردن، ژمارە جووتەکانی لەدار دەدا و تاکەکانی ئازاد دەکرد. خەڵخاڵی کەسێک بوو کە دادگایی کردنی پەنجا کەسی بە دە خولەک ئەنجام دەدا و حوکمیانی جێبەجێ دەکرد.

حەسەنیش کە بەرنوێژی هەینی ئومریە بوو، کەسێکی شیعەی ناحاڵی و توندڕەوە کە ڕۆڵی زۆری لە شەڕی نەغەدە هەبوو و سەدان کەسی مەدەنی کوردی بەدەستی خۆی شەهید کردووە.

***ڕاوێژ: بەنی سەدر کە ئێستا خۆی هەڵاتووە، یەکێک لەو کەسانە بوو کە قامکی بە دژی وکورد ڕاوەشاند و فەرمانی دا کورد قڕان بکەن، دەکرێ زیاتر بۆمان باس بکەن، دەوری بەنی سەدر لەو فتوایەدا چی بوو؟***

**ڕەسوڵی:** بەنی سەدر کە گەورەترین دەسەڵاتداری ڕەسمی ئێران بوو، بڕیاری دا ئەرتەش و سوپا پوتین دەرنەهێنن تا کوردستان دەگرنەوە لە کاتێک کە خومەینی فتوای دا، بەنی سەدر جێبەجێکاری بوو ئەمەش بە مانای ئەوەیە هاوتاوانی خومەینیە بۆ کورد.

***ڕاوێژ: کورد لە هەمبەر ئەو فتوایە چی کرد؟***

**ڕەسوڵی:** کورد لەو قوناغەدا تەنها بەرگری و لە قاودانی پێکرا، لەبەر ئەوەی وڵاتانی گەورەی جیهان گوێیان لە کورد نەدەگرت. بریتانیا خۆی خومەینی گەیاندە دەسەڵات و شۆڕەویش لە ڕێگای تودەوە خومەینی بە دژە ئێمپریالیست دەزانی و ئەمریکاش کوردی بە بەرەی شۆڕەوی دەزانی ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کورد تەنها پشت بە خۆی ببەستێت.

***ڕاوێژ: دەوری حیزبەکان و بەتایبەتی دێموکرات و کۆمەڵە لە هەمبەر ئەو فتوایە چی بوو؟***

**ڕەسوڵی:** حیزبەکانی خۆرهەڵات کە ڕێبەرایەتی کوردیان دەکرد ڕۆڵی ئەرێنیان هەبوو، لەبەر ئەوەی کوردیان بەرەو ئاراستەیەکی باشی سیاسی ڕێبەری کرد و ڕێگایان نەدا بکەوێتە نێو تۆڕێکەوە کە تاران دەویست ئەو تۆڕەش دروستبوونی شەڕی دینی و مەزهەبی بوو.

***ڕاوێژ: یەکێک لە ئاسەکانی دوای فتوای خومەینی، لە سێدارەدانی خەڵکی کوردستانە، زانیارییەکان لەمبارەوە چین؟***

**ڕەسوڵی:** ئەگەر ئێمە بە وردی ئامارمان نەبێت، ئامارێکی گشتیمان هەیە لە دوای ئینقلابەوە تا ئێستا زیاتر لە پەنجا هەزار کەس لە کوردستان کوژراون، لەمانە نزیکەی دە هەزاریان پێشمەرگە حیزبەکان بە هەموویان بوون واتە چل هەزار کەسی مەدەنی و بێتاوان کوژراون. سەبارەت بە لەسێدارەدانیش دەبێت بڵێم فرۆکەخانەی سنە و ئەو

گۆڕستانانەی کە لە هەندێ شار ناوی لەعنەت ئاوایان لە سەرە، بەڵگەی تەواون بۆ ئەوەی بزانین چەندە لە کورد لەسێدارە داوە.

***ڕاوێژ: بە کافر زانینی کورد و ئەگەری دووبارەبوونەوەنی فتوای ئەوتۆ لە لایەن ڕژێمەوە لە کوردستان، چیە؟***

*ڕەسوڵی:* ئەم جارە کاریگەری نابێ، یان دەبێ حکومەتی ئێستا فتوا بدا کە بەشی زۆری کورد دژیەتی یان دەبێت حکوومەتێکی دیکە بێتە سەرکار کە ئەویش ئایینی نابێ، جیا لەوەش ڕەوتی ڕووداوەکان لە قازانجی کوردە بۆیە بە شێوەی سرووشتی فتوا کاریگەری لە سەر کورد نابێ بەڵام تەنیا دەتوانێت هێزێکی زۆرتر بۆ دوژمن کۆ بکاتەوە.

***ڕاوێژ: چ پەیوەندییەک لە نێوان فتوای جیهادی خومەینی و ئەنفالی سەدام حوسێندا بوونی هەیە؟***

*ڕەسوڵی:* پەیوەندییەکان زۆرن، هەر دووگیان سەرچاوەیان ئایینە. هەر دوویان دژە کوردن و کورد بە موسلمان نازانن، ئەمیان بە ڕوانگەی شیعە و ئەویتر سونی، هەر دوویان هەوڵی قڕکردنی کورد دەدەن بەڵام جیاوزیشن، بۆ نموونە لە ئاستی سەرکەوتن و ئەنجام و چۆنیەتی جێبەجێکردن جیاوازن.

***ڕاوێژ: ئێستاش کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵ دەدا کێشەی نەتەوەیی کورد بە کێشەی ئایینی ببەستێتەوە، ئەوەتا نوێنەرانی کوردی مەجلیس بە ناوی نوێنەرانی سوننەکان لە هەمبەر مێهران مودیری دەوێستنەوە، ئامانجی ئەو سیاسەتە چیە؟***

*ڕەسووڵی:* هەوڵدانە بۆ ئەوەی کێشەی کورد  بە مەزهەبی بکەن و لەو ڕێگایەوە دووبەرەکی و چەندبەرەکی لە نێو کورد دروست بکەن، ناوەڕۆکی خەباتی کورد بەرنە ژێر پرسیار  لە سەرەوەی ئەمانەش لەو ڕێگایەوە کورد بسڕنەوە.

ئێران هەوڵ دەدا کێشەی کورد بکاتە کێشەی سونی مەزهەبی، ئەمە چەندین ڕەهەند و خەساری هەیە، ئێمە لێرە هەوڵ دەدین هەندێ لایەنی شی بکەینەوە، هەرواکە دەزانن لەنێو کورد شیعە و سونی هەیە. کاتێک کێشەی کورد ببێتە مەزهەبی بەشێک لە کورد دەبێتە خاوەن ماف و بەشێکی بێ ماف. لێرەوە کورد بەشێکی زۆر لە وزەی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**یەکتر سڕینەوە تەرخان دەکات، بۆ دوژمنیش کێشەیەک بە ناوی کورد بوونی نامێنێت و بە پێی پێوەری ئێستەش کوردی سونی بەرەو سەلەفیەت دەڕوا، ئەمەیە شتێک کە دوژمن دەیهەوێت.**

***ڕاوێژ: حەز دەکەم باس لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە بکەین و تاووتوێی بکەین، ئەو شەڕە بۆ چی بوو و خەسارەکانی کورد لەو شەڕەدا چی بوون؟***

***ڕەسوڵی:*** **شەڕی شاری سنەی خوێناویی لێنینگرادیکی دیکە بوو بەڵا م بەداخەوە بە هۆی پێشکەوتوو نەبوونی ڕاگەیاندن و دەسەڵات لە لاپەڕەکانی مێژوودا بزر بوو تا کۆبانی ڕوویدا و دیسان بە وردی خوێندنەوەی بۆ کرا. شەڕی سنە شەڕێک بوو لە نێوان خەڵک و حیزبە کوردییەکان لە لایەک و کۆماری تاریکستانی ئیسلامی ئیران لە لایەکی دیکەوە، سوپا و ئەرتەش لە چوارچێوەی فتوای جیهاد هێرشیان دەست پێکرد و خەڵکیش خۆڕاگرییان کرد لە ئەنجامدا دوای شەڕێکی سێ مانگی ئێرادەی گەل سەرکەوت.**

***ڕاوێژ: قڕان و کوشتاری ڕژێم لە کوردستان زۆربەربەرینن، قارنێ و قەڵاتان، مەریوان، پاوە، سنبە، ئیندرقاش و دەیانی تر، کورد چەندە توانیویەتی ئەو کەیسانە بە جیهانی بکات؟***

***ڕەسوڵی:*** **سەبارەت بە جیهانی کردنی هەر کەیسێک بارودۆخی سیاسی و جیهانی گرنگە لەبەر ئەوەی تێکڕای ئەو ڕووداوانە لە کات و ساتێکی مێژووییدا ڕوویاندا کە جیهان دوو جەمسەری بوو و کورد لە دەرەوەی هەموو هاوکێشەکان دانرابوو بۆیە هیچ جەمسەرێک نە متمانەی پێ بوو و نە هەوڵیان بۆ دەدا بۆیە بارودۆخ لە بەرژەوەندی کورد نەبوو و کورد نەیتوانیوە هیچ یەکیان بکاتە جیهانی.**

***ڕاوێژ: بەشێک لە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەکرێ بڵێین هەر لە درێژەی فتوای خەمەینی دابووە، لەسەر ئەوان ئەگەر بکرێ باس بکەن.***

***ڕەسوڵی:*** **بەڕای من، درێژکراوەی فتوای خومەینی نیە چون جیا لە کورد خەڵکی دیکەش تیرۆر کران، بەڵام فتوای جیهاد تەنیا بۆ کورد بوو، بەڵام هەر دووی ئەمانە بۆ زیان گەیاندن بە کورد هاوبەش بوون بەڵام دەبێت بڵێن تێرۆریش بەشێکی جیانەکراوەی حکومەتی ئێران و باوەڕیانە لە مەسەلەی تێرۆریش ڕێبەرانی کوردیان تێرۆر کرد.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەویش بەو ئامانجە کە لەسەری شۆڕش بدەن و جەستە خۆی دەمرێت بەڵام لە ئەنجامیشدا تەنها تێرۆری ڕێبەرانی کورد بووە کێشەی جیهانی وەک میکونۆس**

***ڕاوێژ: ئێستا پرسیار ئەوەیە، بە دەست پێبوونەوەی خەباتی چەکداری دیسان مەترسی ئەوە هەیە کە ئەو کوشتارە بە کۆمەڵانە سەرهەڵبدەنەوە، ئێوە پێتوان وا هەیە کە ئەوە دەکرێ بیانوویەک بێت بۆ ڕاگرتن یان دژایەتی کردن لەگەڵ خەباتی چەکداری و ڕاسانەوە؟***

***ڕەسوڵی:*** **کاک ئیمان چ شتێک لەم دونیایەدا بێ تێچوویە؟ ئێمە هەر کارێک دەکەین دەرفەتی دیکەمان لە دەست دەچێت. بۆ ڕاسانیش هەمان شت هەیە، دەبێ ئێمە لەگەڵ شتێک یەکلایی بینە یان دەبێ بژین و بوونمان هەبێت یان دەبێت لە نێو بچین. کاتێک دەرفەتی ڕاسان هاتۆتە ئاراوە دەبێ هەندێ شت بە وردی شی بکەینەوە، کاتێک ماشینێک هەڵدەکەی لە یەکەم ساتەکاندا بنزین زۆر دەبا بەڵام دواتر ڕێگا دەبڕێ و بنزینی ئاسایی دەسوتێنێت، ڕاسانیش هەمان حاڵەتی هەیە، نابێت ئێمە لە تێچووە زۆرەکانی سەرەتایی بکشینەوە، دوای پێگرتن، تێچووەکان ئاسایی دەبن، بۆیە هەر جۆرە کوشتارێک نابێت دڵساردمان بکاتەوە و دەبێت شێلگیرتر بین چۆن باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە**

***ڕاوێژ: ئەوە زۆر بیستراوە و بەڵگەشی لەسەر هەیە کە پاسدار و جاشەکانی ڕژێم ئەگەر دەیانویست کچێکی کورد لە دار بدەن بە هۆی ئەوەی کە لە بیرۆکە ئایینیەکەیاندا دەڵێ کچ بکوژی دەچێتە بەهەشت، دەستدرێژیان دەکردە سەر کچە کوردەکان، ئێوە لەمبارەوە زانیاریتان چیە؟***

***ڕەسوڵی:*** **ئەوە ڕاستە، بەڵام دەبێ بڵێم ئەوبابەتە یەک لە سەر هەزاری ئەو تاوانانەیە کە کۆماری تاریکستانی ئیسلامی ئێران ئەنجامیان داوە کاتێک بیر لە سیاسەت و تاوانەکانی ئێران دەکەین، بێزمان لە مرۆڤ بوونیان دەبێتەوە دەستدرێژی کردنە سەر کچان بەشێکە لەوتاوانە ناشیرانە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## له ۲۸ ی گەلاوێژ دا، دەستی کورد کوژیی فاشیزمی فارس له قۆڵی خومەینیەوە هاتەدەر

" فاشیزمی فارس هەر چەقۆیە و ئێمەش هەر زام "



نیگارکێش : شۆڕش

**عیرفان رەهنمود**

نەتەوەی کورد تەنیا نەتەوەیەکی چوارچێوەی جوگرافیایی ساختەی ئێران بوو کە هەر لە بنەڕەتەوە، رژیمی فاشیست - مەزهەبیی خومەینیی رەت کردەوە و لە بەرامبەر ئۆلیگاریشی ئاخوندیدا، رێگای خەبات و بەرخۆدانی گرتە بەر.

فاشیزمی فارس، کەلەسەر دوو بنەمای سەرەکیی رەگەزپەرەستیی فارسی ودەمارگرژی ئایینی دامەزراوە، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوە کە دەرفەتێکی بۆ برەخسێت کە کورد بەتەواوی پاکتاوی رەگەزی بکات، یان ئەگەر ئەوەی یەکەمی بۆ نەچوە سەر، بە شێوازێک چاوترسێنی بکات، کە چۆک بۆ شۆڤینیزمی فارس دابدات و ببێتە کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ. ئەم درندەییە تەنیا تایبەت بە خومەینی نیە و نابێ پرسەکە لە کەسێکی تایبەت دا، کورت بکرێتەوە.

بەڵکو ئێمە لە گەڵ سیستمێکی فاشیستیی فارسی دا بەرەورووین کە لەسەردەمی هەخامەنشیەکانەوە درێژ بۆتەوە تا گەشتۆتە خومەینی و تەنیا جیاوازییەک کەهەیە، ئەم فاشیزمە هەندێ جار ماکی مەزهەبییەکەی پڕرەنگترە(وەک نموونەی خومەینی) و هەندێ جار لایەنی رەگەزپەرەستییەکەی باڵادەسترە وەک "رەزاشا" و "حەمەرەزاشا" و "کوڕە دەبەنگەکەی شا" کە خۆی بە میراتگری فاشیزمی پادشایی ئێران دەزانێ.

هەر بۆیە پێویستە، فتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا، کە تێیدا سەدان کەس لە رۆڵە نیشتیمانپەروەرەکانی کورد، پاکتاو و لەسێدارەدران، لەوچوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە ئێمە لەگەڵ سیستمێکی رەگەزپەرەستانەی شۆڤینیستیی فارس - ئێرانی دا بەرەوڕووین نەک لەگەڵ چەند دیکتاتۆری خوێنخۆر و دڕندەدا.

پێشمەرجی هەر خەباتێک ئەوەیە کە "خۆت" بناسی و "دوژمنەکەت" بناسی. کە بەداخەوە لە هەردوو بواردا، نەتەوەی کورد، پێناسە و شرۆڤەی هەڵەی بۆ ئەو دوو رەهەندە گرنگەی خەباتی رزگاریی نەتەوەیی کردوە. بەو مانایەی کە کورد نە لە تیۆری و نە لە پراکتیک دا خۆی بە "نەتەوە" نەزانیوە، هەر بۆیە خەباتی بۆ ئۆتۆنۆمی و فیدرالی و" برایەتیا گەلان" کردوە و ئەوەش راست لە گرێکوێرەی "خۆبەکەمزانینەوە" سەرچاوەی گرتوە.

کورد نەتەنیا خۆی نەناسیوە، بەڵکو "دوژمن"ە کەیشی نەناسیوە، بۆیە هەمیشە دوژمنەکەی بە "دیکتاتۆر" لە قەڵەم داوە و لەم روانینەوە ئاشقی دیموکراسی بوە و تەنانەت خەباتی دیموکراسی بۆ گەلی سەردەستیش کردوە و پرسە سەرەکییەکەی خۆی واتە "رزگاری نیشتیمانی" لە بیرکردوە. لە قەڵەمدانی دوژمن بە دیکتاتۆر، بەو مانایەیە کە کێشە"تاکەکەسە" نەک سیستمێکی شۆڤینیستی کە بەگۆڕانی دیکتاتۆرەکان، تەنیا رووخسارەکان دەگۆڕێن، بەڵام سیستمە شۆڤینییەکە هەر لە جێگای خۆیەتی، وەک ئەوەی لە رووخانی رژیمی "شا' دا، دیمان و بە فاشیزمی خومەینی دا دەرکەوت کە جیاوازییەکان رووکەشن و لە سنووری "مەندیل" و "کەراوات" تێناپەڕن.

لەساڵرۆژی ژینۆسایدی کوردەوە لەلایەن شۆڤینیزمی فارس - ئێرانی دا، پێویستە نەختێ رامێنین خۆمان وەک" قوربانی" و ئەوی دی وەک "جەلاد" بناسین. تا ئەو "خۆناسین و دوژمن ناسینە" نەبێتە بابەتی رامان و پرۆژەی" رزگاری نیشتیمانی" فاشیزمی فارس هەر چەقۆیە و ئێمەش هەر زام.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی ڕاسان - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی هێرشی داعشەکانی ئێران بۆ سەر خەڵک و خاکی کوردستان




### ئاسۆ ڕوانسەری

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە ڕاستیدا هێرشێک بۆ سەندنەوەی ئەو بەڵێنانەو ئەو خەونانە بوو کە پێشتر بە گەلانی ئێران و بەتایبەت بە گەلی کورد و سەرۆکی شەهید کراوی د.قاسملوو درابوو.

**لە ٢٧ی گەلاوێژی ئەو ساڵەدا، خومەینی بە گوتاری:**

لە لایەن خەڵک و ئەرتەش و سوپاوە داوام لێ کراوە فەرمانی هێرش بۆ پاوە بدەم و کۆتایی بەم کارەساتە بهێنرێت، من سوپاسی وان دەکەم و هەڕەشە لە ئەرتەشوو ژاندارمری دەکەم ئەگەر بە تۆپ و تانک و هێزە چەکدارەکانەوە تا ٢٤ کاتژمێری دیکە بەرەو پاوە نەڕۆن، حەمووتان بە بەرپرس دەزانم، فەرمانی هێرش کردنی بۆ سەر گەلی کورد و کوردستان دا، لە لایەکی دیکەوە بەنی سەدر- سەرۆک کۆماری ئەو کات- بە گوتاری تا لەناویان نەبەن بەندی پۆتینەکانیان نەکەنەوە پشتگیری بە فەرمانەکەی خومەینی دا و لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا سوپای تاریکپەرەستان و داعشەکانی ئەو کات هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر کوردستان هێناو لە هیچ بنەمایەکی شەرعی و مافی مرۆڤ و نێودەوڵەتی شەرمیان نەکرد و بە دڕندەترین شێوە دەستیان بە داگیرکاری و ڕژاندنی خوێنی پاکی خەڵکی کوردستان بە ژن و منداڵ و گەورەو چووکەوە کرد و سادقی خاڵخاڵی وەکوو حاکم شەرعی ئێران ڕەوانەی کوردستان کراو لە کرماشانەوە تا ورمێ دەستی لە هیچ جۆرە جەنایەتێک نەشوشت و بە دادگاییەکی

**چەند چرکەیی خوێنی گەلی کوردی حەڵاڵ دەکرد.**

**لێرەدا دەمانەوێ یەکێ لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی دادگایەکان باس بکەین:**

**خەڵکی بە ڕیزەوە دەوەستان و بە بێ پرسینەوە لە هۆکاری دەستبەسەرگرتنەکەی، بەشێوەی تۆ ئازادی تۆ ئیعدامی فەرمانی دەردەکرد، یانی لە ١٠ کەس بە ڕاندۆم پێنج کەس شەهید دەبوون و پێنجی دیکەش ئازاد دەکران، کە هەڵبەت زۆرینەی ئەو ئازادکراوانەش بە هۆی گەنجیەتی، جلی جوان لە بەر کردن و چەند هۆیەکی ترەوە شەهید دەکران و ئازاد نەدەبوون.**

**لە بەرانبەر ئەم هێرشەدا خەڵکی بەشەرەفی کوردستان هەموویان پێشمەرگە ئاسایانە بەرەوڕووی تاریکپەرەستان بوونەوەو ئەفسانەی بەرگری پاوە، سنە، کامیاران، سەقز، مەهابادیان ڕەخساند.**

**ڕژێم کە ماندوو ببوو بۆ کارئاسانی خۆی دەستی بە دژایەتی ئایینی و نەتەوەیی درووست کردن لە ڕێگای جاشەکانەوە کرد و شەڕی شێعەو سونە، کورد و تورک، تورک و ئەرمەنی بەرپا کرد و لە هەدنێ شار وەکوو نەغەدە، کرماشان و تیکانتەپە سەرکەوتنێکی چووکەی بەدەست هێنا.**

**شایەنی باسە لێرەدا ناوی چەند هاوڵاتیەک کە لە دوای فەرمانی هێرشی خومەینی و بەنی سەدر بۆ کوردستان درا بەرین:**

**١- لە کاتژمێر ٢:٤٠ خولەکی بەیانی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی لە دیزڵ ئابادی کرماشان یازدە کەس لە سێدارەدران بەم ناوانە:**

**عەبدوڵا نووری، هووشەنگ عەزیزی، موحەمەد مەحموودی، یەدوڵڵا مەحموودی، حسێن شیبانی، هورموز گورجی، مزەفەر فەتاحی، موحەمەد عیزەتی، موحەمەد عەزیزی، ئازەرنووش مەهدەویان، ئەسغەر بێهبوود**

**٢- کاتژمێر ٦:٣٠ خولەکی ئێوارەی ڕۆژی سێ ڕەزبەر لە مەریوان ئەم کەسانە شەهید کران:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

حسێن سوڵتانی، ئەمین سوڵتانی، ئەحمەد خزری، حسێن خزری، فایەق عەزیزی، عەلی داستان، بەهمەن ئەخزەری، جەلال نەسیمی، ئەحمەدی قادرزادە

٣- لە ڕۆژی پێنجی ڕەزبەردا ئەم کەسانە لە سنە لە کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆدا شەهید کران:

ئەحسەن ناهید، شەهریار ناهید، جەمیل یەخەچاڵی، ناسر سەلیمی، عەبدوڵڵا فوولادی، مزەفەر نیازمەند، سیرووس مەنووچێهری، ئەسغەر موبسری، مزەفەر ڕەحیمی، عیسا پیروولی، عەتا زەندی.

٤- لە کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی شەشی ڕەزبەر ئەم کەسانە لە سەقز شەهید کران:

ئەحمەد سەعیدی، قادر بەهار، ڕەسووڵ ئەمینی، ناجی خورشیدی، کەریم ڕەزایی، ئەنوەر ئەردەڵان،سەیفوڵڵا فەیزی، عەلی فەخرایی، عەبدوڵڵا بەهرامی، حەسەن ئەحمەدی، موحەمەد نوقرەهایی، کەریم شیرینی، ئەبووبەکر حەمیدی، ئەحمەد موقەدەم، جەلیل جەماڵزادە، موحەمەد غەفاری، خاتر خەتیبی، ناسر حەدادی.

لێرەدا تەنیا بەشێک لە خوێنڕشتنەکانی ئێران دژی گەلی کورد باس کراو تا ئەم ساتە وەختەش هەر بەردەوامەو کەم نەبوەو زۆرتریش بوە، بەڵام بەداخەوە وێڕای ئەوە ڕۆژهەڵات حەموو کات پشتگیری پارتەکانی دیکەی کردوە، لە زاری چەند بەرپرسێکی نابەرپرس وەکوو کەرەیلان دەبیستین کە دەڵێ دوژمنایەتی لەگەڵ ئێران خزمەت بە تورکیاو سعوودیەو ئەمریکایە، بەڵام هاوکاری وان دەگەڵ ئێران کارێکی شۆڕشگێڕانەو لە پێناو ڕزگاری گەلی کوردە. بەڵێ دژایەتی ئێران بۆ تۆ کارێکی باش نیە ڕەنگە خەڵکی باکوور ڕاچڵەکێن و بڵێن ئەی گەر ئێران دۆستی کوردە ئەوە نیە کورد دەکوژێت و لە تورکیا خراپتر دەکات و چیدی نان و خوانی وی و جەمیل بایک و وێلاکانیان لە ورمێ بکەوێتە مەترسیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بابەتی: ٢٠١٥

---------------------------------------------------------------

## سی و شەش ساڵ جینایەت لە پێناو کپ کردنی دەنگ



**سامان ریشەساحێب**

نزیک بە ٣٧ ساڵ پێش ئێستا و لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی رژێمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە فتوای خومەینی هێرشێکی نیزامی هەمەلایەنەی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی نەخواز و ناڕەوای بە دژی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان داسەپاند. هێزە سیاسیەکانی کورد لە سەرەتادا رێگای وتووێژیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ویست و داخوازاییەکانی خەڵکی کورد لە رێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی وڵامێکی شیاو و ئاشتیخوازانە بداتەوە، هێرشیان کردە سەر کوردستان و فتوای جیهادیان بە دژی خەڵکی کورد دەرکرد. رژێمی کۆمار ئیسلامی هەر بەر لە هاتنە سەر کارییەوە لە بیری پیلان داڕشتن بوو، هەر رۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ٥٧ بوو کە لایەنگرانی خومەینی بە ناوی ئیسلامی سیاسی، سینما رێکسی ئابادانیان سووتاند کە نزیک بە ٥٠٠ کەسی بێ تاوان بوونە قوربانی. ئەوان دەیانهەویست کە بڵێن رژێمی پاشایەتی خراپە و ئەو بە تاوانباری ئەو جینایەتە لە قەڵەم بدەن. بە درێژایی مێژوو کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و کوشتن و ئەشکەنجە و ئیعدام لە هەر چەشنە کەرەستەیەک کەڵکی وەرگرتووە.

**٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی گەلانی ئێران بە گشتی و خەباتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، خاوەن جێگە و پێگەیەکی تایبەتییە. ئەم ڕۆژە لە مێژووی کورد ڕۆژێکە کە خەڵکی کورد بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆ نووسین و ئازادی و دێمۆکراسی خەباتی کرد. هێرشی ٢٨ی گەلاوێژ، هێرشێکی سەرانسەری بوو و لە لایەن حکومەتی ناوەندیی و شەخسی خودی خومەینی دژ بە نەتەوەی کوردە، خاڵی وەرچەرخان ئەمەیە کە ئەم ڕۆژە ڕۆژی بەرنگاریی و خۆراگریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. لەم ڕۆژە لە لایەن داگیرکەرەوە هێرش دەکرێتە سەر هەموو مافە سەرەتاییەکانی تاکی کورد، ڕۆژی ئاشکرا بوونی هەموو ئەو درۆ و فریوکارییانەیە کە حکومەتی خومەینی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە خەڵکی دابوو.**

**باس کردن لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، تەنیا لێکۆڵینەوە لە سەر خودی ئەو ڕۆژە نییە، بەڵکو دەبێ هەم ڕابردوو و هەم داهاتووەکەی باس بکرێت. خەڵکی کورد هەموو کات دژ بە سیاسەتە نگریسەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، بایکوتی ڕفراندومی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە لایەن خەڵکی کورد و وڵامی نا بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەوەی سەلماند کە کوردستان زۆر جیاوازە لە گەڵ مەبەست و بەرژەوەندییەکانی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو. کۆماری ئیسلامی هەموو جۆرە ڕێگایەکی تاقی کردەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد بۆ نمونە: دامەزراندنی سوپای پاسداران، مەکتەبی قورئان، ڕێکخستنی جاش و (عوامل نفوزی) لە کوردستان و تەنانەت دانانی مەلا سەفدەری کە لە خودی ڕژیم بوو و سەدان پیلانی دیکە. کۆماری ئیسلامی زۆر ئاشکرا دەیزانی کە ئەم پیلانانە کاریگەر نابێت بۆیە دەستی دایە هیرَش بۆ سەر کوردستان. ڕژیم پێی وابوو بە هێرش ٢٨ی گەلاوێژ وەک ڕۆژێک کە تێیدا بەدژی سەروەریی نەتەوەی کورد فەرمانی جیهاد دەرکراوە، دەبێ لەلایەن سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانەوە گرینگیی تایبەتی پێ بدرێ و وەکوو ڕۆژی بەرخودان و بەرنگاریی نەتەوەیی پێناسە بکرێ.**

**کردن بۆ سەر کوردستان چۆک بەم خەڵکە دادئەدات و دەتوانێت بە ئاسانی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات لە کوردستان. بەڵام بە پێچەوانە خەڵکی کورد سوور بوون لە سەر پارێزگاری لە داخوازییەکانی خۆیان، بۆیە گرنگی ئەو ڕۆژە لە مێژوو ئەمەیە کە خۆڕاگرییەک لە کوردستان هاتە کایەوە کە بە درێژایی مێژووی کوردستانی بێ وێنە بوو.**

**کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، سەرزەمینی کوردستانی داگیر و بە تەواوی ملیتاریزەی کرد،**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

حیزبەکانی لە شارەکان پاشەکشە پێکرد و دەستی بە سەر ناوچەی کوردستاندا گرت. ئەوان بە کوشتاری بێرەحمانەی خەڵک لە گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان، ئەو پەڕی جینایاتی خۆیان نیشاندا کە تیایدا بەزەییان بە ژن و منداڵ نەهاتەوە، ئەمە جگە لە ژینوساید و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد، ناکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لەسەردا بنێن.

هێرشی ٢٨ گەلاوێژ بۆ سەر کوردستان لە مانای راستەقینەی خۆی، هێرش بوو بۆ سەر هەموو ئازادییە سیاسیەکان، هێرش بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ. کۆمەڵگای کوردستان بەر لە فەرمانی هێرشی خومەینی، رێزی لە هەموو ئازادییەک بە تایبەت ئازادی بیر و را، ئایین، بەیان و ... گرتبوو و وەک دەسکەوتێک پاراستبووی. بەڵام دوابەدوای هێرش بۆ سەر کوردستان، رژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئەم ئازادییانەی پێشێل کرد. یەکێکی دیکە لەو پڕۆژە سەرکوتگەرانەی خومەینی دوای ٢٨ ی گەلاوێژ بە ئەنجامی گەیاند، ناردنی خەڵخاڵی خوێن مژ بوو بۆ کوردستان و ئیعدامە بە کۆمەڵەکانی هەر لە پاوە و کرماشانەوە بگرە هەتاکوو ورمێ، هەموو ئەو موحاکمانە، کەمتر لە ١ یان ٢ خولەک بوون، بە سەدان لاوی ئازادیخوازی سیاسی و چالاکی مەدەنی، بە بێ هیچ تاوانێک مەحکووم بە ئیعدام کران و لە هەمان کاتیشدا دەست بە جێ حوکمەکانیان جێ بە جێ کراو لە سێدارە دران یان تیرەباران کران.

خەڵکی کورد لە مێژە خەبات دەکات بۆ بەدیهاتنی مافە رەواکانی خۆی لە بواری ستەمی نەتەوایەتی و دەیهەوێ مافی خۆی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە فەرمی بناسرێت. بەڵام بە درێژایی ئەم چەند دەیە لە خەباتی خەڵکی کورد، هەموو کات لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندەوە لە باتی جێبەجێ کردنی ویست و داخوازییەکانیان ، بە قەلاچۆ کردن و سەرکوت و کوشتن وڵامی دراوەتەوە. دەسەڵاتداران هەموو کات لە بیری بەهێزتر کردنی جێگاو پێگەی خۆیان و بەرژەوندییەکانی خۆیانن. کۆمەڵانی خەڵکیش بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانیان هەوڵ ئەدەن و خەباتی بۆ دەکەن. لەم نێودا خەڵکی کورد رێکخراوتر هاتووەتە پێشەوەو و پێشەنگ بوو.ە بۆیە هەموو کاتیش هێرشی کراوەتە سەر.

شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە و کوشتاری خەڵکی ئەم شارە و لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مهاباد و جینایەتەکانی خەڵخاڵی و ئیعدامی نزیک بە ٤٠ کەس لە لاوانی شاری سنە و سەقز و مەریوان لە سەرەتاکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو بۆ لەقاو دانی ئەو هەموو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان کردبووی. هەموو ئاسەوارەکانی هێرشی ساڵی ٥٨ سەلماندنی دژایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**رژێمی ئێرانە لە بەرامبەر ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان.**

**رژێمە دیکتاتۆر و داگیرکەرە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بەردەوام لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدا بوون بۆ بنەبڕکردنی دیمۆکراسی و ئازادی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کورد، لە پێشکەوتووترین ئامێری نیزامی وەک تانک و توپ و ... کەڵکیان وەرگرت و دەستیان داوەتە کوشتار و قەلاچۆکردنی خەڵکی کوردستان. دوابەدوای راپەڕینی گەلانی ئێرانیش، کۆماری ئیسلامی بە دەسەڵاتی باڵای خومەینی و بە فتوای راستەوخۆی ئەو، هێرشی جینایەتکارانەی ئەم رژێمە دیکتاتۆرە بۆ سەر خەڵکی کورد، جگە لەم مەبەستە هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشت نەبووە. سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانە خەڵکی کوردیش دوای راپەرینی ٥٧ هەوڵی دا رێگای ئاشتیخوازانە بگرێتە بەر و بەو دروشمە بە ناوبانگەی "ئێمە شەڕخواز نین وشەڕمان ناوێ بەڵام خۆ بە دەستەوەش نادەین" ، لە هەوڵی رێگای ئاشتیخوازانە بوو بۆ چارەسەری کێشەکان. گەلی کورد کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری رژێمی تازەوە خوازیاری چارەسەری سیاسی و هێمنانە بوو، هەموو هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ تا لە رێگای دیالۆگ و خەباتی مەدەنی وسیاسییەوە بەرگری لە مافەکانی بکات، سەرەڕای هەمووی ئەمانە خەڵکی کورد هیچ رێگایەکی جگە لە هەڵبژاردنی شەڕی چەکداری بۆ نەمابووەوە. گەلی کورد هەموو کات ئاشتیخواز بوون.**

**ئەساس و بنەمای هێرش بو سەر کوردستان ئەوە بوو کە کوردستان جیاواز بوو لە گەڵ هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە کوردستان ئازادی و دیمۆکراسی هەبوو، فەزای سیاسیی شارەکانی کوردستان بە تەواوەتی کراوە بوو، هیچ بەربەست و پێشگیریەک لەبەردەم رێکخراوە سیاسیەکان و کۆبوونەوەکانیاندا نەبوو، حیزبەکان ئازادانە رۆژنامە و راگەیەندراوەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە و فەزایەکی پێکەوەژیان و سازان، باڵی بەسەر بەسەر ژینگەی سیاسیی کوردستاندا کێشابوو. شۆرای شاری سنە وەک ئۆرگانێک ئیدارە کردن هاتبووەوە سەر کار کە لە ساڵانی رابردوو تا ئەوکات، یەکەم جار بوو کە لە شاری سنە شۆڕای ئیدارەی شار بە هەڵبژاردنێکی تەواو ئازاد و دیمۆکراتیک پێک هاتبێت. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست حکومەتی ویلایەتی فەقیە بنیات بنێت، لەگەڵ شۆڕا رێک نەدەهات و بە هەر جۆرێک دەیانویست حکومەتی ئیسلامی دابمەزرێنن لە کوردستان، بۆیە لە بیری دارشتنی پیلانی هێرش بو سەر کوردستان بوون.**

**٢٨ی گەلاوێژ ئەگەر چی باسی راپەرین و شۆڕشی خەڵکی کوردستانە، بەڵام بە داخەوە کۆمەڵێک کەس گیانی ئازیزی خۆیانیان بەخت کردووە. ٣٣ ساڵ بە سەر ئەم رووداوە مێژووییە تێدەپەرێت، دیارە ماوەیەکی زۆرە و لەم**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ماوەیەشدا ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆر بە سەر ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کراوە. بەڵام گێڕانەوەی ئەم کارەساتە بۆ نەوەیەک کە دوای راپەڕین لە دایک بوون دەبێ زۆر بە وردی و خاڵ بەخاڵ باس بکرێت. ئێمە هەرکات باسی داهاتوو دەکەین دەبێ چاوخشاندنێکی دروستمان هەبێت لە رابردوو، چ لە گەشە و چ لە بواری لاوازی و خۆڕاگری و..هتد.

٢٨ی گەلاوێژ وەک رۆژێک کە تێیدا بەدژی سەروەریی نەتەوەی کورد فەرمانی جیهاد دەرکراوە، دەبێ لەلایەن سەرجەم حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانەوە گرینگیی تایبەتی پێ بدرێ و وەکوو رۆژی بەرخودان و بەرنگاریی نەتەوەیی پێناسە بکرێ. پێویستە هەموو لایەک کار بۆ ئەوە بکەن هەتا بیکەنە رۆژێک کە تێیدا یەکدەنگ و هاوهەڵویست، رووبەڕووی داگیرکەرانی کوردستان ببنەوە و بە خەباتی سیاسی و مەدەنی وەڵامی ئەندێشەی تیرۆر و کوشتار و ئیعدام و سێدارە بدەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# جیهادە یان جینایەتە؟!



## مەلا برایمی مەجیدپور

بەناوی خوای بێهاوتا

بۆ باسکردن لە بەتاڵی فتوای جیهادی خومەینی بەدژی گەلی کورد بەو ئایەتە لە سورەی ئەنفال بە ژمارەی ٧٤ دەست پێدەکەم کە دەفەرموێ:{ئەوانەی خاوەن باوەڕنو لە وڵاتەکەیان ئاوارەو دەرکراون، لەڕای خوادا تێکۆشاونو ئەوانەش کە پەنایان داونو کۆمەگیان کردون ، خاوەن باوەڕی ڕاستە قینەنو خوا لێیان خۆش دەبێو بژیوی باشیش هەر بۆ ئەوانە.}

ئەگەر بەکورتی مانای ئەو ئایەتە لێکدەمەوە دەڵێم: خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەتەواوی شەرعیو ڕەوایەو بەهیچ کلۆجەیەک حوکمی کافری بەسەردا ناسەپێ . گەلێکی خاوەن باوەڕەو لەسەر داوایەکی ڕەوا ناچار بە پەڕیوەیی هەندەران کراوە، یان هەروالەژێر زۆڵمو زۆری داگیر کەراندا قەتیس ماوە .

بۆ ڕزگاری لەوتەنگژەو نەهامەتیە بەردەوام خەباتی کردوەو تێکۆشاوە. لەو ڕێبازەدا بەهەزاران شەهیدو قوربانیداوە. بۆ ئەو هەوڵو تێکۆشانەش نە پشتی بەکەس بەستوەو نە خۆی بەهیچ سیاسەتو ڕیبازێکی بێگانەوە

گرێـداوە. ڕاسـت وەک خـوائەرکی بـۆ دیـاریکردوە، بـۆ دابینکردنـو پاراسـتنی مـافی خـۆی هەرلـەسەر ئەوبنەمـایە تێکۆشاوە.هێرشی بۆزێدیکەس نەکردووەومافی کەسی ژێر پێی نەناوە. بەردەوام لە ماڵی خۆیدا هەڵیـان کوتـاوەتە سەروگەمارۆیان داوە. کەوابـوخەبـاتی گەلەکەمان بە پێوەری ئیسلامی ڕەواو ئیزن دراوە. لە بەرانبەردا ئەوە کۆماری ئیسلامی ئاخوندیە نیشتمانی داگیرکردوینو مافە خواییەکانمان لەلای ئەوڕا پێشێل کراوە. هەزاران رۆلەی شەهیدو زینـدانی کردوینوشۆڕشگێڕانی گەلـی لە زێـدی خۆیـان وەدەرنـاوە. داخـوائەو بەرەنگـاریو قوربانیـدانەی گەلـی کـورد جیهادە ، یان ئەو قەتلوعامو داگیرکاریو بەندکردنوئاوارەکردنی ئێمەی کورد لەلایەن کۆماری خوێنو مەرگ، جیهادە ؟؟!! بێگومان هـەرکەس لـە ئیسلام تێگەیشتبێو خۆی نەدۆڕاندبێی دەزانێ ڕاستو ڕەواولەسەرهەق کامە لایە. دەزانـێ قەلاچۆ کردنـی گەلێـک بە ئیـدعایەکی بەتەواوی لەڕاسـتی دورەوو نـاڕەوا جیهـاد نیـەو جینـایەتە. ڕێکەوتـی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی ئەو ڕۆژەیە کە لەسەر هەقبونی کوردو نـاهەقیو زاڵمبونو داگیرکاری کۆماری ئـاخوندی دەسـەلمێنێ . حاشـا لەوەنـاکرێ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەشێکی گرینگـی کوردسـتانی دابەش کـراوی داگیـر کـراوە ، کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراوە.

مێژوش سەلماندویەتی دەسەڵاتدارانی حاکم بـەسەر ئێـراندا لـەژێـر نـاوی کۆمـاری ئیسلامیو هەر نـاوێکیتر خەونی ئیمپڕاتـۆری کـۆنی ئیـران بـۆیەکتر دەگێـڕنەوە ، کـورد بە تـاکە بەرهەڵسـتو دوژمنـی سـەرەکی خۆیـان دەزانـن ، هەربـۆیەش لە ئیرانـدا هەرکەس دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گرتبێـی قەڵاچـۆ کردنـو تواندنـەوەی کـورد خـاڵی یەکەمـی بەرنامەی کاری بوەو، ئەوەش بەمیرات لە شاوە بۆخومەینی بەجێماوە .

بـروانە خـۆمەینی چـۆن وڵامـی داوا ڕەواکـانی کـورد دەداتـەوەو لـە فتوایـەکـدا دەڵـێـی: { اشداء على الكفاررحماء بينكم} واتە دەگەڵ کافران زۆر توندو بێبەزەیی بـنو دەگەڵ خۆشتان بەڕوحمو بەزەیی بن. ئەوانە کافرو ئاژاوەگێڕن لەزەویوعاسمانو دەریـاوە هێـرش بـکەنە کوردسـتانو بەزوتـرین کـات ئەو ئـاگرە دامـرکێنن لەناویـان بەرن.ئەوانە وابەستە بە ئەمریکاوبەعسی عێڕاقوداردەستەی شان! لەسەربنـاغەی ئەو فتوا نـارەوایە کـورد گیـانو مـاڵو ژنومنـداڵو زیدیان لەخۆیان حەرامەو بۆئەوان حەڵاڵە !! لەسـەردەمی خـومەینیڕا تـائەوکـاتەی کە ڕوحـانی سـەرکۆماری ئێـرانە هەردەنگێکی کاربەدەستانی حکومەتو تەنانەت غەیرە حکومیە کانیش ئەگەرلە قسەی سەرزارەکیان سەبارەت بەکورد نەرمیەکی پێوە دیاربوبێ ، دەیـان نەخشەوپیلانی دژە کوردیان لە پشتەوە کێشراوە.

ئەوەش من نـاڵێم بەڵکو مێژو بەزەقی نیشانیداوە، کە پیلانی تـرۆری ڕێبەری شەهیدمان قاسملو نمونەی

بەرچاویەتی. سوپای داگیرکەر هێرشی کردۆتە سەر کوردستان ، بەتەرحو بەرنامەی کاربەدەستانو فتوای ئایەتوڵایەکان لەو پەڕی بێبەزەییانە کوردبەکۆمەڵ کوژراوەو ماڵو حاڵی وێرانو سوتاوە. ئیمام مستەفا چەمڕانی ئەنجامدەری جینایەتی (تەلزەعتەر)ی فەلەستینی بۆکورد کوشتن هێنابوو. هاوکات دەگەڵ ئەوهێرشە وەحشیانەوهەمەلایەنەلەدەنگورەنگی ئێرانو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانو لەمینبەری مزگەوتوحوسەینیەکانولە حەوزەکانی عیلمیە پڕوپاگەندەیەکی ژاراوی دورلە ڕاستیو هەڵبەستراو بەدژی کوردان وەڕێخستو بە کافرو دژە شۆڕشی لە قەڵەمدان . کلیلی بەهەشتی بۆلاوە هەڵخەڵەتاوو مێشک شۆراوەو گوێلەمستەکانی دروستکردو لەملی کردنو لە گیانو ماڵی کوردانی بەردان. پاسداری لەشەڕدا گیراوم دیوە بە( گەرگولی سەرێی) کە لە مهاباد دور نیە، دەکوت ئێرە ئێڕاقەو ئێوەش بەعسین ! خۆشی ئەفغانی بوو !! جیا لەوەش ( خەڵخاڵی )جەلادی کردبوە نوێنەری خۆیو حاکمی شەرع، بەبێ لێپرسینو بەڵگەی تاوان بەکوتنی (مفسد فی الارض ومحارب باخدا) حوکمی ئیعدامی بەکۆمەڵی کوردانی دەر دەکردو بەڵگەشی ئەوە بوو: تەوجیهی بۆجینایەتەکەی دەکردو دەیکوت: لێپرسینیان ناوێی، ئەگەر تاوانباربن سەزای خۆیان دیوەو ، ئەگەر بێتاوانیشبن دەچنە بەهەشت !! ئەوانەی ئێعدام دەکران تەنیا تاوانیان کوردبونو داوای مافی رەوایان بوو. شاراوە نیە داوای مافی ئینسانی کەشەرعیش پشت ڕاستیدەکاتەوە، لەڕوانەگەی ئاخوندەکان فەسادو ئاژاوەگێڕیەو بێقسەیی ئیمامیش شەڕ دەگەڵ خوایە. ئەوانەش کەئەو داوایە دەکەن سەزایان نەمانە . لەسەر ئەوبنەما بەتاڵەو لەودەسپێکەڕا جینایەتەکانی قاڕنێو قەلاتان ، هەڵگیرساندنی شەڕی نەغەدەو کوشتاری ئیندرقاشو خەلیفەلیانو چەقەڵ مستەفاو کانی مام سەیدەو سەرچنارو قەرەگۆلو سەوزیو دەیانیتریشان خولْقاند .

بەباوەڕی من خەونی گێڕانەوەی ئیمپڕاتۆری ئێرانی ئەوجارەیان لەژێر ناوی دینو بەدروشمی ڕێگەی قودس بە کەربەلا دایەو ناردنی شۆڕش بۆدەرەوە دەست پێیکردو شەڕی ئێرانو عێڕاقی هەربەو خەیاڵە لێکەوتەوە،کە سەر ئەنجامەکەی بە پاشە کشەی ئیمام تەواوبوو ئاگربەسی قبوڵکردو بەخواردنەوەی پیاڵەی ژاری ناوبردوو بوبەهۆی مەرگیشی. ڕێبوارانی ڕێگای ئیمام بە ئاشکرا لە لوبنانوسوریەو ئێڕاقو یەمەن، بەدزیش لەسەرجەم وڵاتانی خەڵک موسوڵمان سەرقاڵی دابەزاندنی ئیمپڕاتۆری شیعەن،بەڵام بەئاکام نەگەیشتوەو ناگەن .چونکە سەردەمی ئەوچەشنە دەسەڵاتەلە مێژە نەماوە. لە بەرانبەرئەو بەناو جیهادیەی ئیمام گەلیکورد قارەمانانە ڕاوەستاو کۆڵینەداو سەرئەنجام بەچۆکیان داهێناو ناچاریانکردلە ٢٦ی خەزەڵوەر فەرمانی ئاگر بەس دەربکا،بەڵام ئەوە بەمانای دوایی هاتنی مەسەلەکە نەبو، چونکە لە ماهیەتو بەرنامەی وڵایەتی فەقیە دا نەگەل بونی هەیەو نەمافێک بەکەس دراوە ! تەنیا وەلی نوێنەری خوایەو خەڵکیش هەمو ئۆمەتن!! کەوابو چاوەڕوانی ناسینی گەلو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

مافەکانی لەورێژیمە خۆفریودانەوبیریکی هەلەونارەوایە.دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیرانو ڕمانی کۆشکی پاشایەتی هەرچەند ئەزمونی خەباتەکە کەمبو، خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارو دەرکی راستەقینەی ئازادی کاڵو کرچ بون، دەگەڵ ئەوەش لەزۆربەی شارو گوندەکان شۆڕای خەڵکی دامەزراوکارو بارەکان بەڕێوە دەچون.لەکوردستان لەزۆربەی شارەکان پادگانو بنکەنیزامیەکان کەوتبونە ژێردەستی شۆڕشگێڕانو خەڵکێکی زۆر چەکیان لە دەست دابوئەگەر [ جافرتێی نەڕیابا !! ] کورد گەیشتبوە حاندێک کە بتوانێی خۆی ڕێکبخاو دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەری بگرێتە دەستو خۆی لە ژێر دەستەیی ڕزگار بکا. هەستی ناسیونالیستی بەرچاوتەنگی فارس بەسەرباری شیعەگەریەوەو هەڵەو پەڵەکانی ناوخۆی کوردستانو پڕوپاگەندەی ژاراویو هەڵبەستراوی دامو دەزگا سیاسیو مەزهەبیەکان وایان نیشان دەدا ئەگەر کورد سەرکەوێو دەسەڵات بە دەستەوە بگرێیو خاوەن هێزبێ وەک (ئاجوجو ماجوج) وایەهەرچی غەیرەکوردە لەناویان دەبا! ئەگەر ئێرانیەکان وەخۆ نەکەونو بەرگری لەخۆیان نەکەنو کورد سەرکوت نەکەن ئێرانوئیسلام لە مەترسیدانو واوەیلایە!! لە دنیاو قیامەت هیچیان دەسناکەوێو ڕەنج بەخەسارن!! بەو ڕێگە خۆشکردنەو بەو بزواندنی ئەو هەستە شومە حوکمی جیهادی دژی کورد وەک فەرمانی خوا دەردەکرێو گیانو ماڵو ناموسی کورد لەخۆی حەرامو بۆ ئەوان حەڵاڵ دەکرێ. لەسەر ڕەواییونارەوایی ئەو فتوایە زۆر کوتراوەو نوسراوەو پێویستی بەدرێژ کردنەوە نیە .هەرکەس خۆی بەموسوڵمان بزانێو ئوسولی ئیسلامی بەتیگەیشتنەوە قبوڵکردبێ دەزانێ ئەو فتوایە دەگەڵ دەقەکانی قورئان بەتەواوی ناتەبایە ، تەنیا بڕیارێکی سیاسی فاشیستیانەیە بۆ فریودانو هەتلەکردنو بزواندنی هەستی دەمارگرژی ئایینی جلو بەرگی مەزهەبیان دەبەر کردوەوخەڵکیان پێی لە خشتە بردوە. ئوسولەن وشەی جیهاد بەمانای تێکۆشانە ، جا بۆ مەبەستێکی ئایینی، کۆمەڵایەتی ، یان سیاسی بێ . بەدڵنیایەوە ئەو شێوە تێکۆشانە لە ناوەرۆکدا هەموی بۆ خزمەتی مرۆڤو دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرەانەو خولقاندنی کەشو هەوایەکی ئارامو زیدێکی ئاوەدانەو دەبنە تەواو کەری یەکو ئامانجەکە وەدی دێنن .

هەربیرو بۆچونو ئیدەو ئایینک ئەگەربەپێچەوانەی ئەو مەبەستانەی سەرەوە کاربکا بۆقبوڵکردنو ڕێز لێگرتن نابێ. لەڕاستیدا کردەوەی مرۆڤ بەگشتی ئیماندار بەتایبەتی ئەگەر لەڕێگای وەدیهێنانو پاراستنی قازانجو بەرژەوەندی خۆیو گەلدا کاری پێکرابێ ئەوە جیهادە. جیهادی بەمانای شەڕ بۆسەردەمیکی دیاریکراو بووەو ئێستا کە سەردەمی عیلمو زانستەو ئامرازی گەیاندنو تیگەیاندن لە لوتکەی بەرزی خۆیدایە، گۆڕەپانەکە دەبێ زمانوقەڵەمو مەنتیقوتێگەیشتن ڕمبازێنی تێدا بکەن نەک تانگو تۆپو بۆمبو شتی لەوبابەتانە . ( وجادلهم بالتی هی احسن )جێگەی کوشتنو بەندکردنو سوتاندنو شیمیا باران بگرێتەوە. خۆ کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بەرەنگاری زاڵمو داگیرکەرو دابەزاندنی عەداڵەتو دادپەروەری ئەرکی سەرجەم مرۆڤەکانە بە ئاینیوغەیرە ئایینی . ئەوەنیە دنیای ئیسلاموغەیرە ئیسلام بە دژی داعش کەبە نارەواخۆی بەئیسلام دەزانێ,راپەریونو لەزەویو عاسمانەوە بەگژیان دادەچنەوە. لەکورتیدا کوشتنو قەلاچو کردنو پێشێل کردنی مافی گەلان کردەوەیەکی دژی ئیسلامەو لە نیهایەتدا شەڕ دەگەڵ خوایە، خوا ئەو گەلانەی دروست کردونو مافیشی پێداون. ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەرهەقی گەلەکەمان کردویەتیو دەیکا بە دڵنیایەوە فڕی بەدینەوە نیەو، گەلی کورد ئەگەر کافریش بێی کەنیە، مافەکەی ڕەوایەو داواکەی لە جێدایە. ئەوە زانایانی شارەزاو بوێرو لەخۆ بردون کەدەتوانن بەدژی ئەو فتواو پڕوپاگەندە دژە ئیسلامیانە بەجیدی هەڵوێست بگرنوتابەتاڵ کردنەوەی فتواکە ڕانەوەستنو لە بیرخۆیانی نەبەنەوەونەوەی نوێش لەوەئاگاداربکەن کەبڕیارێکی ئەوتۆیان لەسەر دەرکراوە، بەتوندی بەر پەرچیان بدەنەوە.


فتوای جیهادی دژبەکوردی خومەینی هەر چەند وانیشاندەدرێ کە گۆیا کاری پێناکرێ، بەلام بەباوەڕی من بەهێزەوە بەردەوامەوشێوەو چۆنیەتیەکەی گۆڕاوە، چونکە لە دەست بەکاربونی کۆماری بەناوئیسلامی تائەوڕۆش هیچ کام لە بەڵێنیە هەڵخەڵەتێنەرەکانی بەجێی نەهێناوە . کەس نیە ئەو غیرەتەی هەبێ جارێک لە ڕێبەرانی ئەوکۆمارە بپرسێ : ئەرێ فتوای جیهادی دژی کورد بەتاڵکراوە یان هەروەک خۆی ماوە ؟؟ خەڵکی کورد دەبێی بزانێ لە حکومەتی ویلایەتی فەقیهیدا بڕیاری ئیمام فەرمانی خوایە جێبەجێکردنی بێی ئەملاو ئەولایە . لادان لەو فەرمانە کوفرەو سەزای مەرگی بۆ دیاریکراوە. بۆیە ئەو قسە سەرزارەکیانە هیچ بایخێکی بڕێوەبردنیان نیەو بەپێی هەلو مەرجو کاتو پێداویستی دەکوترێنو دەگۆڕێن. بەتایبەتی لە مەزهەبی شیعەدا ئەسڵی تەقیە بەردەوام کاری پێدەکرێ، واتە ئەگەردەستیان نەڕۆیشت نەرمی دەکێشنو ئەگەردەستیان ڕۆیشت دەیپسێنن. دوایین قسە ئەوەیە : ئەگەر تەسلیم نەبون بۆزالمانو زۆردارانو ڕاوەستان لەبەرانبەر بڕیاری نارەوای ئیمامێک فتوای جیهادی پێی ڕەوابێی ، ئەدی پێشێل کردنی فەرمانی خواو گوێنەدان بەهەقو عەداڵەتی خواییو فەرمانی قەتڵو عامی گەلێکی بێتاوان دەبێی چ حوکمێکی بۆ بدرێ ؟؟!!

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خوێنی لاوانی کورد لە شووشەی زوحاکانی کۆماری ئیسلامیدا




**راپۆرت: جەمال نەجاری**

**کۆماری ئیسلامی لەدوای هاتنە سەرکاری لە ئێران گەلێک تاوانی دەرحەق بە گەلانی زوڵم لێکراوی ناوخۆی ئێران کرد کە بەشی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگە زیاتر لە هەموویان بێ، وەک دەبینین هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە لە سەرکووتی گەلی کورد و رۆژانە شاهیدی لەسێدارەدان و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردین. یەکێک لەو تاوانە گەورانەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامی داوە، ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو، کە لە پاش کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ ١٣٥٨ی هەتاوی، وەک کۆمەڵکوژییەکی دیکە ناوی دێت و تا ئێستا ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە لە هیچ دادگایەکدا دادگایی نەکراون.**

**رۆژی ١٢ی جوزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (دووی ژوئەنی ١٩٨٣ زایینی) رژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئێسلامی ئێران، ٥٩ لاوی کوردی لە شاری مهاباد ئیعدام کرد. ئێعدامکردنی ئەم ٥٩ لاوە کوردەی شاری مەهاباد، بە یەکێک لەو جینایەتە گەورانە لەقەڵەم دەدرێت کە بەرانبەر بە کوردەکان لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژاوا (ورمێ) ئەنجامدراوە و ئەوپەڕی توندوتیژی دەسەڵات بەرانبەر بە نەتەوەی کورد نیشان دەدات و ئەو ئیعدامانەش لەدرێژی سەرکووتی نارەزاییەکاندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دران.**

ئەوەی کە روونە ئەوەیە تەرمی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد هەرگیز ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکرانەوە، کەس نازانێ لە کوێ ئیعدام کران و لە کوێ بە خاک سپێردران، بەڵام بۆ بنەماڵەکانیان روون و ئاشکرایە کە ئەمانە بوونە بەشێک لە ژینۆسایدی گەلی کورد کە سەرانی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەیان بردووە.

وەک دەگوترێ مانگ بۆ هەمیشە لە پشت هەور نامێنی، ئەمرۆ لایەنی شاراوەی جینایەتێکی گەورە ئاشکرا دەکرێ کە پێدەچێ ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد و هەموو ئەوانەی لە نێوان ساڵانی ٦٠ تا ٦٧ فەرمانی ئیعدامیان بۆ دەرچووە و جارەنووسیان بە نادیاری ماوەتەوە بەشیک بووبێتن لەو جینایەتە مەزنە کە لەم بابەتەکەدا باسی لێوە دەکەین.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ئێران وعێراق، بەو حوکمەی حکومەتی عێراق پەلاماری ئێرانیدا، حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە لەپاش شۆرشی گەلانی ئێران خۆی بەسەر ئێراندا سەپاند و شۆرشی ٥٧ بە ناوی خۆی تەواو کرد، لە لایەک لەگەڵ هیرشی عێراق بۆ سەر ئێران و لە لایەکی دیکە لەگەڵ نارەزاییە ناوخۆییەکانی ئێران بە تایبەتی لە کوردستان کە پیشمەرگە لە ناوچەکە بوو رووبەروو ببۆوە و توانای بەرخۆدانی نەمابوو. بڕیاری ئیعدامی بە کۆمەڵ بۆ چالاکانی سیاسی ناوخۆ رادەگەیەنێ و دوور لە چاوی دادگا و یاسا رۆژانە بە دەیان کەسی ئیعدام دەکرد و تەمەنەکانیان رادەستی بنەماڵەکانیان نەدەکرایەوە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ بۆچی تەرمی ئەو کەسانەی ئیعدام دەکران هەرگیز رادەستی کەسوکاریان نەدەکرایەوە، دیوی شاراوەی ئەو جینایەتە چ بوو؟

بە پێی بەڵگەیەک کە لە ئەنتەرنێت بلاوکراوەتەوە؛ هاتووە کە دادوەریی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نامەیەکی نهێنیدا لە رێککەوتی ١٠ - ٧ - ١٣٦٠ هەتاوی داوا لە هەموو دادگاکانی شۆرش لە ئوستانەکان و شارەکانی ئێران دەکات، لەسەر داوای سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەکاتی شەڕی ناو شارەکان و هەروەها شەری ئێران و عێراق، پاسدارە بریندارەکان پێویستیان بە خوێن هەیە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خوێنی پێویست لەو کاتەدا رەنگە دەستەبەر نەبێ، بۆیە فەرمان دەدەین بە شێوەیەکی نهێنی خوێنی ئەو کەسانە کە فەرمانی ئیعدامکردنیان بۆ دەرچووە و دەبێ دەست بەجێ ئیعدام بکرێن، لە لایەن کەسانی جێی متمانە

خوێنی ئەو کەسانە بەر لەوەی ئیعدام بکرێن بە درزی بەتاڵ بکرێن و بنێردرێتە نزیکترین بنکەی تەندروستی یان بانکی خوین و لەوێدا بپارێزرێ تا لە کاتی پێویستدا بۆ ئەو پاسدارانەی بریندار بوون بەکار بهێندرێت.

لە نامەکەدا هاتووە؛ بۆ ئەوەی لایەنی شەرعی ئەو کارەش لەبەر چاو بگرن و نارەزایی لێ دروست نەبێ، رەزامەندی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و وەلی فەقیە (خومەینی) وەرگیراوە و لەمبارەوە گوتوویەتی: لە رووی شەرعییەوە کێشە نییە وریگە پێدراوە.

بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێ ئەو ٥٩ لاوەی کە لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی لە مەهاباد فەرمانی ئیعدامیان بۆ دەرچوو، کەوتنە بەر لافاوی خوێن مژانی کۆماری ئیسلامی و خوێنیان لە شووشە کران و بەر لەوەی ئیعدام بکرێن بە بەتاڵ کردنی خوێن لە دەمارەکانی لەشیان شەهید بوون و چوونە ریزی کاروانی شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان.

شاهۆ حوسێنی رۆژنامەنووس و هەروەها چاودێریی سیاسی لە لێدوانێکدا راستی و دروستی ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنێت و دەڵێت: "رژێمی کۆماری ئیسلامی وەک پێکهاتەیەکی سیاسی، بەرهەمی گووتارێکی ئایینی رادیکاڵە، کە بە هۆی خومەینیێوە پراکتیزە کراوە، ئەم رێژیمە جیهان دابەش دەکا بە دوو بەشی حەق و باتڵ و هەر بەم پێیەش مرۆڤەکان دابەش دەکات بە سەر دوو دەستەی لایەنگرانی حەق و لایەنگرانی باتڵ، ئەم رێژیمە لەسەر ئەم باوەڕەییە کە ئەوان لایەنی حەقن و لایەنگرانی وان وەک لایەنگرانی حەق دێنە ئەژمار وە، لەبەرامبەریشدا جیهانی بەرانبەری وان وەک جیهانی باتڵ پێناسە دەکرێت و هەر کەسیش لەگەڵ ئەم نیزامە ئایینیە نەبێ ئیتر دەخرێتە پاڵ لایەنگرانی باتڵ، لە ئەندێشە و بووچونی ئەم نیزامەدا جیهان مەکۆی شەر و تێکهەڵچونی نێوان حەق و باتڵە کە لە ئاکامدا بەرەی حەق بە سەر باتڵدا سەر دەکەوێ و باتڵ لە ناو دەبات، ئەم پێکهاتەیە بە هۆی ئەوە کە مەشرووعییەتی ئایینی بۆ خۆی قائیلە و پێی وایە کە نوێنەری ئیمامی زەمانە کە ئەمیش جێگری پێغەمبەرە و بە گشتی نێردراوی پەروەردگارە، هەر کارێک کە بیکات بۆ لەناو بردنی باتڵ رەوایە"

شاهۆ حوسێنی لە درێژەدا دەڵێت: " لەئەندێشەی ئەم رژێمەدا هیچ بیرو باوەرێکی جیاواز بە هۆی ئەوەکە ئەم نیزامە مەشرووعییەتی ئیلاهی هەیە مەودای بوونی نییە ، چونکە هەر جۆرە دژایەتێک لەگەڵ ئەم نیزامە دژایەتی لەگەل ئەمر و فەرمانی خودایە، هەر بۆیە دژبەران دەبێ بە توندترین شێوە لەناو ببردرێن، لەم رژێمەدا ئیمام و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ڕێبەری هەر دەورەیەک بە هۆی ئەوەکە جێگرەوەی ئیمامی زەمانە، دەتوانێ بە دەرکردنی فتوا بۆ بەر بەرەکانی لەگەڵ نەیاران و لایەنگرانی بەرەی کوفر هەموو جۆرە کردەوەیەک دەکار بێنن، بۆیە وەک یەکەم دەلیل من پێموایە ئەم نامەیە دەتوانێ ڕاست بێ، دەلیلی دووهەم ئەوەیە کە بە چاو خشاندنێک بە ئەدەبییاتی نامەکە دەردەکەوێ کە ئەم ئەدەبییاتە، ئەدەبییاتی باوی سەردەمی ساڵەکانی سەرەتایی سەرکەوتنی شۆرش و دەرکردنی ئەم نامیلکەیەیە، هەر وەها لە کاتی خوێندنەوەی نامیلکەکە، خوێنەر لەگەڵ نووسراوەیەکی یەک دەست ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لەهەمان کاتیشدا وەرگرتنی فتوا لە خومەینی وەک ڕێبەری شۆرش و جێگری ئیمامی زەمان بۆ زۆر جینایەتی تری وەک کوشتنە بەکۆمەڵەکانی ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ ڕەوتێکی ئاسایی و بەردەوام بوە، بۆیە بەباوەڕی من ئەم نامیلکەیە دەتوانێ ڕاست بێت و سەنەدێکی باوەر پێکراو بێ، بۆ نیشاندانی ڕاددەی درندەیی و جینایەت کار بوونی ئەم ڕێژیمە."

پێویستە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کوڕ و کۆمەڵەکانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ کار لەسەر ئەو بەڵگەتە بکەن و دیوە شاراوەکانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن.
ئەگەر چی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەیە زامی سارێژ نەکراوی کەسوکاری قوربانیان دەکولێنێتەوە، بەلام دەبێ کۆتایی بەو بێدەنگییە بێن و هەوڵ بدەن بەشوێن ڕاستییەکاندا بچن و بزانن چارەنووسی ئەوانەی ئیعدام کران بەر لە ئیعدامکردن و پاش لە ئیعدامکردن چیان بەسەر هاتووە.

بە دۆزینەوەی گۆڕەکانیان و دیتنەوەی تەرمەکان بە لێکۆلینەوە و تاقیکردنەوەی پزیشکی دەرکەوێ کە ئیعدامکراوانی سالانی ٦٢ تا ٦٧ کەوتوونەتە بەر لافاوی خوێن مژانی کۆماری ئیسلامی .

لە کۆتاییدا بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی جۆزەردانی ٦٢ی مەهاباد ناویان دەنووسینەوە و دروود دەنێرین بۆ ڕوحی پاکیان کە لە پێناو کورد و کوردستاندا گیانی خۆیان بەخشیوە.

**تێبینی؛**

ئەم ڕاپۆرتە لە لاپەرە ٥ ژمارە ٦٣٣ ڕۆژنامەی کوردستان ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# جیهادی خومەینی لەدژی گەلی کورد و جینایەتەکانی خەڵخاڵی لە کوردستان



ن: ئیبراهیم قاسمی زاد
وەرگێڕان: ڕووش

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، خاڵی دەسپێکی کوشتارەکانی خەڵکی کوردستانە کە بە بڕیاری خومەینی و بە حوکمی جیهاد لەدژی «کافرەکان» بەڕێوەچوو و بوو بە شەڕێکی هەمەلایەنە لەدژی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان. شەڕێک کە لە شێواز و پانتایی جۆراوجۆدا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. ئەمەش بەو هۆیەوە کە لە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەرچەشنە مافویستییەک و هەر چەشنە ئەندێشەیەکی جیا لە چوارچێوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ بە هەڵە و ناڕاست دادەنرێت و دەچێتە قەوارەیەکەوە بە ناوی «جیایی خوازی» . هەر ئەم فەلسەفە و ئیدئۆلۆژییە چەق بەستووەش بوو کە وای کرد کۆماری ئیسلامی ڕێڕەوی سەرکوت کردنی جیابیران بگرێتەبەر و وڵاتی ئێرانی کردە گۆڕستانی ئازادی. پاش ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خەڵک چاوەڕوان بوون کە بە مافە پێشێلکراوەکانیان بگەن. خەڵک پاش دان بەخۆداگرتن لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازار و ژانەی کە لە دژیان بەڕێوەچووبوو و دانی نرخێکی زۆر چاوەڕوان بوون بتوانن بڕیار بۆ چارەنووسی خۆیان بدەن و لە کاروباری وڵاتدا بەشدار بن. بەم پێیەش دەستیان دایە دامەزراندنی شۆرا و کومیتەی خۆجێیی کە وێنەی هاوچەشنی تەنانەت لە ناوەندیشدا دەبیندرا. هەنگاوێک کە دەسەڵاتبەدەستانی ناوەند و داشدارانی حکوومەت و ئاخووندەکانی تینووی زوڵم و دیکتاتۆری بەتەواوی لێی تۆقیبوون.

حاكمە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران لە باتی دابەش کردنی هێز و دامەزراندنی سیستمیکی دێموکراتیکی مرۆڤتەوەرانە لە هەموو ئێراندا، دەستیان کرد بە سەرکوتی نەتەوەکان و جیابیران کە ڕۆڵێکی کارایان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبوو. بە سەرنجدان بە جوگرافیای بەربڵاوی ئێران و بوونی باوەڕ و ئایین و نەتەوەی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا، حاکمانی نوێیش شێواز و مێتۆدی جۆراوجۆریان بۆ سەرکوتی خەڵک هێنا کایەوە. سەرکوتەکانیان لە سەرەتادا لەدژی بزوتنەوەکانی کرێکاری و خوێندکاری دەسپێکرد و دواتر لە ئەهواز و تورکەمەنسەحرا شەڕی مەزهەبییان لە نێوان شێعە وسوننییەکاندا هەڵگیرساند کە چیرۆکی خوێناوی تورکەمەنسەحرا و کوشتاری هۆزەکانی عەرەب و خەڵکی بەلووچ لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دیار و بەرچاون. هەروەها بە ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی لەو ناوچانەی کە کورد و تورک و ئەرمەنی ماوەیەکی دورو درێژ بە ئاشتییانە پێکەوە ژیابوون، بوونە هۆکاری هاتنە ئارای کۆمەڵێک شەڕی خوێناوی و چاندنی تۆوی دوبەرەکی لە نێوان ئەم خەڵکەدا. ئەم شەڕانە کە لەلایەن نوینەری وەلی فەقیهـ لە ورمێ (مەلا حەسەنی)، کۆمیتەچی و پاسدارەکانەوە سەرپەرستیی دەکرا تەنیا لە گوندەکانی وەک قارنێ و قەڵاتان، سەوزی، ئیندرقاش، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کویکان، کارێز و هەندێک گوندی دیکە کوژرانی سەدان هاووڵاتی مەدەنی بە زەبری چەکی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە.

خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەردەمی حکوومەتەکانی پێشووتریشەوە زۆرترین زوڵم و سەرکوتیان ئەزمون کردبوو، لە بەرانبەر هێرشی مەغۆل ئاسای کۆماری ئیسلامیدا، ئامادەتر لە نەتەوەکانی دیکە، لە ماوەیەکی کورتدا توانیان بە هاریکاری حیزبە سیاسییەکان، نوخبە و بژاردەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێک بخرێن و کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیان بگرنە دەست. ئەم هەنگاوەی گەلی کورد بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و بەتایبەتی خودی خومەینی جێگەی پەسن نەبوو. ناوبراو نەیدەتوانی لە بەرانبەر ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی قەڵەم، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە نەتەوەی کورد ماوەی چەندین ساڵ بوو بۆ وەدەست خستنی خەباتی کردبوو بێدەنگ دانیشێ. لەلایەکی دیکەشەوە گۆپاڵ بەدەستەکانی خومەینی نەیاندەتوانی بە ئاژاوەگێڕی و دوبەرەکی نانەوە ئەم هاوکاری و ڕێکخستن و ئازادییە لەنێو ببات. بۆیە بە کەڵکاژۆوەرگرتن لە فێڵ و تەڵەکەی شەرعی و خستنە پاڵی ناتۆرەی جیایی خوازی، لە سەرلەبەیانی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی هەتاوی شەڕێکی هەمەلایەنەی لە ژێر ناوی جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان وەڕێخست. بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان بەرەیەکی کۆنەپەرستانە لەدژی گەلی کورد سازکرا. تاقمێک دادوەری خوێنمژ بە سەرپەرستی ئاخوند سادق خەڵخاڵی و بە پاڵپشتی ئەرتەش بەرەو کوردستان وە ڕێکەوتن. لە هەندێک شاری کوردستاندا، خەڵخاڵی داری ئێعدامی هەڵواسی

و سەدان لاو و بژاردەی کوردستانی لە ڕەوتی دادگایەکی فەرمایشی ٢ تا ٣ خولەکی لە سێدارە دا و سەدان کەس لە خەڵکی بێ تاوانی تیرباران کرد.

سەرەڕای ئەم کوشتارە کوردستان هیچ کات خۆی نەدا بەدەستەوە. لە هەندیک شاری کوردستان لەوانە سەقز، بانە، مەهاباد، پاوە و.... خۆڕاگرییەکی بێ وێنە و مێژوویی وەرێکەوت کە خەونی لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردستانی بۆ کردنە بڵقی سەر ئاو کە نموونەی بەرچاوی ئەم بەرخۆدانە شەڕی ٢٧ ڕۆژەی شاری سنە بوو. ئەم شەڕە کاتیک دەستی پێکرد کە هێزەکانی ئەرتەش پاش چەندین شکستی یەک لە دوای یەک لە بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە، دیسانەوە هێزەکانیان کۆکردەوە و سەرقاڵی جیبەجێ کردنی بڕیاری جیهادی خومەینی بوون. سەرکۆماری ئەو کات، ئەبولحەسەن بەنی سەدر کە هاوکات فەرماندەی گشتی هیزە چەکدارەکانیش بوو بە بڕیارێکی لەم چەشنە :»ئەرتەش مافی ئەوەی نیە پێڵاوەکانی دەربێنێت تاکوو قەیرانی کوردستان یەکلایی بکات و کوردستان لە بوونی یاخییەکان پاک بکاتەوە.» بەرەو سنە لەشکرکێشی کرد. ئەم هەنگاوەی ناوبراویش بووە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان هەیئەتی دەوڵەت بە سەرپەرستی فروهەر و حیزبە کوردستانییەکان کە خوازیاری چارەسەری پرسی کوردستان لە ڕێگەی دیالۆگ و بە میتۆدیکی ئاشتیخوازانە بوون. بەهۆی بوردومانە هەواییەکان و هێرشی تۆپخانەکانی ڕێژیمەوە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی بێ تاوان کوژران و بەشێکی بەرچاو لە شاری سنە خاپور کرا. بەڵام خۆڕاگری خەڵک هەروا بەردەوام بوو و ئیرادەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات لەدژی ڕێژیم لێبڕاوتر بوو.

ئەمڕۆ پاش ٣٦ ساڵ لە دەرچوونی حوکمی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان، خەباتی مافویستانەی گەل بە ڕەواییەکی زیاتر و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە هەروا بەردەوامە و بەڕێوەبەرانی دەزگای سەرکوتی ویلایەتی فەقیه لە هەموو کاتێک زیاتر ڕیسوا و تەریک کەوتوونەتەوە و ئەوەیکە لە بەرامبەر خۆیدا دەیبینێت ڕقی بێ کۆتایی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و تەنانەت هەموو ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی: ٢٠١٤

---------------------------------------------------------------------

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی ڕاگەیەندرانی شەڕی بێ کۆتایی لە دژی خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**قادر وریا**

٢٨ی گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێرشی نیزامیی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨خومەینی ڕێبەر و دامەزرینەری ڕێژیمی تازەی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی مافویستی کوردستان ڕاگەیاند. خومەینی بە ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی گەلی کورد و ڕەوانە کردنی لەشکری نیزامی و "حاکمی شەرع"خەڵخاڵیی جەللاد بۆ کوردستان، جینایەت و تاوان لە دژی خەڵکی بێدیفاعی شار و گوندەکانی کوردستانی دەست پێکرد. کوشتار و تاوانخوڵقێنییەک کە تا ئەمڕۆش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

پاش فەرمانی خومەینی، لافاوی هێزی چەکداری گوێ لە مست و دەمارگرژ شانبەشانی ئەرتەش و پاسداران بەرەو کوردستان هێرشیان کرد. لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگریان بەسەر خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستاندا باراند و لە

هیچ جینایەتێک دەستیان نەگێڕایەوە. پۆل پۆل لاوانی کوردستانیان وەبەر گوللە دا و ئێعدام کرد. خەڵکی گوندەکان قەلاچۆ کران و ماڵیان بە تالان برا. لە زۆربەی شارەکان کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان بەبێ دادگایی یان لە بێدادگای چەند چرکەیی‌دا بە فەرمانی حاکمی شەرع خەڵخاڵی تەنیا بە تاوانی داواکردنی مافەکانی خەڵک درانە بەر گوللە و گیانیان لێ‌سەندرا. فەرمانەکەی خومەینی، جۆرێک ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان و بەسیج کردنی هەموو تواناکانی ڕێژیم بۆ هێرشبردن بۆ سەر خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بوو. لە روانگەی ناوبراوەوە حیزبی دیموکرات،بەو هۆیەوە کە لە بەرامبەر هەوڵ وپیلانەکانی ڕێژیمی تازە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی کوردستان راوەستابوو، حیزبێکی شەیتانی بوو. هەر بۆیە خومەینی ئەم حیزبەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. هێرشکەران کە بریتی بوون لە ئەرتەش و لایەنگرانی دەمارگرژ و چەک بە دەستی ڕێژیمی تازە، لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەدەپاراست. هەر چەند رۆژ دوای فەرمانەکە خەڵکی ئاوایی قارنێیان قەلاچۆ کرد، لە مەلای ئاوەدانی کە بەقورئانێکەوە چووبووە پێشوازییان تا خەڵکەکە نەکوژن، هەتا منداڵی سەر بێشکە، ڕەحمیان بە کەس‌دا نەهاتەوە و هەر کەسیان دەست کەوت، بەگوللە و تەور گیایان لێ ئەستاند. جینایەتێک کە دواتر لە دەیان گوندی کوردستان دووپات بوونەوە.

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە فەرمانی خومەینی، هەوڵێک بوو بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیانیان دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە تۆڵە کردنەوە بوو لە خەڵکی کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لە بارەی ئەو ڕێژیمەوە بە هەڵە نەچوون و فریویان نەخوارد. هەر بۆیە کاتێک لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ ڕێفراندۆمی گشتی بۆ دیاریکردنی جۆری نیزامی داهاتووی ئێران بەڕێوە چوو، بەو هۆیەوە کە نەیاندەزانی ئەو "کۆماری ئیسلامی"یەی خومەینی دەیەوێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرێ چ جۆرە ناوەرۆکێکی هەیە و چ مافێکی بۆ خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێیە، بەشدارییان تێدا نەکرد. ئەمەش شتێک نەبوو خومەینی چاوپۆشیی لێ‌بکا. هەربۆیە شەڕێکی خوێناویی لەژێر ناوی دین لە گەڵ ئەم نەتەوەیە دەست پێ‌کرد.

فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی بوو بە سەرەتای شەڕێکی نابەرامبەر دژی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان. ئەو خەڵکە و هیزە سیاسییەکان، یا دەبا تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببان و ملیان بۆ ستەم و دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئەو ڕێژیمە شۆڕ کردبا و بەردێکیان لە سەر داخوازە نەتەوەییەکانیان دانابا، یا لە بەرابەر ئەم وەحشیگەرییەی ڕێژیمی تازەبەدەسەلات گەیشتووی ئێران، ڕاوەستابان و سەربەرزانە داکۆکییان لە ئازادیی خۆیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

کردبـا. خـەڵکی ئـازادیخوازی کوردسـتان و لە پێشـەوەی ئەوان هێـزە سیاسـییەکان، ئازایانـە دیفاعیـان لـە دەسکەوتەکانیان کردو لە بەرامبەر زۆر و زۆرداری دا ڕاوەستان.

خومـەینی و دارودەسـتەکەی بـە تـەواوی توانایانـەوە هێرشـیان کـردە سـەر کوردسـتان و بـە هـەزاران مرۆڤـی ئازادیخوازیان لەخوێن گەوزاند، دەیان کارەساتی وەک قـارنێ و قـەلاتانیان خوڵقاند،خەڵکیان ئـاوارە و دەربەدەر کـرد و مـاڵ و حـاڵی خـەڵکیان بـەتۆپ و بۆمبو کاتیوشا وێـران کـرد، ئەگـەر شۆڕشگێرانیان پـۆل پـۆل بـەرەو مەیدانەکانی ئێعدام برد و گیانیان لێسەندن، هەر بۆ ئەوە بوو کە بتوانن دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازیی خەڵکی کوردستان کپ بکەن و ئەو خەڵکە بۆ هەمیشە واز لە مافەکانیان بێنن. بەلام لەوە غافڵ بـوون کە کوردستان،ئەم سەنگەرەی ئازادیخوازی بەم کردەوانەی ئەوان خۆڕاگرتر دەبێ و خـەڵکە مـافخوازەکەی لە سەر داواکانیـان سوورتر دەبن. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ ستەم و زۆرداریيەکانی ئەو ڕێژیمە، سەرەڕای تێپەڕین بە قۆناغی جۆراوجۆر دا هەر وا بەردەوامەو بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ شەڕێک دا کە کۆماری ئیسلامی بە فتوای خومەینی بە سەر کوردستانی دا سەپاند، زۆر جـار لێـر و لەوێ، هێنـدیک رەخنەگـر، گەلـی کـورد و هێـزە سیاسییەکانی بە پەلە کـردن لە ڕاوەستان بەرامبەر بەو ڕێژیمە و زوو دەستبردن بۆ چەک، تاوانبار دەکەن و وەباڵی ئەو هەمووە خوینرژان و ماڵوێرانییە، دەدەنە پاڵ ملی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان بە پێویستیشی نـازانن ولامی ئەو پرسیارە بـدەنەوە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو نەتەوە و هێزە سیاسییانەی کە کە لە ریفراندۆم بەشدار بوون و دەنگیان بەو ڕیژیمە دا هیچ کـاتیش دەستیان بۆ بەرگریی چەکدارانە نەبرد، کۆماری ئیسلامی چ داوایەکی لێ قبوول کردن و چ مافێکی پێدان؟ بـۆ چـی هەر کە ئەورێـژیمە دەرفەتـی بـۆ هەڵ کەوت، کەوتە گیـانی ئەوانیش و لە کوشتنی رۆڵەکانیـان و تیکۆشـەرانیان دریغی نەکرد؟ پاشان ئەگەر کورد بە چەک بەرەورووی هێرشی نیزامیی کۆمـاری ئیسلامی نەبـایەوە، ئایـا ڕێگـایەکی دیکە بۆ هێنـانە گـۆڕی داخوازەکـان و داکۆکیلێکردنیـان هەبـوو؟ دەرەتـانی پێکهینـانی حیـزب و رێکخـراوی سیاسـی و ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازاد و ناردنی نوینەری راستەقینەی خەڵک بۆ پارلمان و خەباتی پارلمانی هەبـوو؟ میـدیای ئازاد هەبوو؟ ئازادیی تیکۆشانی سیاسی هەبوو؟

گەلی کورد، ئەگەر چی لە سۆنگەی بە سەرداسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی زیان و

خەساری گیانی و ماڵیی گەورە بوو، بەڵام سەلماندی کە بندەستی و بێمافی قبووڵ ناکا و ئامادەیە نرخی ئازادی بدا. بە هۆی ئەم خۆڕاگری و قوربانیدان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەش کە لە کوردستان هەیە، پلەی ئاگایی و وەخۆهاتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی بەرەوژوور چووە و وزە و پوتانسیەل و توانایەکی بە هێز بۆ بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانە و ڕزگاریدەرانە، بەرهەم هاتوە.

خاڵێکی دیکەش کە لە ٣٥ ساڵەی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان دا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، ڕۆڵ و نەخشی ئەو هێزانەیە کە بەردەوامیی چەندین ساڵ خۆراگریی کوردستان، بەرهەمی خەبات و خۆ بەختکردنی ڕیبەران، تێکۆشەران، کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامان و لایەنگرانی ئەوان بووە، بە تایبەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە باشترین و بەوەجترین ڕۆڵەکانی لە خەبات لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا لە دەست داوە. ئەم ڕۆڵە جێی شانازییە، ڕەگ و ڕیشەی ئەم حیزبەی بردۆتە نێو ناخی دڵی نەتەوەی کورد و بە پانایی کوردستان دا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەگەر کوردستان، ساڵانێک تەنیا بە خۆڕاگریی چەکدارانە داکۆکی لەمان و مەوجوودییەتی خۆی کردوە، هی ئەو ڕاستییە بووە کە ڕێگایەکی دیکەی لە بەر دەم دا نەبووە. بێگومان ئەگەر بەستێنسازی بۆ دروستبوونی شێوەکانی دیکەی خەبات بە تایبەتی خەباتی مەدەنی و خەباتی جەماوەری بکرێ، دەکرێ بۆشایی نەبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان بەو شێوە خەباتانە پڕ بکرێتەوە. ئەم بەستێنسازییەش ئەگەر لە لایەکەوە پێوەندیی بە کەشوهەوای سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە هەر وەک ڕابردوو داخراوە، لە لایەکی دیکەوە بەستراوەتەوە بە بایەخپێدانی هێز و لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان و بە تایبەتی کەسانێک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لە خەبات و تیکۆشانی هێمنانە دا بەشدارن و هەوڵ دەدەن لەو ڕێگایانەوە داخوازەکانی خەڵک بەرنە پێش.

ئاکام:

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نابێ فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی لە دژی خۆی لەبیر بکا. پێویستە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی چەندین ساڵ شەڕی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد کۆ بکرێنەوە. پێویستە ئەو هێزانە و ئەو کەسانە و ئەو خەڵکەی ڕۆڵیان لەو خۆراگرییە پڕ لە قوربانیدانە دا هەبووە، بە

**تایبەتی ئەو بنەماڵانەی عەزیزانیان لە شەر و بەرگری لە گەڵ هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامی دا لە دەست داوە یا تووشی کەم ئەندامی بوون،ڕیزیان لێ بگیرێ. دەبێ زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو راستییەش کە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو شەڕی بە خەڵکی کوردستان فرۆشت بۆ ئەوەی بە ناحەق، کەسانێک کە بەرگریی ڕەوای نەتەوەی کورد نەبەنە ژێر پرسیار. لە گەڵ هەمووی ئەوانەش دا دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێگا و شێوازی نوێتر و هەر لەوکاتە دا کەم هەزینەتر بۆ بەربەرکانی لە گەڵ ستەم و زۆرداریی کۆماری ئیسلامی و بەدەستهینانی مافە نەتەوەییەکان، بدۆزرێتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## فەرمانی جیهادی خومەینی و مێژوویەک لە قوربانیدان



**هیوا میرزایی**

دێموکرات بوون و ویستی نەتەوەیی و داخوازە مرۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ڕێژیمی دواکەوتوو و دژی دێموکراسی خومەینی، ڕێگربوون لەوەیکە دەسەڵاتی نوێ بە مەبەستە دژە مرۆییەکانی خۆی بگا. بە تایبەت کە بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی ڕەوایدان بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد و هەروەها داواکاریی و خەباتی هەمە لایەنەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافە ڕەوا و مرۆییەکانی و نەچوونە ژێر هێژمونی ئاخوندە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان لە ئێران بوون بە هۆی ئەوەی کە خومەینی وەک گەورەترین کەسایەتی ئایینی و سیاسی کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە فەرمانێک جیهاد لە دژی کورد ڕابگەیێنێت. جیهادێک کە ئاکامەکەی بوو بە مێژوویەک لە خوێن و قوربانیدانی کورد لە کوردستانی ئێراندا.

«لە ڕوانگەی موسڵمانەکانەوە جیهاد ئامانجگەلێکی پیرۆزی هەیە وەک نەهێشتنی کافر، خەبات لە دژی تاوان و تاوانکاران، پارێزگاری لە ئیسلام و سنوورەکان کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم ئامانجانە دەبنە هۆی پیرۆزی ئەم جۆرە شەڕە لەگەڵ شەڕەکانی دیکەدا». ئەمە لە کاتێکدایە زۆربەی هەرە زۆری کورد لە کوردستانی ئێران لە بواری ئایینییەوە موسڵمانن و بە درێژایی مێژووی ئایینی ئیسلام گەورەترین خزمەتیان بەم ئایینە کردووە و جیهاد لە دژی کەسانێک دەدرێ کە بە کردەوە موسڵمان نین و لە هەوڵی خەوشدارکردنی ئیسلامن و ئەمە لە کاتێکدایە کە

ڕێژیمی خومەینی هەم لە سەردەمی سیستمی پاشایەتی و هەمیش لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بەردەوام ئەم ڕێژیمانەی بە کافر و دژە دین دەشوبهاند بەڵام هیچکات فتوای جیهادی بۆ ئەو لایەنانە دەرنەکرد.

جیهادەکەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ی هەتاوی جیا لە لایەنە ئایینیەکەی زۆرتر بۆ سەقامگیرکردنی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بوو و بۆ سەقامگیرکردنی ئەم سیستمە کۆنەپەرەستانەیە، پاسدارانی کلیل لە ملی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی بێ بەزەییانەیان کردە سەر کوردستان. کوردستانێک کە ببووە قەلای بەرخودان و مافویستی.

٣٥ ساڵ پاش فتوای جیهادی خومەینی ئێستاکەیش ئاسەواری ئەو فتوایە هەر لە کوردستان ماوە و کاربەدەستان و بەرپرسە باڵاکانی ڕێژیم هەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری کوردستان دەکەن. بارودۆخی ئابووری خراپی کوردستان، دەسبەسەرکردن و ئێعدامی خەباتگێڕان، بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان، پەرەپێدان و هاوردەکردنی کەرەستە و دامەزراندنی ئەو شوێنانەی کە ماددە سڕکەرەکانی تێدا بەرهەم دێن، تەنیا بەشێکی چووکەن لەو پێشێلکاری و تاوانانەی کە دژی نەتەوەی کورد ئێستاکە لە کوردستانی ئێران بەڕێوە دەچن.

فتوای خومەینی هەرچەندە بوو بە هۆی ئاوارەیی و قوربانیدان و وێران بوونی دەیان گوند و شار، بەڵام لە هەمانکاتدا مێژوویەکی پڕ لە شانازی و خەبات و فیداکاری و خۆنەویستی بۆ ڕۆڵەکانی کورد تۆمار کرد. خەباتێک کە تاهەنووکەش درێژەی هەیە و تا گەیشتن بە هەموو ئامانج و داواکارییەکانی لە تێکۆشان ناوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژێک کە کورد بە "کافر"ڕاگەیەنرا



**مەجید حەقی**

هاوینی ساڵی ١٩٨٣ برازام "هیوا" تەمەنی دووساڵە بوو کە لە گەڵ دایکی لە گوندی خرێی ناوچەی دەشتی ورمێ لە سەر کانیاوی نزیک ماڵیانەوە ئاویان دەهێنا. لەنەکاو دوو هەلیکۆپتێری کۆماری ئیسلامی لە گوند نزیک بوونەوە و هەرکە براژنم و هیوایان بینی ئەوانیان وەبەر رەگباری کالیبری پەنجا دا و ئەگەر ئەوکات دارەکان کە بەهۆی گولەبارانەوە شکان و لەسەریان نەکەوتبا هەم براژنم و هەم برازای دووساڵەم دابێژدابێژ دەکران.

هەلیکۆپتێرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمانی جەهادی خومەینی لە گوندەکانی کوردستان دەگەڕان و زۆرجار گەر منداڵێکیشیان لە بەر درگا بدیبا دەیانگرتە ژێر رکێفی رەگبار و گولەبارانی خۆیان.

٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی کوردستان و ئێراندا وەبیرهێنەرەوەی دوو رووداوی مێژوویی تاڵ و سێبەری رەشی دیکتاتۆری لە سەر گەلانی ئێرانن. لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٣دا محەمەد رەزاشای پەهلەوی بە هاوکاری هێزە ئیمپریالیستیەکانی سەردەم کۆدیتایەکی دژی دەوڵەتی نەتەوەیی دکتۆر محەمەد مسەدق کرد و سێبەری رەشی دیکتاتۆری بە سەر ئێراندا سەپاند. محەمەد مسەدق نەتەوەگەرایەک بوو کە باوەڕی بە جۆری کۆماری بەرێوەبەری وڵات هەبوو و نیمچە ئازادیەک لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی ئەودا لە ئێران پێک هاتبوو. بە جۆرێک کە حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان (ی ئێران) لەو سەردەمەدا چالاکانە خەباتیان

دەکرد. کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٣ خەباتی سیاسی لە ناو شار و پەرلەمانەوە بۆ ناو مزگەوت برد و "کۆماری ئیسلامی ئێرانی" لێ کەوتەوە.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٧٩دا دوای بە تالان بردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئایەتوڵلا خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فەرمانی جەهادی دژی خەڵکی کوردستانی دەرکرد و بەوە شەڕێکی نەخوازراو بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپا. لە ئاکامی ئەو فەرمانە ئایینی – سەرکوتکەرانەدا هێزەکانی ڕژیمی ئێران کوردستانیان کردە مەکۆی قەڵاچۆ، گوند و شارەکانی کوردستان کەوتنە بەر بۆردمان و وێرانی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)ی ئێستا بەزەیی بە منداڵەکانیش نەدەهات و ئەوانی دەدا بەر دەستدرێژی خۆیان. لەوساوە تا ئەمرۆ شەڕی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کورد بە هەموو شێوەکانی نیزامی، ئابووری، ڕەوانی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و پەروەردەیی بەردەوامە.

فەرمانی جەهاد کە فەتوایەکی ئایینیە و لەلایەن ئایەتوڵلایەکی دەسەڵاتدارەوە دەرچووە تا ئەمرۆشی لە گەڵ بێت هەڵنەوەشاوەتەوە و بە پێی ئایینی شیعەش ئەو فەرمانەی کە لەلایەن ڕێبەرێکی ئایینیەوە دەدرێت تەنیا دەتوانێت لەلایەن کەسێکی بەرزتر لەو هەڵوەشێنرێتەوە. خومەینی کە سەردەمێک جێگری "ئیمامی زەمان" لە سەر گۆی زەوی بووە تا ئێستاشی لە گەڵ بووبێت کەسێکی هاوشانی نەدۆزراوەتەوە، بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەفادار بەو فەتوایە لە تەنگ کردنی گەمارۆکانی سەر خەڵکی کوردستان، بە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتییان و قەدەغەکردنی هێما کولتووری و نەتەوایەتیەکانیان، بە زیندانی کردن، ئێعدامی زیندانییانی سیاسی و بڵاوکردنەوەی تۆڕی جاسووسی و دووبەرەکی خستنەوە لە ناو ڕیزەکانی خەباتگێڕانی ڕزگاری کوردستان هەروا درێژە بەو فەرمانە دەدەن و بۆ ئەوان کوشت وبڕ و لەناوبردنی گەلی کورد بەجێ هێنانی ئەرکێکی ئایینیە.

تەنیا ڕێگای ڕزگاری لەو فەرمانە ئایینیە ڕزگاری لە کۆماری ئیسلامی و ڕزگاری نەتەوایەتی لە زیندانێکدایە بە ناوی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لەو سەردەمەدا کە ئاستی وشیاری، خۆڕێکخەری و داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرزتر لە هەموو مێژووی چەندین دەیەی خەباتی خۆیدایە، ئەرکی ڕزگاریخوازانی کورد و هێزە سیاسیەکانی کوردستان یەکیەتیی نەتەوایەتی و بەدەست هێنانی دەنگێکی هاوبەشە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو بەرپرسایەتیە مێژووییەی لە سەر شانیانە. تەنانەت گەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بڕیار بێت ڕێگا چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بێت، بەبێ یەکگرتوویی و یەک دەنگی بزاڤی کورد داخوازەکانی نەتەوەکەمان لە لایەن کاربەدەستانی ئەمرۆ و هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنەوە بەجیدی وەرناگیرێن و کورد هەروا بە "ئێرانیانی ئەسیڵ" دەناسرێن کە لە گەڵ کۆمەڵگای ئێرانی تێکەڵ بوون و هەروا برابچووکی نەتەوەی سەردەست دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## عەبدوڵڵا موهتەدی:خۆراگری لە بەرابەر ئەو هێرشەدا ،لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی و گەشە و هەمیشە لە مێژووی ئێمەدا دەمێنێتەوە



وتووێژی ڕادیۆ کورد تریبوونال سەبارەت بە ٢٨ی گەلاوێژ و ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

***پرسیار: کاک عەبدوڵڵا ئێمە لە ساڵیادی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان ٢٨ی گەلاوێژ نزیک دەبینەوە، جارێکی دیکە دێتە بیرمان چۆن بوو دەسەڵاتی تازە پێگەییشتووی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی فەرمانی بەناوبانگی هێرشی هەمەلایەنەیان بۆ سەرکوردستان دەرکرد؟***

*وەڵام:* من لەچەن بۆنەی تایبەتدا، لە ساڵها لەمەوپێشەوە ڕای خۆمم باس کردووە، من لەو بڕوایەدام کە هیچکام لە بیانووەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و داموودەزگاکانی ڕاگەیاند و تەبلیغاتیان و شەخسی خومەینی دەیهێنا و چکۆلەترین پەیوەندیەکیان بە ڕاستی و حەقیقەتەوە نەبوو، هەرچی خومەینی بوو لە فەرمانی هێرشەکەیدا ئەوەی ڕاگەیاند وتی: ژنانی موسلمان لەتەرەف کوردەکانەوە لە سنە بە گرۆگان گیراون، لە مزگەوتی سنە کە تەبعەن سەرتاپا ساختەگی و درۆ بوو و من لە جێگەیتردا باسم کرد مەهدی بازرگان سەرۆک وەزیری ئەوکاتی ئێران بوو کە خومەینی بۆخۆی داینا بوو لە کتێبێکدا بەناوی ئینقلابی ئیران لە دوو حەرەکەت، ڕەسمەن ئەوەی ڕاگەیاندووە، دەڵێ: ئەمە شایعە و درۆ بوو و بە وتەی ئەو درۆیان بە خومەینی ڕاگەیاند و ئەویش باوەڕی کرد، بەهەرحاڵ، ئەگەر هیچکام لەو بیانووانە نیە ئەی چییە؟ چون کورد هێرشی بۆ هیچ جێگایەک نەکردبوو، ڕاپەڕینێکی

چەکدارانەی نەکردبوو، ئاشووب و بشێویەک لە کوردستان ڕوویندا بوو کە بۆ بەرقەرار کردنەوەی ئەمنییەت پێویست بە جمهووری ئیسلامی بێت، هیچکام لەمانە لە ئارادا نەبوو، تەنها یەک شت بوو ئەویش ئەوەیە، پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و ڕژیمی تازەش کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە کە دژ بە ڕژیمی "شا"ش دەسپێکرا نالێم لە ڕۆژی ئەوەڵەوە بەڵام لە یەکەم مانگەکانەوە وردەوردە ڕەوتی شۆڕش، ڕەوتی بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستان و لە ئێران وردە وردە جیاوازی خۆیان لە یەکتری نیشاندا، هەرچی ئێران بوو وردەوردە بەداخەوە ڕەهبەری و جڵەوی بزووتنەوەکە کەوتە دەس ئاخووندەکانی سەر بەخەتی خومەینییەوە و خەڵکی دێمۆکراسیخواز، خەڵکی ئازادیخواز، لیبراڵەکان، دێموکراتەکان، چەپەکان، بزووتنەوەی کرێکاری و ژنان لە ئێران، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە دژی نیزامی سەڵتەنەتی "شا" وردەوردە لە نێو خۆیدا خۆی تەسفیە کرد، باڵێکی کۆنەپەرستی دواکەوتووی ئێرتجاعی، کە بە ڕەهبەری خومەینی زاڵ بوو و هەموو ئاسەواری و ئازادی خوازیەکی لە ناو بزووتنەوەکە نالێم بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ بەڵام بە مانگان وردە وردە سڕیەوە و خومەینی و خەتەکەی لە ئێران هێژموونیان بەدەس هێنا، لەحاڵێکدا لە کوردستان بزووتنەوەکە، بزووتنەوەیەکی مەدەنی، سێکولار و بە ناوەڕۆک ئازادیخواز و هەروەها دارای خواستی میللی و نەتەوەیی کوردەکان بوو، بۆیە بە ناوەرۆک بە شکڵ بە داخوازییەکی، تەنانەت بە شێواز و مێتۆدی خەباتەکانمان لەیەک جیا بوون و ئەم جیاوازییە قابیلی تەحەموول نەبوو کە وەختێ خومەینی و لایەنگرانی هاتنە سەرکار، دوای ٢٢ی ڕێبەندان ئێتر نەیاندەویست کوردستانێک کە تێیدا ئازادی سیاسی هەیە، ئازادی ژن هەیە، خەباتێکی مەدەنی لە ئارادایە، حیزبەکان ئازادن، ڕاگەیاندن و ئێنتشارات ئازادە، کورد داوای مافی خۆی دەکا، ئەمانەیان دژ بە ئیدۆئۆلۆژی و بیر و باوەڕی خۆیان دەزانی، ئەگینە کورد هیچی نەکردبوو، نازانم تفەنگێک لە دەستی کەسێک دەرچووبێ، ئەو وەختی نەیاندەزانی تفەنگێک بەکار بەرن؟ مەگەر کەسێک ئاوا دەنا قەتڵ نەما، دزی کەم بووەوە، هەموو شتێک، هەموو دیاردەی ئەمنییەت لە ئەوکاتی کوردستان زۆرتر بوو، هێرشیان نەکردبووە سەرکەس، هیچ پاساوێک بۆ هێرشەکە و فەرمانی هێرشی خومەینی وجودی نەبوو ئیلا ئەوەی کە خەڵکێکی نەزان و ناتێگەیشتووی فریوگەرایان بە شیعاری ئێرتجاعی ڕەوانەی کوردستان کرد، ئەها ئەوە ئیسرائیل هات گەییشتە کوردستان، ئەوە ژەنڕاڵەکانی شا دەیانەوێ بێنەوە، ئەوە کوردەکان ژنانی موسڵمانیان لە مزگەوتی جامعەی سنە بە بارمتە گرتووە، هیچکام لەوانە ئەسڵ و ئەساسی نەبوو غەیر لە ئەم کینە و دواکەوتوویی ئەوان بۆ سەرکووتی بزووتنەوەی کورد، جا چ بە داخوازییە میللییەکەی چ بە لایەنە ئازادی خوازی و دێمۆکراسی خوازییەکەی هیچ شتێکی تر لە ئارادا نەبوو.

***پرسیار:دەڵێن ئەگەر کورد بەرەنگاری ئەو هێرشەی نەکردبایێت، دەستی بۆ چەک نەبردبایێت، کوردستان ئاوای***

*وەسەر نەدەهات، ئەمە چۆن دەبینن؟*

*وەڵام:* من هەروەک باسم کرد، ئەوان بیانوویان دۆزییەوە کە بیانووەکەشیان زۆر غەیرە واقعی بوو و ئەسڵ و ئەساسی نەبوو بەڵام مەبەستیان سەرکووتی خەڵکی کوردستان و چۆک پێدادان و زەلیل کردنیان و فەوتاندنی بزووتنەوەکەیان و شەرەف و کەرامەتیان بوو، بۆیە ئێمە هێرشبەر نەبووین، ئێمە بەرگریکار بووین، ئێمەی هەمووی کورد و ئێمەی کۆمەڵە کە ئەو وەختە بڕیاری مقاومەتمان دا! جا بۆیە حیسابی بکە ڕاستە ئێمە شەهیدماندا، ئێمە باشترین ڕۆڵەکانی خەڵک دەستیاندا موقاومەت، مقاومەتی سیاسی، مقاومەتی فەرهەنگی و هەروەها مقاومەتی چەکدارانەش، باوڕم پێبکە ئەمە ڕاستە بڕیاری حیزبەکان و بڕیاری کۆمەڵە لێرەدا دەورێکی گەورەی هەبوو، لەوەدا کە موقاومەت بکاتە باو، بەڵام کارێک کە کۆمەڵە کردی ئەوە بوو ویستی خەڵکی بۆ مقاومەتی جواب داوە، سەردەمێکی مێژوو هەیە کە کۆمەڵگا دەیەوێ بوەستێتەوە، نایەوێ تەسلیم بێ، هەر وەکوو تاکێک خراپەیەکی گەورەی لەگەڵ دەکەن، ناحەقییەکی گەورەی لەگەڵ دەکەن، ناتوانێ شەرەفی و کەرامەتی و ویژدانی خۆی قبووڵ ناکا و موقاومەت دەکا و لە هەموو یاسای دنیا موقاومەت مافی تاکە لە بەرابەر تەعەرۆزدا و مافی نەتەوە و خەڵکیشە لە بەرابەر داگیرکەر و زاڵم، ئەمەیاسای نێونەتەوەییە، حەقی دیفاع لە خۆ، حەقێکی مەشرووعی ناسراوی نێونەتەوەییە لە دنیادا، جا ئەگەر کورد دەستی دایە ئەو مقاومەتە، پرسیشیان بە دایک و باوکی خۆیان نەکرد و دەیانگوت ئێوە چیتان کرد، سەری ئێمەتان شۆڕکرد، ئێمە نەماندەتوانی و نەدەبوایە لە بەرانبەر ئەو هێرەشەدا بوەستین، بۆیە بەرەنگاری لە بەرابەر ئەو هێرشەدا بە کۆمەڵەوە، بە دێموکراتەوە، بە خەڵکەوە، بە پیر و جەوانەوە کراو لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازی و گەشە و هەمیشە لە مێژووی ئێمەدا دەمێنێتەوە و بۆ ئەمرۆش مومکینە ساڵێک، سەردەمێک تۆ بە باشی نەزانی خەباتی چەکداری بوەستێنی بەڵام ئەو خەباتە، مافی دیفاع لە خۆ مافییێکی مەشروع و ناسراوە بۆ میللەتی کورد، ئەو وەختیش وابوو و ئێستاش وایە.

*پرسیار: کاک عەبدوڵڵا، بەعزێک دەڵێن: ئەگەر ئەو بەرەنگارییە نەبوایە خەڵکێکی کەمتر بە کوشت دەچوو، ئێوە ئەوە چۆن دەبینن، ئایا پێتان وایە خەڵک کەمتر بە کوشت دەچوو و ئاماری کوشتەکان کەمتر دەبوو و خودی ناوچەکە چی بەسەر دەهات ئەگەر ئەو بەرەنگارییە نەبوایە؟*

*وەڵام:* ئەوە زۆر فەرمێکی غەیرە واقعییە چوونکە دەڵێن ڕوحیە و ڕەوانشناسی و سایکۆلۆژی میللەتی کورد ئەو وەختە موقاومەتی دەویست، ئەمە بڕیارێکی فەردی و ڕێکخراوێک نەبوو، ئەمە ڕەنگدانەوە و دیاردەی ئێرادەی

میللەتێک بوو بۆ موقاومەت و نەیدەویست ژێر کەوێ و نەیدەویست چۆک دابدا، لەبەر ئەوە زۆرتر لەوە بڕیاری تاکێک بێ یان لە جەمعێکی بووچک دانرابێ، ئەمە نیشان دەهەندەی ئەو موقاومەتە بوو کە دەبا حیزبێک وەکوو "کۆمەڵە" یان هەر لایەنێکی دیکەش تەشخیس و دەرکی ئەم ڕۆحیەی خەڵکی دابێ، ئەمە یەک. دووهەمیش ئەوەیە کە پیش ئەوەی هێرشی ٢٩ی گەلاوێژ بکەن ئەوان شەڕی پاوەیان کرد، خۆ شەڕی پاوە پێش ئەوە بوو، ئەو کوشتار و قەتڵ و عامانەی کەلە پاوە کرا و دوای لە فروودگای گرێزەی سنە ئەنجامدرا خۆ هێشتا موقاومەتی چەکدار دەست پێنەکرا بوو کە ئەوان خەڵخاڵیان نارد و چەمرانیان نارد و دەستیان کرد بە کوشت و بڕی خەڵکی کورد. لەبەر ئەوە ئەوان دەستیان نەپاراستبوو لە کووشتن، ئەمن نازانم بە ژمارە کەمتر یان زۆرتر دەکوژرا و ئەسڵەن دڵنیاش نیم و ئەگەر میللەت ئەو موقاومەتەی نەکردبایا، مەجبوور دەبوو شەش مانگی دیکە بیکا، چون ئەوان نەدەوەستان بە ئەوەندەی کە کردبوویان، ئاخر زمانیان لێدەستاندیەوە، ئایینیان لێدەستاندییەوە، فەرهەنگیان لێدەستاندییەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد مەجبوور دەبوو هەر موقاومەت بکا، بۆیە کە ڕۆژی ئەوەڵ کە دی لە حاڵەتێکی ئامادەتر و باشتردا بوو تا بوەستێ و هەموو زلییەکەی تەحەموول بکا، لە شەرایتێکدا کە ئەوان بە تەواوی زاڵ بوون ئینجا دەست بدات بە مقاومەت، من ئەسڵەن لەو بڕوایەدا نیم.

***پرسیار:لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕێژەی ئێعدامەکان زۆرتر بووە، هۆی چوونە سەری ئەم ئێعدامانە لەم ڕۆژانەدا لە چێ دەبینن؟***

***وەڵام:*** من وای دەبینم کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەزانێ وەزعی ئابوورییەکەی تا چ ڕادەیەک خراپ و وێرانە و ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی و لابردنی بەشێکی زۆر لە سزا ئابوورییەکانیش فایدەی نەکردووە، لەبەر فەساد، لەبەر گەندەڵی لە بەر مافیا بوون لەبەر ناشەفاف بوون، لەبەر ئاغازادەکان و لەبەر ئەوەی سپای پاسداران ئێقتسادی ئێرانی گووشیوە و زۆر شتی دیکە، لەبەر ئەوەیە خەڵک هەست بە ئاسوودەیی و پێشڕەفتێکی ئابووری و کرانەوەیەکی ئابووری ناکەن، نا ئۆمێدن لە ئێسلاحاتی ئابووری نێو حکومەت، ئەمە یەک، دوو: ناکۆکی لەسەرەوەی حکومەت لە نێوخۆیاندا یەکجار زۆرە، سێ: بەینی خەڵک و دەسەڵات نارەزایەتی یەکجار زۆرە. چوار: بەینی ئیران دراوسێکانی ڕۆژ بە ڕۆژ ناکۆکی و گرژی زۆرتر دەبێ، لەم بارووددۆخەدا حکومەتی ئێران و دەسەڵاتی ئێران لە خۆی دەپرسێ هەرئان مومکینە شتێک بکەن، تەقینەوەیەکی نارەزایی سیاسی لە ئێران ڕوو بدا، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوو نەدا، بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێن کە سازانی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا بە مانای ئەوە نییە کە نەرمشێک لە سیاسەتی داخڵیماندا هەیە، ئێوە لە جێی خۆتان دانیشنەوە، مەبادا کەس بیهەوێ سەری هەڵاوێ، بۆ ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ترساندن و تۆقاندنە و بۆ بەرگری کردن لە هەڵسانی شەپۆلی نارەزایی جەماوەری ئەم ئێعدامانە دەکەن، بۆ چاوترسێن کردن و دیارە کوردیش قوربانی یەکەم بووە و هەیە لە ئێراندا بۆیە ئەو کارانە دەکەن، من خۆم دژی یاسای ئێعدامم بەڵام بە قانوونەکانی خۆشیان مەرج نییە ئەوانە سزاواری ئێعدام بووبن، بەڵام بەم هۆکارە سیاسییە دەیکا، یانی دەلیلی قانونی و یاساییان نییە، هۆکارێکی سیاسی هەیە و ئەو هۆکارە سیاسییەش تۆقاندن و ترساندن و چاوترسێن کردنی خەڵکە. تەبعەن دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەوانە بۆیە دەیکەن لە سەردەمی ڕوحانیدا ئەوانەی کە هیوایەکیان پێبەستوو بلێن کاکە خۆ ڕوحانیش هیچی بۆ نەکراو لە نەتیجەدا تا ڕادەیەک مومکینە بگەڕێتەوە سەر تەسفییە حیساب و کێشەی ناوخۆیی دەسەڵات.

***پرسیار: ئێوە وەختێک ئەعدامەکان ئەنجامدرا هەموویتان مەحکووم کرد، بۆچی ئێوە لە سەلەفییەکان دیفاع دەکەن، مومکینە ئەوانە دوایی ببنە داعش، ئایا بۆ کۆمەڵە هەیە دیفاع لەوانە بکا؟***

*وەڵام:* هەموو کەسێک دەزانێت کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ تەنها هێزێک بووە کە بە فراوانی و نزیکەی ١٠ تا ١١ مانگ لە کەرکووک و دەوروبەری بە خەستی لە شەڕی دژ بە داعش بەشداری کردووە، لە هەموو جێگەیەک لە سەفی پێشەوە بووە، خوشبەختانە شەهیدمان نەداوە بەڵام بریندارمان داوە، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ گومانێکمان لەوەدا نییە کە داعش ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە، لە ئێران بێ یان هەر جێگەیەکی دیکە بێ دژی کوردە، دژی مرۆڤایەتییە و شەڕمان لەگەڵی کردووە، بەڵام ئەو ئێعدامانەی ئێران هیچجۆر بەڵگەیەک وجودی نییە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە داعش بوون یان چۆن بوون. چوونکە ئێمە پێمان وایە ئەگەر کەسێک بە ئێتێهامێک موحاکمە دەکرێ دەبێ بە شێوەیەکی یاسایی و پارێزەری هەبێ، دەبێ شکەنجە نەبێ، ئێران ئەو هەموو ئێعترافانەی بە زۆر و بە ئەشکەنجە لێوەرگرتوون، کێ دەڵێ وان؟ لە کام مەحکەمەیەکی عادڵانەدا ئەوان مەحاکمە کریان تا بتوانن لە خۆیان دیفاع بکەن تا شتێکیان لەسەر سابت بێت، بە بوون و نەبوون مەعلووم نییە ئێستا، ئەشکەنجە کراون، ئێعترافاتی بەزۆریان لێسەندراوە، پەروەندەی ساختەگیان بۆ درووست کراوە، ئیمکانی دیفاعیان نەبووە دەسترەسیان بە وەکیل و پارێزەر نەبووە، پەروەندەکەی خۆیان بە درووستی نەخێندووەتەوە، هیچکام لەو مافانەی کە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە بۆ تۆمەتبارێک ناسراوە، ئەوانەیان بۆ پیادە نەکراوە و تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاندووە و هەموویانیان پێکەوە ئێعدام کردووە، ئێمە ناتوانین لە گەڵ دەستگاهی ئێعدامی جمهوری ئیسلامی چکووڵەترین موافقەتێکمان هەبێت، بێگومان ئەوان دەیانەوێ لە سونیش تۆڵە بستێننەوە، ئەم ڕژیمە، ڕژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی بەرچاوتەنگی ئایینە کە هەموو نەیارانی ئایینی خۆشی تەسفیە دەکا، بۆیە حەتمەن کینە و

نەفرەتیشیان لە سوونی هەیە و لە یارسان هەیە و لە بەهایی هەیە و لە هەموو خەڵکەکەی هەیە و ئەوانە سزای توندتر دەدەن. بۆیە ئێمە ناڵێین تەک تەکی ئەو کەسانە حەتمەن تاوانبارن یان حەتمەن بێتاوانن، ئێمە دەڵێین دەسگای ئیعدامی جمهووری ئیسلامی ڕەد دەکەینەوە. ئێمە دەڵێین دەسگا و سیستەمی قەزایی ئێران بۆ سەندنەوەی ماف نییە بۆ پاراستنی مافی خەڵک نییە، بۆ پێشێل کردنی مافی خەڵکە! بەشێکە لە سەرکووت و کوشتار کە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکە، ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەوجۆرە سزادانانە لە ئێران موافق بین بۆیە مەحکوومان کردووە و پێشمان وایە دەبێ "بێ چوون و چرا" مەحکووم بکرێ هەموو ئەو جۆرە ئێعدامانە، ئەگەر لە دادگایەکی عادڵانەدا بە پاراستنی مافی تۆمەتبارانەوە ئەگەر کەسێ خراپەیەکی کردبوو مەعلوومە دەبێ بە شێوەیەکی یاسایی سزا بدرێ.

***پرسیار: ئایا ئێوە موخالفی سزادانی ئەو کەسانەن کە قاچاخچی مادە هۆشبەرەکانیشن؟***

***وەڵام:*** جارێ با پێتان بڵێم، سوپای پاسداران گەورەترین قاچاخچییە لە ئێران، قاچاخچی سەرەکی ئەوە، وەک فارس دەڵێن "ئافتاوە دزەکان موجازات دەکەن"، خودی ئەحمەدی نژاد پێی نەدەگوتن قاچاخچی بە سپای پاسداران!؟ گەورەترین قاچاخی ئێران کە ڕیشەی ئێقتسادی ئێرانی دەر هێناوە ئەوە خودی سپای پاسداران دەیکا، قاچاخچییە گەورەکان لە حکومەتدا دانیشتوون. دووهەمیش ئەوەیە ئێران بووەتە ترانزیتی مەوادی موخەدر و دەستیان تێدایە، مافیای سپای پاسداران و ئەوانەی کە لەسەر کارن تا ڕادەیەکی زۆر دەستیان لە تجارەتی مەوادی موخەدر دایە، بە تایبەتی لە کوردستان کێ هەیە نەزانێ کە سپای پاسداران حەتا چاوپۆشی دەکا لە بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەدر لە لایەن کەسانی تاوانبارەوە، قومێک مەشرووب بێ دەیگرن و موجازاتی دەکەن، لەبەرچاوی ئەوان ئەو هەمووە تیجارەتی مەوادی موخەدر دەکرێ لێیان نابەزن چوونکە دەزانن جەوانی کوردی پێ زەلیل و ماڵوێران دەبێ، نەخێر هەرچی لەو بارەوەیە دەیکەن درۆیە و ئێمە قبووڵمان نییە، بەڵێ ئێمە سەتاسەت دژی مەوادی موخەدر و تەجارەتی مادە هۆشبەرەکانین و پێشمان وایە دەبێ خەڵک سزا بدرێ لەسەری، بەڵام نەک بەو شێوەیە، دەبێ بچی ڕیشەکەی هەڵکەنی و ئینجا مەرجیش نیە موجازاتەکەی ئێعدام بێ، تۆ دەبێ پێش هەموو شتێک ئەو شەبەکەیە هەڵتەکێنی کە لە ڕەسی شەبەکەکەدا خۆیان دانیشتوون.

***پرسیار: لە ماوەی ڕابردوودا لە شاری ڕەوانسەر لاوێک لە سەر شەقامەکان ئێعدام کرا و خەڵک نەڕۆشتن بۆ بینینی ئەم هەوڵە، ئەو حەرەکەتە چۆن لێکدەدەنەوە، جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێران؟ و ئایا خەڵک***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

*ویستیان بەمە شتێک بڵێن؟*

*وەڵام:* بەڵێ، من پێم وایە، من لە سەر تۆڕی ئینتێرنێتیش لە کانگای دڵمەوە دەستخۆشیم کرد لەو چالاکە مەدەنی و سیاسیانە،لەو جەوانە تێکۆشەرانە لەو خەڵکە خاوەن ئەخلاقە کە حازر نەبوون سەیری مەکینەی ئادەم کوژی جمهووری ئیسلامی بکەن لە شارەکەی خۆیان، ئافەرین بۆ ئەوان و هیوادارم هەموو شارێکی کوردی و هەموو شارێکی ئێران دەرسی لێوەر گرن. جمهووری ئیسلامی کە ئێعدام دەکا هیچ کە بۆخۆی ناهەقە، ئێعدامەکان دێنێتە بەرچاوی خەڵک و خەڵک دەعوەت دەکا بۆ بینینیان، ئەمە سەد قات لە ئێعدامی نهێنی خراپترە، چوونکە فەرهەنگی میللەتێک، فەرهەنگی کۆمەڵگایەک خەسار و خراپ دەکا، چوونکە منداڵانی ئەو کۆمەڵگایە تووشی ئەخلاقێکی خراپ دەکا، چوونکە ئینسان کوژی و تۆڵە سەندنەوە و لەسێدارەدان ئاسایی دەکاتەوە بۆ خەڵکی ئێران، بۆیە ئەوە بۆخۆی گەورەترین جەنایەتە، بۆیە خوشبەختانە نەیتوانیوە لە کوردستان ئەو مەیدانەی کە لە جێگەکانی دیکەی ئێران بۆی هەیە و خەڵک دەعوەت دەکا بۆ بینی لە سێدارەدان بەرپا بکا، ئەمە یەکێک لەو دیاردەیانەیە کە نیشان دەدا بزووتنەوەی کوردستان چەند گەشە چەند پاکە چەند بەدوورە لەو تۆمەتانەی بۆی هەڵدەبەستن، چەن بزووتنەوەیەکی ڕەوا و ئینسانی و مرۆڤ دۆستانەیە. من شانازی دەکەم وەکوو کوردێک بەو حەرەکەتەی خەڵکی ڕەوانسەر و هیوادارم هیچ شارێکی دیکە بەجێ نەمێنێ لە ڕەوانسەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

*پرسیار: وەک دوایین پرسیار، لە ساڵیادی ٢٨ی گەلاوێژ و ئەو جەنایەتە تازانەی حکومەتی ئیسلامی کە کردوویانە، وەزعی کوردستان چۆن لێکدەدەنەوە و ئەرکی ئەو کەسانەی کە ئێستا خۆیان بە دەربەست دەزانن چییە لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات؟*

*وەڵام:* لەم ساڵانەی ڕابردوودا زۆر بزووتنەوە هەبووە، بزووتنەوەی جەماوەری کە زۆربەیان بزووتنەوەی مەدەنی بوون بەڵام بەعزێکیان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشیان کراوەتە سەر کە بوەتە هۆی ئەوەی کە ڕەنگی توندوتیژی بە خۆی بگرێ، بەهەر نۆعێکیەوە، من پێمـوایە گەورەترین ئەرکی جەوانانی کوردستان، تێکۆشەرانی کوردستان پێش هەموو شتێک ئەوەیە کە لەبیریتان نەچێ نەسلی پێش ئەوان، باوکان و دایکانی ئەوان بوون کە لە ٢٨ی گەلاوێژ موقاوەمەتیان کرد و بە موقاوەمەتی خۆیان ئەو لاپەڕە زێڕینەیان درووست کرد لە کوردستان. وەزیفەی ئەمانیش ئەوەیە، ناڵێم هەر بەو شێوازەی جاران بە شیوازی ئەمڕۆ مقاومەت بکەن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە کەمترینەوە تا زۆرترین هەمووی جێگای ڕێزن. ئەوەی قەفەسی

**کەوێک دەشکێنێ و بەوجۆرە شارستانی بوون و پێشکەوتنخواز بوونی خۆی نیشان دەدا، تا ئەوانەی لە مەهاباد بۆفەرینازی خۆسرەوانی خۆپیشاندانی گەورەیان ساز کرد و دەنگی دایەوە لە دونیا، تا ئەوانەی لە ئەسپەردەکردنی کورشی بەخشەندە و محەممەدی کۆنەپۆشی بەشداریان کرد تا ئەوانەی ڕۆژی سێشەمانە دووچەرخەسواری دەکەن بۆ ژینگە، تا مانگرتنی مامۆستایان و موعەلمان لە کوردستان تا مانگرتنی کرێکاری تا داخستنی دوکان کاتی خۆی بۆ مانگرتنی سەراسەری لە کوردستاندا، هەمووی ئەو موقاومەتانە کەم و زۆریان جێگای ڕێزە. ئەم قەترە قەترانە لەسەر یەک کۆبکەیەوە دەبێتە بزووتنەوەیەکی گەورە و من دڵنیام بزووتنەوەی جەماوەری گەورەترین هۆکارە لە کوردستانی ئیران و ئەگەریش لە ئیران دەست پێبکا لە هەموو ئیران. بۆیە من خوازیاری خۆ هوشیارکردنەوە و خۆڕێکخستن و مقاومەت کردن و گەشاندنەوەی بزووتنەوە جەماوەرییەکانم، بەڵام لە پاڵ هەموو ئەوانەش لە بیرمان نەچێتەوە هێزی پێشمەرگە بەهێز بکەن، جەوانانی کوردستان هێزی پێشمەرگە تەقویەت بکەن. ئەو مەلە بە دووباڵ دەفڕێ، بە باڵی جەماوەری، سیاسی، خۆڕێکخستن، مەدەنی و لایەکی دیکە باڵی پێشمەرگە و ئەم دوانە تەواوکەری یەکترن و هیوادارم جەوانانی کوردستان ڕیزی هەردووک شێوازی خەبات بە وجودی خۆیان پڕ بکەن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بابەتی: ٢٠١٣

## ئاوڕێک لە فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران



### ناسر ساڵحی ئەسڵ

لە بەشێکی فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورددا هاتووە: "هۆشدار دەدەمە ئەرتەش، ژاندارمەری، پاسدار، ئەگەر بە تۆپ و تانکەکان و هێزی ئامادە تا ٢٤ کاتژمێری دیکە بەرەو کوردستان وەڕێ نەکەون هەموویان بە بەرپرس دەزانم".

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، هەل و دەرفەتێکی باشی بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا رەخساند، تاکوو بە شێوەیەکی سیستماتیک و رێکخراو لە پێناو ئازادی و دەستەبەرکردنی مافەکانیدا بە ئاشکرا خەبات و تێکۆشان درێژە پێی بدات.

بەڵام بە دامەزراندنی "کوماری ئیسلامیی ئێران" خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کورد پێی نایە قۆناغێکی دیکەی خەباتەوە، چوونکە هەر لە سەرەتاوە خومەینی و هاوبیرانی باوەڕیان بە ئێرانێکی فرە نەتەوە نەبوو و هیچ

هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییەکانی، نەتەوەکانی ئێران هەڵنەگرت. بەڵکوو ئەوان باس کردن لە کێشەی نەتەوەکانی ئێرانیان بە پیلانی ئەمریکا و رۆژئاوا، بۆ رووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەزانی.

هەر بۆیە خومەینی و هاوبیرانی، بەرانبەر بە هەلومەرجی نوێی کوردستانی ئێران ترسێکی زۆریان لی نیشت و بە هەڕەشە بۆ دەسەڵاتی سەرەڕۆی خۆیان دەزانی، چوونکە لە لایەک خودئاگایی نەتەوەی خەڵکی کورد دوای رووخانی رێژیمی پاشایی بە شێوەیەکی خێرا لە پەرەسەندندا بوو و لە لایەکی دیکەوە کوردستان بە هۆی بوونی فەزایەکی سیاسیی کراوە، ببووە مەکۆی تێکۆشانی ئەو هێزە سیاسییانەی کوردستان و ئێران کە مەجالی تێکۆشانیان لە ئێراندا نەبوو.

رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو رێگر بوو لەوەی کە لە بەشێک لە خاکی ئێراندا فەزایەکی ئازاد و دێموکراتیک هەبێ و ئەو هەرێمە ببێتە قیبلەگای ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، هەر بۆیە بە زووترین کات هێزە چەکدارەکانی کومیتە و پاسدار و ئەرتەشی رەوانەی کوردستان کرد تا هەم ئەم فەزا ئازاد و دێموکراتیکە لە ناو ببەن و هەم ئاستی خودئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کورد بە گرتن، زیندان و ئیعدام کەم بکەنەوە. پیلانەکانی شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە، شەڕی تورک و کورد لە شاری نەغەدە بە دەستوری مەلا حەسەنی نوێنەری خومەینی لە پارێزگای ورمێ، کوشتن و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنیی کورد، هاندانی دەرەبەگ و ئاغاکان بە دژی خەڵکی زەحمەتکێش و کۆڕەوی خەڵکی شاری مەریوان دەسپێکی هێرش و فتوای جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران بوون.

لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بە پیلان و ئاژاوەگێڕیی لایەنگرانی خومەینی شەڕێکی خوێناوی لە شاری پاوە ساز کرا. چەکدارانی سەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ژمارەیەک خەڵکی سڤیلی شاری پاوە، کوشت هەر بۆیە خەڵکی شار تێکڕا بە دژی چەکدارانی سەر بە رێژیمی تازە راپەڕین و بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە "قۆری قەڵا"ی نزیک پاوە مانیان گرت.

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی بەناوی رێبەری شۆڕشی ئیسلامی و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و بەدوور لە هەموو عورف و پرەنسیپێکی نێونەتەوەیی، فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە راگەیاند. هەروەها دەستوری دا بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**هێزە چەکدارەکانی ئەرتەش و پاسدار، هێرش بکرێتە سەر کوردستان و بەناو دژە شۆڕش لە ناوبەرن. بەم جۆرە خومەینی بۆ جێبەجێکردنی فتوای جیهادی خۆی دژی نەتەوەی کورد چەند مۆرەی جینایتکار وەکوو، مستەفا چەمران وەزیری بەرگریی ئەوکاتی ڕێژیم، سەیادی شیرازی فەرماندەی ئەرتەش، مەلا حەسەنی نوێنەریی خومەینی لە پاریزگای ورمێ و خاڵخاڵیی جینایتکار کە دەستوری ئیعدامی دەیان ڕۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دیاری کرد.**

**داسەپاندنی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە لایەن خومەینی و هاوبیرانیەوە، چەند ئامانجێکی پاوانخوازانە و چەواشەکارانەی لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران بەدواوە بوو، یەکەم، پێڕەوانی خومەینی کە هەر لە بنەڕەتدا هیچ بڕوایەکیان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا نەبوو، بەڵکوو چارەسەرکردنی مافی نەتەوایەتییان بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان دەزانی.**

**دووهەم، ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی دەیویست بەم پەلامارە، دوای سەرکوتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکی مافویستی کوردستان، دەنگی ئازادیخوازی و مافویستیی گەلانی ئێران لە کوردستاندا کپ بکات و رای گشتیی گەلانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرانی بەوە چەواشە بکات کە ئیمپریالیزم و ڕۆژئاوا لە کوردستانی ئێران، پیلان بۆ شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ڕێکدەخن.**

**مێژووی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان نیشانی داوە کە ئەگەر دوژمنانەی گەلی کورد بە شانازییەوە باسی کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی کورد و قەڵاچۆکردنی ئەوان دەکەن و یان پێیان وایە بە گرتنەبەر و پێڕەوکردنی سیاسەتی گرتن، زیندان و ئیعدام و قەڵاچۆکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل بە ئامانجەکانیان دەگەن، دەبێ باش بزانن کە تۆزقاڵێک لە ورە و باوەڕی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دێموکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر بە گوڕوتینی دەکات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوەدستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی حوکمی «جیهاد»ی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان



## کوێستان فتووحی

٢٨ی گەلاوێژ، بیرهێنەرەوەی هێرشی نیزامیی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨خومەینی رێبەرو دامەزرینەری ڕێژیمی تازەی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی مافویستی کوردستان راگەیاند.

خومەینی بە راگەیاندنی شەڕ لە دژی گەلی کوردو ڕەوانە کردنی لەشکری نیزامیو «حاکمی شەرع»خەڵخاڵیی جەللاد بۆ کوردستان، جینایەتو تاوان لە دژی خەڵکی بێدیفاعی شارو گوندەکانی کوردستانی دەست پێکرد. کوشتارو تاوانخوڵقێنییەک کە تا ئەمڕۆش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

پاش فەرمانی خومەینی، لافاوی هێزی چەکداری گوێ لە مستو دەمارگرژ شانبەشانی ئەرتەشو پاسداران بەرەو کوردستان هێرشیان کرد. لە زەویو ئاسمانەوە ئاگریان بەسەر خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستاندا باراندو لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەگێڕایەوە. پۆل پۆل لاوانی کوردستانیان وەبەر گوللە داو ئێعدام کرد. خەڵکی گوندەکان قەلاچۆ کرانو ماڵیان بە تالان برا. لە زۆربەی شارەکان کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان بەبێ دادگایی یان لە بێدادگای چەند چرکەییدا بە فەرمانی حاکمی شەرع خەڵخاڵی تەنیا بە تاوانی داواکردنی مافەکانی خەڵک درانە بەر گوللەو گیانیان لێسەندرا. فەرمانەکەی خومەینی، جۆرێک ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانو بەسیج کردنی هەموو تواناکانی ڕێژیم بۆ هێرشبردن بۆ سەر خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بوو. لە روانگەی ناوبراوەوە حیزبی دیموکرات، بەو هۆیەوە کە لە بەرامبەر هەوڵوپیلانەکانی ڕێژیمی تازە بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

کوردستان راوەستابوو، حیزبێکی شەیتانی بوو. هەر بۆیە خومەینی ئەم حیزبەی هەڵوەشاوە راگەیاند. هێرشکەران کە بریتی بوون لە ئەرتەش و لایەنگرانی دەمارگرژ و چەک بە دەستی رێژیمی تازە،لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەدەپاراست. هەر چەند رۆژ دوای فەرمانەکە خەڵکی ئاوایی قارێنییان قەلاچۆ کرد، لە مەلای ئاوەدانی کە بەقورئانێکەوە چووبووە پێشوازییان تا خەڵکەکە نەکوژن، هەتا منداڵی سەر بێشکە، ڕەحمیان بە کەسدا نەهاتەوەو هەر کەسیان دەست کەوت، بەگوللەو تەور گیایان لێئەستاند. جینایەتێک کە دواتر لە دەیان گوندی کوردستان دووپات بوونەوە.

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە فەرمانی خومەینی، هەوڵێک بوو بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیانیان دەکردو لەلایەکی دیکەشەوە تۆڵە کردنەوە بوو لە خەڵکی کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لە بارەی ئەو ڕێژیمەوە بە هەڵە نەچوون و فریویان نەخوارد. هەر بۆیە کاتێک لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ ڕێفراندۆمی گشتی بۆ دیاریکردنی جۆری نیزامی داهاتووی ئێران بەڕێوە چوو، بەو هۆیەوە کە نەیاندەزانی ئەو «کۆماری ئیسلامی»یەی خومەینی دەیەوێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگرێ چ جۆرە ناوەرۆکێکی هەیەو چ مافێکی بۆ خەڵکی کوردستانو نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێیە، بەشدارییان تێدا نەکرد. ئەمەش شتێک نەبوو خومەینی چاوپۆشیی لێبکا. هەربۆیە شەڕێکی خوێناویی لەژێر ناوی دین لە گەڵ ئەم نەتەوەیە دەست پێکرد.

فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی بوو بە سەرەتای شەڕێکی نابەرامبەر دژی هێزە سیاسییەکانو خەڵکی کوردستان. ئەو خەڵکەو هیزە سیاسییەکان، یا دەبا تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببانو ملیان بۆ ستەمو دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئەو رێژیمە شۆڕ کردباو بەردێکیان لە سەر داخوازە نەتەوەییەکانیان دانابا، یا لە بەرابەر ئەم وەحشیگەرییەی ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، ڕاوەستابانو سەربەرزانە داکۆکییان لە ئازادیی خۆیان کردبا. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانو لە پێشەوەی ئەوان هێزە سیاسییەکان، ئازایانە دیفاعیان لە دەسکەوتەکانیان کردو لە بەرامبەر زۆرو زۆرداری دا ڕاوەستان.

خومەینیو داروودەستەکەی بە تەواوی توانایانەوە هێرشیان کردە سەر کوردستانو بە هەزاران مرۆڤی ئازادیخوازیان لەخوێن گەوزاند، دەیان کارەساتی وەک قارێو قەلاتانیان خوڵقاند، خەڵکیان ئاوارەو دەربەدەر کردو ماڵو حاڵی خەڵکیان بەتۆپ و بۆمبو کاتیوشا وێران کرد، ئەگەر شۆڕشگێرانیان پۆل پۆل بەرەو مەیدانەکانی ئێعدام بردو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

گیانیان لێسەندن، هەر بۆ ئەوە بوو کە بتوانن دەنگی ئازادیخوازیو مافخوازیی خەڵکی کوردستان کپ بکەنو ئەو خەڵکە بۆ هەمیشە واز لە مافەکانیان بێنن. بەڵام لەوە غافڵ بوون کە کوردستان،ئەم سەنگەرەی ئازادیخوازی بەم کردەوانەی ئەوان خۆڕاگرتر دەبێ و خەڵکە مافخوازەکەی لە سەر داواکانیان سوورتر دەبن. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستانو بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ ستەم و زۆرداررییەکانی ئەو ڕێژیمە، سەرەڕای تێپەڕین بە قۆناغی جۆراوجۆر دا هەر وا بەردەوامەو بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ شەڕێک دا کە کۆماری ئیسلامی بە فتوای خومەینی بە سەر کوردستانیدا سەپاند، زۆر جار لێر و لەوێ، هێندیک ڕەخنەگر، گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی بە پەلە کردن لە ڕاوەستان بەرامبەر بەو ڕێژیمەو زوو دەستبردن بۆ چەک، تاوانبار دەکەنو وەباڵی ئەو هەمووە خوێنڕژانو ماڵوێرانییە، دەدەنە پاڵ ملی هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان بە پێویستیشی نازانن ولامی ئەو پرسیارە بدەنەوە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئەو نەتەوەو هێزە سیاسییانەی کە کە لە ریفراندۆم بەشدار بوونو دەنگیان بەو ڕیژیمەدا هیچ کاتیش دەستیان بۆ بەرگریی چەکدارانە نەبرد، کۆماری ئیسلامی چ داوایەکی لێقبوول کردنو چ مافێکی پێدان؟ بۆ چی هەر کە ئەوڕێژیمە دەرفەتی بۆ هەڵ کەوت، کەوتە گیانی ئەوانیشو لە کوشتنی رۆڵەکانیانو تیکۆشەرانیان دریغی نەکرد؟ پاشان ئەگەر کورد بە چەک بەرەوڕووی هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامی نەبایەوە، ئایا ڕێگایەکی دیکە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانو داکۆکیلێکردنیان هەبوو؟ دەرەتانی پێکهینانی حیزبو ڕێکخراوی سیاسیو ئیمکانی هەڵبژاردنی ئازادو ناردنی نوینەری راستەقینەی خەڵک بۆ پارلمان و خەباتی پارلمانی هەبوو؟ میدیای ئازاد هەبوو؟ ئازادیی تیکۆشانی سیاسی هەبوو؟

گەلی کورد، ئەگەرچی لە سۆنگەی بە سەرداسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ کۆماری ئیسلامی تووشی زیانو خەساری گیانیو ماڵیی گەورە بوو، بەڵام سەلماندی کە بندەستیو بێمافی قبووڵ ناکا و ئامادەیە نرخی ئازادی بدا. بە هۆی ئەم خۆڕاگریو قوربانیدانو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەش کە لە کوردستان هەیە، پلەی ئاگاییو وەخۆهاتنەوەی سیاسیو نەتەوەیی بەرەوژوور چووەو وزەو پوتانسیەلو توانایەکی بە هێز بۆ بەردەوامیی خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەو ڕزگاریدەرانە، بەرهەم هاتوە.

خاڵێکی دیکەش کە لە ٣٤ ساڵەی داسەپانی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان دا جێگای وەبیرهێنانەوەیە، ڕۆلو نەخشی ئەو هێزانەیە کە بەردەوامیی چەندین ساڵ خۆراگریی کوردستان، بەرهەمی خەباتو خۆ بەختکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ڕێبەران، تێکۆشەران، کادرەکان، پێشمەرگەکانو ئەندامانو لایەنگرانی ئەوان بووە، بە تایبەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس لە باشترینو بەوەجترین رۆڵەکانی لە خەبات لە گەڵ ئەو ڕێژیمەدا لە دەست داوە. ئەم رۆڵە جێی شانازییە، رەگو ڕیشەی ئەم حیزبەی بردۆتە نێو ناخی دڵی نەتەوەی کورد و بە پانایی کوردستاندا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەگەر کوردستان، ساڵانێک تەنیا بە خۆڕاگریی چەکدارانە داکۆکی لەمانو مەوجوودییەتی خۆی کردوە، هی ئەو راستییە بووە کە ڕێگایەکی دیکەی لە بەر دەم دا نەبووە. بێگومان ئەگەر بەستێنسازی بۆ دروستبوونی شێوەکانی دیکەی خەبات بە تایبەتی خەباتی مەدەنیو خەباتی جەماوەری بکرێ، دەکرێ بۆشایی نەبوونی خەباتی چەکداری لە کوردستان بەو شێوە خەباتانە پڕ بکرێتەوە. ئەم بەستێنسازییەش ئەگەر لە لایەکەوە پێوەندیی بە کەشوهەوای سیاسیی وڵاتەوە هەیە کە هەر وەک ڕابردوو داخراوە، لە لایەکی دیکەوە بەستراوەتەوە بە بایەخپێدانی هێزو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستانو بە تایبەتی کەسانێک لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لە خەباتو تیکۆشانی هێمنانەدا بەشدارنو هەوڵ دەدەن لەو ڕێگایانەوە داخوازەکانی خەڵک بەرنە پێش.

## ئاکام:

نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نابێ فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی لە دژی خۆی لەبیر بکا. پێویستە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی چەندین ساڵ شەڕی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد کۆ بکرێنەوە. پێویستە ئەو هێزانەو ئەو کەسانەو ئەو خەڵکەی رۆڵیان لەو خۆراگرییە پڕ لە قوربانیدانەدا هەبووە، بە تایبەتی ئەو بنەماڵانەی عەزیزانیان لە شەرو بەرگری لە گەڵ هێرشکەرانی کۆماری ئیسلامیدا لە دەست داوە یا تووشی کەم ئەندامی بوون، ڕیزیان لێبگیرێ. دەبێ زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو راستییەش کە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو شەڕی بە خەڵکی کوردستان فرۆشت بۆ ئەوەی بە ناحەق، کەسانێک کە بەرگریی ڕەوای نەتەوەی کورد نەبەنە ژێر پرسیار. لە گەڵ هەمووی ئەوانەشدا دەبێ هەوڵ بدرێ ڕێگاو شێوازی نوێتر و هەر لەوکاتەدا کەم هەزینەتر بۆ بەربەرکانی لە گەڵ ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامیو بەدەستهینانی مافە نەتەوەییەکان، بدۆزرێتەوە.

لە ژمارە ٦١٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ***٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەکەمانە، ئەو رۆژە قەت لەبیر ناکەین.***



**کەمال گروێسی**

### مەهاباد لەژێر بارانی ئاگردا

**مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویی بوو. چەند رۆژێک بوو بۆ سەردانی خزمان چووبومە شاری بۆکان. ئەو شارە وەک زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان لەژێر دەستی پێشمەرگە و هیزە سیاسییەکانی کوردستاندا بوو.**
**بەیانییەکی زوو لە کارێژی (گەراج) مەهاباد لە بۆکان تووشی هاواڵێکی گەڕەکی خۆمان بە ناوی مەحمود محاڵی بووم. پاش چاک و چۆنی،هێشتا بەخیرهاتنیم تەواو نەکردبوو، کوتی ئەوە لێرە چ دەکەی؟ کوتم بۆ؟ کوتی گوللە خۆمپارە لە حەساری ئێوە کەوتووە و بابت شەهید بووە! حەپەسابووم،نەم دەزانی چ بکەم، تەنیا توانیم سواری مینیبووسێک بم کە بەرەو ئاوایی بورهان دەچوو.**

**نازانم ئەو رێگایە کەی تەواو بوو وچۆن گەیشتمێ. لە بورهان سواری جیبێک بووم و هەتا ئاوایی دۆستاڵی بەو جیبەی چووم. لە دۆستاڵی را بە پێیان بەرەو بەسری و لەوێشەوە بەرەو ئاوایی سەیدئاوا بەرووکاری مەهاباد دا داگەڕام. برنوویەکی درێژی دارشوشەی رەقەم حەفدەم پێ بوو. لەبەر ئاوایی سەیدئاوا تووشی ژنێک و دوو منداڵ بوووم.**

هەروا بەدەم ڕێگاوە دەنگ و باسی شارم لێ پرسی و کوتی ماوی سێ ڕۆژە لە ماڵ وەدەرکەوتووم و چووبووم بە دوای هێوەرەکەمدا کە بێت و مێردەکەم لەشار بەرێتەدەرێ، پاشان بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە کوتی بەناشکوری نەبێ ئەویش خۆی لێ بەساحێب نەکردین.یەکێک لە منداڵەکان کیژۆڵەیەکی چوار، پێنج سالان دەبوو و بە پێی خۆی وردەوردە لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشت. منداڵەکەی دیکە بە باوەشی دایکییەوە بوو.

کاتێک گەیشتینە لێواری چۆمی "یەرغوو" لە نیزیک پێچەکەی ڕێگای لاچینێ، هەستم کرد ژنەکە ماندوو بووە. داوام لێکرد منداڵەکەیم بداتێ ئەمن بۆی هەڵگرم، کوتی بابەکەم ئاخر ئەتۆ ئەو هەموو تفەنگ و فیشەکدان و شتەت پێیە و بۆخۆشت دەڵێی لە دۆستاڵی را بە پێیان هاتووی، ماندووی و نابێ. کوتم دایکەکەم ئەمن ماندوو نیم و منداڵەکەی دایە دەستم. ئەمنیش تفەنگەکەم لە شانی راستەم هێناخوار و بە لاشانی چەپەم دا سەراوبن شۆڕم کردەوە و منداڵەکەم بەسەر شانی راستەمدادا. کاتێک گەیشتینە راستە ڕێیەکە و بەرەو ناو شاری مەهاباد دەچووین، دیتمان سەر گردەگڕوپی پشت تەپەی قازی ئەرتەشی لێیەو تەقەش دەکەن. سەر شاخی داشامەجیدیش پایەگای هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێبوو و لەوێڕا بە کالیبر ٥٠ و دۆشکە و تۆپ و خۆمپارە لە شاریان دەدا. بە دەنگی تەقەکان کیژۆڵەکە ترسا و دەستی بە داوێنی کراسی دایکی گرت و لە پەنا ویی دەڕۆیشت و بەدەنگی هەر تەقەیەک وێکدەهات و بە چاوە نیگەرانەکانی دەیڕوانییە دەوروبەری ڕێگاکە.

گەیشتینە حاندی دارچنارەکانی پیش" مەهدی کودک" باخچەی ساوایان و دەماندیت کچ و کوڕی جحێڵ هەرکەس پەڕۆیەکی سپی لە باسکی هالاندووە و یارمەتی بریندار و لێقەوماوان دەدەن. هۆشمان هەر لەو پۆلە خەڵکە بوو کە لە پەنا دیواری کوچەوکۆڵانەکاندا بە ماتەماتە و خۆ کووڕکردنەوە و جاروبار بۆ پەڕینەوە لە شەقامەکان تیژ تێدەپەڕین. لەناکاو دەنگی ڕەگبارێکی قەناسە و هازەی گوللەکان بەسەر سەری ئێمەدا هات. کچە چکۆلەکە لەترسان زریکاندی و بەرەرو پێشەوە رایکرد.

دایکی هاواری کرد، شادی گیان هەڵمەیە هیچ نیە. تازە زانیم ئەو کیژە بچکۆلە خوێنشیرنە ناوی شادیە. شادی بە بیستنی دەنگی چەند تەقەیەکی دیکە، خێراتر غاریدا و یەک بەخۆشی دەیزریکاند. دایکی لەتاوان باوی هەنگاوەکانی خوشتر کرد تا بگاتە شادی و هێوڕی کاتەوە. هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو دەستی بگاتە دەستی شادی، دەنگی ڕەگبارێکی کورت هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایکی شادی هەر هەڵدەهات بەڵام ئەمجار هەنگاوەکانی وەک پێشوو نەدەهاویشت و لاتـرەی دەبەست. دوای چەنـد هەنگاوێک ئەژنۆکانی نیشتنەوەو کەوتە سـەر زەویی. ئـەمن سـەرەتا وام زانـی هەڵـەنگووتوە. بـەغار خـۆم گەیانـدە لای. شادی قامکە گەورەی دایکی گرتبوو دەیکووت دایە هەستە با هەڵێین. ئەمنیش بن پیلی دایکی شادیم گرت کە هەڵی هەستێنمەوە، دیتم کەلەکەی لای چەپەی خوێنی لێدەچۆڕێ، زانیم ئەو رەگبارە کورتە دایکی شادی پێکاوە. خەڵکی نێوشار کە شاهیدی ئەو دیمەنە بوون بە دەست راوەشاندن و هەرا کردن بانگیان دەکردین کە بـەرەو ئـەوان بڕۆین. مەودایەکی ٢٠٠ میتری‌مان مابوو بگەینە سەری کوچەکان و لـە سێرەی پایـەگای گردەگـروێ و داشـامەجیددا نەمێنین. کەس نەیدەوێرا بێت بۆلامان.

دایکی شادیم هەڵێنا و دەستیم خستە سەر شانم و منداڵە بچکۆلەکەم بەشانی تفەنگەکەم گرت و لەراستیدا دایکی شـادیم رادەکێشـا. شـادی لەپێشـەوە دەرۆیشـت و خێـرا خێـرا ئـاوڕی دەداوە و بـانگی دایکـی دەکـرد. دایـە...دایـە. گەیشتینە رێک بەرێکی باخچەی ساوایان" مهد کودک" و لـەوێ چەنـد کـەس لەوانـەی پێیـان دەکـوتن" ئیمدادگـەر" یارمەتیدەر بە پیرمانەوە هاتن. دوانیان کچ بوون و زوو دایکی شـادی‌یان لێـوەرگرتم و درێژیـان کـرد. کراسـەکەیان لەبەردادڕاند.

ریخۆڵەکانی هاتبوونەدەر و دوای دڕاندنی کراسەکەی زیاتر خزانـە خـوارێ. گـوێم لـێبـوو یـەک لـە کچـەکان کـووتی ئەوە نازێی. لەو ماوەدا شادی هەر لەپەنا دایکی رەق راوەستابوو. دایکی هۆشی نەبوو. ئیمدادگەرەکان لێیان پرسیم ئەم ژنە چی تۆیە؟ کوتم نایناسم و لە بەر ماڵی سەیداوایە تووشیان بـووم. بـەڵام دەزانـم ماڵیـان لـە کوێیـە لـە رێیە کە دەهاتین لێم پرسیوە و پێی کوتووم. یەکیان کوتی ئەگـەر وایـە بـە مێـرد و کەس‌و کارەکـەی بڵـێ بـێن بـۆ مزگەوتی سەعدی. دەستی شادیم گرت و کچە چکۆلەکەشم لە باوەش کرد و بەرەو گـەرەکی تەکیـەی بابـە خەلیفـەی وەرێکەوتین.

لە لای مزگەوتی سەعدی را تـا سەر شەقامی زەند بە بن دیواراندا هاتین و مەترسیی گوللەی راستەوخۆمان لەسەر نەبوو. لای راستەی جلەکانی من خوێناوی بوون و جار جـار بـە لەشمەوە دەنووسان. شـادی هـەر ئـاوڕی دەدایـەوە و دەیپرسی دایە کەنگێ دێ؟ نەم دەزانی چیی پێبڵێم، هەر دەمکوت دایە نەخۆشە و دوایە ئەگەر چاک بووەوە دیتـەوە بـۆ لاتـان. منداڵـە بچکۆلەکە بەسـەر شانمەوە خـەوی لێکەوتبوو.بـە شـەقامی زەنـددا بـەرەو دەرکـی تەکیـەی بابـە خەلیفەی داگەڕاین. بە گورجی بە شەقامەکەدا پەڕینەوە و خۆمان لە حەساری تەکیەی هاویشت. تەکیە دوو دەرکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

هەبوو،یەکیان بەسەر شەقامی زەنددا دەکراوە ئەوی دیکەیان بەلای کۆڵانی پشتەوەیدا. لە شادیم پرسی لێرەڕا ماڵە خۆتان پێدەزانیی؟ بە راوەشاندنی سەری تێیگەیاندم کە ماڵە خۆیان پێدەزانیتەوە. کوتم برۆ بابچینە ماڵە ئەنگۆ.

وەپێشم کەوت، گەیشتینە بەردەرگایەکی دار. دوانیوەڕۆ بوو. لەدەرگام دا، پاش تاوێک دەنگێکی ژنانە لە دیوی حەساریَ ڕا پرسی کێیە؟ شادی هاواری کرد، دادە بیکەوە. بەدەنگی پێڵاوەکانیڕا دیار بوو بە پەلە بەرەو دەرگا دێت.

دارەکەی پشت دەرگای کێشاوەو دەرگا کرایەوە. کچێکی تەمەن شازدە، حەڤدە ساڵان بوو. بە نیگەرانییەکی زۆرەوە منداڵە چکۆلەکەی لێوەرگرتم و لێی پرسیم ئەدی دایکم کوا؟ نەمدەزانی چیی پێبڵێم. شادی کوتی دایە نەخۆشە خوێنی لەزگی دەهات! کیژە جحێڵەکە دایە پڕمەی گریان و بەرەو قوڵایی حەساریَ چوو. بەدوایدا چوومە ژوری حەساریَ و بانگم کرد. دەنگێکی لاوازی پیاوانە لە بنەبانی ژێرزەمینێک ڕا پرسی کێیە؟ زێنەب کچم ئەوە کێیە؟ چیی دەویَ؟ بۆلای دەنگەکە چووم. لەپێش دەرکی ئەو ژێرزەمینە بە بڵیندایی دەرکەکە تەلیسە خۆڵ هەڵچنرابوون. کەلێنێکی تەسک لەمابەینی دەرکەی ژێرزەمینەکە و تەلیسە خۆڵەکان مابۆوە. تفەنگەکەم لەشانم هێناخواریَ و چوومە ژووریَ. سڵاوم کرد و وەڵامی سڵاوی دامەوە. پێم کوت مامە گیان ئەمن لە نیزیک ئاوایی سەیدئاوا تووشی خێزانت و ئەو دوو منداڵەبووم. باقی ڕووداوەکەم چۆن ڕوویدابوو بۆ گێڕاوە. هەر دەیکووت، پەکوو، پەکوو، پشتم شکا. ئەمن بەو حاڵەم چ لەو منداڵانە بکەم؟ بە دڵێکی پڕپەرۆشەوە لە ژێرزەمینەکە هاتمە دەریَ. لە حەساریَ کیژەکە لەسەر عەرزی دانیشتبوو،کچەچکۆلەکەی لەباوەش گرتبوو، شادیش لەتەنیشتییەوە سەری وەلای کەلەکەی کردبوو.

نەم دەزانی چ بڵێم، بۆلایان چووم و دەستێکم بە سەری شادیدا هێنا و ماڵئاوایم لێکردن.لەدەرکەی هاتمەدەریَ، لەگەڵ ئەوەی کە بارەکەم سووک ببوو، هەنگاوی لاقم قورس ببوون ولاقەکانم بە زەحمەت بەدوامدا دەهاتن. بیرم لە منداڵە چکۆلەکە دەکردەوە کە چیی بەسەر دێت؟ شادی چلۆن ئەو دیمەنەی بریندار بوونی دایکی لەبیر دەکا و زۆر پرسیاری دیکەش.بەکۆڵانەکەدا هاتم و خۆم گەیاندە کوچەی پشت " بازاڕی روز" و لەوێڕا بە خێرایی خۆم گەیاندە گەڕەکی" سەربەرداشی " و بەوێدا بەرەو ژوور رۆیشتم. بیرم لە بابم دەکردەوە و نەم دەتوانی باوەڕبکەم شەهید بووە و دەمگوت، مەحموود جوانی نەدیتووە و لێی تێکچووە. جار جاریش کە دایکی شادی و منداڵەکانیم وەبیردەهاتەوە، کزەم لەجەرگی هەڵدەستاو دڵم پڕدەبوو.بەدەم بیروخەیاڵانەوە گەیشتمە لای مزگەوتی " سەید

نیزام" و بە کوچەکەیدا هاتمە سەر شەقامی "فەرەح" و بەرەو شەقامی "وەرەهرامی شەرقی" وەرەهرامی رۆژهەڵات چووم.لە ڕێک بەرێکی کوچەی "مەنسووری" لە گەڕەکی " ئەرمەنییان" ئامبوڵانسێک لە نێوەڕاستی شەقامەکە راوەستابوو. دەرکی لای شۆفیرەکەی کرابووەوە. بە پارێزەوە لێی چوومە پێش و دیتم شۆفیرەکەی سەری بەلای ژووری ئامبوڵانسەکەدا سووڕاندووە. بانگم کرد وەڵامی نەداوە. دەستم لەسەر شانیدانا و کوتم کاکە کاکە، وەڵام نەبوو. هەستم کرد بۆنی ئاسنی ژەنگاوی دێت، دیتم بەرپێی شۆفیرەکە پڕبووە لەخوێنی مەیبوو.

دیاربوو لەمێژە شەهیدکراوە و خوێنەکەی مەیوە. بەجێم هێشت و بە کووچەی مەنسووریدا بەرەو ماڵە خۆمان لە لای مەیدانی حەسەنزادە و رووبەڕووی ماڵە "خات نارنجێ" وەرێ کەوتم. لەسەر کووچەی خۆمان کەلاوەیەکی لێبوو، گوێم هەڵخست، قروسکەی سەگێک دەهات. بەپێش کەلاوەکەیدا تێپەڕیم و چوومە نێو کووچەی خۆمان . لە حەساری خۆمان چرای هیچکام لە ماڵەکان نەداییسا. ئێمە لەو حەسارەیدا چوارماڵ بووین. شوشەی پەنجەرەکان زۆربەیان شکابوون. لە حەسارێ دوو قووڵکەی گەورە دروست ببوو.ترومپای حەسارێ لە جێی خۆی بوو. گوڵەکانی باخچەی هەڵپەرتوابوون.

دوو لقی گەورەی دارە بوزەکەی حەسارێ شکابوون بەڵام لێ نەببوونەوەو بەسەر باخچەکەدا شۆڕببوونەوە.بەرەو ژێرزەمینی ماڵە کاک محەمەد سەقزی جیرانمان چووم. لەبەر دەرکی ئەو ژێرزەمینەش تەلیسە خۆڵ لەسەریەک هەڵچندرابوون. تروسکاییەکی کەم هێزم لێ وەدیار کەوت. چوومە ژورێ. سڵاوم کرد و یەکراست چاوم بە دایکم کەوت. کز،خەمبار و دۆشداماو لە سەرووی ژێرزەمینەکە دانیشتبوو. کە چاوی بە من کەوت یەک پێ هەستاو لە ئامێزی گرتم. ئەولاولای ماچ کردم و پرسی کەنگێ هاتویەوە؟ کوتم ئەورۆ هاتوومەوە. لێم پرسی بابم لە کوێیە؟ کوتی جارێ دانیشە ئێستا ئەویش دێتەوە. سوکناییەکم هاتێ. کوتم بۆکوێ چووە؟ هەستم کرد دەیهەوێ شتێکم لێ بشارێتەوە. کوتم دایە پێم بڵێ، خەڵک پێیان کوتووم. راستە؟ کوتی نەبەخودای رۆڵە هەر برێک دەستی بریندار بووە. لە چاوەکانیدا دەمویست راستیی قسەکەی بدۆزمەوە. لە دڵە خۆمدا دەمکوت یاخوا وابێ و هەر بریندار بوبێت و شەهید نەبوبێ.

ئێستا ئیدی برێک هێوڕ ببومەوە. درەنگانی ئێوارێ بوو.روانیمە ئەولاو لای ژێرزەمینەکە، دیتم کاک محەمەد سەقزی چاوێکی داپۆشراوەو دەم وچاوی ئەستوور بووە و بەرچاوی شین بووەتەوە. لەولاترەوە فەوزییە خانمی خێزانی لاقێکی درێژکردووە و لە لای بەلەکی برینێکیان بۆ پیچابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

هەواڵیانم پرسی و ئەوانیش وەڵامیان دامەوەو تێگەیشتم کە کاک محەمەد چاوێکی کوێر بووە. سەرەڕای برینداریی خۆیان، دڵخۆشی منیان داوەو کوتیان باوکت چەند رۆژ لەوەپێش هەر بەو گوللە خۆمپارەی ئێمەی بریندار کردووە، بریندار بووە و ئەویان بە ئامبولانس بردووەتە نەخۆشخانە. لە دایکمم پرسی دوای بریندار بوونی بابم هیچ خەبەرت لێی نیە؟ کوتی نا رۆڵە گیان خۆ بەرۆژ لەبەر تەقە و تۆپ باران کەس ناوێرێ لە ماڵ بێتەدەرێ.کاتژمێر ٨ی شەو بوو. بە دایکمم کوت دەچمە نەخۆشخانە و بابم دەبینمەوە و ئاگادارت دەکەمەوە.

دایکم هەر دەیکوت ئاگات لە خۆت بی رۆڵە گیان. لەگەڵ کێ دەچی؟ کێت لەگەڵە؟ بۆ ئەوەی تووشی دڵەراوکێ نەبێ، کوتم لە گەڵ پێشمەرگەکان دەچم. لە ژێرزەمینەکە هاتمەدەرێ و لە حەسارێ تێر چاوم لە باخچەکەو ماڵەکان کرد، دەتکوت تازە نایان بینمەوە، هەموو لایەکیم پێ جوان و خۆش بوو. شتیوا سەرنجی رادەکێشام کە تا ئەوکات لەگەڵ ئەوەی حەوت هەشت ساڵ دەبوو لەو ماڵ و حەسارەی دابوین، قەت وەبەر چاوم نەهاتبوون.

لە دەرکی حەسارێ چوومە دەرێ، بە پەنا کەلاوەکەیدا تیژ تێپەڕیم. گەیشتمە شەقامی "وەرەهرامی شەرقی" ئامبولانسەکە هەر لەوێ بوو. نەمزانی شۆفیرەکەی هەر تێدایە یان نا، بە پەلە بووم دەبوو خۆم بگەیەنمە نەخۆشخانەی شار کە لە نیزیک" باغی پیشاهەنگی" هەڵکەوتبوو. بەرەو چوارڕێی ئازادیی وەرێکەوتم.

لەوێوە بە شەقامی " شاپور" دا بەرەو شارەداری رۆیشتمە خوارێ. دیمەنی شار زۆر سەیر گۆڕابوو. دەتوانم بڵێم کەم ماڵ مابوو شوشەی ساغی لە پەنجەرەیدامابێ. لەسەر شەقامو پیادەرەوەکان شوشەی شکاو و قاپۆڕەفیشەک و لەتکی گوللە تۆپ و خۆمپارە عەرزی داپۆشیبوو. دارەکانی قەراغ شەقامی شاپور زۆربەیان لق و پۆپەکانیان شکابوون. لەبن هێندێک لە دارەکان خوێن مەیبوو، پشیلەو سەگەبەڕەڵای برسی دەمیان تێنابوون. ئەو شەقامە کە سەردەمێک زۆر جوان و بۆن خۆش بوو، تەنیا بۆنی خوێن و دوکەڵ و باڕووتی لێدەهات. گەیشتمە رێک بەرێکی " کەوشی میللی" و هەورازی سینەما " ئاریا". زرێپۆشێک تێکشکابوو و سەری لە دەرکی قەیسەریان رۆکردبوو. بەهەورازی پێش سینەما ئاریادا بەرەو "دوخانیات" وەسەرکەوتم. ئەو رێگایە نێوبڕ بوو. بە کوچەی هوتێلی "جامجهان‌نما"ی سەید مەجیدیدا داگەڕامەخوارێ بۆ سەر شەقامی پەهلەوی بە پێش مەحکەمەی پێشەوایدا تیپەڕیم و پاش ماوەیەک گەیشتمە دەرکی خەستەخانەی. پێشمەرگەیەک لەبەر دەرکەی بوو. خۆم پێناساند و چوومە حەساری خەستەخانەی. خەستەخانە هێندەی خەلکی بریندار لێ بوو، ژوورەکان پڕببوون و ساڵۆنە دوورودرێژەکانی پێش ژورەکانیش برینداری لێ داندرابوو. برینداەرەکان جلی شین‌وسپی نەخۆشخانەیان لەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرابوو.

هەروا کە بە پەنا برینداراندا دەڕۆیشتم و دەمڕوانی، دەنگێکی ناسیاو لە دواوە بانگی کردم. وەرسووڕامەوە و بۆلای دەنگەکە چووم. بابم بوو. نەمدەزانی لە خۆشیان چ بکەم. لێی نیزیک بوومەوە.

دەستی چەپەی بە بەنێک لە ئاسنێکی پشت تەختەکەی هەڵاوەسرابوو. لیباسی نەخۆشخانەی لەبەر کرابوو. باوەشم پێداکرد و پرسیم ئەوە چت لێ هاتووە؟ وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوەو لێی پرسیم، بۆ هاتوویەوە؟ کوتم هەواڵی بریندار بوونی تۆم پێگەیوە و ئەو ڕوو لە بۆکان را هاتوومەوە. پاشان کە دڵنیا بوو پیشمەرگە هەر لە نێو شار ماون، چۆنییەتی بریندار بوونەکەی بۆ گێڕامەوە. پزیشکی خۆمپارەی ئێسکی نێوان ئانیشک و شانی ورد کردبوو. دەستیان لە گێچ گرتبوو و لە دوولاوە کونێکیان لە گێچەکەدا هێشتبووەوە کە لەوێڕا برینەکەیان دەرمان دەکرد. پێم کوت کە دایکم و منداڵەکان ساغوسڵامەتن و جێی نیگەرانیی نیە. کوتی بزانە ناتوانی دایکت بێنی بۆلام. کوتم ئەو شەو؟ کوتی ئا. کوتم بە چاوان و لە خەستەخانە هاتمەدەرێ.

بە پێشمەرگەکەی بەر دەرکەم گوت دەچم دایکم دێنم بۆلای بابم. پرسی ماڵتان لە کوێیە؟ کوتم لە گەڕەکی ئەرمەنیانە. کوتی دەبێ پەلەی بکەی رەنگە سبەینێ ئەرتەش بێتە ناو شار. کوتم زوو دێمەوە. وەڕێ کەوتم. هەر بەرێگاکەی خۆمدا گەڕامەوە هەتا لای مەیدانی مەنگوڕان.لەوێڕا بە کوچەی ناڵبەنداندا چوومەسەر و لە شەقامی وەرەهرامیشەرقی هاتمەوەدەر. لە حەسارێ هێشتا نەگەیشتبوومە بەردەرکی ژێرزەمینەکەی، لە دارێکی هەڵەنگووتم. دایکم کە هەر نەنووستبوو، بانگی کردم.

کوتم دایە گیان نەنووستووی؟ کوتی جاکوا دەکرێ ئاگاداربم لەو تەقەو هەرایەدا ئەتۆ لە ناو شاربیی و ئەمن بنووم؟ کوتم دایە گیان بابم دەیکوت بێت بۆلام. کوتی ئێستا دێم. سەرێکی ژێرزەمینەکەی داو کوتی خوشکەکانت نووستوون. بابڕۆین. دایکم گەیاندە خەستەخانە لای بابم. تاوێکیان لە لابووم . دایکم بە پەڕۆی تەڕ دەست ولاقی بابمی خاوێن کردەوە.

ماوەیەک قسەمان کرد، پاشان بابم ئیزنی داین و لەگەڵ دایکم دیسان بەرەو ماڵەوە وەڕێ کەوتینەوە. کاتژمێر یەک ونیوی شەو گەیشتینەوە ماڵێ. دایکم چەند بابۆڵەیەکی بۆ ساز کردم و بەرێی کردم. بە کوچەکانی گەڕەکی

**ئەرمەنیاندا بەرەو گەڕەکی مەیدانی حەیوانان وەڕێ کەوتم. لە کووچەی ماڵە ماملێ را پەڕیمەوە لای قەنادیی (شیرنیخانەی) سەکری. لەوێڕا بەرەو مەیدانی حەیوانان و لەوێشەوە بۆ لای گۆڕستانی شار و لەوێشڕا بەرەو ئاوایی پشتەپ. گەیشتمە لای بەردە سپیان سیوادی رۆژێ هەڵیدابوو.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣**

## *بەبۆنەی ٣٣ هەمین ساڵی فەتوای خومەینی.*



**لوقمان زەهرایی**

له ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی بەرابەر بە ١٩٨٠ی زایینی ئایەتوڵلا خومەینی ڕێبەری ئاینی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئێران بە فەرمانێک کە لە ڕاگەیەنە رەسمیەکانی وڵات دا بڵاوکرایەوە بە فەرمی حوکمی جیهادی بۆسەرگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند وڕشتنی خوێنی مرۆڤی کورد وکاوڵ کردنی زێدونیشتمانی بە حەلاڵ زانی. دوا بە دوای دەرکردنی ئەو فەتوایە بە هەزاران پاسدار و بەسیجی بەکرێگیراوی چڵکاوخۆربۆبە جێ گەیاندنی فەرمانی ئیمامی مەزنیان ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد وبە ئەوپەڕی دڕندەییەوە پەلاماری شاروگوندەکانیان داوبە وێنەی مۆغۆلەکان بە سەدان کەسیان لە ناوشاری سنە قەڵاچۆکردونەوڕۆزی خوێناویان لەو شارە خوڵقاند. دوای ئەویش شەڕی نێوان کوردوئازەرییان لە نێوشاری نەغەدە دا دروست کرد وزۆر دڕندانە بە سەدان ژن ومنداڵ و گەورەوپیری کوردیان لە نێوئەوشارە دا قەڵاچۆکرد.

لەشکری داگیرکەری تاران هەربەوەندە نەوەستاووەکوو گورگی هارپەلاماری گوندەکانی کوردستانیان داولە گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، قەرەگۆڵ، سەوزی، سەرچنار، ئیندرقاش،حەسەن لۆلان ودەیان شوێنی دیکەی کوردستان سەدان گوندنشینی بێ دەسەڵات ومەزلومیان قوتلەعام کرد وبە سەدانی دیکەیان ڕەوانەی گرتوخانەکان کردولە وێشەوە جەنازەی ئەشکەنجە کراوئاژن ئاژن کراوی سەدان کەسیان تەحویلی بنەماڵەکانیان دایەوە. بە فەرمانی خومەینی، ئاخوند خالخالی جەللاد کرا بە حاکمی خاون دەسەڵاتی کوردستان ولە ژێرئەمرو فەرمانی ئەودا بە دەیان لاوی کورد تیرەباران کران. سیاسەتی تیرۆروتۆقاندن لە لایەن تارانەوە بە سەر ڕۆژهەلاتی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داسەپێندراو ئەوسیاسەتە چەپەڵە دوای ٣٤ ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندە شیعەکان هەروا بە بەرنامە وپلانەوە بەرێوەدەچێ وئێستاشی لە گەڵ بێ زۆرترین ڕێژەی زیندانیە سیاسیەکانی نێوزیندانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە کوردان پێک دێ و ڕێژەی ئەو رۆلە کوردانە کە حوکمی ئێعدامیان بە سەرداسەپاوە بە نیسبەت شاروناوچەکانی دیکەی ئێران بە چەند قات پترە.

ناکرێ هەروا بە سادەیی لەومەسەلە بگوزەرێن وپێمان وابێ کە ئەوە هەڵەیەکی رێبەری ئاینی وڵات یان حکومەتی کاتی ئەو سەردەم بووە. لە راستیدا ئەوسیاسەتەی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران درێژەی هەمان سیاسەتی رەزاخان ومەحەممەد رەزاشای پەهلەوی بوو کە ئامانجیان دروست کردنی یەک میللەت ویەک دەولەت ویەک ئاڵا بوولە سەرحیسابی تواندنەوە ولە ناوبردنی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێراندا. دەتوانین بە ڕاشکاوی بلێین کە کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران وەکوو رێژیمێکی ئیسلامی لە دووبوارەوە نوینەرایەتی قەومی حاکم و باڵادەستی کردەوە. هەرلە هەوڵ ڕۆژی دامەزرانیەوە تاکووبە ئەمرۆ نوێنەرایەتی شیعەکانی کردووە بۆ دژایەتی سوننە مەزهەبەکان وئاین ومەزهەبەکانی دیکەی غەیری شیعەی ئێران وپێناسەیەکی تەواونژادپەرەستانەی دینی لە مەزهەبی شیعە لە قالبی "ئوممەتی ئیسلامی " خستۆتە ڕوو.

بە ناوی ئەوەی کە "هەموومان موسولمانین " ئامانجدارهەوڵی داوە کە سوننە مەزهەبەکان بخاتە پەراوێزەوە وهیچ مافێکی ئاینیان بۆ قایل نەبووە. ئەوە هەم لە کوردستان وهەم لە بەلوچستان وهەمیش لە پارێزگای ئەهوازکە بەشێکیان عەرەب زمان وسووننە مەزهەبن بە خەستی بەرێوەچووە. لە ڕوانگەی مەلا شیعەکانی دەسەڵاتداری تاران، تەنیا شیعەکان موسولمانن. ئاینەکانی دیکەش، وەکووئاینی یارسان وبەهایی وجولەکە وئەرمەنی وئاسۆری بێ ماف وبێ بەش کراون وهەر ڕۆژەی بە بەهانەیەک پەیرەوانی ئەو ئاینانە دادەپلۆسن وسووکایەتیان پێ دەکەن. نموونەی ئاخری سوکایەتی کردن بە پەیرەوانی ئاینی یارسانە.

لە بواری سیاسیەوە، کۆماری سێدارە نوینەرایەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی کردووە کە لە راستیدا چ شتێک نیە جگە لە دەسەڵاتی سیاسی ناسیۆنالیزمی فارسی کە هەمووئێران بە هی خۆی دەزانێ وئەومافە بە هیچ گروپ وئێتنیک وقەوم ونەتەوەی دیکە نادا کە لە ئێراندا شەریکە دەسەڵات بێ. بە ئاشکرا دژی هەرجۆرە حەرەکەت وخەباتێکی سیاسی ومەدەنی ماف خوازانە راوەستاون وبە دڕندانەترین شێوە لە دژی وەستاونەوە وبە بیانوی " پاراستنی چوارچێوەی عەرزی ئێران" وبەرگری لە دابەش بوونی ئێران خوینی بە هەزارانیان ڕشتووە. ئەو سیاسەتە بە

ئاشكراوبه خەستی لە لایەن ئەحزابی سەراسەری بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشین پشتگری لێکراوه وئەوانیش هاوڕا لە گەڵ ڕێژیمی تاران خوازیاری لە ناوبردن وداپلۆسینی بە قەولی خۆیان " تجزیه طلبان" بوون کە شامیلی کوردوبەلوچ وعەرەبی ئەهواز بووە. قانونی ئەساسی ڕێژیمی مەلایان بە ئاشکرا لە سەربنەمای هەڵاواردن وپشت گوێ خستن وبی بەش کردنی نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێران نوسراوه وقانونێکی تەواودژە ئینسانی ودژە دێموکراتیکە.

لە یەک کەلام دا ناسیۆنالیزمی فارسی یانی بە قەولی خۆیان ئێرانی زۆر دژە دێموکراتیک وپاوانخواز وداگیرکەرە وبە ئاشکرا حاشا لە فرە نەتەوەیی وفرە کولتوری وفرە زمانی ئێران دەکا. خۆیان بە میللەت پێناسە دەکەن وباقی بە قەوم و زمانەکانی دیکەش بە زاراوه یان بن زاراوەی زمانی فارسی پێناسە دەکەن.

دەسەڵاتدارانی حاکم لە تاران لە ماوەی ٣٤ ساڵی رابردووە هیچ کات کوردیان بە بەشێک لە خۆیان وتەنانەت لە ئێران حیساب نەکردووە وبۆئەومەبەستەش لە هەموو شێوازەکان بۆ سڕینەوە ی ناسنامەی کورد کەڵکیان وەرگرتووە. یەکێک لە ڕێگاکانی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ناوبردنی زمانەکەی بووە وبە هەموو هێزیان هەوڵیان داوه زمانی کوردی فارسیزەبکەن وبە بیانوی پروپوچ وبێ بنەما وبێ مانا رێگربوون لە بەردەم خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی لە خویندگاکان دا. ئەوە لە کاتیکدایە کە لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا بە ئاشکرا باس لە خوێندن وپەروەردە بە زمانی زگماکی کراوه ودەولەتان ئەرکدارکراون کە ئیمکاناتی خویندن وپەروەردە بۆهەموو دانیشتوانی وڵاتەکەیان بە بێ جیاوازی دابین بکەن.

راستیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە کورد لە ئێران وڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە گەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرەف نیە ، بەڵکوولە گەڵ کولتورێکی خۆداسەپاووداگیرکەروپاوانخواز وزۆر نژادپەرەست بەرەو ڕوویە کە لە قالبی ئێران وئێرانی دا پێناسە بۆ ئەو وڵاتە لە نێوخۆ ولە دەرەوەی سنورەکانی دەکا. ئێستاشی لە گەڵ بێ ئێرانی یانی فارس وکە باسی ئێرانیش دەکرێ یان دەسەڵاتی فارس. بە وتەی پان ئیرانیستەکان " وڵاتی پارس". ئەو ڕوانگەیە تەنیا لە نێو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا بەدی ناکرێ، بەڵکوولە نێو خەڵکی ئاسایی سەرکوچە وشەقامیش دا هەردەبینرێ وهەرکە باس لە کورد ومافەکانی دەکرێ، دەستەوبەجێ وشەی "تجزیه طلبی" لە زاریان دێتە دەر. دەولەتی داگیرکەری تاران وئۆپۆزیسیۆنی خاریجی نشینی ئەو ڕێژیمە جۆرێک باسی ئێران وکورد دەکەن، وەک ئەوەی هەموو ئێران بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ملکی بێ ئەم لاوئەولای باب وباپیریان بێ.

جۆرێک نژادپەرەستانە لە هەمبەرکورد سیاسەت دەکەن کە ئیزن بە خۆیان دەدەن لە جیاتی کورد بیربکەنەوە ولە جیاتی کورد بڕیاربدەن. ئەوان کورد بەوە تاوانباردەکەن کە گۆیا دەیهەوێ "ئێران تجزیە بکا" و ئەوە لە حالێکدایە کە ئەوان داگیرکەرن وکوردیش وەکوو نەتەوەیەکی زێدونیشتمان داگیرکراوبەرگری لە مان و بوونی خۆی کردووە ودەیکا وهیچ کاتیش هێرشی نەبردۆتە سەر شارێکی فارس وتورک نشین وهیچ کاتیش ئیدعای خاکی هیچ کامیانی نەکردووە.

ئەو شێوازە بیرکردنەوە وسیاسەت کردنە زۆرلە نێوبە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" دژبە کۆماری ئیسلامی ئێران دابەهێزە وبە راست وچەپ وئیسلامی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاوڕان. ئێستاشی لە گەڵ بێ یەک بە ناولەو حیزبە دیموکرات وچەپ وپێشکەوتن خوازانە نوسراوەیەکیان لە مەڕمەحکوم کردنی فەتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەرنەکرد وبۆیەک جاریش نەمان دیت ونەمان بیست کە تەنانەت کەسایەتێکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەلایەتی فارس لە سەرکورد وداوا ڕەواکەی هەڵوێستی گرتبێ وبە وێنەی " د.ئیسماعیل بێشکچی" لە سەرکورد تووشی گیران وزیندان بووبێتەوە. زۆرلە ئەحزابی بە ناو" ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری" کۆماری ئیسلامی حەز ناکەن کە کۆماری ئیسلامی بە هەر قیمەتێک بڕووخێ وزۆرینەیان دژی هێرشی نیزامی ئامریکان بۆ سەرپێگە ئەتۆمییەکانی ئێران ویان ڕووخاندنی ڕێژیم بە هێزی سەربازی. ئەو هێزە بە ناوسەراسەرییانە لە سەردەمی دەسەلاتی سەرۆک جۆرج بوش دا بە ئاشکرا دژایەتی سیاسەتەکانی ئامریکایان دەکردولە ئاکامیش دا دیتمان کە هەوڵەکانیان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو.

لە دواین نەمایشی گاڵتە جاڕانەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا کە هەرهی شێعەکان وفارس زمانەکانە پشتگری هەمەلایەنەی بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی خاریج نشینمان بینی کە چلۆن کەوتبونە پروپاگەندە کردن بۆ جەنایەتکارێکی وەکوو هاشمی رەفسنجانی ودوای ئەوەی لە تەئید کردنی ناوبراولە لایەن دەزگای داسەپاوی بە ناو " شورای نیگابان" ناهومید بوون، ئەوجارهەموویان کەوتنە پشتگری کردن وپروپاگەندە کردن بۆ ئاخوند حەسەن روحانی کە یەکێک لە مریدانی بارەگای ولایەتی فەقیی یە. لە ڕێگای تیڤی ورادیۆ وڕۆژنامەکانیانەوە خەڵکیان هان دەدا کە بڕۆن وبەشداری نەمایشی گاڵتەجاڕانەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بکەن ودەنگ بدەن بە ئاخوند روحانی بۆ ئەوەی ئێران تووشی "پارچەپارچە بوون" نەبێ.

لە راستیدا هەڵوێستی ئەوبە ناو ئۆپۆزیسیۆنەی کۆماری سێدارە کە لە هیچ کوێ دونیا شتی واعەنتیکە نەبینراوە،

پشتگری کردن بوولە مانەوەی دیکتاتۆری وەلی فەقی ولە درێژەی کردنەوە سیستمی ئاخوندسالاری لە ئێراندا. لەوبە ناونەمایشە مەسخەرەی بە ناوهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێرانی ئاخوند لێدراودا، رۆژهەلاتی کوردستانیش لە نێوان ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی مەلایان لە لایەک وکوردە بە ناورێفۆرم خوازەکان لە لایەکی دیکەوە گیری کردبوو. نەبوونی سیاسەتی یەک دەنگ ویەکگروتوو، وای کرد کە رێژیمی ئاخوندەکان بۆ راگرتنی خەڵک لە هەمبەرحیزبەکاندا پروپاگەندەی زۆربکا وبە هێنانە مەیدانی کۆمەلێک بەکرێگیراوی خۆی خەڵک لە کوردستان بە رێفورم وئاڵ وگۆردڵ خۆش بکاوهانی خەڵک بدا کە جوابی بایکۆتی حیزبەکان نەدەنەوە وبچن دەنگ بدەن. لەو نێوەش دا کوردە ریفۆرم خوازەکان وژومارەیەکی دیکەش کە پێشتربە ناو نوینەری خەڵک لە مەجلیسی رێژیم دا بوون جۆرێک باسی حەسەن روحانیان دەکرد، وەکوو ئەوەی ناوبراو بە تایبەتی لە ئاسمانەوە بۆخەڵکی ئێران بەربوبێتەوە وناجی رزگاری خەڵکی چەوساوە و ماف خوراوی کوردستان بێ.

حەسەن روحانیش بە هاوکاری وپشتگری دووشەیتانی دیکەی گۆرەپانی سیاسەت، واتە مەحەممەد خاتەمی وهاشمی رەفسنجانی هەلەکەی قوزتەوە وکەوتە وادەوبەلێنی دان بە خەڵک ئێران وبە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان وبە کوردە رێفۆرم خوازەکان کە لە ئەگەری بوونی بە سەرۆک کۆماری لە کوردەکانیش بۆ پۆستی وەزارەت کەڵک وەردەگرێ. بەڵام دیتمان دوای بوونی بە سەرۆک کۆمار، لە ژێر وادەو بەلێنیەکانی خۆی دا ونە تەنیا یەک کوردیشی لە کابینەکەی دا نەکرد بە وەزیر، بەڵکووهەمان بیروفکری نژادپەرەستانەی نێوسیستمی کۆماری سێدارەی ئیسلامی وەبیرهەمووان هێنایەوە کە ئێران "یەک نەتەوە ویەک زمانە ولە ئێراندا وردە فەرهەنگ هەن". بە ئاشکرا سووکایەتی بە نەتەوەکانی دیکە وبە زمان وفەرهەنگ ومافەکانیان کرد.

دوای ٣٣ ساڵ لە دەرچوونی فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دەولەتی داگیرکەری فارس، کورد هەروا ژێردەست وبێ بەشە وهەروا حاشا لە ناسنامە ولە بوون ولە خاک ولە زمانی دەکرێ. کوردی رۆژهەڵات لە قەیرانی خۆپێناسەکردن دا دەژی. لە لایەن دەسەلاتدارانی تارانەوە هیچ حیسابی هاووڵاتێکی ئێرانی بۆناکرێ ولە مافە سیاسی ومەدەنییەکانی بێ بەش کراوە و ئێرانی بوونیش شامیلی کورد نابێ، لە قسە دانەبێ، ئەویش ئەوکاتەیە کە کورد وەکوو "مرزدارغیور" پێناسە دەکرێ. کوردی رۆژهەڵات کوردبوونەکەشی بە چاوی تاوانەوە سەیردەکرێ وبە تێکدەروئاژاوەگێرودوژمنی " تەواوییەتی عەرزی ئێران " دەناسێندرێ.

**ماویەکە ئامادە کاری بۆبەستنی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر دەکرێ وئەوەش داگیرکەرانی نیگەران کردووە ولەوبەینەش دا هەم داگیرکەری تاران وهەمیش ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەرییەکەی نیگەران کردووە ولە ئێستاوە کێچیان کەوتۆتە کەوڵی کە کورد باسی ناسنامە وکیانی سەربەخۆی کوردی بکا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کۆمەڵێک حیزبی سیاسی وکەسایەتی فەرهەنگی ورۆژنامەوان ونوسەرو نوینەری ڕێکخراوەکانی ژنان ولاوان بەشداردەبن. ئەوە دەرفەتێکی زێرینە بۆ نوینەرانی ئەحزاب وکەسایەتیەکانی سیاسی وفەرهەنگی کوردی بەشدارلە کۆنگرەی نەتەوەیی دا کە بە دارشتنی ستراتیژیکی نەتەوەیی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد وەسەربەرژەوەندی حیزبی خۆیان بخەن وئامانجی سیاسی وستراتیژی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پشتگری لە دروست کردنی ناسنامەی کوردی بێ لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی : ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣**

## ***٢٨ی گەلاوێژ، خۆڕاگری هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان لەدژی هێرشی کۆماری ئیسلامی سازادان: سامان ریشەساحێب***




### سازدان: سامان ریشەساحێب

نزیک بە ٣٤ ساڵ پێش ئێستا و لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە فتوای خومەینی هێرشێکی نیزامی هەمەلایەنەی کردە سەر کوردستان و شەڕێکی نەخوازراو و ناڕەوای بە دژی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا سەپاند. ٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی گەلانی ئێران بە گشتی و خەباتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، خاوەن جێگە و پێگەیەکی تایبەتییە. لەم رۆژە لە لایەن حاکمییەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی هێرش دەکرێتە سەر خەڵکی کوردستانء بزووتنەوە رەواو ئازادیخوازەکەی. ٢٨ی گەلاوێژ لەلایەکەوە رۆژی ئاشکرا بوونی هەموو ئەو درۆ و فریوکارییانەیە کە حکومەتی خومەینی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە خەڵکی دابوو لەلایەکی دیکەشەوە رۆژی بەرەنگارییەکی بێ وێنەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد وبزووتنەوە رەواکەی بوو لەدژی داگیرکاری ء هێرشی کۆماری ئیسلامی.

بەم مەبەستەو بۆ تاوتوێ کردن و باس کردن لە سەر هۆکارەکانی هێرش بۆ سەر کوردستان و کاریگەرییەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و دەرەنجامی وتووێژەکانی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی وتووێژێکمان سازداوە لە گەل هەر یەک لە هاوڕێیان: ناهید بەهمەنی - ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە و زاگرۆس خوسرەوی - ئەندامی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە کە دەقەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

***له سەر هۆکارەکانی هێرش بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی بە فەرمانی شەخسی خومەینی، ناهید بەهمەنی دەڵێت:***

رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کۆمەڵێک ئاڵ وگۆڕی هەمە لایەنەی لە گەڵ خوی هێنا کە تا ئەو کات کەم وێنە بوون و چاوەڕوان نەکراو. کاتێک سیستمی سەڵتەنەت رووخا لە ماوەی چەن مانگدا زۆر پێکهاتەی نوێ سەری هەڵدا و بە گشتی کەش و هەوایەکی ئازاد مەجالێکی بو گەشە کردنی بنەماکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دوور لە دیکتاتۆری هێنایە ئاراوە. کولتوری ئازادیخوازی و گرینگی بەها دێموکراتیکەکان بە خێرایی ریشەی داکوتا و تەشەنەی سەند. بە تەدبیر و ژیری ئازادیخوازان و بە رۆحیەی شۆڕشگێری ئەو رۆژانە، هێزی بەرینی جەماوەر سازمان درا و خەڵک بۆ یەکەم جار ئەزموونی بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی لەمەحەک دا. لەو کات و ساتەدا و لە وەها بارۆدوخێکدا دەیان رێکخراو و نیهادی مەدەنی و سیاسی سەریان هەڵدا. حیزبە سیاسیەکان بوونی خویان راگەیاند. ژنان، کرێکاران، خوێندەواران، موعەلیمان و جوتیاران بۆ یەکەمین جار لە دوای ئیستیبدادی رەزا شا سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکانیان دامەزراند و هاتنە گۆڕەپانی سیاسەت لە کوردستان. یەکدەنگی و هاوپشتی بوو بە فەرهەنگ. لە ماوەیەکی چەند مانگی تەمەنی کورتی ئازادیدا ئەزموونێکی کەم وێنە لە کولتووریکی سیاسی نوێ هاتە ئاراوە کە بە خێرایی بوو بە مایە و هەوێنی ئازادی و عەداڵەتخوازی لە کوردستان و نیهادینەی کرد. رۆژنامە و گۆڤار ئازاد بوو، حیزبایەتی و کاری سیاسی ئاشکرا کرا، شیعر، هەڵبەست، سروود و کۆڕ و کۆمەڵی فەرهەنگی و سیاسی و ئەدەبی و بە گشتی خوێندن وئەدەبی کوردی لە تامەزرۆیی دەرهات و بە پانتایی کوردستان گشتگیر بوو. میلیونها کتێب و بەڵگە و نووسراوەی ئەدەبی و سیاسی مەیدانی چاپی پێ درا. ژن ئازاد بوو و لاوانی پێشمەرگە لە جێگای هێزی حکوومەتی ئەمنیەتی وڵاتیان دەپاراست. رواڵەتێکی بە تەواوی ئازاد و دێمۆکراتیک باڵی بە سەر کوردستاندا کێشابوو. بارودۆخێک و وێنەیەکی تازە لە ئیدارەی کوردستان داهات، کە قەبووڵ کردنی لە لایەن دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیەوە لە گەل بنەماکانی یاسا و کولتووری ئیسلامی سیاسی تەبایی نەبوو. دەسەڵاتداری خەڵک و پاراستنی ئازادی لە کوردستان ئەویش لە کاتێکدا کە لە باقی شارەکانی ئێران بە توندی دەستکەوتەکانی ئازادی و شۆڕشی دژە سەڵتەنەت لە ژێر سەرکوت و داڕماندا بوو، خەتەرێکی گەورە لە بن گوێی خومەینی و هاوبیرانی دەژمێردرا. هەر بۆیەش زۆر زوو کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی بە هەموو پیلان و هەڕەشەیەک هەوڵی خۆیان بۆ چەواشە کردن و سەرکوتی ئەم جووڵانەوە بەرحەقە هێنایە کایەوە و نەیانهێشت گوڵی بەهاری ئازادی گەشە بکات و کوردستان ببێتە باغی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٣٥٧ و کۆڵەکەیەک بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە باقی ناوچەکانی ئێران. بە درۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**میژوویی خومەینی کە گۆیا «ژنانی موسڵمان لە مزگەوتی جامیعەی سنە ئەسیری دەستی پیاوانی کافر و کۆمۆنیستن و هێزەکانی پشتیوانی شۆڕشی ئیسلامی دەبێ بچن و نەجاتیان بدەن» و لە راستیدا بەم بوختانە مێژووییە و لەم رێگایەوە هێرش بو سەر شاری قارەمانی سنە «تئۆریزە» کرا و لەم دەروازەیەوە دواتریش تەواوی کوردستان لە خوێندا گەوزا.**

***زاگرۆس خوسرەوەی بە ئاوڕدانەوەیەک لە رەوتی رووداوەکانی پێش هێرش بۆ سەر کوردستان کە بە فەرمانی جیهادی ئیمام نێوی دەرکرد لایوایە:***

**چەند مانگ بەر لە رووخانی حکومەتی پاشایەتی بونیادەکانی کاری مەدەنی و رێکخراوەیی سەری هەڵدابوو و رۆژەکانی دوای شۆڕش ناوەندەکانی بە ناوبانگی وەک: کانونی نووسەرانی ئێران، کانونی حقوقدانانی ئێران(ماف ناسان) کە بە فەرمی لە ناو رۆژنامەوانان‌دا چالاکیەکانی خۆیان رادەگەیاند، ئەو چەند مانگەی نێوان شۆڕشی ٢٢ی رێبەندانی ٥٧ و ٥٨ گەلاوێژی ٥٨ بە ناوی بەهاری ئازادی ئێران ببووە گۆڕەپانی گەورەی ململانێی چین و توێژ و رەهێڵە جیاوازەکانی فیکری لە ناو خۆ و بەرژەوەندیی گشتی ناوچەکە لە نێوان هێزە گەورەکانی وەک شۆڕەوی و ئامریکا و بریتانیا، کە هەر کەسێک دەست و پێوەندییەکانی خۆیان تێدا تەیار کردبوو و هێزە کۆنسرواتیڤەکانی ئایینی بەرامبەری خومەینی بە دامەزرانی حیزبی جمهوری ئیسلامی و بەکەڵک وەرگرتن لە ناوەندە ئایینیەکانی وەک (استان قدس رەزەوی) و (مدرسە فە وزیە قم) و بەگشتی هەموو مزگەوتەکانی سەر بە ئایینی شیعە زۆر زوو خۆیان رێکخست و دەستیان بە کۆنترۆڵی زۆربەی وڵاتی ئێرانیان داگرت. لەو ناوەدا رۆڵی بەردەوامی بەهاری ئازادی لە کوردستان وەک هەڕەشەیەک بۆ ئەو تەمەرکوزگەراییە و داسەپانی حکومەتی دیکتاتۆری رەشیان لە ئەژمار دەهات و بەم هۆیەوە کەوتنە پلان داڕشتن وپیلان گێڕان و خۆیان بۆ هێرشێکی بەربڵاو بۆ کوردستان ئامادە کرد و لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بەدەر کردنی فەرمانی جیهاد ئەم هێرشە هەمە لایەنە لە رێگای ئاسمان و زەوی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. بۆ فریوی خەڵک وشەرعیەت دان بە فەرمانی هێرش سناریۆگەلێکی درێژ و درۆیینیان داڕشت، بۆ وێنە گۆیا(زنان مسلمان در کردستان بە اسارت گرفتە شدەاند) ژنانی موسوڵمان لە کوردستان بە دیل گیراون.**

***لە سەر ئەوەیکە هێزە سیاسیەکان دەیانتوانی چ کارێکی تایبەت بۆ راگرتنی هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان بکەن ناهید بەهمەنی ووتی:***

**به بڕوای من هێزه سیاسیەکان و لەوانە کۆمەڵە لەوەی کە کردیان زیاتریان پێ نەدەکرا. تەنیا چارە راوەستان و مقاومەت لە بەرامبەر ئەو هێرشە بە ربڵاوەدا بوو کە کۆمەڵە بە تەواوی هێزەوە و بە بێ راڕایی و گومان بەرپرسایەتی خۆی لەم بارەوە نیشان دا. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دوایین هێز بوو کە شارەکانی بە جێ هێشت . شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە نموونەیەکی روونی ئەم مقاومەتە بوو. هەروەها کۆچی خەڵکی مەریوان بۆ دەرەوەی شار وەکوو هەڵبژاردنی شێوەیەکی نوێ لە خەباتی مەدەنی بۆ یەکەمین جار بەرامبەر بە شەڕخوازی رژیمی ئیسلامی بە دەستپێشخەری کۆمەڵە لایەنی دیکەی راوەستان و داکۆکی لە دەستکەوتە دێمۆکراتیکەکان لە کوردستانی رۆژهەڵات بوو. بەڵام بە داخەوە هیچکام لەم سیاسەتانە نەیتوانی بەر بە نییەتی شەڕخوازانەی حکوومەتی چەک و خوێن بگرێت. بە پێچەوانەی خواست و ویستی خەڵکی مافخوازی کوردستان هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە قیمەتی دەیان هەزار کوژراو و بریندار و ئاوارەگی و دەربەدەری لە مێژووی خەباتی بەرحەق و عەداڵەتخوازانەی گەلی کورد لەم ناوچەیەدا تۆمار کرا و بوو بە رۆژی بەرەنگاریی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات.**

***لایەنێکی دیکەی ٢٨ی گەلاوێژ شکستی وتووێژەکان بوو لە گەڵ ناوەند یان نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ حکوومەت، سەبارەت بە وڵامی ئەم پرسیارە زاگرس خوسرەوی لایوایە:***

**هەمیشە لە رابردوودا دیکتاتۆرەکان حیسابیان بۆ هێزی لەبن نەهاتووی گەل نەکرد، بەربەرەکانێی جەماوەری لە کوردستان مێژوویەکی پڕشنگداری نەخشاند. بە فیداکاری و قوربانیدان پیلانی دوژمن پوچەڵ کرایەوە و لەو ناوەدا بڕیارە مێژوویەکەی کۆمەڵە کە بەناوی بانگەوازی (خلق کرد در بوتە ازمایش) تەدارۆکی خۆڕاگرییەکی چەکداری شۆڕشگێڕانەی لێ کەوتەوە. دوژمن لە هەموو بەرەکاندا تووشی شکستێکی حیساب بۆنەکراو هات و ناچار بوو پاش کەمتر لە ٣ مانگ پەیامی ئاشتی بنێرێ و بۆ کات کوشتن و خۆ تەیار کردنیان و خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕێکی گەورەتر بە ناردنی هەیئەتی بە ناو حوسنی نییەت و موزاکرە لە گەڵ هەیئەتی نوێنەرانی گەلی کورد پاساوێک بۆ فەرمانە شومەکەی جیهاد دژی نەتەوەی کورد هەر وەک بە کردەوەش دەرکەوت. ئەو گروپی ئاشتییە خۆ دەسەڵاتێکی بە دەستەوە نەبوو، ناوەندگەلێکی نهێنی لە دەوروبەری رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە پشتی سەریانەوە بڕیاریان دەردەکرد وهیچ بەرهەمێکی بە کەڵکی بۆ گەلی کورد تێدا نەبوو.**

***هەر لەو پێوەندیە رەوتی وتووێژەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی ناهید بەهمەنی دەڵێت:***

**کۆماری ئیسلامی لە راستیدا نیشانی دابوو کە بە تەمای چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستان بە شێوەی**

هێمنانە نییە، بەڵکوو دەیهەویست بە بۆنەی وتوویژەوە کات بکرێ و نەقشە و پلانەکانی بو سەرکوتی بەرینتر دابرێژێ . ئەوان زەمانیان بۆ خو ئامادە کردن و بە توانا کردنی هێزەکانیان ، چ سیاسی و چ نیزامی پێویست بوو. لە لایەکەوە نییەتی رژیم ئەوە نەبوو کە لە رێگای وتوویژەوە و بە رێگاچارەی ئاشتی خوازانە و دیپلۆماتیک کێشەی کورد حەل بکات. ولە لای دیکەوە یەک هەڵوێست نەبوونی حیزبەکانی کوردستان لە سەر شێوەی داخوازیەکانی خەڵکی کورد، لەوانە دەعوەتی هەیئەتی دەوڵەت لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە وتوویژی یەک لایەنە لە گەڵیان و قەبوول نەکردنی حیزب و لایەنەکانی دیکە ، ئاستەنگێک بوو لە سەر راکێشانی بڕوا و ئیعتمادی باقی ئەندامانی هەیئەتەکە و لەوانە کۆمەڵە. هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بەم پیلانانە بروایان بە جیدی بوونی پروسەکە لاواز بوو، ئەگەرچی لە سەر بەردەوامی وتوویژ ساغ بوون. هەموو ماوەی وتوویژەکەی هەیئەتی دەوڵەت لە گەل هەیئەتی کورد سەرجەم زیاتر لە ٤٠ دەقیقەی نەخایاند، ئەگەرچی دەوڵەت پڕوپاگاندای زۆری بەم کارەوە کرد بەڵام لە راستیدا پیلانێکی سازماندراو بوو بو بێدەنگ کردنی خوازیارانی سوڵح و ئاشتی لە کوردستان، پەرەپێدانی شک و گۆمان بەرامبەر بە سیاسەتی سەرکوتی رژیم و تاوانبار کردنی خەباتکارانی کورد، هەروەها بیانوویەکیش بۆ داپۆشاندنی سیمای شەڕخوازی کۆماری سێدارە.

خەباتکارانی ئەو رۆژە سەختانە دەزانن کە کۆماری ئیسلامی هەر لە دەسپێکی هاتنە سەر کارویەوە پرۆسەی هێرش بۆ کوردستانی لە بەرنامەدا بوو و نەیدەویست ئەم گوڵە زەمینە لە دێمۆکراسی و ئازادی لە ئێران هەتا سەر ئاوەدان بمێنێتەوە. کۆمەڵە زۆر زوو دەستی نوێنەرانی دەوڵەتی خوێندەوە و زیاتر بۆی دەرکەوت کە دەبێ خۆ بۆ بەربەرەکانێ نیزامی لە گەڵ حکوومەتی ئیسلامی و هێرشێکی بەربڵاو ئامادە بکات، و کردیشی و سەربەرز لێ هاتەدەر. مقاومەتی هێزە سیاسیەکان بە یارمەتی و بەشداری بەرین و شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە شەڕی نەخوازراو و هێرشی ئینسان کوژی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ سەر کوردستان سەرەرای قوربانیدان وماڵ وێرانیەکی زور و ماندگاری کاریگەرییە نەرێنیە لاوەکیەکانی لە باری ئابووری، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و رەوانیەوە، جێ حاشا نییە کە مێژوویەک لە دەسکەوتی مەعنەوی و شانازی بۆ کورد و بزوتنەوەکەی تۆمار کرد.

کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات دەبێ رۆژێک بتوانێ ئەم هێرشە و کۆمەڵ کوژی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر گەلی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی وەکوو جێنوساید و نمونەیەک لە جنایاتی دژی بەشەری دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان تۆمار بکات .

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# جینایەتێکی سامناک



## عەبدوڵلا حەسەن زادە

تۆماری تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆری بە کوشت و کوشتار و قەتڵوعام و تالان و بڕۆ و تاوانی دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان پڕ کراوەتەوە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی شارەکانی سنە، شەقز، و بانە و نەغەدە و زۆر گوندی وەک قارنێ، قەلاتان، سۆفیان، سەرووکانی، حەلبی و کویکان و حەسەن لۆلان و ... دوورخستنەوەی سەدان بنەماڵەی کورد بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی وڵات، وێران کردنی سەدان گوند، سووتاندنی هەزاران هەکتار زەوی و زاری خەڵکی هەژاری لادێ، گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و ئازاری ئازادیخوازانی کورد هەر کامە بەشێک لە کارنامەی رەشی ئەو حکومەتە پێک دێنن کە هەژدە ساڵە بە ناوی دینەوە سواری شان و ملی گەلانی ئێران بووە.

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییش دا بە دەیان جار کیژان و لاوانی کورد بە تاک و بە کۆمەڵ کەوتوونە بەر دەسرێژی بەکرێگیراوانی داخ لە دڵی کۆماری ئیسلامی. بەڵام جینایەتێک کە کار بەدەستانی رێژیم لە رۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ (٢ی ژوئەنی ١٩٨٣) دا دەرهەقی لاوانی مەهاباد ئەنجامیان دا، بەڕاستی دڕندانە و پڕ شوورەیی بوو. لەو رۆژە دا بە ناو پارێزەرانی ئیسلام بە یەک جار ٥٩ تێکۆشەری خەڵکی مەهابادیان دایە بەر دەسڕێژی گوللەی ناهەقی و خەیانەت بێ ئەوەی تاوانێکی شیاوی ئەو سزا سەختەیان (تەنانەت بە پێی قانونەکانی کۆماری ئیسلامییش) ئەنجام دابێ و بێ ئەوەش لە دادگایەکی ئاشکرا و قانوونی دا موحاکەمە کرابێ .

له نێو ئەو پەنجاو نۆ کەسە دا لە بێ لایەنەوە هەبوو هەتا ئەندامی هێزە سیاسی یەکانی کوردستان. بەڵام زۆربەی زۆریان لە لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، دیارە ئەوانەش کە ئەندامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان بوون، بەڵگەیەک لەسەر ئەندامەتی یان لە دەست جەللادەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دا نەبوون بە داخەوە لەبەر بەڵگەی روون دەرتانی ئەوە نیە لە بەرامبەر ناوی هەر کام لەو شەهیدانە دا ناوی ئەو ڕێکخراوە سیاسی یە بنووسین کە ئەندام یان لایەنگری بوون. بەو حاڵەش ناکرێ ناوی ئەو ٥٩ شەهیدە کە دەتونین بە ٥٩ مەشخەڵی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران و بە ٥٩ شاهیدی دڕندەیی و ئینسانکوژی ڕێژیمی ئیسلامی یان دابنێین، (لاپەرەی ٦٣)

سەرچاوە : کتیبی نێو سەدە تێکۆشان بەرگی دووهەم نووسینی رێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

## ٥٩ مەشخەڵی ڕێگای رزگاریی کوردستان

---------------------------------------------

### ناو و ناوبانگی ٥٩ شەهیدی کە لە ١٢ جۆزەردانی ١٣٦٢ هەتاوی(٢ی جوونی ١٩٨٣ زایینی)

### لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران گولله باران کران ؛

| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلا حەسەن لاجوەردی | ٩ | فەرەیدون شەنگە | ١٧ | حەسەن رەحمانیان |
| ٢ | عەلی سەلاحی | ١٠ | محەممەد سەلیمی | ١٨ | کەماڵ چاوشینی |
| ٣ | عەلی غەوارە | ١١ | رەحمان خزرپور | ١٩ | یۆسف ئەیازی |
| ٤ | مستەفا فەقری | ١٢ | ئەحمەد کەهروبی | ٢٠ | خالەق بارزانی |
| ٥ | شوکری نادری | ١٣ | مەقسوود مەحموودی | ٢١ | مستەفا عیسمەتی |
| ٦ | سالح مام ئیبراهیمی | ١٤ | سالح فەرهوودی | ٢٢ | عەلی گوڵپەرەست |
| ٧ | سەید مەحموود سەید مەحموودی | ١٥ | کامران زاهیر حەجازی | ٢٣ | رەحمان رەحیمی |
| ٨ | کەریم کاوە | ١٦ | عەلی ئابادە | ٢٤ | عەبدوڵلا تەحریان |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

| ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ | ریز | ناو و ناوبانگ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | یۆسف حەسەن زادە | ٣٧ | سیامک سەقزی | ٤٩ | عەلی مەزنە |
| ٢٦ | سولەیمان حەسەن زادە | ٣٨ | عەبباس یۆسفی | ٥٠ | کازم خاتوونی |
| ٢٧ | ئیبراهیم ئەمینی | ٣٩ | حوسێن کەلهوری | ٥١ | عەبباس حوسێن پور |
| ٢٨ | محەممەد فارق بازیار | ٤٠ | حامید مەحموود کەندو | ٥٢ | محەممەد حوسێنی |
| ٢٩ | یۆسف حەبیب پەناە | ٤١ | محەممەد ئەمین ئەحمەدی | ٥٣ | مەحموود ریزیی |
| ٣٠ | کەریم رەحیمیان | ٤٢ | مەنسوور جەناح | ٥٤ | همایون نیلوفەری |
| ٣١ | کەماڵ کەریمی | ٤٣ | وەفا ئەلیاسی | ٥٥ | محەممەد ئەمین سەفا |
| ٣٢ | هەژار کەریمی | ٤٤ | محەمەد مەسعودی | ٥٦ | محەممەد عەلیالی |
| ٣٣ | ئینشائڵڵا نادری | ٤٥ | محەممەد ئەبوبەکری | ٥٧ | عەلی بانەیان |
| ٣٤ | ئەبوبەکر شوکری | ٤٦ | سەید ئیبراهیم ئەحمەدی | ٥٨ | حەسەن جیهانیان |
| ٣٥ | خدر رەنگین | ٤٧ | خالید سەفایی | ٥٩ | غوڵامرەزا بارزی |
| ٣٦ | عەلی بازیان | ٤٨ | خالید رەحیم ئازەر | | |

## پەنجا و نۆ گەڵای وەریو!



### هەیاس کاردۆ

جۆزەردان مانگی خێڵ و خێڵاتچییبیانە، مانگی ڕەشماڵ و بێری و شمشاڵی شوانە. جۆزەردان مانگی فەریکە بوونی گوڵە گەنمەکان و تیژ کردنی داس و مەڵەغانی سەپان و وەرزێڕانە. جۆزەردان، مانگی وەبەرهاتنی دار و درەخت و زەوی و زاری جووتێرانە. جۆزەردان مانگی فڕینی باڵندە ئازادەکان بە ئاسمانی شین و بێ گەرد دا و دروست کردنی هێلانەی ژین بۆ ڕاگرتنی نەزمی هەرمانە. جۆزەردان مانگی هیوا بە دەسکەوتی خوێندنی خوێندکاران و تامەزرۆ بوونی پشوویەکی درێژی هاوینانە.

ئەو ساڵە داسی مەرگ زوو تیژ کرا و پێش ئەوەی گوڵە گەنمەکان زەرد بن درویێنە کران. ئەو ساڵەی وەیشوومەی سەرما نەی هێشت چادر و چیغ لە کوێستانان هەڵدرێن، دەستی بێری لە گوانی مەڕ بڕی و شمشاڵی شوانەشی بێدەنگ کرد. ئەو ساڵەی تەیرەکان نەیان توانی لە شەقەی باڵان بدەن و هەوای ساف و بێگەردی ئەو ناوە هەڵمژن. ئەو ساڵەی هێلانە دروست نەکران و سروشت لە ڕەوتی ئاسایی خۆی بێبەش کرا. جۆزەردانی ئەو ساڵە قوتابییان لە جیاتی هیوا بە داهاتوویەکی گەش، فرمێسکی خەم و حەسرەتیان هەڵەوەراند و ئامێزیان بۆ هەڵوەرینی گەڵا سەوزەکان کردەوە. جۆزەردانی ئەو ساڵە وەک بەهار نەدەچوو، ڕێبەندانێک بوو دڵەکانی دەگوشی و لەشەکانی سیس هەڵ دەگێڕا.

ئاخر چۆن دەبێ لە نێو وەرزی بەهاری ژین دا پەنجا و نۆ گەڵای تازە سەوز بوو بە جارێک هەڵوەرێندرێن و

پاییزی خەم پێک بهێندرێ؟ بۆ دەبێ پەنجا و نۆ گوڵی بۆنخۆشی بەهاری بە جارێک پەڕپەڕ بکرێن و باخچەی ژیان بە جارێک بڕووتێنـدرێتەوە؟ ئـاخر کەی ڕەوایە لە جۆزەردانی مـانگی هیـوا و هومێـد دا فرمێسک جێگـای بـزە بگرێتەوە و تروسکەی هیوا لە چاوەکان بتارێ؟ کەی ڕەوایە سەرزەویی کوردەواری لە بەهاری جوانیی بێبەش بکرێ و پاییزی خەمی بەسەر دا زاڵ بێ؟

ئەو ڕۆژەی مـانگی جۆزەردان خەریـک بـوو بە دوازدەهەمین تیشکی خـۆر بـڕازێتەوە و بـاوەشی گەرمی بـۆ وەرزێـران بکاتەوە نەزمی سروشت گۆڕا و دنیا تـاریک داهات. ئەو کاتەی دوازدەهەمین ئێوارەی بەهاری ژین خەریک بوو ژوانی پێک گەیشتن بۆ دڵداران ساز بکا و کاتێکی خۆشیان بۆ پێک بێنێ، دڵـی دڵـدار گـۆڕا و ژوانگە بە چۆڵی مایەوە. ئەو ڕۆژەی خاڵەی جووتێر خەریکی تیـژ کردنـی داسـی ژیـن بـوو هەتـا لە جـۆزەردانی خێـر و بەرکەت دا دروێنەی هیواکانی بکا، ڕەوتی ژیان گۆڕا و ناهومێدی جێگای هیوای گرتەوە. ئەو ڕۆژەی گـوڵە بۆنخۆشـەکانی بـاخچەی ژیـان خەریکی سەما بوون و بۆنی خۆشی خۆیان بڵاو دەکردەوە، تۆفانی نەهامەتیی هەڵـی کـردێ و هەوای بەهـاری گـۆڕا. ئەو ڕۆژەی پەنجا و نۆ لاوی مەهابـادی لە کاتێکـدا خۆیـان بـۆ وەڵامدانەوەی ئەزموونەکـانی خوێنـدنی یەکسـاڵەیان ئامادە دەکرد و تیشکی هیوا لە پەنجەرەی دڵی دەدان کەوتنە بەر خەنجەری جەور و دڵیان کون کون کرا، ڕوانینـی مرۆڤ لە یەکتر گۆڕا.

لەو ڕۆژەوە (١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتـاوی) کە داسی مەرگی کۆماری ئیسلامیی ئێران گوڵی تەمەنی پەنجا و نۆ لاوی مەهابـادی پەڕپەڕ کـرد ئیتـر بەهـار مانـای جـارانی نەمـاوە. هەموو سـاڵێ لەو ڕۆژ و مانـگ و وەرزە دا بـای خەزان هەڵـی دەکـاتێ و گەڵای دارەکـان دەست بە وەریـن دەکەن. هەمـوو سـاڵێ لەو ڕۆژ و مانـگ و وەرزە دا کـانیی چاوەکان دەزێنەوە و کونی فرمێسکەکان دەکرێنەوە. هەموو سـاڵێ لەو ڕۆژ و مانـگ و وەرزە دا چـاوی چاوەڕوانەکـان دوور دوور دەڕوانن بـۆ ئەوەی ئەو داسی مەرگ هێـنەرە لە دەشتی پـڕ پیت و بەرەکەتـی نیشتمانەکەیان نەمێنـێ و هیچی دیکە گوڵە تـازە پشکووتوەکانیان پەڕپەڕ نەکرێن. هەموو سـاڵێ لەو ڕۆژ و مانـگ و وەرزە دا مرۆڤ و مرۆڤ دۆستەکان یادی ئەو پەنجاو نۆ گوڵە پەڕپەڕ کراوە دەکەنەوە و بە یادی ئەوان هەزاران نەمامی تـازە دەنێژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوونی ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بابەتی: ٢٠١٢

---

## وەستانێک لە سەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان




### فەرامەرز سجیم

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، یەکێ لە گەورەترین رووداوەکانی مێژووی رۆژهەلاتی کوردستانە کە وەک پەڵەیەکی رەش بە ناوچاوانی رژیمی ئیسلامییەوە دەمێنێتەوە و تێیدا بەرگێکی زێرینی دیکە لە خۆڕاگری و خەباتی بێوچانی گەلی کورد تۆمار کرا. پاش بە دەسەلات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، کوردستان تەنیا ناوچەیەکی ئێران بوو کە خەڵک چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە گرتبوو. دوور نەبوو کە ئەو دۆخە لە کوردستان بە خێرایی هەستی نەتەوەیی لە ناوچەکانی دیکە ئێران ببزوێنێ و دۆخەکە بۆ رژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتووی ناسەقامگیر دژوار بکات. هەر بۆیە لە روانگەی دەسەلاتدارانی بیرتەسکەوە هێرش بۆ سەر کوردستان و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد پێویستییەکی خێرا بوو. بە بێ سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان و داگیر کردنی کوردستان، سەقامگیر بوونی کۆماری ئیسلامی غەیرە مومکین دەبوو. لە راستیدا هێرش بۆ

سەر کوردستان گەورەترین هێرشی دوژمنانی ئازادی بوو بۆ سەر ئازادی و دیمۆکراسی. کار و کردەوەکانی رژێمی تازە بە دسەڵات گەیشتوو، هەر لە چەند رۆژ پاش راپەرینەوە، گەلێک وەهم و گومانی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و خومەینی هێنایە ئاراوە. سەرکوتکردنی یەکەم نارەزایەتی ژنان لە تاران، دادگایی کردنی چەندین کەسایەتی سیاسیی سەربەخۆ و حیزبی، هێرش بۆ سەر چەندین میتینگ لە زانکۆکانی تاران، داخستنی چەندین رۆژنامەی چاپی تاران و هێرش بۆ سەر دەفتەری چەندین حیزب و لە سێدارەدانی ژمارەیەک کەسایەتی لەشکەری و کشوەری سیمای شەرئەنگێزانە و دژە ئازادیی ئەو رژێمەی دەرخست و ئینجا فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان وەهم و گومانەکانی کرد بە دڵنیایی و هەموو ماهییەتی کۆماری ئیسلامی لەقاودا.

پێویستە بوترێ کە پاش راپەرینی شکۆمەندی ساڵی ١٣٥٧ هەتا شەش مانگ دواتر کە لە کوردستان دەسەڵات بە دەستی شوراکانی خەڵکەوە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی لە تاران هەموو هەواڵەکانی کوردستانیان چەواشە دەکرد و بە مەیلی خۆیان دەرخواردی بیروڕای گشتیی ئێرانیان دەدا. ئەم چەواشەکارییەی هەواڵی رووداوەکانی کوردستان ببوە هۆی ئێعترازی زۆر توندی خەڵکی سەرجەم شارەکانی کوردستان.لە چەند رۆژ بەر لەوەیکە خومەینی فەرماندەی هێرش بۆ سەر کوردستان بدا، لە ناوچەی پاوە، لە نێوان خەڵک و هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزە کۆنەپارێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە فەرماندەیی مستەفا چەمران، شەڕ و پێکدادانی خوێناوی روویدابوو.

بوو، چەندین جار شەڕ و پێکدادان لە نێوان خەڵک و ئەو بەشە لە ئەرتەش و ژاندارمری کە لە پادگانەکاندا مابوونەوە روویدا بوو، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لەمبارەوە گەلێک نارازی بوون. نموونەی ئەو شەڕ و پێکدادانە لە شاری مەریوان روویدا کە هێزەکانی سەر بە دەوڵەت تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و ژمارەیەک لە خەڵک کوژران و بریندار بوون بە دوای ئەوەدا خەڵکی شاری مەریوان بە رێبەرایەتی هاوڕێی رابەر کاک فوادی مستەفا سوڵتانی، کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوانیان رێک خست و بەم کۆچەیان ئەوپەری نارەزایەتی خۆیان دژ بە مانەوەی هێزەکانی رژێم لە کوردستان و سەرەڕۆیی ئەو هێزانە و پڕوپاگەندەی ژەهراوی رژێم دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان وەڕێ خست. هێرشی لەشکری 28ی کوردستان بۆ سەر خۆپیشاندانی خەڵکی شاری سنە یەکێکی دیکە بوو لەو رووداوانە. دروستکردنی شەڕی نێوان کورد و تورک یان شیعە و سوننی لە شاری نەغەدە کە تێیدا دەیان کەس لە خەڵک کوژران، پیلانێکی دیکەی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بوو بۆ بە دەستەوە گرتنی بیانوویەک هەتا هێزەکانیان رەوانەی کوردستان بکەن. میدیاکانی کۆماری ئیسلامی لە تاران هەموو هەواڵەکانی کوردستانیان چەواشە دەکرد و بە مەیلی خۆیان دەرخواردی بیروڕای گشتیی ئێرانیان دەدا. ئەم چەواشەکارییەی

هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان ببوە هۆی ئیعترازی زۆر توندی خەڵکی سەرجەم شارەکانی کوردستان. لە چەند ڕۆژ بەر لەوەیکە خومەینی فەرمانـدەی هێـرش بـۆ سەر کوردستان بـدا، لە نـاوچەی پـاوە، لە نێوان خەڵـک و هێـزی پێشمەرگە لەگەڵ هێـزە کۆنەپارێزەکـانی کۆمـاری ئیسلامی بە فەرمانـدەیی مستەفا چەمڕان، شـەڕ و پێکـدادانی خوێناوی ڕوویدابوو. خەڵکی شاری پاوە کە ئیدارەی شار و گوندەکانی خۆیان بە دەستەوە گرتبوو، بە تونـدی دژی هـاتنی هێزەکـانی ڕژێـم و مانەوەیـان لە کوردسـتان بـوون. چەمڕان و هێـزە چەکـدارەکانی کە دەسـتبەجێ ڕەوانەی کوردستان کرابوون، دەستیانکرد بە قەتڵی عـامی خەڵکی بێتـاوانی ئەو نـاوچەیە، بەڵام کەوتـنە گەمـارۆی هێـزی پێشمەرگە و خەڵکی ئەو ناوچەیە. دەوترێ فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لە سەر داوای چەمڕان لە خومەینی بوو.

## بیانووەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ هێرشی بۆ سەر کوردستان

ئەگەرچی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتـاویدا گەلێک هۆکـاری هەبـوو، بەڵام پێویستە بە کورتی ئاماژەیەک بکەین بەو بیانووە پڕوپووچانەی کە کۆمـاری ئیسلامی بە دەسـتەوەی گـرتن و لەشکرکێشـی بـۆ کوردسـتان کـرد. هەر بـۆیە ئامـاژەیەکی کـورت دەکەیـن بەو درۆ و دەلەسـەیەی کە خـومەینی و هاوبیرانی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان کردیان.

### ١- دەستبەسەر کران و بە بـارمتە گیرانـی کۆمەڵێک ژنی موسوڵمان و "موحەجەبە" لە مزگەوتی جـامیعەی شـاری سنە.

خومەینی بەو بیانووکە کە "زیدی ئینقلاب" کۆمەڵێک ژنی موسوڵمان و موحەجەبەیان لە مزگەوتی جـامیعەی شـاری سنە بە بارمتە گرتووە، فەرمانی بە سەرجەم هێزە چەکدارەکانیدا بۆ ڕزگار کردنی ئەو "ژنانە" هێـرش بـکەنە سـەر کوردستان. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە جوغرافیای وڵاتی ئێرانی بە باشی نەدەزانی تەنـانەت فەرمـانی بە هێـزی دەریاییشدا کە لەو هێرش و لەشکەرکێشییەدا بەشداری بکەن و بەرپرسانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی بۆ داپۆشینی ئەم ناشارەزاییەی خومەینی، سەدان سەربازی هێزی دەریایی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامییان لەگەڵا سوپای پاسداران و ئەرتەش ڕەوانەی کوردستان کرد.

**٢- یارمەتی ١٧ میلیۆن دیناری لە دەرەوەی وڵات بۆ نائارامکردنی کوردستان**

یەکێکی دیکە لەو بیانووانە ئەوە بوو کە گۆیا لە دەرەوەی وڵات و لە لایەن لایەنە دەرەکییەکانەوە و لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانی، یارمەتییەکی ١٧میلیۆن دیناری بۆ لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن نێردراوە هەتا لە بەرانبەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان پڕچەک بکەن. ڕۆژنامەی ئیتلاعات ئەم هەواڵەی بە تیتری گەورە نووسی و گەلێک چەواشەکاری کرد.

**٣- پاش کۆتایی هاتنی یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری، خومەینی لە دیدارێکدا لەگەڵ نوێنەرامی مەجلیسی وتی:** کوردستان نائەمن بووە، ئێمە ئازادیمان بە خەڵکدا، ڕۆژنامەکانمان ئازاد کرد، حیزبەکانمان ئازاد کرد، قەڵەمەکانمان ئازاد کرد، بەڵام ئەوان سەری پاسدارەکانیان بڕی، دەستدرێژییان کردە سەر ژن و منداڵەکان. سنورەکانیان بە رووی دوژمناندا کردەوە و لەگەڵیان هاودەست بوون. ئەوان مانای ئازادی نازانن و هەر بۆیە چیتر ئازادی بەوان نادەین و هێزەکانی ئینقلاب دەبێ دەست بە جێ ئەم دوژمنانە سەرکوت بکەن و ئەمنییەت بگەڕێننەوە بۆ ئەو ناوچەیە.

**٤- یەکێکی دیکە لەو بیانووانە، شەڕی نێوان کورد و تورک یان شیعە و سوننی بوو لە شاری نەغەدە کە ئەم شەڕە لە لایەن داردەستی کۆنەپەرەستانەوە ساز کرا.** خەڵخاڵی کە خۆی گەیاندبووە شاری نەغەدە، بە یارمەتی کۆمەڵێک بەکرێگیراو هێرشیان کردە سەر گەڕەکە کورد نشینەکان و دەیان کەسیان کوشت و دەیانی دیکەشیان بریندار کرد و سەروەت و سامانی زۆر کەسیان تالان کرد. سەرباری ئەوە لە ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهاندا هەموو ڕاستییەکانیان چەواشە کرد و خەڵکی کوردی شاری نەغەدەیان بە تاوانباری ئەو ڕووداوە زانی. بەڵام لە ڕاستیدا تاوانباری سەرەکی، نە خەڵکی کورد و نە خەڵکی تورکی ئەو شارە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی بوو کە دەیهەویست بیانوویەک بە دەستەوە بگرێ بۆ تەکمیلی لەشکرکێشییەکەی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان.

**٥- ڕووداوەکانی شاری پاوە، یەکێکی دیکە لە بیانووەکانی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ هێرشی بۆ سەر کوردستان.** لە چەند ڕۆژ بەر لە فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان، هێزەکانی ژاندارمری تەقەیان لە خۆپیشاندانی خەڵکی شاری پاوە کرد و ئەمە بووە هۆی قینی خەڵکی شاری پاوە. هەر لەو سەردەمەدا خەڵخالی لە شاری کرماشانەوە بەرەو شاری پاوە کەوتبوە ڕێ و هەر کە گەیشتە ئەو شارە دەستی کرد بە ئیعدامی خەڵکی بێتاوان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

به دەیان کەس لە شاری پاوە خەڵتانی خوێن کران و یان ئێعدام کران. لە ئاکامی تۆپباران کردنی ئەو شارە و تەقینەوە گوللە خۆمپارەکان نەخۆشخانەی ئەو شارە وێران بوو. رۆژانە کۆمەڵێک لە خەڵکی بێتاوانیش دەبوونە قوربانی سیاسەتی داگیرکاری رژیمی کۆماری ئیسلامی. رووداوەکانی شاری بانە، رۆژ بە رۆژ لە رۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهاندا چاپ دەکرا، بەڵام بە شێوەیەکی چەواشەکارانە و بە دوور لە راستی. کاربەدەستانی رژیم و بە تایبەت خومەینی دەیانهەویست رووداوەکانی پاوە، بلکێنن بە بوونی هێزەکانی ئەو دیوی سنوور و بێگانە و لە زمان پاسدارانی بریندارەوە کە گەڕابوونەوە بۆ تاران دەیانگوت، کۆمەڵێک خەڵکی لێن کە بە عەرەبی قسە دەکەن و رەحم بە هیچ کەس ناکەن. هێزەکانی کوردی عێراق لەگەڵ پاسدارەکان شەڕ دەکەن و لە ناو ئەو هێزانەدا کەسی خەڵکی کوردستانی ئێران نابیندرێ. ئەمە بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی کە هێرش بکەنە سەر شاری پاوەش و بە خەیاڵی خۆیان هێزەکانی بێگانە لە خاکی کوردستان و دواتر لە ئێران وەدەر نێن و کوردستان ئارام بکەنەوە.

ئەگەرچی باسکردن لە هەموو لایەنەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان مومکین نییە و لەم نووسراوەیەدا جێی نابێتەوە، بەڵام هەوڵ دەدەین بە کورتی، رووداوە گرینگەکانی ئەو هێرشە و رێکەوتی روودانیان باس بکەین و دوان لە هەموو لایەنەکانی دیکەی هەڵدەگرین بۆ دەرفەتەکانی داهاتوو و نووسراوەی دیکە.

## ٢٨ی گەلاوێژ

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، بە سوخەنرانیی خومەینی لەسەر رادیۆی رەسمی ئێران و راگەیاندنی فەرمانەکە لەشکەرکێشی بۆ کوردستان دەستی پێکرد. پێویستە بوترێ کە بەر لەوە ژاندارمری و چەند پاسگایەکی ئەرتەش کە تاقە و لۆقە لە سنوورەکانی کوردستان مابوونەوە، خەڵکیان دەدایە بەر دەستڕێژی چەک. هەر ئەم کردەوانەی هێزی ژاندارمری بوو کە لە پاوە بووە هۆی وەستانەوەی خەڵک و شەڕێکی قورسی لە پاوە هێنایە ئاراوە. بە دەستپێکردنی لەشکەرکێشی، بە سەدان پاسدار رەوانەی شاری بانە کران و بێڕەحمانە دەستیان کرد بە کوشتاری خەڵک و تەنانەت لە تەقە کردن بەرەو منداڵان خۆیان نەدەبوارد. بۆ داپۆشینی ئەو جنایەتانەی کە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە شاری پاوە کردیان، میدیاکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت رۆژنامەکانی ئیتتلاعات و کەیهان دەستیان کرد بە چەواشەکاری راستییەکان و پڕوپاگەندەی ژەهراوییان دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەیان و هێزی پێشمەرگە دەستپێکرد و بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێرانیان بە دژی بزووتنەوە رزگاریخوازانەی کوردستان هەڵدەخڕاند. بۆ وێنە لە رۆژنامەی کەیهاندا لە زمان پاسدارە بریندارەکانی شەڕەکەی پاوەوە نووسرا، پاسدارە

بەدیل گیراوەکان بە زیندوویی سەر دەبڕان و تەنانەت بەزەییان بە مردووەکانیشدا نەدەهات و ئەوانیشیان سەر دەبڕی و بریندارەکانیان لە سەر تەختی نەخۆشخانە دەکوشت.

پاش دەرچوونی فەرمانەکەی خومەینی، بە هەزاران سوپایی و هێزی ئەرتەش کە بە ئەنواعی چەک و چۆڵ تەیار کرابوون، بەرەو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وەڕێ کەوتن. لە شارەکانی شیراز، خورمئاباد، قەزوین، زەنجان، ئەهواز، هەمەدان، تەوریز، ئیسفەهان و تارانەوە بە لێشاو هێزیان رژاندە کوردستان. خومەینی خلخاڵی جنایەتکاری وەک حاکمی شەرع نارده کوردستان و دەستی بۆ هەموو کردەوەیەک ئاوالا کرد و دەسەڵاتی بێسنووری پێدا بۆ هەر کردەوەیەک کە بیێتە هۆی داگیر کردنی کوردستان و کوشت و بڕی خەڵک. خەڵخاڵی دەست بە جێ گەیشتە کرماشان هەتا بە خەیاڵی خۆی کوردستان لە "ئەشڕار" پاک بکاتەوە.

## ٢٩ی گەلاوێژ

هەر چەند سەعات پاش فەرمانەکەی خومەینی، هێزی یارمەتیدەر گەیشتە شاری پاوە. بەر لەوە ئەو ژمارە هێزەی کە لە پاوەدا بوون لە شەڕ لەگەڵا پێشمەرگە و خەڵکی تێکۆشەردا زۆربەی هەرە زۆریان کوژران. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شاری پاوەیان گەمارۆدا و گۆمی خوێنیان لەو شارە وەڕێ خست. ٩ کەس لە تێکۆشەرترین کەسانی شاری پاوە، بە بێ هیچ دادگاییەک، حوکمی گوللەبارانکردنیان پێدان و بەمجۆرە گیانیان بەخت کرد. بەڵام موقاوەمەتی خەڵکی رزگاریخوازی ئەو شارە تێک نەشکا و خۆڕاگری لە بەرانبەر داگیرکەراندا زۆر پتەوتر بوو.

هەر ئەو رۆژە بە دەیان کاروانی نیزامی کە بە زۆری پێکهاتبوون لە پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەو هەورامان حەرەکەتیان کرد و بەشێکی زۆر لە ناوچەی هەورامانیان داگیر کرد و دەستیان بە خوێنی ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو ناوچەیە سوور کرد. فڕۆکە جەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئامادە کاری بکەن بۆ هێرشی هێزە چەکدارەکانی رژیم بۆ سەر شاری سنە و ترس و وەحشەت بخەنە ناو دڵی خەڵکی ئەو شارە کە خۆیان بۆ خۆڕاگرییەکی نەپساوە لە بەرانبەر داگیرکەراندا ئامادە کردبوو، چەندین جار ئاسمانی شاری سنەیان بەزاند و دیواری سەوتییان لە سەر ئەو شارە شکاند.

رادەی جنایەتکاری و دڕەندەیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە زۆر بوو کە ١٦ کەس لە دەرەجەداران و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**ئەفسەرانی ئەرتەش و چەند سوپاییەک، چیتر نەیانویست لە ریزەکانی خۆیاندا بمێننەوە و بە کۆمەڵ ئیستعفایان دا و شوێنی کارەکەیان بەجێ هێشت، بەڵام خلخاڵی لە دادگاییەکی خێرا و چەند دەقیقەییدا هەموویان بە ئێعدام مەحکووم کرد و دەستبەجێ هەموویان گوللەباران کردن.**

## ٢٠ی گەلاوێژ

**لەم رۆژەدا ٧ کەسی دیکە لە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی سەرپێچی لە بڕیارات ئێعدام کران و کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە هێزەکانی خۆی چاوترسێن کرد هەتا بە تەواوەتی ملکەچی بڕیارەکان بن و لە کوشتنی خەڵک و تێکۆشەرانی کوردستاندا سڵ نەکەن. لادان لە بڕیارات سزاکەی مەرگ بوو. هەر لەم رۆژەدا بە هەزاران پاسدار و ئەرتەشی لە دەیان شاری ئێرانەوە رەوانەی کوردستان کران و بە لەشکری ٢٨ی کوردستان پەیوەست بوون هەتا بۆ هێرش بۆ سەر شاری سنە و تێکشکاندنی خۆڕاگری خەڵک ئامادە کاری بکەن. ئەو هێزانە بە ئەنواعی چەکی قورس تەیار کرابوون و خۆیان بۆ هێرشێکی بەربڵاو ئامادە دەکرد. بەشێکی زۆر لەو هێزانە بەرەو شاری سەقز وەڕێ کەوتن و لە سەر رێگەی پێشڕەوییان لە جادەکانی سنە - دیواندەرە و دیواندەرە - سەقز ئەگەرچی لەگەڵ بەرپەرچدانەوەی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەرەوڕوو بوون، بەڵام بە هۆی ژمارەی زۆری ئەو هێزە و تەیار بوونیان بە ئەنواعی چەک و چۆڵ تا نزیک شاری سەقز پێشڕەوییان کرد و ئیتر لەگەڵ موقاوەمەتی سەرسەختانەی خەڵک و هێزی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوون.**

**رۆژانی ٣١ی گەلاوێژ هەتا ٣ی خەرمانان کوردستان شاهیدی خۆڕاگری خەڵک لە بەرانبەر پێشڕەوییەکانی ئەرتەش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی و داگیرکارییەکانیان بوون. لە مەسیری میاندواو بەرەو مەهاباد و بۆکان و هەروەها لە هەورامان و لە دەوروبەری شاری پاوە گەلێک مەیدانی شەڕ خوڵقا و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی زیانی گیانی و ماددی بەرچاوی لێکەوت. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەتا قوربانییان زۆرتر دەدا لە حاست خەڵکی رزگاریخوازی کوردستان دڕندەتر دەبوون و بە بەرینی دەستیان کرد بە کاولکاری و کوشتاری خەڵک و بە دەیان مووچە و مەزرایان ئاگر تێبەردا و خەساری گەورەی ماددیان لە خەڵکی کوردستاندا و بە دەیان رۆڵەی ئازادیخوازی کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد.**

## ٣ی خەرمانان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

٣ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی، پاش خۆڕاگرییەکی زۆری خەڵکی شاری سەقز و هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر داگیرکەراندا، سەرەنجام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی رژانە ناو شاری سەقز و شەڕێکی خوێناوی لە نێوان خەڵکی شاری سەقز و داگیرکەران لە نێو شاری سەقزدا روویدا و زۆرتر لە ٣٠ی کەس لە هێزە داگیرکەرەکان کوژران و نزیکەی ٤٠ کەسی دیکەشیان بە توندی لێ برینداربوو و ورەی داگیرکەرانی لە بەرانبەر بزووتنەوەی خۆڕاگرانەی خەڵکدا هێنایە ئاراوە. سبەینێی ئەو رۆژە رۆژنامەی کەیهان نووسی: شاری سەقز بە تەواوەتی کەوتە دەست هێزەکانی ئینقلابی ئیسلامی. بەڵام لە راستیدا خۆڕاگری و خەبات بە دژی داگیرکەران لەوپەڕی خۆیدا بوو و خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز لە بەرانبەر داگیرکەراندا خۆڕاگرانە وەستانەوە. هێزەکانی رژیمی کە لە سەقز و دەوروبەری ئەو شارە تەنگیان پێ هەڵچنرابوو، داوای هێزی یارمەتیدەریان کرد.

## رۆژانی ٤ هەتا ٨ی خەرمانان

بە مەبەستی یارمەتیدانی تیپی سەقز لە بەرانبەر خەڵک و هێزی پێشمەرگەدا، سەدان کەس لە لەشکری سنە بەرەو شاری سەقز نێردران. هەر ئەو رۆژە خەڵخاڵی، حاکمی شەرع لە کوردستان گەیشتە شاری سەقز و لە یەکەم هەنگاودا ٢٠ کەسی لە ئەندامانی ئەرتەش کە شوێنی کارەکەیان بە جێ هێشتبوو، لە ماوەی چەند دەقیقەدا دادگایی کرد و گوللەبارانیان کردن.

رۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهان لە ژمارەی رۆژی ٧ی خەرمانانادا نووسیان، ژاندارمری شاری بانە کەوتە بەر هێرش و چەک کران. ئەو هەواڵە بۆ رژیم زۆر قورس و تاڵ بوو. رادەی زیانە گیانییەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تا دەهات دەچووە سەر و هەواڵی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی هێزە داگیرکەرەکان گەیشتە دەسەڵاتدارانی تاران.

## ٩ی خەرمانان

**گیانبەختکردنی هاوڕێی رابەر کاک فواد مستەفا سوڵتانی**

بەرجەستەترین رووداوی ئەو چەند رۆژە، گیانبەختکردنی هاوڕێی رابەر، کاک فوادی مستەفا سوڵتانی، یەکێ لە

رێبەرە بە تواناکانی کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خۆشەویستی خەڵکی شاری مەریوان، ڕێکخەری کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان بوو. ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ساڵی ٥٨ کاک فوادی مستەفا سوڵتانی وێڕای چەند هاوڕێ و هاوسەنگەری دیکە لە ناوچەی مەریوان و لە ئاوایی بەستام تووشی شەڕێکی سەخت و نابەرابەر لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هاتن و گیانیان بەخت کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی سبەینێی خۆیدا بە تیتری گەورە هەواڵی مەرگی کاک فوادی مستەفا سوڵتانیان بڵاو کردەوە و چەندین کاربەدەستی باڵای کۆماری ئیسلامی لە سوخەنڕانییەکانی خۆیاندا ئاماژەیان پێدا و ئەوەیان بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هێزە چەکدار و داگیرکەرەکانیان لە کوردستان زانی.

کاک فوادی مستەفا سوڵتانی بە حەقیقەت یەکێ لە بەرجەستەترین کەسایەتییە ناسراوەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. کاریگەرییەکانی ئەم ڕێبەرە بە توانایە لە زۆر ڕووداوی کوردستاندا دیارە. کاک فواد یەکێ لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی کۆمەڵە و یەکێ لە جێی متمانەترین سیماکانی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو. یەکێتی جوتیاران کە پێکهاتەیەکی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەرانبەر مالیکان و کۆنە دەرەبەگ و ئاغاکان بوو و بە بەرهەمی خەباتی سیاسیی کۆمەڵە دەناسرێتەوە، بە هەوڵ و هیممەتی کاک فوادی رابەر پێک هات و توانی سەرکەوتنی زۆر بەرچاو بە دەست بێنێ و چۆک بە زۆردارانی فیئۆدال دابدات.

هەروەها کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان کە ئاماژەمان پێکرد، بە ڕێبەرایەتی کاک فوادی رابەر سازدرا و ئەم کۆچە مێژووییە لەو دەورەیەدا توانی کێشی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان لە بەرانبەر دەوڵەتی ناوەندیدا قورستر بکات. هەر بۆیە گیانبەختکردنی ئەم کەسایەتییە ناسراوە، خەسارێکی گەورەی لە کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کە بەرانبەر بە هێرشی داگیرکەراندا وەستابوونەوە .

## ڕۆژانی ١٠ هەتا ١٢ی خەرمانان

خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی نەبەزی کوردستانیان بە داردەستی ئەمپریالیزم و سەهیونیزم وفاسد ناو لێبرد و خوازیاری بەرەوپێشبردنی خێرای تەرحە نیزامییەکان بوون بۆ پاک کردنەوەی کوردستان لە دەست ئەو هێزانەی کە پێیان دەوتن "دوژمن و زیددی ئینقلاب". خومەینی کە چاوەڕوانی ئەوە بوو کوردستان بە خێرایی بکەوێتە دەست هێزەکانی، ناڕەزایەتی خۆی لە بارەوە دەربڕی و وتی: ئەگەر دوژمن

سەرکەوت نەکرێ لەگەڵا تاڵەقانی دەچن بۆ کوردستان.

رۆژی ١٠ی خەرمانان شەڕێکی قورس و خوێناوی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خەڵکی تێکۆشەری مەریوان و دەوروبەری لەگەڵا هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی روویدا و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شکستێکی تاڵیان تەجرەبە کرد. هەر ئەو رۆژە شاری مەهاباد لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ درا و چەندین شەڕی گەورە و بچووک لە دەوروبەری شاری مەهاباد لە نێوان هێزی جەماوەر و هێزە داگیرکەرەکاندا روویدا. خەڵکی شاری مەهاباد قارەمانانە لە بەرانبەر پێشڕەوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا راوەستان و قارەمانەتی کەم وێنەیان خوڵقاند.

رۆژی ١١ی خەرمانان، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە میاندواوەوە بەرەو بۆکان پێشڕەوییان کرد و لەو لاشەوە شەڕ لە مەهاباد و دەوروبەی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تەلەفاتی گەورەیان دا و ژمارەیەکیش لە خەڵکی شاری مەهاباد شەهید بوون .

فرۆکە جەنگییەکانی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانی لە هێزە زەمینیەکانی رژیم شەڕێکی نابەرابەریان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەستپێکرد و شەڕێکی گەورەی زەمینی و هەوایی لە ناوچەکانی بۆکان، مەهاباد، نەغەدە، سەردەشت و پیرانشار دەستی پێکرد. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە ورەیان لە بەرانبەر ئەو هەموو خۆڕاگرییەی خەڵکی کوردستاندا لە دەست دابوو، بۆ جارێکی دیکە داوای هێزی یارمەتیدەریان کرد و چەندین ستونی دیکە لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئوستانەکانی دیکەوە بەرەو شارەکانی بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، بانە، سەردەشت و مەریوان کەوتنە رێ. بەشێک لەو هێزانەی کە لە شار و ئوستانەکانی دیکەوە رەوانەی مەیدانەکانی شەڕ لە کوردستان کرابوون و بەرەو مەهاباد کەوتبوونە رێ گەیشنە پادگانی شاری مەهاباد و لەوێ جێگیر بوون.

رۆژنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات لە ژمارەی رۆژی ١٢ی خۆیاندا نووسیان، شارەکانی بۆکان و بانە و مەهاباد و پیرانشار لە کۆنترۆڵی ئەرتەش و پاسدارەکاندایە و لە شاری بانە هێزەکانی رژیم ماڵا بە ماڵا دەگەڕێن بۆ کۆکردنەوەی ئەو چەک و چۆڵانەی لە دەست خەڵکدان.

هەروەها رۆژی ١١ی خەرمانان، یەکێ لە گەورەترین جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان روویدا.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام لە مەیدانەکانی شەڕدا لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە قوربانیان دەدا، بۆ تۆڵە سەندنەوە و بۆ ترساندنی خەڵک، خەڵکی ئاوایی قارنێ و قەڵاتانیان بە تێکڕا، بە ژن و منداڵ و پیر و لاوەوە قەتڵی عام کرد و بەمجۆرە یەکەمین جینۆسایدی گەلی کورد لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا روویدا.

## ١٤هەتا ٢٠ی خەرمانان

رۆژی ١٤ی خەرمانان، لەشکری ٦٤ی ورمێ بەرەو شاری مەهاباد وەڕێ کەوت و بە هێزەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی پەیوەست بوو و دواتر بەشێک لەو هێزانە بەرەو شاری سەردەشت پێشڕەوییان کرد. بەرپرسی ستادی هاوبەشی ئەرتەش رۆژی ١٧ی خەرمانان لە سوخەنرانییەکدا وتی: هەتا سەرکوتی نیهایی دوژمنان لە کوردستان و سەرکەوتنی نیهایی، هێزەکانیان لە کوردستاندا دەمێننەوە و سبەینێ ئەو رۆژە رۆژنامەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی هەواڵی داگیرکرانی سەرجەم شارکانی ئوستانی ئازەبایجانی رۆژئاوایان بڵاو کردەوە. لە لایەکی دیکەوە رۆژی ٢٠ی خەرمانان، ستوونێکی گەورە لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کرماشانەوە و هەروەها لە چەند ئوستانی دیکەوە بەرەو شاری سەرپێل زەهاو کەتنە رێ .

لە رۆژانی پاش ٢٠ی خەرمانانەوە هەتا کۆتایی ئەم مانگە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان جێگیر بوون و کوردستانیان بە مانای واقعی داگیر کرد. بەڵام ئەم دەورەیە لە داگیرکاری زۆری نەخایاند کە بە خرۆشانی خەڵکی سەرجەم کوردستان بە دژی حوزوری هێزەکانی رژیم و پەرەسەندنی خەباتی چەکدارانە و خۆڕاگری خەڵکی قارەمانی کوردستان، دەوری یەکەمی داگیرکاری و هێرش بۆ سەر کوردستان کۆتایی پێهات و هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وەدەرنران و لە مانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵدا، خومەینی، هەر ئەوە کەسەی خەڵکی کوردستان و رێبەرانی خەڵکی بە فاسد و داردەستی ئەمپریالیزم و سەهیونیزم ناودەبرد، پەیامی ئاشتی نارد بۆ خەڵکی کوردستان و هێزەکانی رژیمی بۆ چەندین مانگ دەسەڵاتیان لە کوردستان کورتکرایەوە. بەڵام کۆمەڵە و زۆر لایەنی دیکە ژیرانە بە پلانی کۆماری ئیسلامییان زانی و دەیانزانی پەیامی سوڵح و ئاشتی خومەینی بۆ راگرتنی شەڕ، بێجگەلە پشوودانی هێزە شکست خواردووەکانی و خۆ تەیار کردن بۆ هێرشێکی بەرڕبڵاوی دیکە هیچی دیکە نییە و نییەتی باش و ئاشتیخوازانەی تێدا نییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**ئێستاکە و پاش ٣٣ ساڵ لە داگیرکاری کۆماری ئیسلامی، پاش ٣٣ ساڵ جینایەت و سەرەڕۆیی ئەم رژێمە، خەڵکی کوردستان سەرەڕای دانی هەزاران قوربانی و چەرمەسەری و ماڵوێرانی و دەیان نەهامەتی دیکە کۆڵیان نەداوە و خەبات بۆ رزگاری لە دەستی داگیرکەران هەر لە جەریاندایە و پەرە دەستێنێ. لە کۆتاییدا رێز دەگرین لە یادی هەموو ئەو کەسانە لە هەموو ئەو ساڵانەدا و بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٣٥٨ و ١٣٥٩ لە بەرانبەر رژێمی کۆماری ئیسلامیدا وەستاونەتەوە و قارەمانەتییان خوڵقاندووە. خەبات و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان لەو ساڵانەدا بۆ هەمیشە دەتوانێ ئاوێنەی باڵانوێن و سەرمەشقێک بێت لە خۆراگری و کۆڵنەدان و هەر دەم دەرسی خەبات و تێکۆشانی لێ وەردەگیرێ .**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## هێرشی یەکەمی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان
## (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨)ه




حکومەتی ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە گەلانی ئێران بە تایبەت گەلی کوردی بە دوژمنی خۆی لە قەڵەم داو و بێ پسانەوە لە هیچ تاوانێک سڵی نەکرد. ئەمەش بە هۆی داخوازییە رەواکان و هەروەها ئەوەێکە کوردستان، ببوە نمونەیەکی پۆزێتیڤ و بەرچاو لە دەسەڵاتداریەتی خەڵکی بە ناوەرۆکی سێکولار و دێموکراتیک و رێک بە پێچەوانەی سیستەمی ئایینی کە ئەوان بە تەما بوون بە سەر خەڵک دایبسەپێنن، بوو. لە رێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ ی ه(١٩ ئوتی ١٩٧٩ز)، خومەینی راشکاوانە گەلی کوردی بە کافر لە قەڵەم داو سوپای تێرۆر لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی سەربازی کوردستانیان دا. سەرەتا لە شاری پاوە پاشان سنە، مەریوان، سەقز و چەندین شاری دیکە، بە تیرباران کردنی لاوانی بە ئەمەگ و شۆڕشگێڕی کوردستانی رۆژهەڵات هێرشەکانی دەستی پێکرد. جێ ئاماژەیە کە هەر لەو رۆژەدا کۆمەڵە لە بانگەوازێکی مێژووی دا(خلق کرد در بوته ازمایش) بڕیاری بەرخودان و بەرەنگار بوونەوەی دژ بە کۆماری ئیسلامی دەرکرد.

## کوشتاری گەلی کورد لە «قاڕنا، قەڵاتان، ئیندرقاش و...»(١١ خەرمانانی ٥٨)ه

کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆی یازدەی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، گوندی قاڕنا لە ١٠ کیلومێتری شاری نەغەدە،

له هێرشێکی سامناکی سێ کاتژمێری دا، خڵتانی خوێن کرا. ژمارەی قوربانیانی ئەم رووداوە دڵتەزێنە لە ٤٧ کەس تا ٦٨ کەس راگەیێندراوەلە کۆی چل بنەماڵەی دانیشتووی ئەم گوندە، هەندێک لە بنەماڵەکانیەک و هەندێکی دیکە تا شەش کەس لە خزم و کەس و کاریان لە دەست داوە. کۆژراوەکان ژنان و پیاوان، پیر و لاو بە تایبەت منداڵانێک بوون کە هێشتا تەمنیان نەگەیشتبووە پێنج ساڵ. بوونی تانک لەو گوندە دا نیشاندەری دەست و پەیوەندی رژیم لەو کارەساتە دایە. جێ ئاماژەیە کە دواتر جەنایەتێک لەم وێنەیە لە ئاوایی و ناوچەکانی تری کوردستان وەکوو( قەڵاتان، ئیندرقاش، سەرۆکانی، ناوژەی چومی مەجی خان و هتد) دووپاتکرایەوە. تەواوی ئەم کوشتارانە دوابەدوای فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان بە ئەنجام گەیشت.

## ساڵرۆژی تیرۆری کاک سدیق کەمانگەر(زمانی ئاگرینی شۆڕش)(١٣ خەرمانانی ٦٨)ه

کاک سدیق کەمانگەر لە ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی لە ئاوایی «ئافرِیان»ی سەر بە شاری کامیاران لە دایک بوو. ساڵی ١٣٥٠ ە خوێندنی باڵای لە رشتەی حقوق تەواوکرد. هەر لەو ساڵە دا بوو بە پارێزەری جوتیارانی دارسێرانی مەریوان لە بەرانبەر دەرەبەگەکانی ناوچەکە. هاوینی ١٣٥٧ ە بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتنی زیندانیانە سیاسیەکان لە زیندانی شاری سنە یەکەمین کۆبوونەوەی نارِەزایەتی لە بەردەم دادگوستەری ئەو شارە وەرێخست. ئەم رێبەرە خۆنەویست و دڵسۆزە ،ئەندامی ناوەندی پارێزەرانی ئێران بوو. یاریدەدەری مامۆستایان بوو بۆ پێکهێنانی کانوونی مامۆستایان و هەروەها یەکێک لە دامەزرێنەرانی سەرەکی جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلابی شاری سنە بوو. بەرپرسی رادیو، نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات و بەرپرسایەتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و چەندین ئەرکی دیکەی لە سەر شان بوو. سەرئەنجام لە ١٣ی خەرمانای ١٣٦٨ی هبە پیلانی کۆماری ئیسلامی تێرور کرا.

## کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی(هاوینی ٦٧)ه

لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ هەتاوی کارەساتێک بوو کە لەو کاتەدا زۆرێک لە زیندانیە سیاسیەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێران لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٦٧ هەتاوی لە سێدارە دران. لووتکەی ئەم رووداوە دڵتەزێنە ١٠ی خەرمانان بوو. ژمارەی قوربانیانی ئەم کارەساتە لە ٣ هەزار تا ١٢ هەزار نەفەر راگەیێندراوە. زۆربەی لە سێدارەدراوەکان لە چەندین گۆڕی بە کۆمەڵ لە سەرانسەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org


**ئێران نێژراوەنکە بە ناوبانگترینیان «گۆڕستانی خاوەران»ە لە تاران .**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# شەڕی ٢٤ ڕۆژەی شاری سنە، دەسپێکی قۆناغی دووهەمی بەرەنگاری نەتەوەیی لە کوردستان



فواد محەممەدی

٣٢ ساڵ لەمەوبەر و پێنج مانگ پاش ئاگر بڕەکەی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی، قۆناغی دووهەمی بەرەنگاری و راوەستانی گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی داگیرکرانەو بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. لووتکەی یەکیەتی و بەرخۆدانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە شەڕی ٢٤ رۆژەی شاری سنە رەنگی دایەوە. شەڕێک کە لە ئەساس دا ٢٨ رۆژی خایاند و لە ٢٩ی خاکەلیوە تا ٢٥ی گوڵانی ١٣٥٩ی هەتاوی درێژەی کێشا. پاش فەرمانی جیهادی خومەینی لە گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی و تێکشکانی هێزەکانی رژیم، دەوری دووهەمی هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ی هەتاوی بە هێزێکی زۆرتر و تەیارتری ئەرتەش و سپاو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر دەستی پێکرد. خەڵکی شارەکانی کوردستان لەوانە سنە، دیواندەرە، سەقز، بانە و مەریوان هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی دەوری پێشووی شەڕ، خۆیان بۆ بەرەنگاری دژی ئەم هێرشە داگیرکەرانە ئامادە کردبوو. خەڵکی شاری سنە وەکوو شارەکانی تری کوردستان هاوڕێ لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە پێکهێنانی رێبەندان و سەنگەر لە بەرامبەر تەواوی رێگەکانی هاتوچوو بۆ نێو شار لە بەرامبەر هێرشی رژیم دا راوەستان. ئەم شارە یەکدەس و یەکگرتوو ٢٨ رۆژ لە بەرابەر توپ و خۆمپارەباران، بۆمباران و گولەبارانی هێزە سەرکۆتکەرەکانی رژیمی ئیسلامی کۆڵنەدەرانە راوەستان. حەماسەتی

بەرەنگاری بەربڵاوی خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەم شارە کە سەرەتاییترین و کەم و کورتترین چەک و چۆڵیان هەبوو و بە وەریەکی بەرزەوە لە بەرامبەر هێزەکانی ئەرتەش و سپای پاسدارانێک کە خاوەنی هەموو جۆرێک چەکی قورس و فرۆکەی شەڕکەر و تانک و توپ بوون، لە مێژوی ئێران و کوردستاندا تۆمار کراوە و لە یاد ناچێتەوە.

سەیاد شیرازی لە بیرەوەریەکانی خۆی لە کتێبی(ناگفتەهای جنگ)دا ئەڵێ: «ئیزنی شەرعی مان وەرگرت کە دەکرێت ئەو شارە توپباران بکرێت. پلانی ئەم هێرشە لە لایەن سەیاد شیرازییەوە پێشنیار کرا بە بەنی سەدر و لە لایەن خودی سەیاد شیرازی و رەحیم سەفەویەوە بەرێوە چوو. بەرپرسان و چالاکانی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا بەشی سەرەکی رێکخستنی ئەم بەرەنگارەیە گەورە و جەماوەرییانەیان وەئەستۆ بوو. لە کاتی ئەم شەڕە نابەرابەرەدا، جیا لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ئەندامانی رێکخراوەکانی تر و سەدان کەس لە خەڵکی شار، گیانیان بەخت کرد و هەزاران خانوو ئاگری تێبەر بوو و بوو بە وێرانە. هەزاران کەسیش بریندار و نوقسان بوون و ئەمە لە یەکەمین دیارییەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بوو. کۆماری ئیسلامی ئێران پاش چەند مانگ پلان کێشان خۆی تەیار کرد کە هێرشێکی دڕندانە بکاتە سەر کوردستان.(١)

گەمارۆدانی ئابووری: بە بەرگرتن لە بنزین، گازوئێل و کەرەسەی خواردن، لە وەرزی بەهار و کاتی کشتوکاڵدا، ماشینەکان وزەی کارکردنیان لێ پچرا بوو. نەبوونی بەنزینیش هاتوچوو و دابین کردنی خواردەمەنی و بژیوی لە نێو بازارەکاندا زۆر کەم کردبووەوە. شتێکی وا دەست نەدەکەوت کە بۆ رۆژی پێویست پاشکۆ بکرێت.(٢) بەهێز کردن و ناردنی پێنج لەشکەر بەرەو کوردستان، جگە لەو هێزانە کە لە کوردستاندا جێگیر کرا بوون، هەروەها ناردنی هێزی گەورەی وەکوو لەشکەرێک لە ورمێیەوە بەرەو نەغەدە، کە کۆمەڵکوژی قارنا و قەلاتانیان خۆڵقاند، لە لایەن دەوڵەتەوە دەستی پێکرد. هێزێکیتر لە مەراغەوە کە بە چەکی قورسی تۆپخانە و کاتیوشا چەکدار کرابوو، بەرەو میاندواویان نارد. ئەم هێزە شەو و رۆژ دوورەپەرێز دێهاتە کوردنشینەکانیان تۆپباران دەکرد. هێزێکی دیکە کە هاتبووە بیجار لەوێوە بەرەو دیواندەرەیان نارد. هێزێکی زرهی لە هەمەدانەوە، واتە بە تانگ و تۆپەوە چەکدار کرابوو، ئامادەباش درابوو کە بەرەو شاری سنە بێت. پاش ئەو هەموو خۆرێکخستنە ئەوسا فەرمانی سەرکوت کردنی گەلی کوردیان بۆ جاری دووهەم دا. ئەوان بە بیانوی ئاژاوە لە سەر سنوور هێزێکی گەورەیان لە کرماشان کۆ کردەوە. ئەم هێزە بە جێی ئەوەی لە جادەی سنووری رەوانسەر بەرەو سنووری مەریوان و بانە بڕوات، ئەوان ناوەندی شاری سنەیان هەڵبژارد. ئاشکرایە مەبەستیان داگیر کردنی شاری سنە بوو. سەرەرای ئەوە لە پادگانی سنە لەشکەری ٢٨ی لێ بوو و لە تەنیشت ئەوانەوە پادگانی ژاندارمری پڕ بوو لە ژاندارم و پاسدار.

**بە گوێرەی وتەکانی سەرهەنگ سدری فەرماندەی لەشکەری ٢٨ی کوردستان، لە وتووێژێکدا: «لەهەر کاتژمێرێکدا زۆرتر لە ٥٠ گوللەی تۆپ، خومپارە یان کاتیوَشا لە نێو شاری سنە تەقیوەتەوە». واتە لە هەر خولەکێک(دەقیقە) یەک راکت تەقیوەتەوە. لە شەوورۆژێکدا ١٤٤٠دانە و لە ماوەی ئەو ٢٨ شەوورۆژەدا ٤٠ هەزار تەقینەوە لە نێو شارێکی چەند سەد هەزار کەسیدا روویدا. ئەمانە جگە لە راکت و رەشاشی کالیبری٧٥ی هلیکۆپترەکان یان فرۆکە فانتۆمەکانی دوژمن بوو. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ٢٤٠٠ تا ٣٠٠٠ کەس لەو شەڕەدا گیانیان بەخت کرد. هەر ئەمەش دەتوانێ هۆکارێک و بەڵگەیێک بێ بۆ سەلماندنی کۆمەڵکوژی کۆماری ئیسلامی لە ئاست کوردستانی رۆژهەلات.**

**رۆژنامەی کەیهانی تاران، رۆژی ٢٣ی گولانی ٥٩ لە زمانی «حجت الاسلام پەرتەویی»ەوە دەنووسێت:» چەکدارەکانی دژ بە شۆرش خەریکی هەلاتنن. ئێمە ٥٠ کەسمان لێگرتوون و ئێستەش لە پادگانی سنە بەند کراون. لە شاری سنە بە بەردەوامی تەقینەوەی گوللە تۆپ و خومپارە شار دەلەرزێنێت. پاسدارەکان لە سەر تەپۆلکەکانی شارەوە بنکەی گرووپەکان دەکوتن«.**

**ئایا چ شانازییەکی هەیە بۆ رژیم کە خەلکی شارێک قەلاچۆ دەکەن و دەیلەرزێنن؟ ئاشکرایە ئەو ئامانجەی ئەوان کۆمەلکوژی و ژینوسایدی گەلی کورد بوو. ئەوان بە ئەنقەس وا ژینگەیەکیان لە شاری سنە خولقاند کە حەساری مالان بوو بە گۆرستانی مندالان. زۆربەی مالان بوون بە نەخۆشخانەی بریندارن. ئەوان سەرەرای گەمارۆی چڕ و پڕی شار، نەخۆشخانەکانیشیان بە تۆپباران وێران کرد. ئاو و وزەی کارەبای شاریان لە کارخست، بەلام خەلک هێشتا لە سەر پاراستنی دەستکەوتە دێمۆکراتییەکانیان سوور بوون. ئەوان جەوهەری داگیرکەریان دەناسی، بۆیە ئامادە بوون گیان و ژیانیان لەو ڕێگایە بەخت بکەن.**

**بارو دوخی ژینگەی شار لە سەر باری دەروونی منالانەوە باندۆرەی زۆر خراپی دانابوو. ژیان لە نێو ژێرخانە نم دارەکان بە نەبوونی وزە و گەرما و خواردەمەنی یەکجار ئەستەم بوو. لێرە بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لە ناخی کارەساتەکە خراپ نیە ئاماژە بە ژیانی منداڵێک بکرێت لە رۆژی بیستەمی تۆپباران دا کە دایکی پێی گوتبوو تاکوو قامکەکانت هەمووی رەشکەی، تۆپباران تەواو دەبێت. کۆرپەی کلۆلی ژیانی نا ئاسایی، بە دلە بچکۆلانە و چاوانی جامی ترسی، کە دیلی سووچێکی تاریکی ژێرخان ببوو لە هەر دەنگێکی تەقە و ئاژین بوونی گوللە تۆپێک، یان شەقەی بالی مەرگی هێلیکوپترێک، وەکوو شۆڕەبی بەر رەشەبا دەلەرزا. بە دلەخورپەوە بۆ ئەوەی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

رۆژژمێری ژیانی لە بیر نەجێت، هەموو بەیانییەک ئەنگۆست و قامکێکی پەنجەکانی دەست و پێ رەنگ دەکرد. ئەم بەیانییەش بە رووناک بوونەوەی ژێرخانەکەیان بەتیشکی هەتاو لە دەلاقە شڕەکەیانەوە کە شوشەکانی بە شەپۆلی ئاژین بوونی تۆپباران شکا بوو و بە نایلۆنی چڵکن، رێگای میوانی خوڵک نەکراوی تۆز و سەرمایان پێ بەستبوو، بەدەنگی قەتیسماو و پڕ لە سۆزی خەمەوە هاواری کرد: دایە! دایە! هەموو پەنجەکانی دەست و پێم رەنگ کرد. ئیتر قامکم نەماوە کە رەنگی بکەم. ئاخۆ ئیتر بەیانی بۆردوومان تەواو دەبێت؟!

چاوانی دایکی کە مرواری ئەسرینی هەڵدەوەراند. پەنجەی رەقی خەم و پەژارە، ناخی دەگووشا، هەرچێکی کرد کە وڵامی منداڵە هەشت ساڵەکەی بداتەوە دەنگی دەرنەهات. هاوڕێ، ئەستێرەی خامووشی ژێرزەوین، بە تووڕەییەوە رابو و وەکوو هەورەبرووسکە، گرماندی بە سەر دایکیدا و گوتی: دایە لە گەڵ تۆمدا بووا دایکی هەژاری بە لفکەی کراسەکەی، فرمیسکی چاوانی سڕی. بەیەک دوو کۆخەی پڕ هێز گریی نێو گەرووی تاراند. لە کاتێکدا دەچوو هەرین لە ئامێزی ئەرخەیانی خۆی بگرێ وتی: «رۆڵە گیان، دڵی دایە، خەمت نەبێت گیانا، لە سبەیرا یەکێک پەنجەکانی منیش رەشکە. گەر ئەوانیش بەشی نەکرد، دیواری ژێرخانەکەش بە هێڵی رەنگی بنەخشێنە تا ئەهریمەنی شەڕ وازمان لێ دێنێت«.

ژیانی منداڵانی شاری سنە لە و سەردەمەدا وەکوو ژیانی هاوڕێمە ئەوان نازانن بۆ فەرمانی مەرگیان دەرکراوە. نەیانئەزانی دژ بە شۆڕش و کافر چ مانایەکی هەیە. نەیاندەزانی بۆ دەبێت رۆژانە دەیان منداڵ بە تۆپبارانی دوژمنی داگیرکەر بکوژرێن. لە کۆتاییدا راستییەکی مێژوویی کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە مەبەستی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لەم هێرشە دڕندانە بۆ سەر شارەکانی کوردستان بە گشتی و شاری سنە بە تایبەتی، سەرکوتی ئازادی چالاکی سیاسی و کولتوورێک بوو کە گەلی کورد توانی لەو ماوەیەدا بۆ خۆی مسۆگەری بکات و ئەمەش رێک بە پێچەوانەی بیرۆکەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی دەیەویست بە سەر ئێران و کوردستاندا بیسەپێنێت.

سەرچاوەکان:

١- بیرەوەریەکانی نەبی زەندی


٢- ناگفتەهای جنگ ، سەیادشیرازی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## مانگی گەلاوێژ و بیرەوەرییە خۆشو ناخۆشەکانی



**قادر وریا**

مانگی گەلاوێژ، ئەو مانگەیە کە هەم کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک)ی تێدا دامەزراوە، هەم حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم دوو رووداوە هەر کامێکیان لە مێژووی گەلی کورد دا، جێگاو شوێنی خۆیان هەیە. یەکەمیان، رووداوێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەم ئەزموونی خەڵکی کوردستان لەو بەشەی نیشتمانەکەیان لە پێکهێنانی رێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دابوو و، توانی ببێ بە دەسمایە و بنچینە بۆ دامەزرانی حیزبێکی سیاسی و سەردەمیانە. دووهەم رووداویش، لە یەکەم رووداو یەکجار گرنگتر بوو. چونکە وەرچەرخانێکی لە ژیانی سیاسیی بەشێکی گەورە لە نەتەوەی کورد دا خوڵقاند و خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی خستە سەر رێڕەوێکی نەپساوە، پێشکەوتنخوازانە و مۆدێڕنو، بوو بە سەرچاوە و هەوێنی رووداو و ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگو مێژوویی لە ژیانی میللەتێک دا.

هەروەک گوترا، بەڵام گەلاوێژ بیرخەرەوەی هێندێک رووداوی تاڵو خوێناوییشە، کە لە هەمووانیان گرنگتر ئەو رووداوانەن کە هەر دووکیان راست لە ٢٨ی ئەم مانگەدا، روویان دا. یەکەمیان کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی رێژیمی پەهلەوی بە پشتیوانیو هاوکاریی ئەمریکاو ئینگلیس لە دژی حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەددیق، کە بووە هۆی لەسەرکار لاچوونی موسەددیقو، شکانو پاشەکشەی بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ئێراندا. دووهەم، راگەیاندنی فەرمان یا فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی

١٣٥٨دا! بەڵێ لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە شێلگیری‌و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە سەر داواکردنی ئازادی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان، تووڕە و هەراسانی کردبوو، فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و فەرمانی بە قوای سەگانەدا بە هەموو هێزو توانایانەوە هێرش بەرنە سەر کوردستان و بە فڕۆکە و هێلیکوپتێر پردێکی هەوایی بۆ نێو کوردستان سازبکەن، لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بیگرن و بۆخۆشی فەرماندەیی قوای سەگانەی بەدەستەوە گرت.

خومەینی بۆ جێبەجێ کردنی فتوا بەدناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەییادی شیرازی، کە بە قەسسابی کوردستان ناوبانگی دەرکردبوو، حەسەنی، نوێنەری خۆی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و خەڵخاڵیی جینایەتکار کە دەستووری ئیعدام کردنی دەیان ڕۆڵەی کوردی لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەڕێوەبردنی فەرمانی خۆی لە کوردستان دیاری کرد و هێزێکی زۆری ڕەوانەی کوردستان کرد و سەرکەوتنی کودێتای ٢٨ی گەلاوێژ، لە دوو بارەوە بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران‌و حیزبی دیموکرات تاڵ‌و ناخۆش بوو، لەلایەکەوە ئەوانیش وەک هەموو خەڵکی ئێران جارێکی دیکە شایەدی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی بەسەر ئەو وڵاتەدا بوون و، خەڵکی ئێران بۆ دەورەیەکی ئەوسەر نادیار لە گەیشتن بە مافو ئازادی‌یەکانیان دوور کەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەباتی گەلی کورد لە ئێران و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات کە لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی سەرانسەری، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە بوون.

بەڵام خاڵی هاوبەش‌و سەرنجڕاکێش لە دوای هەر دوو ٢٨ی گەلاوێژ لە کوردستان، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان لەلایەن حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد بە دژی دیکتاتوری و سەرڕۆیی‌و لە پێناوی ئازادی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەو گەلەدا بوو. دیارە لە نێوان ئەو دوو هەلومەرجەدا (هەلومەرجی سیاسی و گشتیی ئێران، کوردستان و حیزبی دیموکرات لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢و ١٣٥٨)، جیاوازیی زۆر هەبوو.

ئەگەر لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ەوە، ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی گەلی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، لە نێو بەندیخانەکان‌و لە دەربەدەری و دوورە وڵاتی‌دا نەیانهێشت کوانووی خەبات بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دابمرکێ و لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧دا ئەم خەباتەیان بە ڕاپەڕینی چەکدارانە و پڕ لە فیداکاریی خۆیان گەیاندە چڵەپۆپە، لە دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە، کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە، لە ژێر پێی هێرشکەران‌و

ئینسانکوژانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە یەک پارچە ئاگر. گەلی کورد لە خەبات و بەربەرەکانییەکی نابەرامبەردا کە بەشی هەرە زۆری قورساییەکەی لەسەر حیزبی دیموکرات بوو، نیشتمانی خۆی کرد بە سەنگەری کۆڵنەدان و بە چۆک دانەهاتن لە بەرامبەر زۆرداری و دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامیدا. خەباتێک کە ئەمڕۆ رەگ و پنجی خۆی بە نێو زۆرترین چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی روناکبیران، لاوان و، خوێندکاران و ژنان دا، بردۆتە خوارێ و لە سەرتاپای کوردستانی ئێران و هەر شارو بەشێکی ئێران کە کوردی لێدەژین، لە شکڵو شێوەی جۆراوجۆردا، بەرەوپێش دەچێ. ئەو خەباتە بەرین، هەموولایەنە و پڕ لە قوربانیدانە، باشترین و جوانترین نیشانەی زیندوویی و نەوەستانو وریابوونەوەی گەلێکە کە تا گەیشتن بە رزگاری و بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی، ئۆقرە ناگرێ. هەر لەو کاتەدا نیشاندەری ئەو پێوەندی و متمانە بێوێنە و رۆژ بە رۆژ بەربڵاوترەشە کە لە نێوان خەڵکی کوردستانو حیزبی دیموکرات دا هەیە و توانیوێتی بەردەوامیی خەباتی ئازادیخوازانە لە کوردستانی ئێران دەستەبەر بکا.

ئەم راستییانە دەمانبەنەوە سەر سەرچاوەیەک کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا شاهیدی لە دایکبوونی بووین. دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کە وابوو رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ وەک رۆژێکی مێژوویی و وەک رۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، نەک هەر بۆ ئێمە ئەندامانی حیزب، بۆ خەڵکی کوردستانیش شیاوی پێوەنازین و جێژن بۆگرتنە، شتێک کە بە کردەوە، دیتوومانەو دەیبینین. بەڵام خۆشەویستیی حیزبی دیموکرات لە نێو گەلەکەیداو شانازییەکانی رابردووی، نابێ رێبەری، تێکۆشەرانو ئەندامانی ئەم حیزبە لەم راستییە غافڵ بکەن کە بۆ ئەوەی حیزبمان هەروا خۆشەویست بمێنێتەوە و بۆ ئەوەی ببین بەو حیزبە کە خەڵکەکەمان ئارەزووی دەکا، بەخۆداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە بە کارو تێکۆشانمانداو هەوڵو تێکۆشانێکی هەموولایەنە، جیددیو بەبەرنامە بۆ لەنێوبردنی کەم و کووڕی و ناتەواوییەکانمان، پێویستە.

**سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ. ڕۆژی فەرمانە بەدناوەکەی خومەینی



### ئەحمەد مەکلاوەیی

٣٤ساڵ بەر لە ئیستا لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا کە ئێستا دوو مانگ بەسەر دامەزراندنی حکوومەتی تازە دامەزرا دا تێنەپەڕی بوو کە ئایەتوڵڵا خومەینی دەستووری جیهادی بۆسەر کوردستان دەرکردو فتوای حەڵاڵ بوونی گیانو ماڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی داو هێرشیان کردە سەر کوردستانو شەڕێکی نەخوازراو و ماڵوێرانکەریان بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا سەپاند. هەر لە سەرەتای نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاویەوە تا گەڵاوێژی ئەو ساڵە کە خومەینی فتوا بەدناوەکەی دەرکرد، ڕێژیم وردە وردە ڕێگای بۆ شەڕێکی ڕەسمیو هەمەلایەنە لە کوردستان خۆش کرد.

لە نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی دا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەناو پادگانی شاری سنەوە بە هەموو جۆرە چەکێک ناوشاری سنەو دوروبەریا وەبەردستریژداو نزیک بە ٥٠٠ کەسیان لە خەڵکی نیشتمانپەروەو قارەمانی ئەم شارە کوشت کە ئەمرۆژە بە نەورۆزی خوێناویی سنە ناوبانگی دەرکردو کە ئیستاش ڕۆڵەکانی کورد هەر بەو ناوە ئەو ڕۆژە ناودەبەن و شەهیدانی لەبیر نەچوونەوە لەبیر ناچنەوەو حەتمی بەمزوانە ڕۆژێک دادێ ئامانجیان کە رزگار بوونی کوردستان بوو، بێتە دی.

لە درێژەی ئەم هەولانەی ڕێژیم بۆ هەڵایساندنی شەڕێکی بە تەواومانا بە دژی خەڵکی کوردستان بوو کە هێزە کانی ڕێژیمو پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتی کە لەو کاتو ئیستاشدا ببوونە کار بەدەستی ڕێژتمی تازە دامەزرا

**له ۳۱ی خاکەلێوەی ۱۳۵۸ی هەتاوی دا له نەغەده لەکاتێکدا دوکتور قاسملوو، ڕێبەری بەوەجی حیزبی دێموکرات کوردستان دەیهەویست له متینگێکی گەورەدا پەیامی ئاشتیو برایەتیی نێوان دوو گەلی زوڵملێکراوی کوردو ئازەری رابگەیێنێ، ئەو متینگەیان دایەبەر دەستریژو شەرێکی ٤ رۆژەیان لەنیوان کوردو ئازەریدا ساز کرد که بووه هۆی کوژرانی سەدان کەس له هەر دوو لاو بەتایبەتی له کوردەکان.**

**به دوای ئەوەشدا له هاوینی ۱۳۵۸دا که شەریان گەیانده نێو شاری پاوەو شەرێکی قورس رووی دا، تیمسار فەلاحیو چمران به سواری کۆپتەر گەیشتنه وێو زۆریان چەکو تەقەمەنی هێنایه ئەو شارەو شەریان گەرمتر کردو رۆژی ۲۸ی گەلاوێژ خومەینی پەردەی لەسەر مەبەستەکانیو قەلاچۆ کردنو لەناو بردنی گەلی کورد لاداو فەرمانی جیهادی له دژی خەڵکی کورد دەرکردو فەرمانی به "قوای سەگانه"داو به هەموو هێزو توانایەوه هێرش بەرنه سەر کوردستانو به تەیارەو کۆپتەر پردێکی ئاسمانی بۆ نێو کوردستان ساز بکەنو له ماوەی شەو رۆژێکدا بیگرن که بۆ خۆی فەرماندەی "قوای سەگانه" به دەستەوه گرت.**

**خومەینیی بەدفەر بۆ بردنه سەری دەستووره شوومو فتوا بەد ناوەکەی خۆی چەندین مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چمرانو سەیادی شیرازی که به قەسابی کوردستان ناوبانگی دەرکرد بووو حەسەنی نوێنەری خۆی له ئازەربایجانی رۆژاواو خاڵخاڵی جینایەتکار که دەستووری ئێعدام کردنی دەیانو بگره سەدان رۆڵەی کوردی له بێدادگاکانی رێژیمدا دەرکرد، وەک بەر پرسی بەرێوه بردنی فەرمانی خۆی له کوردستان دیاری کردو هێزێکی زۆری رەوانەی کوردستان کرد.**

**ئەم هێزانه به فرۆکەو هێلی کۆپتەرو تۆپو تانکو چەکی جۆراو جۆری دیکه هێرشیان هێنایەسەر شارو گوندەکانی کوردستانو هێزی پێشمەرگەو خەڵکی بێدیفاعیان وەک یەک دایەبەر هێرش.**

**بەڵام خەڵکی کوردستان بەمەبەستی پاراستنی کوردستانو مانو مەوجوودیەتی خۆیان، به لەخۆ بوردوویی بۆ بەرپەرچدانەوه ئەو پیلانو هێرشەی دوژمن خۆیان ئامادە کردو له یەکریزی دا بەگژ دوژمندا چوونو زۆریان قارەمانەتی له خۆیان نیشانداو سەدان داستانی پر له سەروەریان بۆرۆڵەکانی دوای خۆیان تۆمار کرد که ئیستا وەک ئەستێرەیەکی پڕ شنگدار له مێژووی کورد دا دەدرەوشێنەوه.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

لەو کاتە دا ڕێژیم کە ئاوای دیت لە ئاسمانو زەوی ڕا بە فڕۆکەو کۆپتەر داگژایە شار و گوندەکانی کوردستانو زۆری لە خەڵکی بێدیفاع کوشت . لەو کاتەدا بوو کە هێزی پێشمەرگە بەمەبەستی پاراستنی گیانی خەڵک لە شارەکان دەرکەوتنو بەمەبەستی زەبر وەشاندن ڕوویان کردە شاخو چیاو گوندەکان.

سیزدە ڕۆژ پاش ئەوە کە خومەینی فەرمانی جیهادی دژ بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکردو دەستووری هێرشی بە پاسدارەکانیدا هێرش بکەنەسەر کوردستان، لە ۱۱خەرمانانی ۱۳۵۸ی هەتاویدا هێزەکانی دوژمن گەیشتنە بەرزاییەکانی دەوروبەری گوندی قارنێو ناوچەی نەغەدەیان گرتو بەبیانووی هاتوچۆی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو گوندە بەربوونە گیان خەڵکی ئاواییو پێش لە هەموان مەلای ئەو گوندەیان کە لە حاڵێکدا قورعانی مزگەوتی گوندی بە پیرەوە برد بوون کوشتو بە دوای ویش دا بەربوونە ژنو منداڵو پیرە پیاو و ئیدی زۆر بێبەزەییانە دەستیان بە قەڵاچۆ کردنی ئەو گوندە کردو ٦٨ کەسیان لە خەڵکی ئەو گوندە لە کۆڵانەکانی ئەو گوندەدا لە خوێند سوور کردو سەری هێندێک لە شەهیدەکانیان بڕیو کە چوار کەس لەو کوژراوانە ژنو حەوت کەسیشیان مناڵ بوو کە مناڵی چوار- پێنج ساڵانەیان تێدا بوو. یەک ڕۆژ دوای ئەوەش لە ۱۲ / ٦ / ۱۳۵۸ی هەتاوی دا هێزەکانی خومەینی گەیشتنە ناو شاری مەهاباد کە زۆر لە خەڵکی ئەو شارە، شاریان بەجێهێشتو ڕوویان لە گوندەکانی دەوروبەری کردو زۆریش هاتنە شاری سەردەشت کە ڕۆژی دوایی لە وێ کاک دوکتور قاسملوو قسەی بۆ خەڵکی شارو ئاوارەکان کردو ئەرکی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن دەستنیشان کرد. یەک ڕۆژ بەدوای ئەوەش دا هێزەکانی دوژمن لە ۱۳ / ٦ / ۱۳۵۸ی هەتاوی دا گەیشتنە گوندی قەڵاتانو لەوێش دەستیان لە جینایەتداو ٤٥ کەسیان لە خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندەش شەهید کرد.

لەو سەردەمانەشدا بوو کە هێزەکانی دوژمن لە ڕێگای بانە بۆ سەردەشتەوە بەرەو شاری سەردەشت کەوتن ڕێ لەو ماوانە دا لەو ڕێگایەدا زۆر شەر لەگەڵ هێزەکانی دوژمن کرا. بەڵام سەرەنجام لەژێر ئاگری توندی فانتۆو هێلی کۆپتەرەکانو تانکەکانیدا گەیشتە گوندی دۆڵهەرزن و بەشێکی ئەو گوندەیان ئاگر تێبەرداو خەڵکی ئەو گوندەو گوندەکانی دەوروبەری لە ترسی هێزەکانی دوژمن کە دەستیان لە کوشتنی ژن ومنداڵیش نەدەپاراست ئاوارەی شوێنەکانی تری کوردستانبوون، یەک ڕۆژ پاش ئەوە هێزەکان دوژمن گەیشتنە گوندی دارساوێنو دەوروبەری، بەڵام لەوێ زۆر بە سەختی کەوتەبەر پەلاماری شێرەکورانی مەڵبەندی ڕەبەت کە هەر لەسەر پردی دووبرالانی نزیک گوندی دارساوێن زیاتر ۱۰۰ کەس لە هێزەکان دوژمن کوژران کە کەلاکی ۷٥ کەس لە پاسدارە کوژراوەکان کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەو خەڵکی شۆرشگێرو ناچار بەرەو دواوە گەرایەوەو لە دەوروبەری گوندی هەورازە جێگیر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. بەڵام چەند رۆژ دواتر لە ژێر ئاگری فانتۆمەکانیدا کە بە ناپاڵم سەنگەری پیشمەرگەکانی دەکوتا، هێرشی کردەوەو رۆژی ١٨ / ٦ / ١٣٥٨ی هەتاوی گەیشتە نێو پادگانی سەردەشتولەوێ چمران کۆبوونەوەیەکی بۆ پاسدارەکان پێکهێنا، بەڵام لەو مەڵبەندەشدا کورانی دێموکرات زۆر جاران هەڵمەتیان بردەسەر هێزەکانی دوژمنو زەبریان لێدا، بە دوای ئەوەشدا هێزەکانی دوژمن رۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی بەمەبەستی گرتنی جادەی سەردەشت بۆ پیرانشار لە سەردەشت دەرکەوتنو کەوتن رێ، بەڵام ئێستا چەند کیلۆمتر لە شار دوور نەکەوتبوونەوە لە نزیک گوندی واوان و گرژاڵ و ئیدی لەو بەراوبەری سەردەشتو رەبەتەوە کەوتنەبەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەو نزیک بە ٢٠٠ کەسیان لێ کوژراو بە ناچاری بەرەو سەردەشت پاشەکشەیان کرد، بەڵام بەداخەوە لە کاتی گەرانەوەی هێزە تێکشکاوەکانی دوژمن بۆ شاری سەردەشت کادرێکی بەوەجی حیزب بەناوی جەلال میراوەیی کە بێچەک بوو کەوتە نێویانو بەدیل گیرا کە هەر بە گەیشتنەوەیان بۆ پادگانی سەردەشت ئێعدامیان کرد.

بەڵێ لە سەرتاسەری کوردستان ئەم جینایەتەی دوژمن هەروا بێوەڵام نەمانەوەو خەڵکی کوردستانو هێزی پێشمەرگە دەست لەسەر دەست دانەنیشتنو بە هەموو توانایانەوە بەگژ داگیرکەراندا چوونو لە سەرتاسەری کوردستان شەرێکی کەم وێنەیان لەگەڵ دوژمن دەست پێکرد کە بەجۆرێک بوو دوژمن لە زۆربەی شەرگەکاندا تێکشکاو پاشەکشەی کردو خومەینی دوای سێ مانگ لە دەرکردنی فەرمانی جیهادی خۆی پاشگەز بۆوەو شەری راگرت. بەڵام ئەوەی بۆکات کوشتنو سازماندانەوەی هێزە تێکشکاوەکانی بوو کە زۆری نەخایاند هێرشەکانی خۆی دەست پێکردنەوەو شەری دووهەمی سنە دەستی پێکرا کە بەداخەوە زیاتر لە ٢٤٠٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاع بەدەستی هێزەکانی خومەینی شەهید کرانو شەقامەکانی شاریان بەخوێنی کچو کورانی لاوو ئیدی سوورکرد.

بەدوای ئەوەشدا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٩ی هەتاویدا هێرشیان کردەسەر گوندەکانی ئیندرقاشو وسووکەندو ٥٣ کەسیان لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو گوندانە شەڵتان خوێن کردو جینایەتیان خوڵقاندەوە. هەر لەو سەروبەندەدا هێرشیان کردە سەر گوندی سۆفیانو لەوێش دەستیان لە جینایەت داو زیاتر لە ٤٠ کەسیان لە خەڵکی بێتاوانی ئەو گوندە ئەنجن ئەنجن کردو دەستیان لە هیچ نەپاراست. بەدوای سەدانو بەڵکوو هەزاران جینایەتی دیکەیان لە کوردستاندا، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا هێزەکانی دوژمن هێرشیان کردەسەر کورە خانەیەکو ١٨ کەسیان لە کرێکارانی ئەو کورەخانەیە شەهید کرد.

لە درێژەی جینایەتی هێزەکانی دوژمن دا، لە گوندەکانی قەرەگوڵو سەوزی ٢٧ کەسی بێتاوانیان شەهید کرد کە

دوانیان منداڵی ١٢ ساڵانەبوون.

لەدرێژەی بەرێوەبردە فەرمانەکەی خومەینی پیرەگورگی جەماراندا بەدوای تاوان خوڵقاندی قەرەگۆڵو سەوزیدا لە گوندەکانی دیلانچەرخو حەلبیو کویکانو کەرێزەی شکاکانو یوونسلیان ٤٠ کەسیان لە خەڵکی بێدیفاع شەهید کردو بۆ چەندەمین جار بەدژی گەلی کورد تاوانیان ئەنجامدا کە پیرە پیاوی ٩٠ ساڵەو منداڵی ١٤ ساڵانەیان تێدا بوو هەر لە پێش ئەوانەشدا هێزەکانی دوژمن لە گوندەکانی قووشو گیچی لە ناوچەی سۆمای شیمالی کوردستانو چەقەڵ مستەفاو کورەخانو خەلیفان لە ناوچەی نەغەدە ٣٤ کەسیان لە خەڵکی بێتاوان کوشت کە پیری ٨٠ ساڵەو منداڵی ١٠ ساڵەی تێدا بوو.

هەر لە ئاکامی ئەو فتوا بەدناوەی خومەینی جەلاد بوو کە لە شاری مەهاباد ٥٩ لاویان لەسەر هیچو خۆرایی گوللەباران کرد. بەدوای ئەوەشدا لەماوەی چەند مانگدا زیاتر لە ١٥٠ کەسی دیکەیان لە شارە جیاجیاکانی کوردستان ئێعدام کردو کوردستانیان بەخوێن سوور کرد.

جگە لەوانەش دەستیان لە تیرۆرداو زۆریان لە رۆڵەکانی گەلی کوردو پیشمەرگەو رێبەرانی تیرۆرکردو لە درێژەی حاکمییەتو دەستوورە ناجوانمێرانەکەی خومەینیدا لە عیراقو ئورووپادا ٢٣١ کەسیان تیرۆر کردو ٢٠ کەسیشیان بریندار کرد. بەڵام رۆلەکان گەلی کوردیش بە تۆڵەی ئەوان زۆر زەبری بەژانیان لە دوژمن وەشاندو لە شەرەکانی پاوەدا زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە هیزەکانی دوژمن کوژران. جگە لەوەش لە کاتی گرتنەوەی جادەی پیرانشار بۆ سەردەشت نزیک بە ٤٠٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران. بەڵام بەداخەوە لە بەرامبەر ئەوەدا ٤٠٠ پێشمەرگەش شەهید بوون.

لە تابلۆیانی رێگای گەنکەو بانەزێر لە نزیک دارساوینو جاتراویو سەندولوو کورانی دێموکرات لە ناوچەی رەبەت ستوونەکەی سەیاد شیرازیان تەفرو توونا کرد کە بۆ خۆیو رێژیمەکەشی ئەوکاتو ئێستاش پێیان لەوە ناوەو جارو بار ئیستاش بە فیلم نیشانی خەڵکی دەدەن.

بەڵێ بە کوردیو بە کوتی لەئاکامی دەستووری جیهادی خومەینی بۆسەر کوردستان، کوردستان زۆری ئازار پێگەیشتو زۆری لێ بووە قوربانو نزێک بە ٥٠٠٠ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوونو زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسیش لە خەڵکی بێدیفاع شەهید بوو. بەڵام لە تەواوی شەرەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**هێرەشکەرانی خومەینیدا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کەس لە هێزەکانی خومەینی کوژرانو بوونە قوربانی شیاسەتی چەوتیو جگە لەوەش بە ملیارد زەرەدی ماڵی بە دوژمن گەیێندرا. سڵاو، بۆ ئازادی و تف لە شەرو برووخێ رێژیمی دیکتاتۆرەی کۆماری ئیسلامی کە خومەینی جەلاد دای مەزراند.**

**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی لە زەویە سپی دەشتی کۆی**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ریکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرگریی نەتەوەیی



## هاشم ڕەزایی

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، بەدوای پەیامی "جیهادی" ئایەتوڵلا خومەینی، هێرشێکی بەرین کرایە سەر گشت کوردستان. رژیمی جمهوریی ئیسلامیی ئێران، لەم هێرشەدا لە هەموو چەشنە چەکێک بۆ داگیرکردن و قەلاچۆکردنی کوردستان کەڵکی وەرگرت. دادگاکانی شەرع، دەستیان لە ئێعدامی لاوانی کورد نەپاراست و سەدان کیژ وکوری کوردیان قەڵخانی خوێن کرد، تەنانەت مافی پاراستن لەخۆ و گرتنی پارێزەریان نەدرایە.

خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، کە بەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ تامی ئازادی و دێموکراسییان چێژتبوو، نەیاندەویست سێبەری رەشی ئەم رژیمە دەستکەوتە دێموکراتیکەکانیان لێ بستێنێتەوە. بۆ پەرچدانەوەی ئەم هێرشانە یەکدڵ و یەکدەنگ راسان و دەستیان دایە پاراستن لەخۆ و مافە سەرەتاییەکانی خۆیان. ئەم خۆراگریی و راوەستانە خاڵێکی زێرینە لە مێژووی خەباتی ئەم گەلەدا.

ئەوە ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان، نە خوازیاری شەرن ونە پێیان وایە شەر رێگەچارەی مەسەلەی کوردە، بەڵام پاراستن و دیفاع لەخۆ مافێکی حاشاهەڵنەگرە چ بۆ تاک و چ بۆ نەتەوەیەک.

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، جێگەی شانازی و سەرفرازییە بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات کە سەریان بۆ ملهوڕییەکانی رژیم دانەنەواند و بە گەورە و چکۆلەوە،

به پیاو و ژنەوە لە شەقامی شارەکان و گەرەکی دێهات دەستیان دایە چەک بۆ پاراستنی کەسایەتیی نەتەوایەتیی خۆی.

ژیانی پێشمەرگایەتی وهەبوونم لە ریزەکانی کۆمەڵەدا لە ساڵەکانی ١٣٥٥ وە هەتا ساڵی ١٣٨٠، لە ئاستی بەرپرسایەتی جۆراوجۆردا، و خەبات و هەوڵدان بۆ میللەتی کوردی مافخوراو، جێگەی شانازییە بۆ من و یەکیک لە خۆشترین دەورانی ژیانی سیاسیی من بووە. لە هەمانکاتدا خۆم بە بەشدار و بەرپرس دەزانم سەبارەت بە هەموو پێشکەوتنەکان و کەوتنەکانی کۆمەڵە تا ئەوکات کە لە ریزی ئەو رێکخراوەدا بووم.

جێگەی خۆیەتی، جارێکی دیکە، یادی هەموو ئەو خەباتکارانەی کە لە ئەم رێگا پیرۆزەدا گیانی خۆیان فیداکرد بەرز و بەرێز رابگرین.

بژی خەباتی رەوای خەڵکی کورد

سەرچاوە: ویبلاگی رووانگە - رێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## جیهادی جەللادێک بە دژی نەتەوەیەکی ئازادیخواز




٣٣ ساڵ بە رلە ئێستا و لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە کاتێک دا کە تەنیا چەند مانگ بە سەر پیرۆزیی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری بنەماڵەی پەهلەوی دا تێنەپەڕیبوو، ئاخوندی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو و تاڵانچیی دەستکەوتەکانی ڕاپەرینی خەڵک خومەینیی جەللاد بۆ قایم کردنی پایەی دەسەڵاتی نگریسی خۆی، پەنای بردە بەر خورافاتی جیهاد بە دژی میللەتێکی ئازادیخوازی وەک کورد و خوێن و ماڵی ئەوانی بە حەڵال زانی.

بەو حوکمە دواکەوتووانەی خومەینی، قەمە بەدەستنی وەک زەهیر نەژاد، شیرازی، ئەبوو شەریف، چەمران و خەلخالیی جینایەتکار هێرشی مەغوڵ ئاسایان بۆ سەر شار و دێهاتی کوردستان دەست پێکرد و ئەوەی لە مێژووی چەنگیزخان و هۆلاکۆ دا تۆمار کرابوون ،ئەوان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

جیهادی جەلـلاد خـومەینی لە ٢٨ی گەلاوێـژی ١٣٥٨ یەکێـک لە ڕۆژە ڕەشـەکانی مێـژووی نەتەوەی کـوردە کە بە درندانەترین شێوە کەوتـۆتە بەر قەتـل وعـام و غەدریکـی گەورە. بەڵام لە هەمـان کـات دا ڕۆژی سـەلماندنی قارەمـانیەتی و بەرخودانی نەتەوەی کوردیشە. هێـزی پێشمەرگە و خەڵکـی کوردستان پێکەوە و بە دڵ و گیـان کەوتـنە بەر پەرچـدانەوەی هێرشـی ئاخونـدە کۆنەپەرەسـتەکان وبە داگرکەرانیـان سـەلماند کە کـورد میللەتێکـی ئاشتیخوازە، بەڵام کاتێک کەوتە بەر هێرشی زاڵمان، هەموو نرخێک بە هەرزان دەزانێ و لە هەمبەر داگیرکـار دا کۆڵنادا و نابەزێ.

خومەینی و قولەچۆماقەکانی وایان دەزانی کە کورد بە فتوایەکی خورافاتی و هێزی نیزامی، دەنگی ئازادیخوازانەی کپدەبێ، و ئەوان بە زۆری چەک وقەتل وعام خۆیان بە سەر ئەو میللەتە دا دەسەپێنن، بەڵام لە ماوەی ٣ مانگ دا رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و ڕێبەرایەتیی ژیر و زانای ئەو میللەتە، بە فیداکاری و قارەمانیەتیی خۆیان، دەرسێکی وایان بە خومەینی و هاوبیرانی دا تا ناچار بێ لە ٢٦ ی خەزەلوەری هەمان ساڵ دا پەیامێک بنێرێ و داوای وتوێژ لە گەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بکات و هێزەکانیان لە شار و دێهاتی کوردستان بکشێننەوە.

شەڕی ٣ مانگە لە لایەک بوو بە دەرسێکی لە بیر نەکراو بۆ داگیر کەران و لە لایەکی دیکەش بوو بە قین وبوغزێکی پەنگ خواردوو کە خومەینی و هاوبیرانی کۆنەپەرەستی بە نیسبەت گەلی کورد لە ساڵانی دواتر دا بە کاریان هێنا.

خومەینی کە پیرە دیکتاتۆرێکی خۆسەپێن بوو، کاتێک فتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد دا، شەڕ لە زۆر شاری کوردستان گەرم بوو. هێزەکانی لە هەمبەر خەڵک و پێشمەرگە دا سەریان لێشێوا بوو. بۆیە خومەینی لە فتواکەی دا فەرمانی دا بە هەموو هێزەکانی کە بچنە سەر شاری پاوە و باقی شارەکانی دیکەی کوردستان، تا بە قەولی خۆی "غلە" ی کوردستان سەرکوت بکەن. ئەو نە لە پێکهاتە و ئەرکی هێزەکانی یەک دەوڵەت ئاگادار بوو و نە جۆغرافیای وڵاتی ئێرانی دەناسی، بۆیە لە فتواکەی دا داوا لە هێزەکانی دەکا و بەم شێوەیە ناویان دێنێ:"... تمام قوای مسلح... نیروی زمینی ارتش، نیروی هوایی، دریای و بسیج..." لە کاتێک ئەو کۆنەپەرەستە تەنانەت نەیدەزانی کە بۆ شاری پاوە و باقی کوردستان "نیروی دریای" چۆن دەبێ بەشداری بکات؟ لە کام کەرستەی "دریای" و لە کام "دریا" هێرش بکاتە سەر کوردستان؟ مەگەر کوردستان پەیوەندیی بە دەریا وە هەبوو تا هیزی دەریایی بەشداری جینایەت دەرحەق بە گەلی کورد بێ؟

ئێستا و دوایی ٣٣ ساڵ کە بە سەر ئەو فتوایەی خومەینی دا دەربباز دەبێ، سەرەرایی هەموو سەرکوت و زەبر و زەنگێک بە دژی نەتەوەی کورد و بزووتەنەوە ڕەواکەی، ڕەوتی رووداوەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بە قازانجی بزووتنەوەی کورد دەچنە پێش و دیواری لەرزۆکی ڕێژیمی ئاخوندیش وەک زۆر یەک لە ڕێژیمە سەرەڕۆکانی ناوچە، ڕووی لە ڕووخان کردووە. بێ گومان سەرنجامیش سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و ئازادیخوازانە و ئەوە دیکتاتۆڕانن کە دەبنە پەندی زەمانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**با هەموومان هەوڵ بدەین کە ڕۆژی ۲۸ ی گەلاوێژ بکەینە ڕۆژی بەرخودان و مێرخاسیی نەتەوەی کورد، بکەینە ڕۆژی بەرگری لە ئازادی و شکاندنی لووت بەرزیی دیکتاتۆران و ئازادی کوژان. گەر ئێمە ئەو ڕۆژە مێژووی یە مان زیندوو نەکەینەوە، ڕەنگ بێ جیلی داهاتوو بە چاکی ئاگاداریی لە سەر ۲۸ ی گەلاوێژ نەبێ. با ۲۸ ی گەلاوێژ بکەینە ڕۆژی بەرخودان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدکا دانمارک - ڕێکەوتی: ۲۰ی ئاگۆستی ۲۰۱۲**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ۲۸ی گەلاوێژ، سیوسێ ساڵ لە داگیرکەریی وەحشیگەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان



هیرش عەلیزادە

بەربەریّتی و تەوەحوشی قرون وستایی هەر ئەمەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەدەی بیستویەک دژی گەلی کورد کردوویەتی و دەیکات!

لەم رۆژەدا ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸) بە دەیان لە رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان گوللەباران کران.

رووخانی سیستەمی پاشایەتی لە ئێران کە دەبووا ببووایە بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی دانیشتووانی کوردستان و گەلانی دیکەی بندەست لە ئێران، بەداخەوە نەبوو. نەبوونی رێکخراوی جیددی و بە هێز و پرۆگرام و پێڕەوی سیاسیی سەردەمیی و هاوکات بەرژەوەندی زەلهێزانی جیهانی و نامەتیەکانی شەری سارد هۆکاری یەکەمی هێنانە سەرکاری وەحشیترین ڕووخساری داگیرکەری و دیکتاتۆری و حکومەتی مەزهەبی لە ئێران بوو، کە توانی دانیشتووانی لە سەرانسەری ئێران، و بە تایبەتی گەلانی بندەستی لەوانە گەلی کوردی، هاویشتە گێژاوی بێ پلانی و بێ سەروبەرییەوە.

سەرەڕای هەبوونی دەریایەک لە فێداکاری و لێبوردوویی، لە سەدان و هەزار ڕۆڵەی دڵگەرم و خوێنگەرم، لە ملوێن

مرۆڤ کە لە دڵەوە خوازیاری گۆڕانکاریی و ڕیفۆرمی جیددی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بوون، نەتوانرا دەستکەوتێک وەدەست بهێنرێت کە بناخەی ئاییندەی لەسەر دابڕێژرێت.

تەنها سامانێک کە هەیە و ماوە، دڵسۆزیی و سەربەرزیی و شانازیی ئەو قوربانیانە و ئەوانەن کە ئەوکات لە ڕیزی خەباتدا بوون و ئێستا بە خاوێنی ماونەتەوە. هەر لەبەرئەوەیە، سەرەڕای هەموو نەهامەتیەکان، دەبێت لە هەموو کاتێکدا ڕێزی بێ پایان لە خوێنی قوربانیان و فیداکارانی خەڵکی کوردستان و هەمووی ئەوانی کە لە بەرامبەر ئەم تەوەحۆش و دواکەوتوویەدا وەستان، بگیردرێت.

شادمانیی و خۆشیی دانیشتووانی کوردستان لە رووخاندنی بنەماڵەی پەهلەوی و دەستەودایەرەکەی، زۆر درێژەی نەکێشا. کە ئەم گەلە زۆڵملێکراوە دووبارە کەوتەوە بەر پەلاماری شێوەیەکی دڕندەتر لە دەستدرێژیی سەرکوتگەریی و لە شێوەی داگیرکەریی.

٢٨ی گەلاوێژ سی و سێیەمین ساڵرۆژی فتوای ئایەتوڵا خومەینی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستانە، خومەینی رابەری کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێک لە هەرە گەورەترین ڕابەرانی جینۆساید دژ بە خەڵکی کوردستان، لەوێدایە کە بەکۆمەڵکوژیی دژ بە خەڵکی کوردستان لە ژێر ناوی مەزهەب و کفر و سەر بە ئیمپریالیزمبووندا مۆری "حەلاڵ" ی لێ دەدرێت.

بە کۆمەڵکوشتنی خەڵک لە شارە و گوندەکانی کوردستان و ئابلووقەدان و پاشان بۆمبارانکردنی شارەکانی کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم بە "حەلاڵ" کردنەوە. داگیرکەر هەمیشە دەبێت هۆیەک و دووان و سیان بۆ بەکۆمەڵکوشتن و تۆقاندن و خەنکاندنی داگیرکراو بدۆزێتەوە، دەنا ناتوانێت درێژە بە داگیرکەرییەکەی خۆی بدات.

لەبەرئەوەیە ٢٨ی گەلاوێژ ١٣٥٨ی هەتاوی دەستپێکەری تەوەحوشی داگیرکارییە، ئەڵبەت بە شێوەیەکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستانە بۆ زیاتر داسەپاندنی دەسەڵاتی رەشی خۆی بەکەڵک وەرگرتن لە دواکەوتوترین توویژەکانی کۆمەڵگا. فەقێ و مەلا و سەید و ئایەتوڵاگەل بە کەڵک وەرگرتن لە چەقۆکێش و شەڕلاتان و ئۆپۆرتونیستگەلی جیاواز، توانیان کەژوهەوایەکی سیاسیی پڕ لە خەفەقان و وەحشەت ساز بکەن.

لەم ڕۆژەدا خاڵخاڵی نوێنەری ئیمامی ئوممەت لە کوردستان هەر لە کرماشان و پاوە و نەسوودەوە تا کامیاران و سنە و سەقز و بانە و مەریوان پۆل پۆل جەوان و پیر لە مامۆستا و دوکتور و کارمەندی خەستەخانەوە تا برینداڕانی شەقام و کوڵانەکانی کوردستان کە بە تۆپ و تەیارەی ئەم داگیرکەرانە بریندار بووبوون، لە پشتی دەرگای داخراو لە چەند چریکەدا بە محاکەمەیەکی فرمایشی و نمایشیی دەیان ڕۆڵەی کوردستانیان گوللەباران کرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆژنامەکانی ئێران هەواڵی ئەم کۆشتارەیان لەسەر خەڵکی کوردستان لەسەرتاسەری ئێران بڵاو دەکردەوە، ئۆمەتی حیزبوواڵایش پوولپول ئامادەی شهادت دەبوون، لە هەمانکاتدا چەپ و راستی "ئازادیخواز" و تەواو ئەرزی ئێرانیش تماشگری ئەم لەشکەرکەشیە و کۆشتارە بوون!

شارەکانی نەغەدە و شنۆ و پیرانشار و مهاباد و ورمێ و سەلماس و گوندەکانی ئەم دەڤەرەیش بە دستووری مەلا حەسەنی کۆنەپەرست و لشکری ٦٤ی ورمێ لەم جنایتە بێبەش نەکران و هاوکات قارنا و قلاتان یان لە خوێندا گەوزاند، و لەژێر سێبەری ئەم لەشکرکێشیەدا بە دەیان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان لە گرتووخانەکانی تەورێز گوللەباران کران. خەڵکی کورد لە شار و گوندەکانی کوردستان لە ڕۆژانی گەلاوێژی ١٣٥٨دا بە دڵی پڕ لە خوێن و ڕێزی سەربەرزییەوە خاوەنداریەتی بەخاکسپاردنی ڕۆڵەکانی خۆی لە ژێر سێبەری ڕەشی داگیرکەراندا کرد.

ئەوە زیاتر لە ٣٣ ساڵ بە سەر ئەو هێرشە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان تێدەپڕێت، هەر لەو کاتەوە تا ئەمرۆ داگیرکەرانی کوردستان کاریان لە کوردستان سەرکوت و جنایەتە.

بە خۆشیەوە ئەمرۆ خەڵکی کوردستان هۆشیارتر و تێگەیشتووتر لە جاران خەبات و تێکۆشانی خۆی دژی ئێعدام و ئەشکنجە و زیندان و ژێروژوورکردنی کۆنەپەرستی و داگیرکاریی بەرەو پێش دەبات. پێش هەر شتێک زۆرینەی خەڵکی دڵسۆزی کوردستان تێدەگەن کە ئەساسی گرفتەکان لە کوردستان لە داگیرکەرییەوەیە. حکومەتی ناوەند حکومەتێکی داگیرکەر و بکوژ و ببڕە، خەڵک لە سیاسەتی سوننەتیی و نەزانینی سیاسیی و ناجیددیەتی سیاسیی تێدەگەن.

دانیشتووانی کوردستان لە بەرانبەر ئەم دەستدرێژییە وەحشیگەرانەی نەتەوەی سەردەست و نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک دەقیقەیش دەستەوەستان و پاسیڤ نەبوون و ئەو خەباتە بە خۆشییەوە بەردەوام بووە و بەردەوامیی پێ دەدەین، ئەگەرچی لە تاران و قوم و ئیسفهان شەڕ لە ناوخۆی دەستەڵاتدا لەسەر چوونیەتی

راگرتنی و پاراستنی حکومەتی مەزهەبی یان جۆری دیکەی سەڵتەنەتتەڵەب و موجاهید و ئێرانچی ئاجێندای شاراوە و نابەیانکراویان تێدا هەیە، و سەرەڕای ئەوەی هەندێک لایەن لێرەولەوێ لە پێناو کورسی دەسەڵاتی خۆیان و حیزبەکەیان بۆ "رێفورمخواز" و "بزووتنەوەی سەوز" ئێرانی سەر و باڵ و لاقیان بە چەپ و ڕاست و سەروخوارەوەدا با دەدەن. ئەو "بزووتنەوەی سەوز"ی کە بەشێکی دانەبڕاو لە مەزهەب و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ناتوانێت و نابێت بکردرێت بە ناجی ئاشتیی و ئاشتیخوازیی.

دانیشتووانی کوردستان دەبێت درێژە بە خەباتی ناسیونالیسمی ئازادیخوازانەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بدات. و لەو خەباتەدا نەخشی ئازادیخوازانە و دادپەروەریی و پلورالیزمی سیاسیی و حوکمەتی دیموکراتیکی خۆی دەستەبەر بکات.

میلیتاریزەکردنی کوردستان دژ بە دانیشتووانی کوردستان دەبێت لە چوارچێوەی سەرکوتکردنی ستەمی نەتەوەییدا ببینرێت. ئەو مەزهەبسالارییەی ئاماژەی پێ دەکرێت بەشێکی دیکەیە و لە پلەی دووهەمدا دێت. ستەمی نەتەوەیی لەسەر شیعەمەزهەب و جۆرەکانی دیکە لە کوردستان هەیە و درێژەی دەبێت و کەس لەبەر سوننە نەبوونی خاتری نەگیراوە، گەلی کورد لەم ئەزمونە خۆێناویی خۆیدا ئەمرۆ دەڵێت نا بۆ هەبوونی دەستەڵاتی سەربازیی و سیاسیی ئێران لە کوردستان، بەڵێ بۆ چوونەدەرەوەی سوپای داگیرکەری ئێران لە کوردستان، بەڵێ بۆ هەبوونی حکومەتێکی دیموکراتیک و دادپەروەر لە کوردستان، کە بە میکانیزمی پلورالیزمی سیاسیی بەڕێوە بچێت.

لە یادی ٢٨ی گەلاوێژدا داوا لە دانیشتووانی کوردستان دەکەین سەربەرز و ڕاشکاو داوای ئازادیی و سەربەخۆیی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک بکەن. لەو خەباتەدا ئێمە دەمانەوێت حکومەتێک لە کوردستان دابمەزرێنین کە پابەند بە مافی مرۆڤ، بە ڕێزگرتن لە پرینسیپەکانی ئازادیی و دیموکراسیی و فرەگەرایی، بە مافی ژنان و کرێکاران و سەرجەم پێکهاتەی دیکەی ئایینی و غەیرەئایینی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بێت.

شەکاوە بێت ئاڵای خەبات بۆ ئازادی و رزگاری لەژێردەستی و کۆیلەتی. هێزی داگیرکەری وەحشیی و کۆنەپەرست لە کوردستان بۆ دەرەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵوێست - ڕێکەوتی : ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## کۆمەڵکوژی لە کوردستان لەزاری شایەتحاڵان و لە دووتوێی ئامارەکاندا



ئاژانسی کوردپا: پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، زنجیرەیەک کۆمەڵکوژیی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد و کۆمەڵێک لە خەڵکی کوردستان پێچەوانەی یاسا و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان و بێ هۆ بوونە قوربانی.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ڕاپۆرتێکدا و بە مەبەستی خستنە رووی هێندێ زانیاری و ئاماری ئەو کوشتارانە، لەگەڵ چەند کەس لە شایەتحاڵانی ئەو ڕووداوانە لە شار و گوندەکانی کوردستان دیمانەی پێکهێناوە و لەزاری ئەوانەوە ئامارەکان دەخاتە ڕوو و باس لە دیمەنی هەژێنەری کوشتنی خەڵکی کوردستان دەکات.

### ڕاستیی کۆمەڵکوژییەکان لە کوردستان لەزاری شایەتحاڵانەوە



**بەهمەن دێهقان:**

بەهمەن دێهقان خەڵکی گوندی "پیرانجوق"ی سەر بە ناوچەی سۆمای ورمێ کە خۆی شایەتحاڵ و بینەری ڕووداوی کۆمەڵکوژیی گوندەکەیان بووە، بەم چەشنە ڕووداوەکەی گێڕایەوە و وتی: "ڕێکەوتی ٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی گوندێک بەناوی "پیرانجوق" کەس رە بە شاری ورمێ یە، کاتژمێر ٥ی سەرلە بەیانیی هێزەکانی ئەرتشی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە چاوساغیی هێندێ هێزی خۆجێی فریودراو دەوری گوندیان دا و بۆ ماوەی ٧ سەعات گوندیان دایە بەر هێرشی تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا و بە شێوەیەی زۆر دڕندانە و بێبەزیی و دژە مرۆییانە، ئەوەیان بۆ گرینگ نەبوو کە کێ ژنە و منداڵ و پیر و پەککەوتەیە، تەنیا مەبەستیان ئەوە بوو کە کوردە دەبێ چاوترسێن و قەلاچۆ بکرێت".

"لە ئەنجامی ئەو هێرش و کوشتارەدا ١٧ دانیشتووی گوندی پیرانجوق لە ژن، منداڵ، لاو و پیرەوە بگرە بوونە قوربانی، بەڵام ئەگەر خەڵکەکە و هێزی بەرگری دیفاع و بەرەنگارییان نەکردبا، بێگومان ٨٠%ی خەڵکی گوندیان دەکوشت، چونکە ئەو هێزانە هەموو ئامانجیان ئەوە بوو و بۆ ئەوەش هاتبوون کە تێکڕای دانیشتوانی پیرانجوق قەڵاچۆ بکەن.

بەهمەن دێهقان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ئاژانسی کوردپا وتی: "ڕووداوەکە بەم چەشنە بوو، خەڵک لە ترسی گیانیان لە ماڵان نەدەهاتنە دەر و هێزەکانی حکوومەتیش بۆ دەرپەڕاندیان ماڵانیان دەدایە بەر تۆپ و گوللەباران و کاتێک خەڵک دەردەکەوتن دەستڕێژیان لێدەکردن و دەیانکوشتن، یەک لەو ڕووداوانە کەلە گشت هەژێنەرتر بوو بۆ من، ئەوە بوو کە یوونس دێهقان کە تەمەن ٧ ساڵان بوو کاتێک دەیهەویست لە ماڵی خۆیانەوە بڕواتە ماڵێکی تر و خۆی حەشار بدات، لەلایەن یەکێک لە پاسدارەکانەوە درایە بەر دەستڕێژ و زیاتر لە ٢٠ گوللەی لێدا و گیانی لێ ئەستاند".

ناوی قوربانییان بریتین لە: "نحۆ عەلیزادە، فەهیم خالیدی، مەحموود خالیدی، جاسم میکائیلی، حەلیمە میکائیلی، محەممەد ڕۆستەمی، عەلائەدین عومەرزادە، جەهانگیر پەرستار، حوسێن زەنگەکانی، عەبدولڕەحیم زەنگەکانی، ئەسعەد نەخشینی، سەلاح زەنگەکانی، سەبری شەفیقی، سافێ خدری، یوونس دێهقان، مەعسوومە تاهیری و جایزە عەلیزادە و جیا لەو کوژراوانە کۆمەڵێکی دیکەی خەڵک بریندار کران".

بەهمەن دێهقان ئاماژەی بەوەش کرد، کە "هێزەکانی حکوومەتی ئیسلامی بیانوویان ئەوە بوو کە خەڵک و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

دانیشتوانی ئەو گوندانە داڵدەی هێز و ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان دەکەن، بەڵکوو بە خاترجەمییەوە دەڵێم کە لەو کات و ساتانەدا لەو دەورووبەرە هیچ هێزێکی چەکدار و پێشمەرگەی کورد نەبووە، بەڵکوو ئامانجی ئەوان تەنیا کوشت و بڕ و لەناوبردنی کورد و سەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو".



## حەبیب حەسەن سیفەت:

"حەبیب حەسەن سیفەت" هاووڵاتیی خەڵکی گوندی "سیناوە"ی سەر بە ناوچەی سۆما لە شاری ورمێ کە خۆی یەکێک لە شایەتحاڵانی رووداوی کۆمەڵکوژیی گوندەکەیان بووە، بەم چەشنە بۆ ئاژانسی کوردپا دوا: "کاتژمێر ٥ی بەیانیی رێکەوتی ٢٧ی رەشەممەی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، لەلایەن هێزی ئەرتش بە هاوکاریی هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران هێرش کرایە سەر گوندەکەمان، لەو ناوچەیە لەبەر ئەوەی هێزی بەرگری هەبوو، خەڵک بەرگرییان لە خۆیان کرد، بەڵام سەرەنجام هێرشیان هێنا و کۆمەڵێکی بەرچاو خەڵکیان قۆڵبەست کرد و دەستیان کرد بە ئازار و ئەشکەنجەی گیراوەکان و دەیانەویست ئەوانەش کە لەناو ماڵان خۆیان حەشار دابوو، بکوژن".

حەبیب لە درێژەدا وتیشی: "سەرەنجام دوو مامم بەناوەکانی "حەسەن و حاجی حەسەن سیفەت" و چوار ئامۆزام بەناوەکانی "کامیل بەشیری، رەشید بەشیری، برزۆ سین ئابادی و سەفیەدین دۆسین ئابادی" لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە تیرباران کران و تەنیا لە گوندی ئێمە ٦ کەس بوونە قوربانی و هەر لەو کاتەدا دایکم کە چووە سەر تەرمی مامم دڵی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد".

ئەو شایەتحاڵە لەو باوەڕە دایە "بەهۆی ئەوەی کە گوندەکانی دەورووبەری سنوور زیاتر هێزی چەکدا "پێشمەرگە"ی هێزە کوردییەکان تێیاندا دەمانەوە، لەلایەن حکوومەتەوە بە تەواوەتی پشت گوێ خراون و جیا لە ئازار و

ئەشکەنجە و کوشتن، هیچ چەشنە ئیمکانات و پێداویستییەکی خزمەتگوزارییەکیان بۆ جێبەجێ نەکراوە".



**بێهزاد سمکۆ:**

یەکێکی تر لە شایەتحاڵان و خەڵکی ئاوایی "گنگەچین" لە ناوچەی سۆما بەم چەشنە باس لە ڕووداوی هێرش و کوشتاری ناوچەکەی خۆیان دەکات: " لە ناوچەی ورمێ و دەوروبەری دوای شۆڕشی گەلانی ئێران چەندین حیزبی وەکوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە" و چەندین فکری دیکەی ناوچەیی هەبوون و سەرقاڵی چالاکی بوون و کۆمەڵێک لایەنگرییان بۆ خۆیان هەبوو، حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەیهەویست بە کوشتار و چاوترسێن کردنی خەڵک نفووزی ئەو حیزبانە نەهێڵێت و لە بنەڕەتدا شۆڕشی کورد لەو ناوچەیە لەناو بەرێت و ڕێگا لە چالاکییەکان بگرێت".

بێهزاد سمکۆ ئاماژەی بەوەش دا کە "لە ساڵەکانی ٦١، ٦٢ و ٦٣ی هەتاوی بەردوام لە چەندین گوندی دەوروبەری ورمێ و بەتایبەت ناوچەی سۆما کردەوە کوشتاری بەکۆمەڵ لەلایەن هێزەکانی سەر بە حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە ڕوویان داوە".

وتیشی: "لەناو کوژراوەکاندا ژن و پیاو، منداڵ، لاو و پیر و کەسانی بەساڵاچووش هەبوون و بۆ حکوومەت گرینگ نەبوو و تەنیا شتێک بۆ ئەوان گرینگ بوو، سەرکوت و داپڵۆسینی خەڵک و لاواز کردنی شۆڕشی خەڵکی کوردستان بوو، بێهزاد سمکۆ لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ ئاژانسی کوردپا وتیشی: "بوونی هێزە کوردییەکان و پشتیوانی کردنی خەڵک لە پێشمەرگە هەموو لەلایەن حکوومەتەوە بیانوو بوون، چونکە ئەوان ئامانجێکی دیکەیان لە کوشتار هەبوو کە ئەویش لەناو بردنی فیزیکی و سڕینەوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی کورد بوو".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بێهزاد سمکۆ هۆکارێکی دیکەی ئەو هێرشانەی حکوومەت بۆ سەر ناوچەکانی ورمێ و دەوروبەری دەگەڕێنێتەوە بۆ "بوونی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی وەکوو سمکۆ و کۆماری کرودستان و گرێچدراویی خەڵک بە هزری کوردایەتی و دەیهەویست نفووزی خۆی نیشان بدات و پچڕانی ئەو پێوەندییە بە کوشتار و تۆقاندن و چاوترسێن کردنی خەڵکی ناوچەکە جێبەجێ بکات".

## بەشێک لە ئاماری کۆمەڵکوژی لە گوندەکانی کوردستان

لە ماوەی پتر لە ٣٣ ساڵ دەسەڵاتداریەتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران گەلێک رووداو، کوشتاری بەکۆمەڵ، ئیعدام و گوللەباران و رەشەکوژیی خەڵکی بێتاوان، چالاکانی سیاسی، مەدەنی لە شار، شارۆچکە و گوندەکانی کوردستانی ئێران ئەنجام دراون.

- ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ و دەرکردنی فیتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان و دەسپێکی شەڕێکی درێژخایەن و هێرش بۆ سەر کوردستان.
- ڕێکەوتی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ پاش هێرشێکی بێبەزەییانە بۆ سەر گوندی "قاڕنی"ی سەر بە شاری نەغەدە ٦٨ کەس بوونە قوربانی.
- ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کوشتاری خەڵکی ئیندرقاش و وسووکەندی سەر بە شاری مەهاباد ٣٥ کەس بوونە قوربانی.
- ڕێکەوتی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی بێدیفاعی گوندی "قەلاتان"ی نەغەدە نزیک بە ٤٥ کەس بوونە قوربانی.
- ڕێکەوتی ٢٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بەهۆی هێرش بۆ سەر خەلکی بێتاوانی گوندی "سۆفیان"ی ناوچەی شنۆ ١٣ کەس بوونە قوربانی.
- بەهۆی هێرشی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی خەلکی گوندەکانی قەرەگۆل و سەوزی لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لەسەر یەک ٢٧ کەس بوونە قوربانی.
- کوشتاری بێ وێنەی نەورۆزی سنە
- ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ کوشتاری کرێکارانی کوورەخانەی گوندی "ساروقامیش"ی سەر بە شاری بۆکان تێیدا ١٨ کەسی بێتاوان بوونەتە قوربانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

. ڕێکەوتی ١٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە ئەنجامی هێرش بۆ سەر گوندی خەڵکی گوندی "بایزاوێ"ی نەغەدە کە ٩ کوژراوی لێکەوتەوە.

. ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٦١ی هەتاوی لە ئەنجامی هێرش بۆ سەر هەڵەقووش، گێچە و کانیڕەش لە ناوچەی سۆمای ورمێ کۆمەڵێک بوونە قوربانی کە هەتا ئێستا ناوی ١٣ کەسیان شناسایی کراوە.

. ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هێرش بۆ سەر خەڵکی گوندەکانی "دێمەسوور، جەعفەرئاوا و مەرجان"ی سەر بە شاری مەهاباد کە کۆمەڵێک خەڵک تێیدا بوونە قوربانی، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا ناوی ٩ کەسیان ئاشکرا بووە.

. ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی هێرش کرایە سەر گوندی چەقەڵ مستەفا لە شاری نەغەدە و ٢١ کەس بوونە قوربانی.

. ڕێکەوتی ٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بەهۆی هێرش بۆ سەر گوندی پیرانجوق لە ناوچەی سۆمای ورمێ ١٧ کەس بوونە قوربانی.

. ڕێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کوشتاری خەڵکی دوو ئاوایی "گێچێ و هەڵەقووش" لە ناوچەی سۆمای ورمێ ١٣ قوربانیی لێکەوتەوە.

ـ ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی گوندەکانی: "چەقەڵ مستەفا، خەڵیفەلیان و گۆڕخانە"ی سەر بە شاری نەغەدە تێیدا ٤١ کەس بوونە قوربانی.

. ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردان ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد.

. ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کوشتاری بەکۆمەڵی گوندەکانی: جبرییل ئاوا، گوندەوێڵە و دووئاو" لە ناوچەی شنۆ تێیدا لەسەر یەک ٦ کەس بوونەتە قوربانی.

## کوشتاری خەڵکی گوندی "قاڕنێ"ی سەر بە شاری نەغەدە

. ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی

. ڕێکەوتی ١٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بەهۆی هێرش بۆ سەر خەڵکی گوندی "باییزئاوا"ی نەغەدە ١٢ کەس بوونە قوربانی.

. هێرش و کوشتاری دانیشتوانی گوندەکانی: دیلان چەرخ، حەڵبێ، کۆیکان، کەرێزەی شکاکان و وێنسلیان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەی نەغەدە کە لەسەر یەک ٤٠ کەسیان بوونەتە قوربانی.

ـ بەهۆی هێرش بۆسەر گوندەکانی سۆفیان و کولیج و سەروکانی لە ناوچەی شنۆ زیاتر لە ٢٠ کەس بوونە قوربانی.
ـ بە پێی ئاماری جۆراوجۆر لە مەودای نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ١٣٧٠ی هەتاوی ٨٣٢ کەس لە شار و شارۆچکە و ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران گوللەباران کراون و رێژەی ئەو کوشتار و ئیعدامە بەکۆمەڵ و تاکەکەسییانەی کە لەناو زیندانەکان بەنهێنی ئەنجام دراون هەتا ئێستا روون نەبۆتەوە و لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی بەم لاشەوە بە شێوازی جۆراوجۆر و بە پێی سیاسەت و تاکتیکی جیاواز زۆرێک لە چین و توێژەکانی کوردستان بوونەتە قوربانی و لە رێگاکانی تەقەی راستەوخۆ لەسەر سنوورەکان و ئیعدام و ... گیانیان لێ ئەستێنراوە.

## بۆ رەشەکوژی و کوشتاری بەکۆمەڵ؟

بەرلە هەموو شت ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ ئاخۆ بۆ قەتڵ و کوشت و کوشتاری بەکۆمەڵ؟

دەرکردنی فتوای جیهاد لەلایەن "ئایەتوڵڵا خومەینی" بەدژی خەڵکی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا دەسپێکی شەڕێکی درێژخایەن و هێرش و رەخساندنی دۆخێکی ئەمنیەتی و پۆلیسیە کە پاش زیاتر لە ٣٣ ساڵ ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەم رەوتە لە شێوازێکی دیکەدا هەر درێژەیان هەبووە کە دەتوانین ئاماژە بە کوشتاری بێ وێنەی نەورۆزی خوێناویی سنە، ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد، رووداوی شەڕ و تێکهەڵچوونی نەغەدە، کوشتاری بەکۆمەڵی گوندی قارنێ لە ناوچەی نەغەدە و دەیان گوندی دیکەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکەین.
بە وتەی شایەتحاڵان، زیندانیانی سیاسی کەلە زیندان ئازاد بوون کوشتن، ئیعدام و گوللەباران و رەشەکوژیی خەڵکی بێتاوان، هاووڵاتیی مەدەنی و تەنانەت زیندانیە سیاسییەکانیش بەبێ بەڕێوە چوونی دادگایەکی داپەروەانە هێندێکیان بە نهێنی و هێندێکیشیان راشکاوانە بەڕێوە چوون و هیچ یاسا و ریسایەک تێیایاندا رەچاو نەکراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

زۆربەی دادگاییەکان لە کوردستان و بەتایبەت لە دەیەکانی٥٠ و٦٠ی هەتاوی کە کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو ببووە، رەوتی ئاسایی خۆیان نەدەپێوا و خێرا لەلایەن چەند نوێنەر و روحانییەکەوە کە حکوومەت بۆ یەکلا کردنەوەی بڕیاری کوشتار و ئیعدامەکانی دیاری کردبوو، دەر دەکران و هیچ پارێزرێکیش لە گۆڕێدا نەبوو. کە "سادق خەڵخاڵی و غوڵامڕەزا حەسەنی، دوکتور مستەفا چەمران، محەممەد لاجەوەردی، مەعبوودی" و خاوەن پلەی نیزامیی دیکە لەو کەسانە بوون.

بە وتەی ئەو زیندانییە سیاسییانەی کەلە دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە زیندان بوون و خۆیان لە نزیکەوە بینەری ئەو رووداوانە بوون "ئەو کەسانەی کە بڕیاری هێرش و کوشتاریان داوە زۆرن و بەبێ بەڕێوەچوونی دادگایەکی فەرمی و یاسایی و بە شێوەیەکی رەمەکی و بە هێنانە بەرباسی دوو پرسیار زرۆ بە ئاسایی ئەنجام دراون".
شایەتحاڵەکان و بەتایبەت دانیشتوانی گوندەکان باس لەوە دەکەن: "زۆر جاریش خەڵکی بێتاوانی گوندێک لە ماوەی چەند خولەکدا بەکۆمەڵ بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچووە کە هیچکات بەڵگە و فاکتێک بۆ تاوانبار بوونیان لەبەر دەستدا نەبووە و تەنیا بە تاوانی کوردبوون و بیروڕای جیاواز گیانیان لێ ئەستێنراوە، کە نموونەی لەم جۆرە کوشتار و رەشەکوژییانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەم وێنە بووە".

بە پێی بەڵگە و فاکتە فەرمییەکان کە ئێستا لەبەر دەست دان کوشتار، ئیعدام و گوللەبارانی چالاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لەلایەن سادق خەڵخاڵی وەک حاکم شەرع و نوێنەری (تامل الاختیار)ی خومەینی لە پرۆسەیەکی بەرین و لە ماوەیەکی کەم و لە دادگایەکی چەند خولەکیدا بڕیاری کوشتنی سەدان کەس لە چالاکانی سیاسی و خەڵکی بێتاوانی نەتەوەی کورد جێبەجێ کران.

زۆرێک لە شارەزایان و کۆمەڵناسانی بواری کۆمەڵایەتی و جینایەتە جەنگییەکان و ژێنۆساید لەو باوەڕە دان کە ئەو کردەوە نامرۆڤانانەی کەلە کوردستان بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەنجام دراون، دەڕۆنە چوارچێوەی ژێنۆساید و سڕینەوەی نەتەوەییەوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چڕوپڕ و هەمەلایەنەوە هەیە کە هەتا ئێستا حکوومەتی ئیسلامی رێگەی بە لێکۆڵەران نەداوە لەم بارەوە راستیەکانی ئەو رووداوانەی کوردستان بخەنە روو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## عەبدوڵلا حەسەن زادە: لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا



لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرالەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا.

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە چالاکی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان:

کوردپا: خومەینی بەردەوام لە لێدوان و وتەکانیدا باسە لە پێکەوەژیانی برایەتی دەکرد، بەڵام بینیمان کە فتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی لێکەوتەوە، ئاخۆ ئەم بڕیارە سەرچاوەیەکی مەزهەبیی هەبوو یان دژایەتی کردن بوو لەگەڵ پرسی کورد؟ ئێوە پێتان وایە ئەو بڕیارەی خۆمەینی لە ئەنجامی راوێژ لەگەڵ دەوروبەرەکانی هاتبووە ئاراوە؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: ئەو فەرمانەی کە خومیەنی وەکوو فەرمانەدەی "کل قوا" دەری کرد، لەلایەکەوە خومەینی تەنیا دەسەڵات بوو لە ئێراندا پاشان دەوروبەرەکەی وایان حاڵی کردبوو کە هەموو دنیا لەژێر ئەمری ئەوە و تەنیا لە کوردستان خەڵکێکی یاخی پەیدا بوون کە سەرپێچی لە بڕیارەکانی دەکەن، ئەوانەی کە ئەویان حاڵی کردبوو بە دوو جۆر خراپیان تێگەیاندبوو یەکیان ئەوە بوو لە کوردستان تەنیا تاقمێکی کەمن کە ئاژاوەیان

ناوەتەوە و سەرپێچی لە فەرمانەکانی ئەو دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە وایان تێگەیاندبوو کە خەڵکی کوردستان لەو تاقمە بێزارن ئەوە بوو کە فەرمانی دا هەموو هێزە چەکدارەکان هێرش بکەنە سەر کوردستان و لەلایەکی دیکەشەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە یاخییەکان بگرن و تەسلیمیان بکەنەوە. مەسەلەی باس کردنیشی لە برایەتی ئەوە بوو کە ئەوکات لە دەسەڵاتدا نەبوو و رەخنەی لە دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا دەگرت و باسی لە برایەتی هەموو موسڵمانان دەکرد و مەبەستی لەو برایەتیە دابین کردنی مافی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو مەبەستی ژیان کردن لەژێر ئیسلامی خومەینیدا بوو.

***کوردپا: ئەم وتانەی خومەینی کەلە رۆژنامەی کەیهاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە، دەڵێ: ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کەلە کوردستان شەڕ ساز نەبێت و تەنانەت بۆ خۆم یوونسی پارێزگاری ئەوکاتی سنەم بانگ کرد و پێم گوت کە دەبێ لە کوردستان ئاشتی و ئارامی سەقامگیر ببێت، بەڵام ئەو ئاشتی و ئارامیە نابێ بەنرخی تێکچوونی باری خۆش بژێوی و ئاسایشی خەڵکی مەدەنیی کورد تەوا ببێت، ناوبراو وتوویەتی ئێمە ئەو بڕیارەمان بۆ سەر ئەشرار داوە، رای ئێوە لەم بارەوە چیە؟***

***عەبدوڵڵا حەسەن زادە:*** لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێزە سیاسییەکان لەگەڵ خەڵکی لێک جیا کردنەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو حوکمە و فەرمانە وەکوو فتوا تەعبیر کرا بۆ سەر خەڵکی کوردستان، پاشانیش زۆر روون و ئاشکرا بوو کە خومەینی لە یوونسی یا غەیرە چی دەویست ئەو دەیوت سرەتا گەمارۆ و دوایی موزاکرە.

***کوردپا: هۆکاری ئەوەی کە خەڵک و هێزە سیاسییەکان لێک جیا نەدەکرانەوە چی بوو؟***

***عەبدوڵڵا حەسەن زادە:*** چۆن ئەوان داخوازی هەموو خەڵکی کوردستانیان داوا دەکرد و هیچ شتێکیان وەکوو دەستە و گرووپ بۆ خۆیان نەدەویست و هێرشی حکوومەت بۆ سەر حیزبەکان بە واتای هێرش کردنە سەر خەڵکی کورد بوو.

***کوردپا: وەک کەسێکی بێلایەن رەخنەت لە کردەوەکانی ئەوکاتی هێزە سیاسییەکانی کورد چیە؟ و پێت وایە هێزە سیاسییەکان دەیانتوانی چ کارێکی باشتر بۆ وەدیهاتنی مافە سیاسییەکانی کورد بکەن کە نەیانکرد؟***

***عەبدوڵلا حەسەن زادە:*** **تەنیا ریگایەک کە دەکرا هێرش بۆ سەر کوردستان رابگیرێ ئەوە بوو کە حیزبەکان تەسلیم بن و هەرچی کۆماری ئیسلامی دەیوت ملکەجی بانایە و خومەینی لە سازمانەکانی دیکەش رازی نەبوو بۆ وینە قەتڵ و عام کردنی حیزبی توده و لایەنگرەکانی، یان ئەوەی کە موجاهدین خۆیان بە کوڕ و کچی خومەینی دەزانی، بەڵام فەرمانی لەناو بردنی دان.**

**رەنگە هێزە سیاسییەکان رەخنەی جوزئیان لەسەر بێت بەڵام بە گشتی دەبایە تەسلیم ببان کە ئەویش شایستەی ئینسانی ئازادیخواز نیە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## گەلاڵەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە

گەلاڵەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە گەلاڵەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە و لەوێدا هەم ویستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان و هەمیش مافی نەتەوایەتی لە شکڵی چارەی خۆنووسیندا هاتبووە بەرباس.

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ سەید ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە، شاخەی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان:



***کوردپا: مەبەستی ئێمە شیکردنەوەی لایەنی مێژووی فتوای خومەینی کە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی لێکەوتەوە نیە، بەڵکوو ئەوەیە کەلە دوای شۆڕشی ئێران و هەروەها لە رووداوی ٢٨ی گەلاوێژیشەوە بیر و بۆچوونی جیاوازی وەکوو چەپ، راست، لیبراڵ، نیمچە لیبراڵ و تەنانەت احزابی کومونیستیش حوزوریان هەبوو، هێزە سیاسیە ناسیۆنالیستەکان داواکاریان لە حکوومەت روون و شەفاف بوو، پرسیارەکە لێرە دایە ویست و داخوازی هێزە کۆمنیستەکان لەو کاتەدا چی بوو؟***

*ئیبراهیم عەلیزادە:* مادەی هەشت خاڵیی شاری سنە لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی کۆمۆنیستدا نووسراوە و لەوێدا هەم ویستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان و هەمیش مافی نەتەوایەتی لە شکڵی چارەی خۆنووسیندا هاتبووە بەرباس و رەوتی چەپ هەر لە سەرەتای شۆڕشدا هەستی بەوە کردبوو کە خەریکە دەستکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن

**هێزە ئیسلامییەکانەوە قۆرخ دەکرێ و دەبێ بەرگری لەم کارە بکرێ، بەڵام لە کوردستان چونکە خەڵکەکە مەزهەبیان سوننە بوو نەکەوتبوونە ئەو داوەوە و هەروەها لە کوردستان هێزی چەپ و رادیکاڵ هەبوو، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە نەبوو و لە کوردستان پێشینەی بەرخودان هەبوو کە ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی وەڵامی هێرش بۆ سەر کوردستان بدرێتەوە و ئەوەی لە کوردستان رووی دا درێژەی شۆڕشی ئێران بوو و خەڵکی چوونە سەنگەری خودموختاریەوە کە ببێتە هۆی پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش.**

***کوردپا: بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە نموونەی شۆڕشی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دەگمەن بوو و هەروەها زۆربەی دانیشتوانی کوردستانیش خەڵکی مەزهەبی بوون، چەپ یان مەسەلەی کۆمۆنیستی بەم شێوازەی ئەمڕۆ تاریف نەکرابوو و خەڵکی لەگەڵی نامۆ بوون، بە بڕوای ئێوە ئەو هۆکارانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە بە هیزە چەپەکان کە بەرنامەی کۆمۆنیستیان هەبوو بڵێن کافر؟***

***ئیبراهیم عەلیزادە:*** **تەنیا هێزی چەپ لە کوردستان خەڵکی بۆ بەرەنگاری ئامادە دەکرد و باقی هێزەکانی دیکە نەتەنیا خەڵکیان بۆ بەربەرەکانێ ئامادە نەدەکرد، بەڵکوو وەهمی خۆگونجاندنیان لەگەڵ رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بڵاو دەکردەوە و هێزی چەپیان بە ئاژاوەگێڕ تاوانبار دەکرد و هێزی چەپ بە ئیعتباری بەربەرەکانێ لەلایەن خەڵکەوە ناسرا، نەک ئەوەی کە ئایا باوەڕی بە مەزهەب هەیە یان نا.**

**موفتی زادە کە هێزێکی ئیسلامی بوو چووە پاڵ حکوومەتەوە تەنانەت کۆماری ئیسلامی ئەویشی پێ تەحەموول نەکرا و هەروەها چارەنووسی ئەوانەی کە بە کۆنگرە چوارییەکان ناوبانگیان دەرکرد چییان بەسەر هات و تەنانەت حیزبی تودە، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە بوونی هێزی چەپ و رادیکال بیانوویەک بوو بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان.**

***کوردپا: بۆچی هەتا ئیستا نەتوانراوە ٢٨ی گەلاوێژ بکرێتە رۆژێک یان بۆنەیەکی تایبەت، بە بڕوای ئێوە ناسیۆنالیزم و کومونیزم وەکوو بەرنامە و فکریەتی حیزبەکان هەتا چەندە رێگر بوون لە دەست نیشان کردنی ئەو رۆژە؟***

***ئیبراهیم عەلیزادە:*** **بە بڕوای من ئەو رۆژە دەبێ بکرێتە رۆژی خۆشی و شادی بۆ خەڵکی کورد چونکە لەو رۆژەوە هەتا ئێستا خەڵکی کورد بە حکوومەتی ئێرانیان سەلماندووە کە بەربەرەکانێ درێژەی هەیە و دەبێ خەڵکی کورد شانازی بەو رۆژەوە بکات. لەبارەی نەبوونی یەکدەنگی بۆ ئەو رۆژە دەتوانم بڵێم کە بوونی ئیستراتیژیکی جیاواز**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

لەنێو حیزبەکان یەکێک لە هۆکارەکانە، بۆ وێنە چوونی هێندێ لە هێزە سیاسییەکان بۆ ناو "شۆرای میللیی موقاومەت" کەلە ناو ئەو شوورایەدا ناسیوناليستی زۆر بەرچاو تەنگ هەبوو، یان ئێستا کە باس لە خەباتی مەدەنی دەکرێ، حیزب هەیە کە دەستی داوەتە چەک و دەیهەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکات مەبەست لە باس کردنی ئەم شتانە ئەوەیە کە هەمووی ئەوانە دەتوانێن لە بەرامبەر پلاتفۆڕمێکی هاوبەشدا رێگر بن.

خومەینی کەسێک نەبوو کە پابەند و باوەڕی بە مەسەلە دینییەکان یان بێت

خومەینی کەسێک نەبوو کە پابەند و باوەڕی بە مەسەلە دینییەکان یان بێتمەبەستی سەرەکیی ئێران لە هێرش بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان پەژاک نیە، بەڵکوو مەبەست حیزبەکانی دێمۆکرات و کۆمەڵەیە کە لەم دۆخە ناسکەدا ئەوانیش بکێشێتە مەیدانی شەڕەوە و لەو خەباتە سیاسی و مەدەنیەی کە ئێستا گرتوویانەتە پێش لایان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

### *وتووێژی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ دوکتور عەلیڕەزا نووری زادە، ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری سیاسی، لەبارەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان:*



***کوردپا: بەڕێز نووری زادە کۆمەڵێک لە چالاکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و غەیرە کورد لەو باوەڕە دان کە بڕیاری هێرش بۆ سەر کوردستان لەلایەن خومەینییەوە فتوایەکی مەزهەبی، یان بڕیاری جیهاد نەبووە، بەڵکوو ئەوە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی هەڵەیە لەم هێرشە بۆ سەر کوردستان و کوردەکان بووە، ڕای ئێوە لەم بارەوە چیە؟***

***د. نووری زادە:*** **لە بنەڕەتدا و لە ڕوانگەی دینییەوە هیچکات فەرمانی جیهاد بەدژی موسڵمانان نادرێ، بەڕای من بڕیاری هێرش بۆ سەر کوردستان لەلایەن خومینیەوە بڕیارێکی بە تەواوەتی سیاسی و بۆ نابووتی یەکجارەکیی کوردستان و پتەو کردنی دەسەڵات و حکوومەت بوو لەو ناوچەیە. خومەینی ویستی بەو هێرشە لە تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت حیزبە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم تۆڵە بکاتەوە.**

**لەلایەکی دیکەشەوە خومەینی کەسێک نەبوو کە پابەند و باوەڕی بە مەسەلە دینییەکان یان هەر شتێکی دیکە بێت، بەڵکوو ئامانجی سەرەکیی ئەو لە بڕیاری هێرش بۆ سەر کوردستان تەنیا نیشان دانی دسەڵات و هێزی خۆی و هەروەها زاڵ بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو بەسەر کوردستاندا.**

**کوردستان مەترسییەکی جیدی بوو بۆ حکوومەتی خومەینی، چونکە لە کوردستان چەند حیزب، یان بیرۆکە و ڕوانگەی جیاواز سەرقاڵی چالاکی بوون، حیزبی دێمۆکرات، کۆمەڵە و تەنانەت توێژی مەزهەبی و هەروەها**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

چەندین ڕێکخراوی دیکەش چالاکییان دەکرد و دەکرێ بڵێین کە تەواوی خەڵکی کوردستانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو و ئەمەش وەک مەترسییەکی جیدی بۆ ڕێژیمی خومەینی دەهاتە ئەژمار، چونکە لەو هەلومەرجەدا کەمتر شوێنێک لە ئێران وەکوو کوردستان ئەو وزە و توانایە خەباتگێڕیەیان هەبوو کەلە بوونی حیزبە سیاسییەکان و بەرهەمهێنانی فکرەوە سەرچاوەی دەگرت.

بەدەر لە هەموو ئەم باسانە بوونی سیما و کەسایەتییەکی وەکوو نەمر دوکتور قاسملوو لەناو کوردەکان وەکوو ڕۆشنبیرێکی سیاسی، بە یەکێکی تر لە هۆکارە گرینگەکان دێتە ئەژمار کە خومەینی ترسی لێ نیشتبوو. خومەینی دەیزانی کە حزووری بەهێزی سیاسیی کەسێکی وەکوو قاسملوو دەتوانێ سیستمی دەسەڵات بخاتە لەرزە.

ئەم مەسەلەیە بۆ خومەینی سەلمێنرابوو کە قاسملوو ئەو توانایی و دەرفەتەی دەبێت کە پۆستی سەرکۆماریش مسۆگەر بکات، چونکە قاسملوو کەسێکی ڕۆشنبیر و مۆدێڕن بوو و خۆشەویستیی ئەو تەنیا بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە نەبەسترابوو و دیتمان کەلە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرێگانی ڕێبەری لە کوردستان دەنگی متمانەی بەدەستهێنا. قاسملوو لەناو خەڵکی کوردستاندا خۆشەویست و بەرز بوو و تەنانەت لە ئاستی ئێراندا وەکوو سیمایەکی سیاسیی ناسراو، جێگای پەسندی ڕەوت و حیزب و چالاکانی سیاسی بوو ، هەروەها زۆر حیزب و ڕێکخراو و ڕەوتی سیاسی لە کوردستاندا چالاکییان دەکرد.

***کوردپیا: هەروەک دەبینین پرەنیسبی حکوومەتی ئێران، لە ئاست دژبەران و بە واتایەک حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەت حیزبە سیاسییەکان لە کوردستان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە و دەبینین کە حکوومەتی ئێران بە بیانووی بوونی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان" پەژاک" دەستی داوەتە نانەوەی شەڕ لە ناوچە، ئاخۆ هۆکاری ئەم کار خوێناوییانە درێژەی هەمان سیاسەتی سەرکوت و کوشتاری پێشوو لە کوردستان نیە؟***

*د. نووری زادە:* نا، بە هیچ شێوەیەک وا نیە، هەموو ئەم هەوڵ و چالاکییانە بە شێوەی ئامانجدار و لە ڕاستای دسەڵات و نفووزی بەسەر ناوچە دایە و ڕەخساندنی زەمینە و دەرفەتێکە بۆ زەربە دان لە حیزبەکانی دیکەی کورد لە ناوچەدا، لەبەر ئەوەی حزووری بەرتەسکی نیزامیی حیزب یان گرووپێک لە کوێستانی قەندیل کە چالاکییەکانیان لە چەند پێکدادانی سەرەتایی لە ناوچەدا خۆی دەبینێتەوە، ناتوانێ ببێتە مەترسییەکی جیدی بۆ ڕێژیمی ئێران و هەروەها ئێرانیش زۆر لەمێژە لەمە تێگەیشتووە و ئەم جۆرە چالاکییانە تەنیا بە مەبەستی شێواندنی هاوکێشەکانی ناوچە و تەنانەت حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچن، خودی پەژاکیش هەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بەم مەسەلەیە کردووە.

***کوردپیا: یانی ئێوە لەو باوەڕە دان کە هێرشەکانی حکوومەتی ئێران بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی لەناو بردنی پەژاک، یان بەرەنگاربوونەوەیان نیە؟***

***د. نووری زادە:*** ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشانە و بەرینتر کردنەوەی مەیدانی شەڕەکە، تەنیا پەژاک نیە، دەنا چۆڵ کردنی قەندیل لە پەژاک لەلایەن ئێران و تورکیەوە زۆر ئاسانە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئێران حیزبەکانی دێمۆکرات و کۆمەڵەیە کە لەم دۆخە ناسکەدا ئەوانیش بکێشێتە مەیدانی شەڕەوە و لەو خەباتە سیاسی و مەدەنیەی کە ئێستا گرتوویانەتە پێش لایان بدات و بۆ ناو شەڕێکی نەخوازراو پەلکێشیان بکات. چونکە ئێستا خەباتی سیاسی، مەدەنی و دیپلۆماسیی ئەم دوو حیزبە لە ئاستی دونیادا بە تەواوەتی جێگای خۆی کردۆتەوە و کۆماری ئیسلامیش بەم کارە تووڕەیە. یان ڕێبەرانێکی وەکوو هێجری، موهتەدی و خالید عەزیزی ئێستا نەتەنیا وەکوو سکرتێری حیزبەکانی خۆیان پێگەیەکی بەرز و شیاویان لەناو نەتەوەی کورد هەیە، بەڵکوو لە ئاستی دونیادا وەکوو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و دنیادا ڕۆڵیان هەیە و کۆماری ئیسلامیش دەیهەوێ ئەم پێگەیە بشکێنێت و بە هەر لەونێک بووە ئەم قۆناغە لە خەبات کە هەمان خەباتی مەدەنی و سیاسییە بەلاڕێدا بەرێت.

سەرنج بدەن ئەو زیانانەی کەلە ئەنجامی هێرشی تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەدیهاتوون، کۆمەڵێکی بەرچاو لە گوندنشینانی ناوچە، ژن و منداڵی داماو، مەگەر ئەوانە ئەندامانی پەژاکن؟ تەنیا قوربانیی ئەم مەسەلەیە خەڵکی ناوچەن کەلە ماڵ و زێدی خۆیان ئاوارە بوون. ڕێژیمی ئێرانیش بە بیانووی ئەوەی کە بۆچی کۆمەڵێک لە کوێستانی قەندیل و سنوورەکانی کوردستان سەرقاڵی هاتوچۆن، بە تانک و تۆپبارانەکانی خۆی سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوانی گوندنشینی کوشتووە یان ئاوارەی کردوون.

***کوردپیا: بەڕای ئێوە لە جەریانی فەرمانی ٢٨ی گەلاوێژدا بۆچی خەڵکی مەدەنی و هێزە سیاسیەکانی کورد کە لەو کاتەدا حزووریان هەبوو پێکەوە گرێ درابوون و خەڵکێکی زۆریش بەو بۆنەوە بوونە قوربانی، یان ئیعدام کران یان لەو شەڕانەدا کوژران؟***

***د. نووری زادە:*** بەو هۆیەی کە حیزبە کوردییەکان حیزبگەلێکی خەڵکی بوون و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای کوردستان

بـوون، جۆراوجـۆری و فرەچەشـنیی حیـزبە کوردییەکـان لەو هەلـومەرجەدا بـوونە هـۆی ئەوەی کە هەر توێژێـک لە خەڵک پاڵ بدەن بە حیزبێکی تایبەتەوە و بەم چەشنە خەڵکی مەدەنی و حیزبەکان لێک جیا نەبوون. یەکێکی تر لەو هۆکارنەی کە بووە هاندەر بۆ ئەوەی کە خومەینی بڕیـاری هێرش بۆ سەر کوردستان بـدات، نەبـوونی فکر و بیـرۆکەی مەزهەبـی بـوو لە کوردسـتان، بە چەشـنێک کە دەبینـین لە چوارچێـوەی حیـزبە سیاسـییەکاندا کەس و سیمایەکی ناسراو و کاریزما کە بتوانێ لە بواری مەزهەبییەوە رۆڵی کارا بگێڕێ، لە گۆڕێدا نەبوو. تەنیـا کەسێک وەکوو ڕێبەرێکی سیاسی و مەزهەبی لە مەیداندا هەبوو شێخ عیـزەدین حوسێنی بـوو کە ئەوەیش ئەو چاوەڕوانیەی کە لێدەکرا بەدی نەهات.


لەنـاو هێـز و رێکخـراوە سیاسـییەکانیش لە هەمـوان زیـاتر دوو حیزبـی دێمـۆکرات و کـۆمەڵە هەڵگـری فکـر و روانگەیەکی دێمۆکراتیک و بوون و نەبوونی فکری مەزهەبی و لائیک بوونیـان هۆکـارێکی تـر بـوو بـۆ ئەوەی کە ئەو فەرمانەی خومەینی یەکلا بگرێتەوە و ببێتە هێرشێکی بەربڵاو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## مەسەلەی تەجزیە تەڵەبیش بەشێکە لەو تۆمەتانەی حکوومەتی خومەینی



مەسەلەی تەجزیە تەڵەبیش بەشێکە لەو تۆمەتانەی حکوومەتی خومەینیمەسەلەی تەجزیە تەڵەبیش بەشێکە لەو تۆمەتانەی حکوومەتی خومەینی کە وەکوو میراتی دیکتاتۆریی رێژیمی پاشایەتی پێگەیشتووە و دراوتە پاڵ نەتەوەی کورد.

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان:

***کوردپا: نزیک بە ٣٢ ساڵ بەسەر رووداوی ٢٨ی گەلاوێژدا تێدەپەڕێ، لەلایەکەوە هێزە سیاسییەکان و لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی حکوومەتی ئێران لەژێر ناوی "موجاهدینی ئینقلابی، سپاە جامەگان، کەفەن پووشان، خوێندکارانی خەتی ئیمام و سپاهیانی ئیسلام" لە بەرامبەر یەکتردا راوەستابوون، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە هێزە سیاسییەکان داوای ویست و داخوازی خەڵکی کوردیان دەکرد و خومەینیش ئەو هێزانەی بە جوداییخواز لە قەڵەم دەدا و ئەو سیاسەتەی ئەوکاتەیان هەتا ئێستاش درێژەی هەیە، پرسیار لێرە دایە بۆچی توانیان ئەو وشەیە بەم شێوە جێ بخەن؟ چۆن هێندێ رۆشنبیر لەو باوەڕە دان کە عەمەلکردی ئەوکاتی هێزە سیاسییەکان بووە هۆی جێگرتنی ئەم روانگەیە؟***

***مستەفا هیجری:*** **لە پێشدا با ئەوە بڵێم کە تەجزیە تەڵەبی بەو مانایەی کە نەتەوەی کورد لە هەر بەشێکدا کە دابەش کراوە بیهەوێ چارەونوسی خۆی دیاری بکا بە هەر شێوەیەک کە خۆی دەیهەوێ ئەوا مافی خۆیەتی، کەوابوو**

لێرەدا مەسەلەکە وانیە کە بە شێوەی مەنفی تەفسیری بکەین. مەسەلەی تەجزیە تەڵەبیش بەشێکە لەو تۆمەتانەی حکوومەتی خومەینی وەکوو میراتگری بەشێک لە دیکتاتۆریەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتی، کە هەموو ئەو خەڵکە ئازادیخواز و مافخوازەی ئێرانی چ کورد و چ غەیرە کوردیان بە تۆمەتی تەجزیە تەڵەب و وابەستە بوون بە دوژمنانی ئێران تاوانبار دەکرد هەتا دەستیان زیاتر بۆ کوشتنی خەڵکی ئاوەڵا بێت، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئیمکاناتی ئەوەیان نەبوو کە ئەو تەبلیغاتە چەواشە کارانە و درۆیینە پووچەڵ بکەنەوە.

ئێرانیش بە هۆی زۆریی حەشیمەت و پانایی و بەرینی جوغرافیایی بەشێک لە خەڵکەکە لە بنەڕەتدا ئاگاداری دۆخی یەکتری نەبوون، بەشێکی دیکە بەتایبەت لە سەردەمی خومەینیدا لەژێر تەعەسوباتی وشکی مەزهەبیدا هەرچی سەرانی ئەو حکوومەتە بە تایبەتی خومەینی بیگوتبایە ئەوانیش بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە قبوڵیان بوو، بۆیە ئەو وشەیە وەکوو تۆمەتێک بۆ مافخوازانی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بەکار دەهات. بە تێپەڕینی زەمان و بەتایبەتی کە پێوەندیی خێرا هەموو دونیای داپۆشیوە، هۆشیاریی خەڵک هەم لە ئێران و هەم دراوسێییەکانی ئێران چۆتە سەرێ، بێجگە لەوانە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە کوردستانی ئێران کەم و زۆر هەرکامەیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بوون بە خاوەنی ڕاگەیەنی گشتی وەکوو تەلەڤیزیۆن و ئینتێرنێت توانیویانە کاریگەرییەکی زۆر دابنێن لەسەر پوچەڵ کردنەوەی ئەو بیر و بۆچونانە.
هەروەها ئەو پێوەندییانەی کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران لەگەڵ باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی و لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتیە سیاسییە ئێرانییەکان گرتوویانە ئەو فکرە ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز بووە و لە داهاتوودا پێم وابێت زیاتریش لاواز دەبێت.

***کوردپا: بەپێی ئەوەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژ تێدەپەڕێ بزوتنەوەی کورد گۆڕانکارییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڕای ئێوە هێزە سیاسییەکان دەیانتوانی چ کارێکی تایبەت بۆ ڕاگرتنی هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان بکەن کە نەیانکرد؟***

*مستەفا هیجری:* من پێم وابێ ئەوەی کە هێزەکانی کوردی بەگشتی کردوویانە جیالە هێندێک وردەکاری شتێکی وایان نەکردوە کە خەڵکی کورد موستەحەقی ئەو قەتڵ وعامە بن یا ئەوەی کە ئاماژەتان پێکرد هێندێک کەس هەن کە هەڵوێستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە نەتیجەی هەڵوێستی سیاسی هێزە کوردییەکان دەزانن چونکە هێزە کوردییەکان ئەوکات و لە ئێستاشدا ئەوەی کە داوای دەکەن مافی ڕەوای گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێراندا،

بۆیە ئەوە نەتەنها بۆ ئەوە نابێ کە هێرش بکرێتە سەر گەلی کورد و فتوای جیهاد لە دژی بدرێ، بەڵکوو دەبێ گوێی لێ بگیرێ و لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە ویست و داخوازییەکانی جێبەجێ بکرێ و ئەوە یارمەتی دەکات بە پێشکەوتنی ئێران.

لە ڕاستی دا ئەو بیانوانە کە هێنایانەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد و بالاتر لە هەموو فتوای جیهاد بە دژی خەڵکی موسڵمانی کورد، بێجگەلە دەمارگرژیی وشکی مەزهەبی و دواکەوتوویی هیچی دیکەی تێدا نەبوو.

***کوردپا: بەگشتی هێزە سیاسییەکان لە سەرەتاوە ویستیان بە وتووێژ مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن و لە قۆناخێکی دیکەدا دەستیان بۆ چەک برد و دواتریش پەنایان بردە بەر خەباتی سیاسی و مەدەنی، بەڕای بەڕێزتان ئەو هەموو فەراز و نەشێوە دەگەڕێتەوە بۆچی؟***

***مستەفا هیجری:*** شتێکی زۆر سروشتیە کە هێزە سیاسییەکانی کورد لە سەرەتادا ڕێگای وتووێژیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتییەوە لەگەڵ حکوومەتی تازە بە دەسەلات گەیشتوو چارەسەر بکەن و لەو ڕێگایەوە بەتایبەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەوڵێکی یەکجار زۆری دا بۆ ئەوەی کە خوێنی لاوانی کورد و باقی خەڵکی ئێران نەڕژێ، بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لە جیاتی ئەوەی کە وەڵامی ئەو داخوازییە ئاشتیخوازانە بداتەوە، هێرشیان کردە سەر کوردستان و فتوای جیهادیان بە دژی کورد دەرکرد و خەڵکی کوردیش بۆ بەرگری لە مان و مەوجودیەتی خۆی و دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرگری دەستی بۆ چەک برد و ئەوە ڕێگایەک بوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران خستیە بەردەم خەڵکی کورد، بەڵام دواتر بە هۆی ئاڵوگۆڕی ناوچە و وەزعیەتی نێونەتەوەیی بەو ئاکامە گەیشتن کە ویست و داخوازەکانی خۆیان لە ڕێگای چالاکی و تێکۆشانی مەدەنی و تەشکیلاتی و دیپلۆماسییەوە درێژە بدەن.

وانیە کە تۆ لە قۆناغێکدا نەوعێک لە بەربەرەکانێ بەدژی دوژمنێک رادەگەیەنی، بەڵام ئەو هەڵوێستە بۆ هەمیشە هەر وا بەردەوام بێ، لە حاڵێکدا دەبینین لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا دونیا و هەروەها ناوچە ئاڵوگۆڕێکی ئێجگار زۆریان بەسەردا هاتووە، بۆیە شتێکی زۆر سروشتیە کە هێزێکی سیاسی بەپێی وەزعیەتی ناوچە و هەروەها بە لێکدانەوە لەسەر ئەو ئەسڵەی کە چ جۆرە خەباتێک بۆ بەربەرەکانێ شیاوترە و دەسکەوتی بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی زیاتر هەڵبژێرێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢**




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، هەم بڕیارێکی مەزهەبی بووە و هەم بڕیارێکی سیاسی

فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، هەم بڕیارێکی مەزهەبی بووە و هەم بڕیارێکی سیاسی فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان هەردوو لایەن دەگرێتەوە، واتە هەم بڕیارێکی مەزهەبی بووە و هەم بڕیارێکی سیاسی، چونکە ئەو دوانە لە حکوومەتی دینیدا لێک جیا ناکرێنەوە.

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ مامۆستا حەسەن ئەمینی، بەرپرسی شۆرای مەکتەب قورئانی کوردستان،لە پێوەندی لەگەڵ رووداوی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان:



***کوردپا: مامۆستا هێندێ کەس و بەتایبەت شارەزایانی ئەم بوارە لەو باوەڕ دان کە ئەو فتوایەی خومەینی کەلە ٢٨ی گەلاوێژدا بەدژی خەڵکی کوردستان دراوە فتوای جیهاد نەبووە، رای بەرێزتان لەم بارەو چیە؟***

*حەسەن ئەمینی:* "بسم الله الرحمن الرحیم" ، من پێم وایە ئەو بڕیارە، ئەو فرمانە هەروا بووە، ئەڵبەتە لە ئێراندا دوای ئەوەی کە شۆڕش کراوە، خەڵکی مەزهەبی و خەڵکی سیاسیی حکوومەتی لێک جیا نین، چونکە ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و کاروباری سیاسی رادەپەڕێنن هەمان ئەو کەسانەن کە رێبەرانی مەزهەبیشن، بەتایبەت لە سەرەتای ئینقلابەوە ئیمام کە خۆی رابەری ئینقلاب بووە رێبەرانی سیاسیش هەر ئەو دیاریی دەکردن وەک سەرکۆمار و ئەو کەسانەی کە لێپرسراو بوون، بەو پێیە ئەم بریارە هەردووکیان بووە، واتە

هەم بڕیارێکی مەزهەبی بووە و هەم بڕیارێکی سیاسی، چونکە ئەو دوانە لە حکومەتی دینیدا لێک جیا ناکرێنەوە. حاکمی دینی وەختێ حکوومەتێکی سیاسیشی بەدەستەوەیە بڕیارێک کە دەیدا هەم مەزهەبییە و هەم سیاسی.

***کوردپا: لە روانگەی ئایینی ئیسلامەوە فەرمانی جیهاد بەدژی موسڵمانان نادرێ، بەڵکوو بەدژی "کافر و ئیلحاد" دەردێ، بۆ مەگەر خەڵکی کوردستان کافر و ملحد بوون کە ئەو حوکمەیان بەدژ دەرکرا؟***

***حەسەن ئەمینی:*** ئەگەر فەرمانکە بە چەشنێک درابێت کە لەگەڵ غەیرە دینیدا شەڕ بکرێ، دیارە ئەو فەرمانە دینی نیە، ئەما ئەگەر بەو مانایە درابێ کە تاقمێک لە خەڵکی وڵاتەکە چەکیان بەدەستەوە گرتووە لە بەرامبەری نیزامەوە وەستابن ئەوە ئیتر کاری بە بواری دینیەوە نیە کە کوفر و ئیسلام بێت. لە هەر وڵاتێکدا چ ئیسلامی و چ غەیرە ئیسلامی ئەگەر تاقمێک لەو خەڵکە چەک هەڵگرن و لە بەرامبەری حکومەتدا راوەستن دیارە حکومەتیش بێکار دانانیشێ و دەست لەسەر دەست دانانێ، ئەگەر بەو ناوەوە بڕۆن جیهاد بکەن و لەو روانگەوە کە ئەمانە کافرن، دیارە ئەو بڕیارە بڕیارێکی دینی نیە، چونکە خەڵکی کوردستان موسڵمانن و ئەگەر ئەوکاتەش تاقمی وایان تێدا بووبێت بە هەر حاڵ غەیرە موسڵمان بووبێتن، خۆ هەموو کوردستان غەیرە موسڵمان نەبووە.

لەو شەڕانەشدا بەداخەوە ئەوەی کە لەناو چوون ئەوانە نەبوون کە چەکیان بە دەستەوە بوو، بەڵکو ئەو کەسانە بوون کەلە ماڵی خۆیان دانیشتبوون خەریک نوێژ و عیبادەتی خودا بوون.

***کوردپا: لەو شەڕەدا جیا لە هێزە سیاسییەکان هاووڵاتیی مەدەنیش بوونە قوربانی، چونکە حیزبە سیاسییەکان دەڵێن: لەبەر ئەوەی کە ئێمە ویست و داخوازی خەڵکمان هەڵگرتبوو، بۆیە لێک جیا نەدەکراینەوە، بۆیە فەرمانەکەی خومەینە هەموو لایەکی گرتۆتەوە، رای جەنابت لەم بارەوە چییە؟***

***حەسەن ئەمینی:*** من یەک کەسایەتیی تەنیا نیم کە بتوانم هەموو شتێک بەناوی خۆمەوە بڵێم، بەڵکوو من کەسێکم لە کۆمەڵەیەک بەناوی "مەکتەبی قورئانی کوردستان"، و ئێمە ئەوکاتەش لەو رووداوانەدا بەشدار بووین و من ئەکاتە تەمەنم٣٠ و چەند ساڵ بوو، هەر ئەواکاتەش پێش ئەوەی کە ئینقلاب بێت لە زەمانی رژیمی پاشایەتیشدا هەبووم و کار و چالاکیم کردوە.

ئێمە بەناوی مەکتەبی قورئان، پەیڕەوان و شاگردانی کاک "ئەحمەدی مفتی زادە" ئەوکاتە ئەویش هەبوو و خەڵکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

لەگەڵ بوو، ئێمە هەر باوەڕمان بە روبەڕوو بوونەوەی چەکدارانە نەبووە، نە بەناوی حکومەتەوە لەگەڵ خەڵکدا و نە بەناوی خەڵکیشەوە لەگەڵ حکومەتدا. هەر رابردوی ئێمە یانی پێش ئەو روداوەو لەو کاتەشەوە تا ئێستا خۆی شاهیدی ئەو شتەیە و نیشان دەدات کە بەدڵمان نەبووە یانی ئەگەر ئێمە حکومەتمان بەدەستەوە بووایەت نە ئەو فەرمانەمان قبووڵ دەکرد و نە بڕیارێکی وامان دەدا. باوەڕیشمان وابوو کە بەو چەشنە کار دروست نابێ، کاک ئەحمەد لەو بارەوە نوسراوەی زۆری هەیە، بەیانیەی هەیە، کە دەبێ شی بکرێتەوە. تەنانەت پێشبینی ئەم وەزعەی کە ئێستا و ئەم بارودۆخەش کە ئێستا لە گۆڕێدا هەیە لە زۆر لە نوسراوە و وتارەکانیدا کراوە. من بەناوی کەسایەتیی خۆم و کەسێک کە بڕێک لە دین بەڵەدم و هەم بە ناوی مەکتەبی قورئانەوە باوەڕمان بەو شتە نیە کە بە چەک بتوانرێ مافی خەڵک دەستەبەر بکرێ، هەروەها خەڵکێک کە داوای مافی خۆی دەکات حکوومەت بۆی نیە بە چەک و توندوتیژی روبەڕووی بێتەوە، ئەمە باوەڕی منە.

***کوردپا: هەروەک باست لێوە کرد کە مافەکانی گەلی کورد لە رێگای خەباتی چەکدارییەوە دەستەبەر ناکرێن، بەڵام ئێمە بینیمان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا نەتەنیا ویست و داخوازی هێزە سیاسییەکان لەبەرچاو نەگیرا، ویست و داخوازیی هێزە مەزهەبییەکانیش وەکوو پێڕەوانی ئەحمەد موفتی زادە و پێڕەوانی مەکتەبی قورئان هەموویان وەلا نران و ئێستاش لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا کەسێکیان نابینرێ و هەڵاواردنی مەزهەبیش لە کوردستان بەردەوامە، ئەم مەسەلەیە چۆن لێک دەدەییەوە؟***

*حەسەن ئەمینی:* تەنیا ئەوە نەبوو ئەوی کە ئێمە کردمان بێ ئاکام بێت، بەڵکوو هەڵوێستە چەکداریەکەش هەر بێ ئاکام بوو، پێم وانیە هەتا ئێستا بەهۆی ئەو هەڵوێستە چەکدارانە ئەو خەڵکە بە مافی خۆی گەیشتبێ، تەنانەت بووە هۆی لەت لەت بوونی هێزە چەکدارەکانیش کە هەروەک خۆمان دەزانین هەرکام لەو حیزبانە بوونەتە یەک دوو حیزبی دیکە، لەبەر ئەوە کە نەگەیشتن.

ئەمەش شتێکە لە گۆڕەپانی سیاسی و لە مێژوودا هەمیشە هەبووە کە ئەوانەی کاری سیاسییان کردوە وەختی وا هەبووە کە گەیشتوون بە ئامانجیان و وەختی واش هەبووە نەگەیشتوون، یان ئەوەش کە بە ئامانجەکانیان نەگەیشتوون بەو مانایە نیە کە هەر ناگەن.

ئێمە نە لە بواری مەزهەبیەوە نە لە بواری غەیرە مەزهەبیشەوە نائومێد نین کە خەڵک بە مافەکانی خۆیان نەگەن. بەڵام ئەوەش کە دەڵێن ئێوە ئەو هەڵوێستەتان بوو ئەو رێگەتان هەڵبژارد و بە ئاکام نەگەیشت، خۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ڕێگەکانی دیکەش بە ئاکام نەگەیشتون. یەکەم جار ئێمە لەگەڵ ئەو وەزعەدا بووین و من خۆشم زیندان کرام، زیاتر لە پێنج ساڵ لە زینداندا بووم. دەیان نەفەر لە پەیڕەوەانی سیاسەتی مەکتەبی قورئان چوونە زیندانەوە، خۆ ئەم زیندان چوونە لەبەر ئەوە نەبوو کە ئێمە هەڵوێستیمان لەگەڵ حکوومەت هاودەنگ بووە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەو هەڵوێستەی کە حکومەت گرتبوویە بەر بە نسبەت داوای خەڵک، ئێمە بە دروستمان نەزانیوە و ئێستاش بە دروستی نازانین بۆیە دەبێ ئێمە هەموو ڕۆژێک بڕۆینە زیندان.

***کوردپا: مامۆستا زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ڕووداوەکانی دەیەی ٥٠ی کوردستاندا تێدەپەڕێ و بزووتنەوەی کورد هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و قۆناغی خەباتی چەکداریی تاقی کردۆتەوە و ئێستاش هێندێکیان سەرقاڵی چالاکیی سیاسی و مەدەنین، بەڵام هێشتا کێشە و گرژی و ئاڵۆزی هەیە ئەوکات و ئێستا چۆن پێکەوە بەراوەرد دەکەی؟***

***حەسەن ئەمینی:*** لە بنەڕەتدا ئەمە یەک مەسەلەیە و جیاوازیی نیە، حاکمیەت باوەڕی بەوە نیە و لە بەرامبەر شتەکەدا وەستاوە و لەبەر ئەوە ئەسڵی شتەکە هەر یەکێکە، بەهەرحاڵ ئەو وەختە جۆرێک بوو کە ئەو حکوومەتە تازە هاتبووە سەرکار و هێشتا لەسەر پێی خۆی نەوەستابوو و وامان بە باشتر ئەزانی، ئەڵبەتە ئێستاش پێمان وایە تاقمە چەکدارەکان ئەگەر ئیجازەیان پێ بدرێت حازرن بێن کاری سیاسی و چالاکیی مەدەنی بکەن و چەک بەکار نەهێنن، ئێمە ئەوە دەزانین و خۆشیان زۆر جار وتویانە. ئێستا ئەگەر حاکمیەت ئیزن بە حیزبە سیاسییەکان بدات ئەوان حازرن بێن فەعالیەتی سیاسی و مەدەنی بکەن، ئەوە حکوومەت ئیزنی چالاکیی سیاسی و مەدەنییان پێ نادات بۆیە خەباتی چەکدارانە دەکەن.ئەوکاتە ئەم حکوومەتەی ئێستا تا نەهاتبووە سەرکار و کەسانێک کە لەوەو پێش زوڵمیان لێ کرابوو حکوومەتیان بەدەستەوە گرتبوو، ڕوون نەبوو دەگات بە کوێ، باوەڕم وایە ئێستا و ئەوکاتە زۆری فەرقە، بەڵام ئەمەی کە ئێستاش هەیە هەر درێژەدەری ئەوەیە کە هەر ئەوکاتە بووە. خەڵک مافی خۆیان دەوێ و داوای دەکەن و حکومەتیش باوەڕی بەو شتە نیە، بۆیە لە بەرامبەریدا وەستاوە، ئەوکاتەش هەر وا بووە و ئێستاش هەر وایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بابەتی: ٢٠١١ - ٢٠١٠

--------------------------------------------------------

## *فەتوای خومەینی و جینۆسایدێکی بەردەوام.*



**تەوار شەریفی**

له پاش روخانی دەستەلاتی پاشایەتی حەمە رەزاشا بە خویو باوکییەوە کە پتر لە نیو سەدە فەرمان رەواییەکی چەوسینەرو ناداد پەروەرا نا یەکسانی بە سەر شەش نەتەوی بندەستیدا جوگرافیای سیاسی ئیراندا سەپاندەبوو، و هاتنە ئارای کە شو هەوایەکی تارادەیەک ئازاد و هومید بەخش بۆ گەلانی بندەست و کار کردن لە پیناو وەدست کردنی چارە نووسی هەر گەلیک بەدەست خوی، مخابن زوری نەخایاند کە لە پیلانیکی نیودەولەتی و هاوکیشە سیاسیەکان جیهان و ناوچەیدا، ریژیمیک ئەگەر چی بە ئایدولوژیا زور جیاواز لە ریژیمی پاشایەتی، بەلام بەکردەوەسەد بەرابەر درندەتەر، بالی بەسەر جوگرافیای سیاسی ئیران و شەش نەتەوەی ئەو ناچەیەدا کیشا.

گەلی کورد نەک هەر لە سەرتای بەدەستەوە گرتنی دەستەلات لە لایەن کوماری ئیسلامی ئیرانەوە، بەلکو تەنانەت لەو نیوسەدە دەستەلاتی پەهلەوییەکان بۆ ساتیکێش لە بەرخۆدان و شورشی لە پیناو رزگاری و گەیشتن بە مافە رەواکانی نەوستا و، هەر لە گەل هاتنە سەر کاری خومەینی و دەستوپەیوەندەکانی تەزادو دژیایەتیەکانی ریژیمی تازە پیگەیشتوو، لە گەل گەلی کوردی مافخواز سەری هەلداو دەرئەنجام کوماری ئیسلامی ئیران زور زوو بە دانی

فەتوای جیهاد لە دژی کومەلانی خەلکی کوردستان ناکوک بوون و دژایەتیەکانیان لە گەڵ دنیای ئازادو دیموکراتیک دەربەری، دیارە فەتوای جیهادی خومەینی ریبەری کوماری ئسلامی ئیران، بۆ بەکۆمەڵ کوژی گەلی کورد بریارەکی سەرپێی و بێ پیشینە نەبوو ئەگەرچی سیستەمی پاشایەتی جیگای خۆ بە سیستمی ئیسلامی سیاسی دابوو، بەڵام سیاسەتی دژە ئازادی و دژە مافخوازی و دژایەتی کردنی نەتەوە بەن دەستەکان نەک هەر گوران کاری بەسەردا نەهات، بەلکوو بەشیوەیەکی چاوەروان نەکراو درندانەترو توندو تیژتر بەرەو پراکتیزە کردن دەچوو.

لەو پیوەندییە دا گەلی کورد لە چاو گەلانی دیکەی ئیران زور زوتر لە سیستم ومەبستی کوماری ئیسلامی ئیران وچونییەتی دەولەت دارییان تیگەیشتن و، بۆ بەرنگار بۆنەوی هەرشی داگیرکەرانی رژیمی تازە پیگەیشتو هەر وەها بۆ پاراستەنی کەشو هەوای هیمن وتارادەیکی بەر چاو سەر بەست ،کوردستان هیزی پیشمەرگی ریک خەست.

بەلام بە هوی نەبونی پالپەشتی دەرەکی ولە راستی دا نەبونی یەک هەلویستی و کوک نەبونی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی ئەو کاتی روژهەلاتی کوردستان، نەک فەتوای جیهادی خویناوی خومەینی مەبەستی خوی پیکا و خەلکانیکی زوریش بە دستی جەلادانی ریژیمی ترس و توقان و سیدارو دەست دریژ کاری کوماری ئیسلامی ئیران خوینییان رژایە سەر ئاخو زیدی دەرینی خویان، بەلکو روژ لە دوای روژ رژیمی ئیران زاڵتر دەبوو بەسەر کوردستانی تازە رزگار کراو دا.

ئەمرو لە حالیکدا ٣٢ سال بەسەر فەتوای جیهادی ریبەری کوماری ئیسلامی ئیران بەدژی نەتەوی کورد تیدەپەری، ئەگەر دونیای دەروی کۆمەڵگای کوردەواری نەیان هەویت خویان لە راستیەکان گیل کەن، دیارە مەبەست بەتایبەتی دەولەتان و گەلانی روژئاوایە، ئەوە بەبی هیچ گومانیک دەبینین کە ئەو کارەساتە دەچیتە خانی جینوساید و ئەم جینوسایدەش لەم ٣٢ سالەدا هەر بەردەوامە و ئەگەر لە رابردوو دا بە هەزاران کەس لەیەک کات دا بەدستی مروڤ کوژەکانی کوماری ئیسلامی ئیران لەسەر شەقام و کۆلانی شارەکان دا دەکوژران، ئەوە هەنوکە روژانە لە سەر سنورەکان و لە ناو بەندیخانەکان رۆڵەکانی گەلی کورد بە ناوی کولبەرو کاسبکارو قاچاخچی و خوێندکار و چالاکی مەدەنی و سیاسەتوان و شورشگیرو بەرهەلستکاری ئەو رژیمە یا دەکوژریت یا لە سێدارە دەدریت.
کە وا بۆ فەرمانی جیهادی خومەینی ریبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی گەلی کورد بە مەرگی خومەینی کۆتای نەهات و تایبەت نەبوو بە کاتی دیاری کراو، بەلکو لەوساوە تاکو ئیستا بەردەوامن لە کورد کوژی.

سەرچاوە: ماڵپەری پێنوسەکان - رێکەوتی: ٢٠ی (ئاگۆست)ی ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فەتوای ئیمام خۆمەینی؛ سەرچاوە، پاڵپشت، کارتێکەریو ڕوانگەی ئێمڕۆی مریدەکانی



**سدێق بابایی**

زۆرێک لە خەڵکی کوردستان پاش تێپەڕ بوونی ٣١ ساڵ هێشتار ناتوانن ئاسەواری مەینەتبار و نەپساوەی فەرمانی ئیمام خۆمەینی[!] و ڕەنگدانەوەکانی لە گۆشە گۆشەی ژیانی ڕۆژانەیان دا هەست پێ نەکەن. ئەم ئاسەوارانە هەموو کاتێک لە هەناسەی ساردی دایک و بابی ڕەش پۆشی جگەرگۆشە کوژراو، بێوە ژنی مێرد لە سێدارە هەڵواسراو، لاوان و بگرە پیاوو ژنانی تەمەن ٣١ ساڵ کە ئێستاکەش ئاوات و ئارەزووی پڕ لە ئازاری لە دڵ قەتیس ماویان بۆ دیتنی باوکی هیچ کات نەدیتوویان بە حسرەتەوە دڵ - یان دەگوشێ خۆ دەنوێنن.

کاردانەوی زیانباری ڕۆحی، دژوارتر کردنی ژیان لە هەر بوارێکدا چ سیاسی یان ئابووری [وەدەرنان و لێ ئەستاندەوەی پلە و پێگەی کەسب و کار، بەربەست کردنی تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی بژێوی خاوو خێزان ]، بێ ڕێزی و بیانوو پێگرتن بە مەبەستی بێزارکردن، بێ بەش کران لە مافی وەک هەڤی لە گەڵ دەرو جیران بە تاوانی دژبەری سیستمی ئێسلامی دەسەڵاتدار "ضد انقلاب" ئەوانە وێرای گوشارە بێ کۆتاییەکانی ڕۆژانە وەک دوور خستنەوە لە زێد[تەبعید] تا هەر جۆرە دەس درێژیەک لە نامووسیەوە تا تالان و بڕۆی سەروەت و سامان بە شێوەی جۆرواجۆر هەر وەها ڕێگری سەفەر لە نێو خۆی وڵات لەم شار بۆ ئەو شار تێکەڵ بە گوشارە پەیتاپەیتاکان بۆ سەر کەسایەتی ئەم خەڵکە بێ بەختە وەک مشتێک لە خەروار خەروار نەهامەتی داسەپاوی ئاسەواری فەتوای ڕۆح الله خۆمەینی دەژمێردرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

**ئایا سەرچاوەی ئەم فەرمانە هەڵقوڵاوی سۆز و هەستی بەرپرسایەتی مرۆڤی و بۆ پارێزگاری داد و دادپەروەری بووە؟**

**ئایەتوڵڵا! خۆمەینی کاتی دەرکردنی فەتواکەی هەم سەرۆکی ئایینی و هەم سەرۆکی متمانە پێ بەخشراوی زۆربەی دانیشتوانی ئێران بوو. ئەگەر پێوانە بۆ رێبەرێکی ئایینی و بەرپرسێک بە پلەی یەکەمی وڵاتێک: رێنوێنی، ئامۆژگاری، پەروەردە و یاسامەند کردنی وڵات بۆ ئاسوودەیی سەرجەم دانیشتوانەکەی بێ، کامە ڕەوشتی ئەم سەرکردە دەتوانێ لەو چوارچێوەدا بگونجێ؟**

**زۆر جار بۆ پاساو دانی ڕۆحی خوێنرێژانەی فەرمانەلە کۆتایی نەهاتوەکەی سەرۆکی ئاییندارانی تاران هەروەها دەسەڵاتداری گشتی وڵات دەست بۆ چەک بردنی کوردان، مل کەچ نەکردن بۆ بڕیارەکانی ئەم سەرۆکانە و دنە دانی نەیارانی ئەو دیوی سنوور [ وڵاتانی دوور و نزیک ] تاوانبار دەکرێن.**

**لە ئەگەرێکی ئەوتۆدا ئایا ئەرک و راسپاردەی سەرۆکێکی ئایینی کە خۆی بە نوێنەری داد و عەدڵی خودا لە لایێک و بژاردەی خەڵک بۆ خزمەت و دابین کردنی یەکسانی مافەکانیان لە لایێکیتر ئەوەیە گوێ بداتە داواکار و دابین کردنی ئەرکەکانی بۆ نەهێشتنی نابەرانبەری و ستەم - یان ئەوە بڕیاری کوشتن و پەلاماری بێڕەحمانەی نەهێشتنی داواکاری عەداڵەت بدات؟ ئایا بە نەهێشتنی جەستەیی و بەرئەنگاری ئەوتۆ واتە بە لە نێو بردنی مەعلوول عێلەتەکە لە نێو دەچێ؟**

**خوێنەری بەڕێز: ڕاستی فەرمانە خوێنبارەکەی ئیمام لە دوو توێ دەفتەری مێژووی ئەم ڕەگەزەدا تۆمار کراوە؛**
**٧ی مانگی مارسی ٢٠١٠ لە رێگەی تاقیکاری D .N .I زانستی ژنێتیک سەرکەوتنی نوێی ئاشکرا کرد.**

**زانا دۆکتۆر سڤانتە svante لە یەکەی مرۆڤ ناسی - بواری گەشەسەندن لە ناوەندی ماکس پلانک Max planck [ لایپزیک - ئاڵمان ] وتی:**
**" نئاندرتاڵ - ە کان بە تەواوەتی لە نێو نەچوون. بەشێکی کەم لەوان لە هێندێک لە ئێمەدا (مرۆڤ) زیندوو ماون".**



www.rabazi.org

ئەوە ئاکامی لێکۆڵینەوەی چوار ساڵ بە ڕێبەری ناوەندی ماکس پلانک و بەشداری چەندین زانکۆ لە جیهان دایە. دەسکەوتەکە هەڵگری ، دی، ئێن ئەی [D.N.I] هەڵێنجراو لە ئێسکەکانی کەلە سەری سێ نێئاندر تاڵ [ مرۆڤی سەرەتایی ] وە دۆزراو لە ئەشکەوتی (ویندیا - کرۆواسی) دەست خراوە.

تاقیکاریەکان لە مەڕ ژن " تا ئەو جێگایە پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیتوە، سەردەمی دوورو درێژی پەیدا بوونی گیاندارێکی دڕندەی وەک بەبر [ بەور ] دەس نیشان دەکات.

زانستی ژنتیک یەک لە لقەکانی زانستی ژیاری دەژمێردرێ کە بە هۆی یاسا (بنەما) و نێوەرۆک وەک هەڤی یا نیشانەکانی وەک هەڤی دوو بوونەور لە ڕابردوو و ئێستا ئاگادارمان دەکا.

ژنتیکی پزشکی: زانستی گواستنەوەی تایبەتمەندی و خۆو خدەی کەسێک بە کەسێک یان نەسڵێک بە نەسڵێکی تر بە ناوی ژنتیکی ئێنسانی دەخاتە بەر دەست و لە ڕاستیە نەزانراوەکان ئاگادارمان دەکا تا ئێمە بتوانین بە ڕگ و ڕیشەی زۆرێک لە سەرچاوە شاراوەکان لە لەشی مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە شارەزابین.

لە ژێر سێبەری ئەم زانستەدا سەلمێندراوە، ڕەگەزەکان هەر وەک لە سەرەوە باس کرا ڕاگر و ئەمانەتداری گواستنەوەی هەر نەبێ بەشێک چ باش یا ناپەسەند بۆ نەسڵەکانی پاش خۆیانن.

مەبەست لە ئاماژە بە ئەم کورتە هەواڵە لە دەسکەوتی زانستی مرۆڤ ناسی ئاوڕدانەوە لە جەوهەر، زات و سەرووچاوەی هەڵسوکەوتەکان بەرانبەر بە هەڤدوو، بە ناخدا چوون و وردبوونەوە لە ڕەگ و ڕیشەی خۆو خدەی بەربەریانە و سەرهەڵدانەکانی جار نەجارلێرەو لەوێ لە گۆشە جیاوازەکانی ئەم جیهانە بەتایبەت ناوچە کەی ئێمەیە.

سەرهەڵدانەکان زۆرجار توانیویەتی ئاسەواری پڕلە زیانی مەزن بخوڵقێنێ. ئاسارێک کە تاڵی ژیانی دەورانی سەرەتایی و کات بەسەرهاتوو نەبێ چ ئاکامێکی ئەرێنی بۆ مرۆڤایەتی و ئاسایشی گشتی تێدا بەدی ناکرێ. تەنیا دەسکەوتی بەڕۆژ کردنی مەیل و حەزی خوێن ڕشتنی سەرلە نوێ، دڕندەیی و بێ بەزەیی سنوور نەناس بە پێچەوانەی گەشەو پێشکەوتنە کان ئاکامی بوە.

ئەم تەشەنەکردنە توانیویەتی جارنە جار لە ڕواندا-ی ئافریقا، ئێران، عێراق و ئەفغانستان بە جیاوازییکی مەزنتر لە گەڵ دەوروبەر وزە و سامانی مرۆڤی و ئابووری بە پانتاییکی فراوان هەڵ لووشێ و برینێکی قووڵ لە جەستەی نەتەوە یا نەتەوە گەلێک لە سەر گۆی زەوی بە جێ بهێڵێ.

ئێران یەک لەو وڵاتانەیە هەر نەبێ ڕەگەزێک لە دانیشتوەکانی دەمێکە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتدارەتی ئێدارەی ناوچەکەیان بۆ خۆیان پاوان کردوە. ئەم ڕەگەزە [فارس] فەخرو شانازی مێژووی تێپەڕکردن لە قۆناغی یاغیگەری ئێنسان و سرنج دان بە جیاکردنەوەی خۆی بۆ لە بەر چاو گرتن و پارێزگاری مافی مرۆڤ لە چەند هەزار ساڵ پێشەوە بە هی خۆی دەزانێ [ بلاڤۆکی مافی مرۆڤ - کورش هەخامەنشی - مووزەی لەندەن ] !!

ئەگەر لە وەرد دانەوەی پێشووتر گەڕێین و ڕاستیەکانی گۆڕەپانی ژیانی ٣١ ساڵ لە سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئێسلامی بە سەرۆکایەتی تۆرەمەی ئەم ڕەگەزە لە ئێران ڕەچاو کەین، ناڵیین و هاواری دەیان ملیۆن دانیشتووی جیا ڕەگەز بەرانبەر پێشێل کرانی کەرامەتی ئێنسانی، نواندنی قاروقینی خوێناوی ڕۆژانە پێچەوانەی ئەو پێناسەیە دەسەلمێنێ.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی یەک لەو بەڵگە حاشا هەڵنەگرانەیە کە فەتوا هەرگیز لە بیر نە کراوەکەی ڕۆح الله مووسەوی خۆمەینی لەم ڕۆژانەدا سەرلە نوێ سەرهەڵدانی ڕۆحی بێ بەزەیی بۆ خوێن ڕشتن و بە واتە زانستیەکەی ژیانەوەی خۆو خدە دەوران بەسەرچووەکانی مرۆڤی سەرەتای مێژوو [ نئاندرتاڵ - ە کان ] ی لە دوو توێی فەعال بوونەوەی - ژن و ژنتیکی ئێنسانی لە کرداری نەسڵی سەرەتای هەزارەی سێ لە قەواغی ئێرانی ئێسلامی تۆمار کردەوە.

هەر وەک تاقیکاریە پزشکیەکانی ناوەندی ماکس پلانک ئاماژەی پێکردوە بە پێ ئاکامی **D.N.I** ژن-ی پارێزەری خسڵەتە جۆربە جۆرەکان توانای خۆحەشاردانی سنوور نەناس و ژیانەوەی لە لەشی ئێنسان پارێزراو دەمێنێ.

فەتوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨بۆ پەلاماردانی خەڵک وخاکی کوردستان و کەڵک وەرگرتن لە هەر کەرەسەیێکی مرۆڤی و جەنگی بە مەبەستی قەڵاچۆ یان سەرپێ نەوی کردنی کورد بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی و پان ئێرانیستی لە قەراغ شەرعیەت پێ بەخشین وەک ئەرکی هەر تاکێک بۆ گوێ ڕایڵی و جێ بە جێ کردنی فەرمانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

وەلی ئەمری مۆسڵمانان[ شێعە]!، بەرانبەر داخوازە سەردەمیەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ژیانی ئاسوودە و بەدوور لە نابەرانبەری و کۆیلەتی لە نەفس و نێوەرۆکی خۆیدا درێژەی هەمان سیاسەت و ئاکارە کە گەلی گورد سەدان ساڵە هەر جارە بەشێوە ولە قاڵبێک دا بەرەو ڕووی بوەتەوە.

هەر چەند کورد پێی خۆش نیە بەسەرهاتی تاڵی ڕابردووی دوورو نزیکی خۆی لە پێوەندی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی فەرمانڕەوایانی ئێران و لە بنەڕەت دا ژیانی کوڵە مەرگی خۆی لە تەنیشت یا باشتر بڵێین ژێردەستی بەرادەران فارس؟! وەرد بداتەوە، قازانج و زیانەکانی ئەم بە ئێرانی مانەوە هەڵسەنگێنی و زۆر جار لە هەر ئێرانیەک ئێرانیتر! و لە هەر فارس زمانێک بۆ ئەوان دڵسۆزی و پەرۆشی زیاتری دەربڕیوە، سەت پەژارە ئاوڕی مزوور- یکی وەرزی زستانی بە پێ داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری لێ نەدراوەتەوە.!!

فەتواکەی ئیمامی هێرشکاران، ڕۆح الله مووسەوی خۆمەینی تەنانەت پاش بەڕێوە چوون، کوشتار و نواندنی زەبرو زەنگی بەرین لە شێوازی پێشینیانی دەسەڵات خواز لە ئێران جیاوازی پاشکەوتوانەتری لە گەڵ هێرشە هاوشێوەکانی سەدان و هەزاران ساڵ پێشی پێوە دیارە. بۆ وێنە لە سەروەختی دەسەڵاتی بنەماڵەی هەخامەنشی تا سەفەویەکانی هاوبیری ئیمام خۆمەینی! خەڵکی وەبەر پەلامار دراو دەرەتانی ئەوەیان پێ ڕەوا دەبیندرا پاش کۆتایی هێرشەکان ژیانێکی ئازاد تر لە دەورانی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتە ئێسلامیەکەی ئاغای خۆمەینی بۆ خۆیان دابین بکەن. خەڵکی لەو سەردەمانەدا لە زۆر ناوچە و مەڵبەند هەر نەبێ نیوە سەربەخۆییەک لە بەڕێوە بردنی کارو باریان پێ ڕەوا دەبیندرا.

هەر چەند بە پێوەری گەشەی زانست گونجاو نیە وەزعیەتی کوردستان لە گەڵ ڕابردووی دوور تاوتوێ بکەین، دیسان بە ئەو پەڕی کەسەرەوە دەر دەکەوێ دەسەڵاتدارەتی، ئیدارە و ڕێبەری خۆماڵی وێرای تەسلیم کردنی ساڵانەی باج و پیتاکێکی دیاری کراو سەدان ساڵ پێش لە کاتی دەست وێڕا گەیشتنی ئێران بە زانستی پێشکەوتووی تکنیکی سەردەست و ئەتۆم نامرۆڤانەتر نەبووە. دەسەڵاتدارەتی ئێمارەتەکانی کوردستان، ئیالەت و وێلایەتە سەربە خۆکان هەر لە بادینان تا ئەردەڵان و بابان بۆ خوازیارانی ئاوڕدانەوە لە مێژوو نەشاراوەیە.

نواندنی زەبروزەنگ بە شێوازی بەربەریانەی سەدان و هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لە هەمبەر داخوازی ڕەوا و سەردەمیانەی ماف گەلێک کە لە زۆر وڵاتی دۆنیا بە ئاژەڵی کێوی و خۆماڵی ڕەوا بینراوە تەنیا لە لایەن ڕێبەری

ئێسلامی و ئیمامی ئێرانیان!! و چەند تاکێکی ڕێبەری کۆماری ئێسلامیەوە دا نە بەزیوە، ئاوڕدانەوەیێکی سەرپێی وە بیرمان دەخاتەوە کە زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوە ئێرانیە بە نێو پێشکەوتووەکان کە بۆ ڕزگاری زەحمەت کێشان حەولیان دەدا!!! چەندە لە کێبەرکێ نەوەستاو و هەڵە هەڵ دا بوون تا لە دابەزاندنی نێوەرۆکی فەرمانە خوێنبارەکەی ئاغای خۆمەینی پاش نەکەون؟! ئەو هەڵوێستانە دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕاستیە ئاشکرا کراوەکانی زانستی: دی، ئێن، ئەی لە ناوەندی ماکس پلانک کە لە بەشی یەکەمی ئەم نووسراوەدا ئاماژەی پێدرا.

بەرپرسایەتی مێژوویی ئەم ڕێکخراو گەلە بۆ سەقام گیر کردن و ڕیشەئاژۆتنی کۆماری ئێسلامی لە نێو کۆمەڵگا جیاوازەکانی ئێران، ڕێکخراو گەلێک کە کرداری نامرۆڤانەیان بۆ ئەوە نابێ بە هاسانی پووش بە سەربکرێ و جارێکیتر دەرەتانی ئەوەیان بدرێتێ قوربانی کردنی خەڵکی مافخواز و و دژبەری ستەم و ستەمگەر وەک پیشەیان بوە بە هەر نێوێک درێژە پێ بدەن. لە کۆتایی ئەم نووسراوەدا گۆشەیێک لە هەڵوێستی ئەم مرۆڤ دۆستانە! بۆ بیرهێنانەوە دەخرێتە پێش چاوی وەربینی خوێنەر.

هەڵبژاردنی ڕۆژی ۲۸ی گەلاوێژ [ ۲۸ مرداد] ساڵڕۆژی کودیتای ئامریکایی ئێرانی وەک دەرفەتێک بۆ کەڵک وەر گرتنی هاوبەشی لاینی ئایینی و ڕێکخراوە چەپەکانی تودە و ئەکسەریەت [چریکی فێدایی]و زۆریتری وردو درشت و سازدانی لێشاوو لافاوی مرۆڤی و هێرش کردنی مەغۆل ئاسایان بۆ سەرکوردستان بوو تا بە وتەی خۆیان" ئاڵای هەڵدراوی ئێسراییل لەوێدا نەهێڵن".

پەنا بردن بۆ ئەو سیاسەتە فریودەرانەیە ئاکامەکەی وەڕێ کەوتنی پتر لە هەزاران نەفەر لە مریدەکانی ئیمام و پان ئێرانیستە کان لە توێژی چەپ و ڕاستی ئەم وڵاتە بۆ بە ناو نەجاتی کوردستان نێو دێر کرا!!! سەیرو سەمەرەیە خەڵکی وەڵاتێک بە ناوی خودا لە خوێن دەگەوزێندرێ ، دارو لێرەوار و ئاژەڵی لەژێر سەردێڕی نەجات لە دووکەڵ دا دەخنکێنن!

کارتێکەری ئەو سیاسەتە بەڕادەیێک دەور دەگێڕی خەڵکی مەشهەد و ئەسفەهان ئاو بۆ [ کەربەلا-ێ ] - پاوە یەک لە پڕ ئاوترین مەڵبەندەکانی کوردستان لە گەڵ خۆیان دێنن.(لە کام قامووسی بڕوای ڕێبەرانی وێلایەتی فەقێ دا دەگونجێ بۆ فریا کەوتنی سونی مەزەوەکان - ئەوێش خەڵکی کوردستان لافاوی مریدانی پۆشتەوپەرداخ، تەیارە و لە ژێر سێبەری تەیارەو تانک و تۆپ و حجەت الاسلام خەڵخاڵی دا ڕەوانەی یارمەتیدانیان بکەن.!؟

پاش تێپەڕ کردنی ٣١ ساڵ بە سەر دەسپێکی ئەم فەرمانە ملهوڕانەیە، فەرمانێک کە چرکە ساتێک لەو ماوەدا ژیانی کورد و کوردستانیانی ئاسوودە نە هێشتوە " فدائیان و پیروان خط امام" ئەو لایەنانە کە وتەکانیان، " کردستان را بخاک و خون می کشیم "، هێشتار لە گوێ خەڵکی ئێمە دا دەزرنگێتەوە، ئەوە خەریکە لە ڕوانگەی بەشێک لە خەباتکارانی بە ئەزموونی کوردستان دەوری" مەهدی بەڵێن دروا " - ی شێعەکان بۆ چارە سەری کێشەی کورد دەگێڕن!

ئەگەر لە ساڵەکانی سەرتای شۆڕش! حێزبی تودەی ئێران خوازیاری پڕچەک کردنی پاسداران، بکوژانی خەڵکی کوردستان بە چەکی قورس بوون. ئەگەر" سازمانی چریکی فیدایی - زۆربە" لاوانی کوردی بۆ نێو ڕیزی بکوژانی نەتەوەکەی هاندەدا تا بەم چەشنە "همسو با امام بر علیه امپریالیزم جهانخوار مبارزەکند"!!؟ "، ئەگەر سازمانی مجاهدینی خەڵق ئامادەی پێشکەش کردنی هەر جۆرە یارمەتدانێک بە ولایەتی ئیمام بوو، ئەگەر سەرتەڵەکان[نخبە] ی ئۆپۆزسونی سەرانسەری ئێران دۆکتور سەعید - یان لەڕێگەی فریوی هاوڕێکەیان لە برلین لە داو خست، تا کردستان عزیز را از چنگ تجزیه طلبان نجات دهد "! ئێمڕۆ مریدە تازەکانی خۆمەینی پاش ٣١ ساڵ ئەزموون، پاش قوربانی کردنی بە وتەی خۆیان زیاتر لە شەش تا حەوت هەزار پێشمەرگە و ٦٠ تا حەفتا هەزار خەڵکی ئاسایی ئەوە لە ژێر کار تێکەری شکان و ناهۆمێدی دا سوێندی پابەند بوون بە" تەواویەتی ئەرزی ئێران - ئێرانی تر لە هەر ئێرانەیەک، دانی بەڵێنی و پێشوازی لە ئاهی، سازگارا، نوریزادە، هۆمایون، ئێلاهە بۆقرات، مووسەوی، کەڕووبی تا نوێ کردنەوەی پێوەندی لە گەڵ تودەو ئەکسەریەتی هاوبیری ئیمام! و..و...و هەر بکوژێکی کۆن و نوێ کورد "دوو پات و سەت پاتە دەکەنەوە بەڵکوو لە گۆڕەپانی ئێرانی عەزیز - ی! داهاتوودا کورد چەند" تاها محی الدین" - ێکی تر بە مێژووی خۆی زیاد بکات.

خوێنەری ئازیز: زۆر ئاساییە دڵ بەستن بە بەڵێنیکانی دارو دەستەی نوری زادە و مووسەوی لە نەتەوەی فەرمانڕەوا نەک هەر هەلی زیاتر دەرەخسێنێ دوژمنی ئازادی کورد ٣١ساڵی تر بە ئارەزووی خۆی لە کوردستان ڕاو ڕاوێن بە میلەتی ئێمە بکا، زمان و فەرهەنگی کوردی زیاتر لە هەر کاتێک بێ ڕەنگ و هێزمان بێ هێز و تواناکانمان بێ توانا بکات بەڵکوو کاتێک هێزە خەباتکارەکانمان گیانی لە خۆ بووردوویی شەهیدە سەربەرزەکان دەکەن بە دەسمایەی کێ بەرکێی نزیک کەوتنەوە لە گەڵ ئەم یان ئەو بکوژی کۆن یا نوێ کورد بەختی ڕزگاری لەوە بێ بەخت تر دەمێنێتەوە.

با لە کۆبەندی دواییدا پێ لە سەر ئەم ڕاستیە تاڵە داگرین ئەگەر جاران حیزب و لاینە سەرانسەریەکانی نەتەوەی سەردەت پەرۆشی دەسەڵاتی تاران و لەو پێناوەدا، درێژتر کردنی تەمەنی سەروەری ڕەگەزی بان دەستی فارس- یان هەبوو. ئەوە ئێمڕۆهێزی سیاسی و زۆر تاکی کورد بە ئاشکرا و بە شێوازێکی نوێ کوتەڵ گێڕی هەمان سیاسەتن ؟! و بێ پێچ و پەنا پلەو پایەی خۆیان و لە ئەگەری هەرە باشتر دا حیزب و ڕێکخراوەکەیان لە سەرووی هەر مەسڵەحەتێک تا ئاستی ململانێ توندی یەکتر بە قازانجی نەیار بەرەو پێش دەبەن!!

ئەگەر تاکێکی کورد ئەم ڕێبازە بهاوێتە بەر تیشکی تانەو توانج، ئەوە دەچێتە ڕیزی دوژمنانی حیزب و..ت ..د. لەهەمان کاتدا تاک و لاینی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا تەنانەت ئەگەر بە سەدان کورد- یان گولە باران وئەشکەنجە کردبێ هەمدیس دەتوانن لە ڕیزی دۆست و چارە سازی مەبەستەکانی ئەواندا جێ بگرن. ڕەنگ بێ بۆ ئەم بەڕێزانە ئێش و ئازاری ڕەخنە گرتنێک لە ژان و زیانی جەرگ بڕی شەهید کەوتنی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر بووبێ !!!!!

مەخابن لە درێژەی ئەم ململانێ نالەبارەدا وێنەی ئاشکرای ڕاگەیێندراوی ئەوتۆیان لێ بیستراوە کە خەباتی پێشمەرگە و کورد کوژانی خۆفرۆش بە کۆماری ئیسلامی هاو سەنگ و کۆڕنۆش بۆ بکوژانی ناسراو وەک خەباتی مەدنی و سیاسەتی سەرکەوتوو پێناسە کراوە.!!

مزوور = نۆکەر، خزمەتکاری ماڵ یا ناوەندێک بۆ ماوەییێکی دیاری کراو لە بەرانبەر جیرەو خەرج.

تاها محی الدین، کۆنە کوردێکی خزمەتکاری بەعس( سەدام حسین).

**پەراوێزەکان:**

حزب توده در نامه مردم شماره ۱۱ صفحه ٦ بتاريخ ۱۹ ارديبهشت ۱۳۵۸ در دفاع خود از سپاه پاسداران و دادگاههای انقلاب می نویسد " دادگاه های انقلاب و سپاه پاسداران انقلاب از مهم ترین وسیله های سرکوب ضد انقلاب اند". این حزب در دفاع از جمهوری اسلامی به رهبری خمینی در نامه مردم شماره ۵۰۱ مورخ ۱۲ اردیبهشت ۱۳٦۰ در صفحه ۸ می نویسد "حزب توده نیازی به تکرار و اثبات طرفداری همواره و بی تزلزل و حمایت صمیمانه خود از انقلاب ضد امپریالیستی و مردمی ایران به رهبری امام خمینی نمی یابد و ما این اعتقاد را نه



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

در حرف بلکه با خون و ایثارجان..... نشان داده ایم."

فدائیان خلق (اکثریت) به رهبری فرخ نگهدار و جمشید طاهری پور در کار می نویسند " فدائیان خلق (اکثریت) استوارتر از همیشه تحت رهبری امام خمینی علیه آمریکای جنایت کار قاطعانه می رزمند، این مشت محکم ماست بر دهان مزدوران امپریالیسم. هواداران سازمان هم دوش و همراه با دیگر نیروهای مدافع انقلاب و مدافع جمهوری اسلامی ایران، باید تمام هوشیاری خود را به کار گیرند. حرکات شبکه مزدوران امپریالیسم آمریکا را دقیقا زیر نظر بگیرند و هر اطلاعی از طرحها و نقشه های جنایت کارانه جریانات به دست آوردند فورا سپاه و سازمان را مطلع سازند.

[نشریه کار اکثری شماره ١١٦دهم تی ١٣٦٠]

"زندان های جمهوری اسلامی مبتنی بر شکنجه نیست" در بحبوحه این رویداد ها و در اوج سیاست شکوفایی جمهوری اسلامی، رهبری سازمان به باور حفظ و تثبیت دست آورد های انقلاب، خواستار تسلیح سپاه پاسداران به سلاح سنگین می شود.

[اکثریت شماره ١٤٧بهمن ١٣٦٠]

مجاهدین در صفحه ۱۴۱ مجموعه مواضع - جلد دوم اطلاعیه دیگری در خصوص کسب آمادگی لازم در مسیر پیکار مشترک ضد امپریالیستی درج شده که در قسمتی از آن می خوانیم:

" به این ترتیب، ما امیدواریم تا به عنوان یک سازمان کوچک انقلابی تحت فرماندهی عالی امام خمینی در خطوط ضد استعماری از هرگونه مساعدت و همکاری برادران رزمنده ارتشی و پاسداران نیز، برخوردار باشیم. "

" همچنین، به منظور وحدت عمل و تمرکز فرماندهی، کلیه افراد خود را هر کجا که باشند موظف ساخته ایم، تا در مسیر پیکار مشترک ضد امپریالیستی برحسب وظایف مکتبی خود که هرگونه خودبینی و تنگ نظری گروهی را



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**محکوم کرده است، بی چون و چرا از برادران پاسدارشان بر علیه امپریالیزم حمایت نموده و حرف شنوی داشته باشند. "**

**[سایت زەرەبین بررسی مواضع سازمان مجاهدین خلق ایران]**

**"یکی از احکام جمهوری اسلامی این است که هر کس در برابر این نظام امام عادل ( منظورش خمینی است) بایستد، کشتن او واجب است. و زخمی‌اش را باید زخمی‌تر کرد که کشته شود... این حکم اسلام است. چیزی نیست که تازه آورده باشیم. [سید حسین موسوی تبریزی کیهان ۲۹ شهریور ۱۳٦۰]**

**حجاریان هم که از پایه‌گذاران دستگاه اطلاعاتی و امنیتی رژیم در دهه‌ی ٦۰ است، امروز می‌گوید:**

**...اما نکن، نکن فایده نداشت، دولت هم قدرت مهار نداشت، یک مرتبه اسلحه کشید و همه را کشت. حتا گفت زخمی‌ها را تیر خلاص بزنید!. ظهر سی‌خرداد بود، این را رادیو گفت، اسم‌شان را هم نپرسید که چه کسانی هستند. توجیه شرعی‌اش را هم پیدا کردند.**

**[مقاله مسئوملیت شما چه می شود آقای سازگارا؟ ایرج مصداقی، برگرفته ازمصاحبه حجاریان با نشریه چشم انداز شماره ۳۱ اردیبهشت ۱۳۸٤،]**

**سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ۲۷ی ئاگۆستی ۲۰۱۰**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لەلایەن خومەینی



## فەتاح ئەحمەدی

ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لەلایەن ئاخوند خومەینی فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندراو، هێرشی وەحشیانەی هێزەکانی داگیرکەری ڕژێم بە هەموو تواناێانەوە پەلاماری شارو گوندەکانیان داو، بۆ بەجێ گەیاندنی فەرمانی خومەینی جەلادو، شەیتان سفەت کەوتنە خوێنڕشتنی ڕۆڵەکانی گەلی ئێمە و، لەهیچ جینایەت و، دڕندەیەک نە پەرمانەوەو، ڕشتنی خوێنی کوردیان بەڕەواو، حەلاڵ دەزانی، چوون ئیمامی سێزدەیان فتوای لەسەردابوو. ڕژێم هەرچی لەتوانایدابوو، بەکاری هێناو، لەوە زیاتر جینایەت و، تاوانێک نەمابوو، ئەنجامی دەن. لەملاشەوە هێزی جەماوەرو، سەرجەم ڕزگاری خوازانی گەلەکەمان ... بەو پەڕی ئیمان بەسەرکەوتن و، تێکشکانی هێزی داگیر کەر، قۆلیان لێ هەڵماڵێ و کەوتنە زەربەلێدانی دووژمن، بەجۆرێک کە خومەینی و، دارودەستەکەی چاوە ڕووانی ئەوەیان نەدەکرد، هێزەکانیان بکەونە دۆزەخێک کە ئیمام بۆی دیاریکردبوون وە، کلیلی بەهەشتی دابوونێو، چاوەڕووانی ئەوەیان نەدەکرد ڕۆڵەکانی گەلی کورد فیداکارانە بەرەنگاریان ببنەوەو، دەرسێکی باشیان بدەنێو خومەینی و دارودەستەکەی تووشی شکستو شەمەرزاری بکەن. من کە یەک لەوانەبووم هەم بەشداربووم هەمیش شاهیدی ئەوەبووم چۆن کوڕی کورد چاو نەترسانە، ڕووبەڕووی هێزی داگیرکەر دەبوونەوە، کە هەم لەباری نەفەرات و، هەمیش تەجهیزاتی شەڕ، جیاوازیەکی ئێجگار زۆرهەبوو، بەڵام ئیرادەی بەهێزو، باوەڕ بەڕزگاری نیشتمان وایکردبوو، زۆری هێزو،چەکی مودێڕن نەیدەتووانی دەورێکی وای هەبێت!! ئەوەی من تێبیدابووم شەڕو، بەر هەڵسکاری ئێمەبوو، لەبەرابەر ئەو هێزە گەورەەی کە

مستەفاچەمران فەرماندەی دەکرد، ئێمە پێش ئەوەی سوپای داگیر کەر بگاتە سنووری بانە، لە گوندەکانی بستام و، دووئاوی سەرشیوی سەقز بەرەنگاریان بووینەوەو، تاحەدێک ئارایشی هێزەکانیانمان تێکداو ترس و لەرزێکی زۆرمان خستە ناو هێزە هێرشکارەکانیان، کە چاوە ڕووانی ئەوەیان نەدەکرد هێزی بەرابەر، بتووانێ ئاوها لەموقابیلی ئەو ستونە زۆرو پڕچەکەدا ڕاوەستێ؟ بەلام بەداخەوە ئێمەش ئەودەم هێزەکانمان سازماندراو و، یەکگرتوونەبوو، دەنا هەر لەیەکەم هێرشمان بۆ سەر پاسگای بستام، کە ڕۆژی پێشو، زەمینگیرمان کردبوونو، شەوەکەشی هێرشمان کردەسەریان، دەتووانم بلێم تەنیا نەبوونی هاو ئاهەنگی باعیسی ئەوە بوو، پێگەکە داگیر نەکەین. بەهرحاڵ لەگەڵ ئەوەشدا دەتووانم بلێم داستانێکی گەورەو، حێماسی بوو، لەوشەرایتو، بێ ئیمکانیەدا، کە ئێمە هەمان بوو. هێزەکانی ڕژێم پاشی چەندڕۆژ شەڕی نابەرابەرو، خەساری زۆر لەدووژمن، وە گیان لەدەست دانی چەندین تێکۆشەرو، قارەمانی کورد! هێزەکانی دووژمن تووانیان بەرەو بانە بەڕێکەون و، شار داگیر بکەنەوە. بەکورتی ئەوان تووانیان لەماوەی چەند ڕۆژێکدا شارەکان داگیر کەنوو، هێزە کانی ئێمە کەهێشتا سازمان نەدرابوونو، تەنانەت ئەوەش ڕوون نەبوو، کێ لەگەڵ کێەو، ئەوانەی وابەرهەڵستی دەکەن سەربەکامە هێزن؟ جیالەوانەی وەک ئەندامانی دێموکڕاتو، ئەوانەی وەک جەمعیەت خۆیان ناساندبوو، کە چەپەکانی لەخۆیی دەگرتوو، ئەو هێزەش کە لەلایەن مامۆستا شێخجەلالی حوسەینیوە پێکهاتبوو،

کەزۆربەی وەک هێزی بەرگریو، خەڵکی گوندەکانبوون. جیالەمانە ئێمەمانان بووین کە سەر بەهێچکام لەم هێزانەنەبووین؟ چون وەک باسم کرد هێشتا هێزەسیاسیەکان بەوشێوە ئاشکراو بەرپرس نەبوون. ئەوانەی بەرگریاندەکرد زۆرتر وەک هەستێکی کوردانەو، دیفاع لە خاکو نیشتێمان بوو.

دیتمان هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەهیچ جۆرێک نەیان تووانی ئامانجە گلاوەکانیان، ببپێکنو شۆرشگێڕان پاشەکشەپێبکەن . هێزی داگیر کەر لە کوردستان کەوتنە بەر پەلامارو، هێرشی قارەمانانی گەلەکەمانوو، هێزی پێشمەرگە. ئێمە پێشی ئەوەی ئەم هێزانە، بتوانن جێگای خۆیان قایم کەن بەشێوەی پارتیزانی، لەجادەو،ناو شارو، پێگەکانیان، دامانە بەرپەلامارو، جێمان پێ لێژکردبوون. لە ناو شاری بانە جیالە پادگان نیروی بەسیجو، پاسدار، لەناوشاردا پێگەیان کردبووەوە و، شەوانەش بەحیساب شاریان دەپاراست. هێرشەکانی ئێمە زۆرتر بۆسەر بنکەو بارەگاکانی پاسدارو، بەسیجەکانبوو، کەمتر هێرشمان دەبردە سەر ئەرتەشیەکان، ئێمە ئەوەمان وەک تاکتیکێک دژی هێزەکانی ڕژێم بەکاردێناو، لەڕاستیشدا زۆر تێیدا سەرکەوتووبووین، چون کاتێک هێرشمان دەکردە سەر ئەو پێگانە نە پادگانوو، نە هێزی هەوایو، هەوانیروز، بەجدی دیفاعیان لەپاسدارە کان نەدەکرد. ئێمە

توانیمان زەبەی زۆرکوشەندە لەوهێزانەی ڕژێم بدەین کە لەناوشاردابوون، تاوامان لێکردن خۆیان بە پادگانی بانەداکردوو، شاریان بەجێهشت. دوو شەو دوای ئەوەی ئەم هێزانە چوونە پادگان ئێمە بەچەکی قوسو، سوک بۆێەکەمجار، هێرشمان کردە سەر پادگان وەزەبەیەکی زۆرمان لێدان، کەبووە هۆی تێکەڵچوونی ئەرتەشیەکان لەگەڵ پاسدارو، بەسیجەکان، ئەرتەشیەکان دەیانزانی هۆکاری ئەم هێرشە چوونی ئەوانە بوو، بۆ پادگان خۆلاسە دەمانتووانی جاروبار لەم جۆرە تاکتیکانە کەڵک وەرگرین. بەکورتی دەتووانم بڵێم لەم ماوە کورتەی کە بەشەڕی سێ مانگە ناودەبرێ، ئێمە لەناوچەی بانە هێزکانی ڕژێمان بەتەواوی تێکشکاندبوو، تەنیا پادگان مابوو، ئەویش دووای تێک شکانی ئەو ستونەی کە لە سەدەشتەوە هاتوو، لە جادەی هەژدەدۆلان پێشمەرگەکانی خەبات لەگەڵیان دەرگیر بوونوو، زەربەیان لێدانوو، بەداخەوە چەندین پێشمەرگەی خەبات گیانیان لەدەست دا. بە لام لەکاتی گەشتنی ستوونی دووژمن بۆ ناو شار دیارە تۆڵەی گەورەیان لێکرایەوەو ستونەکە بەتەواوی لەناوچوو، کە نەقشی پێشمەرگەکانی خەبات زۆر بەرچاوبوو!! ئەمە ئەو کاتەبوو، کەئیمامی ناچار کرد جامی زەهر نۆش کاتوو، فێڵبازانەو، ڕیاکارانە بۆ خۆخەلاس کردن لەو جەهەنەمەی بۆ هێزەکانی دروست کردبوو، بانگی ئاشتی بۆ گەلی کوردا؟ بەداخەوە دەتووانم بڵێم ڕێبەرانی ئێمە بێ سێو دوو، لەبەیکیان گوت ڕانەوەستان هێزی پێشمەرگە، پاشماوەکانی ڕژێم تێکوپێک بشکێنن! چون توانای ئەوە هەبوو، زۆرتر ڕژێم مل کەچی داوارەواکانی گەلەکەمان بکەینوو، فێڵی دووژمن پوچەڵ وەکەین! درووست لەوکاتەدا کەئێمە بەهێزێکی زۆرو،چەکی قورسەوە دەوری پادگانی بانەمان دابووە بەر بەخومپارەی سەدوویست، پادگان هاواری لێ هەڵسابوو کە ڕێگای دیکەیان نەبوو جیالە تەسلیم بوون!هەر لەو کاتەدا پێیان ڕاگەیاندین کە دەبێ هێرشەکەمان ڕاگرین! لەبیرمە بەڕێز کاک ئەحمەدی عزیزی هاتە لامان و گوتی ڕێبەرایەتی حیزب داوای کردووە هەمو هێرشەکان ڕاگرن. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش ئەگەر بەرپرسانی ئێمە دووای تێکشکانەکانی ڕژێم، پەلەیان نەکردایە و مەجالی پێشمەرگەیان دابا هەندێک زیاتر هێزەکانی ئەنفالچی تێکو پێک بشکێنن! ڕەنگە بیانتووانیایە بە دەستێکی پڕترەوە واردی وتوویژو، دانووسانبن، بۆیە ئێمە دەبێ بۆ داهاتوومان هێندە دڵفرەوان و،خۆش باوەڕنەبین! چوون دیتمان ڕژێم تەنیا بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشێکی دیکە داوای ئاشتیانکرد. من کە لەنووسراوەکانمدا کە ڕووداوی مێژووی گەلی ئێمەن، نام هەوێت بەسەر ڕەخنەو کەمووکوڕیەکانداتێپەڕم و، فەرامۆشیان کەم دەمەوێت ئەم ڕەخنەش بخەمەسەر ڕەخنەکانی پێشوم، وەبڵێم بەداخەوە ڕێبەرە سیاسیەکانمان لەو شەڕ ڕاوەستانەش بەو جۆرەی کەدەبوو، کەڵکیان وەرنەگرت، بۆ نمونە ئێمە وەک حدکا، کەمتەرخەمیەکی زۆر کرا بەتایبەت لە سنە کە لەو سەردەمەدا، دەکرا کاری زۆری تێدابکراباو، بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتی حیزب لەو شارەدا کارو تێکۆشانیان دەسپێکردبا، زۆرتاسیری دەبوو، بۆ تەوازونی قوا، لەم ناوچەیە کە بەحەق، خەڵکێکی ڕاپەڕیو، حەماسی بوون. هەرچەند بەرپرسانی حیزب ئێستاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

دان بەوەدانانێن بۆ لەم ناوچە گرینگەی کوردستان ئاوها بێموبالاتیان کرد؟ چەند ڕۆژ پێش لە کورد کاناڵ، بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە لە وتووێژێک، لە گەڵ بەڕێز مادێح ئەحمەدیدا، لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە دەگوترێ حیزب لەم ناوچە گرینگەی کوردستان کەم ناوچەیدا کەمکاری زۆری کردووە ؟ بەڕێز حەسن زادە لە وەڵامدا گوتی وانیە ئێمە هەر ئەوەندەمان پێدەکرا؟ بەڵام من پێموایە ئەگەر بیان ویستبا زۆرلەوە زیاتر دەتواندرا کار بکرێ، نموونەشم، ئەوەیە کاتێک ئێمە دوای ڕاوەستانی شەڕ بەهێزێکی زۆرەوە بۆ یەکەم جار بەرەو سنە بەڕێکەوتین، لە مها بادیشەوە هێزێکی دیکەمان لە دیوان دەرە پێوە مولحەق بوو، کە مامە غەنی بلوریان وە ک نوێنەری حیزب هاتو پێکەوە واریدی دەروازەی سنە بووین، هەرچەند هێزێکی ڕژێم لە لەشکری ٢٨ی کوردستان بەچەند تانکی چەفتێنو، هێزێکی زۆرەوە ویستیان ڕێگە لە ئێمە بگرن کە بەتێعدادێکی زۆری پێشمەگە، بەچەکی نیوە قورس و، سوک لە کاروانێکی دە یان ماشێنی بەڕێ کە وتبووین، ناچاربوون ڕێگاچۆڵکەن بۆمان، کاتێک ئێمە گەشتینە دەروازەی شاری سنە بەڕاستی قیامەت هەڵساو، یەکپارچە خەڵکی شار هاتنە سەرجادەکانوو، کەوتنە گوڵباران کردنی پێشمەرگەکان و، بەشێعاری بژی حیزبی دێموکڕات خرۆشان بەجۆرێک ئێمە پاشی چەند سەعات لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکە توانیمان بگەینە مەیدانی ئێقباڵ! هێشتا باشگای ئفسەران پڕ بو لە پاسدار، کە توشی وەحشەت هاتبوون. کاتێک چووینە ئەو شوێنەی دەفتەری حیزبی تازە لێکرابووەوە، بەهەزاران خەڵک هاتبونە ئەوشوێنە، ئارەزویان دەکرد، پێشمەرگەکان لە ئامێزبگرنوو، میوان داریان بکەن. جابۆیە من پێموایە زۆر کەم کاری کراو قابیلی تەوجی نیە. لە خاتیمەدا دەڵێم،

ئێمە ئەوکاتە دەتوانین سەرکەوتووبین کە ئاخرین پێگەکانی دووژمنی داگیر کەرمان لەوڵاتەکەمان وەدەرنابێ! من پێموایە زۆری نەماوە ئەو ڕۆژە بێتەپێشو، گەلی ئێمە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە سوپای داگیرکەر لە خاک و نیشتمانەکەی وەدەرنێ، ئەویش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکرێزی گەلەکەما وەدی دێت.

بژی هێزی پێشمەگە باسکی بەهێزی گەل.

سڵاو بۆ شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان بەتایبەت سەرقافڵەی شەهیدان پێشەوای نەمر.

سەرچاوە: ماڵپەری میدیا خەبات - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاویژو ژینۆسایدی نامرۆڤانە .!



**ناسر ساڵحی ئەسڵ**

بە سەرکوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و گۆڕانی ڕێژیمی پاشایی بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران دا کەشوهەوایەکی دیکە هاتە کایەوە، هەر لە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە دا، گۆڕانی بنەڕەتی لە شێوازی دەسەڵاتداری ئێراندا پێک هات.

خومەینیو دارو دەستەکەی، سەرەتا بەنهێنیو دواتر بە راشکاوی، هەنگاویان دەناو رەو شی ئێرانیان خستبوو ژێر کاریگەری کۆنترۆڵو چەنگی خۆیانەوە. خەریکی داڕشتنی نەخشەو پلان بوون کە چۆن ئامانجە ستراتیژییەکانیان وەدیهێننو چۆنیش حیزبو ڕێکخراوە بەر هەلستکارەکان لە کۆمەڵگای ئێران دا گۆشەگیر، هەڵوەشاوەو بی توانایان بکەن.

لە لایەکی دیکەوە پێرەوانی خومینی بە قایم کردنی جێگاپێی خۆیان، وردە وردە ئازادییە دێموکراتییەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشیان بەر تەسک کردەوەو بە سەرکوتو هێرش بۆ سەر گەلانی ئێران لە خوزستانن تورکەمەن سەحراو کوردستان کە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی خۆیان پێ داگر بوون دەستی پێکرد. لە ئاکامدا لە سێبەری رەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا ئازادیخوازان و ماف ویستانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ جارێکی دیکەش سەرکوت کرانەوە. نەتەووەی کورد لە کوردستانی ئێران، پاش سەرکوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بە دەسەڵات گەیشتنی پێرەوانی خومەینی، زۆر هەوڵی دا بە شێوەیەکی دێموکراتیکو ئاشتیخوازانەو بە دوور لەشەڕو

**کێشە، لە ڕێگای نۆینەرایەتی ڕێبەری بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیکی گەلی کورد، ویست و مافە ڕەواکانی بخاتە بەر دیدو نەزەری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیو شەخسی خومەینی، بە هیوای چارەسەری هێمنانەی مەسەلەی کوردو لە ڕێگای دیالۆگەوەو لەو بارە هەولی زۆری دا. بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باتی لە بەر چاوگرتنو هەنگاوهەڵێنان بۆ دیالۆگ لە گەڵ نوینەرایەتی گەلی کورد، بۆ دابیین کردنی ویستە ڕەواو عادڵانەکانی، تەپڵی جیهادی لە دژی کورد لێداو لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کوردو حەڵاڵ کردنی گیانو ماڵی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە ئاشتیخوازو ماف ویستە، شەڕێکی نەخوازراوو نابەرانبەری بە سەر گەڵی کورد دا ڕاگەیاند.**

**لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی ئێران دا بە گشتیی تیپەڕینی زەمانو جێگیر بوونی دامو دەزگاکانی سەرکوتو خەفەقانی حکوومەتی ئیسلامی، ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ماهییەتی خۆی دەرخستو لە سەرانسەری ئێراندا مافو ئازادییەکانی کۆمەڵانی خەلکی ئێرانی کە لە پێناوی دا ڕاپەڕی بوونو کۆتاییان بە تەمەنی ڕێژیمی پێشوو هێنابوو، کەوتە بەر هێرشی هێزو گۆپال بە دەستانی خومەینی.**

**دیارە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو کە نامرۆڤانەترین هێرش بۆ سەر خەلکی کوردستانو ڕێبەری بزوتنەوەی میللی ـ دێموکراتییکی ئەو خەلکە بی.چونکە خومەینی دەیزانی، نەتەوەی کورد لە بەر زۆر هۆی مێژوویی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو لە سەرەوەی هەمووان رابردووی شۆڕشگێرانە، زیاتر لە گەلانی دیکەی ئێران، بەرامبەر دەسەڵاتداری زۆر دارانو کۆنە پەرستانە بەرەنگاری دەکاتو لەوە ئاگادار بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرو ڕێکخەری خەباتی خەلکی کوردستان ئێران، لە پێناو ئازادیو دێموکراسیو مافی نەتەوایەتی دایە. هەر بویە بە هەڵگیرساندنی شەڕی شاری سنە کە لە یەکەم ڕۆژی جێژنی نەورۆزی پاش سەر کەوتن، واتا لە نەورۆزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دا هێرشیکی قورسی دژ بە دانیشتیوانی شاری سنە دەست پێ کرد. لە ئاکام دا شەڕێکی نەخوازراوو داسەپاو بە سەر کۆمەڵانی خەلکی ئەو شارەو هیزە سیاسی کانی کورد دا سەپا. کە بە یەکەمین پیلانو یەکەمین پێکدادانو تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان گەلی کوردو هێزەکانی ڕێژیمی خومەینی لە قەڵەم دەدەرێت. لەم جینایەتە سامناکە دا کە بە شەڕی "نەورۆزی خویناوی سنە" ناسراوە، زیاتر لە ٤٠٠ کەسی خەلکی بی دیفاعی ئەو شارە شەهید کران، هاوتەرییبیش لە گەڵ ئەم کوشتو بڕە لە شاری سنە، پاش ٣١ ڕۆژ لە ڕێکەوتی ٣١ی خاکەلیوەی ١٣٥٨ی هەتاوی دا بە گەڵایەکی لە پیش دا داڕێژراو، وێرای تێکدانی میتینگی چەند هەزار کەسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری نەغەدە، سەدان کەس لە کوردەکانی ئەو شارە کوژرانو هەزاوان**

**کەسیشی مالوێرانو ئاوارە کران.**

**رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو کراوە نامرۆڤانە، وەلامێکی شەڕ خوازانەی بە نەتەوەی کوردو هەولە ئاشتی خوازانەکەی دایەوەو فەرمانی لەشکرکشی بۆ سەر کوردستان دەراو سیاسەتی ژینوسایدو کوشتو بڕی گەلی کوردیان گرتە بەر. ڕاگەیاندنی فەرمانی فتوای جیهاد لە دژی گەلی کورد لە لایەن خومەینی دامەزرینەرو رێبەری کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دا بە بیانووی شەڕی پاوە لەراستی دا دژی هەموو خەلکی کوردستان بوو، فەرمانێک کە هێزەکانی ئەرتەشو سپای پاسدارانو پەیرەوانی ساویلکەو دەمارگرژەکانی رێژیمی ئەرک دار دەکرد تا بەرەو کوردستان وەری بکەون. لە چوارچێوەی ئەم فەرمانە زالمانەیە دا، سەرکوتکردنی گەلی کورد وەک ئەرکێکی شەرعیو گرینگتر لە نوێژو رۆژوو دەهاتە ئەژمارو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، حیزبی خەباتگێری رێگا ماف ئازادییەکانی خەلکی کوردستانی هەلوەشاوە ڕاگەیاند. نوسەری بە ناوبانگی فەرانسەویو دۆستی دیرینی نەتەوەی کورد لە کتیبی "خەباتخوازیی کورد" بەشێک لە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر گەلی کورد هێناوە کە دەلێ : "ئێمە رێبەرانی حیزبی دیموکرات دەبەینە بەر دادگاو موحاکەمەیان دەکەین، کوردەکان لە گەورەترین کافرەکانن، هەر بۆیە ئێمە وەلامی کردوەکانیان دەدەینەوە.ئەمن بە دەولەت، ئەرتەشو ژاندارمێری ڕادەگەینم کە بە تۆپو تانکو هەموو توانایانەوە تا ٢٤ سەعات دیکە نەچنە شاری پاوە، هەموویان بە بەرپرس دەزانم، ئەمانە" کوردەکان" خەلکانێکن کە ناکری لە رێگای راندستانو ئاشتی یەوە، هەلسووکەوتیان لە گەڵ بکری، دەبی لە گەڵ ئەمانە بە توندی هەلسووکەوت بکریو بە توندیش هەلسووکەوتیان لە گەڵ دەکەین". بەو نێیەتە گەلاوە هێرشیان کردە سەر خەلکی بێدفاعو ماف ویستی کوردستان، ئەویش تەنیا بە تاوانی کورد بوونو ئازادیخواز بوون، شتێک کە خومەینیو ریژیمەکەی، تووڕەو هەراسان کردبوو. هەروەها خومەینی رەقو دوژمن یاتی خۆی لە کۆبوونەوەی نوینەرانی مەجلیسی خوبرەگان لە هەمبەر دوکتور قاسملوو بە راشکاوی دەربڕیو گوتی "سەد بریا هاتبایە". خومەینی بۆ جێی بە جێی کردنی فتوا بەد ناوەکەی خۆی چەند مۆرەی جینایەتکاری وەک مستەفا چەمران، سەیادی شیرازی، حەسەنی نوینەری خۆیی لە ئازەربایجانی رۆژئاواو خالخالی جینایەتکارو قەسابی کوردستان کە دەستوری ئێعدام کردنی دەیان رۆلەی کوردی لە شارەکانی پاوە، سنە، سەقزو مەریوان لە بێدادگاکانی ریژیم دا دەرکرد، وەک بەرپرسی بەرێوەبردنی فەرمانی جیهاد لە کوردستان دیاری کردو هاوکات هێزیکی پوشتەو پەرداختەی رەوانەی کوردستان کرد. پاش دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەلکی کوردستانو هێرشی نیزامی بەر بلاو بۆ سەر شارو گوندەکانی کوردستان، خەلکی کوردو رێبەری بزوتنەوەی میللی ـ دیموکراتیک، دوو رێگایان لە بەر بوویان دەبوو تەسلیمو گویرایەلی رێژیمی خومەینی بن، یان رێگای درێژەی**

خەباتو خۆڕاگری بگرنە بەر، لە ئاکام دا گەلی کورد بە شانازییەوە ڕێگا دووهەم، واتا ڕێگای درێژەی خەباتو خۆڕاگرییان هەڵبژارد، هەر بۆیە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی دەسپێکی خەباتی خۆڕاگری خەڵکی کوردو ڕۆژی بەرەنگاری ئازایانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەر لەشکری نەزانیو تاریکی خومەینی یە. لە پاش سێ مانگ شەڕو خوڕاگری خەلکو هێزی پیشمەرگە لە لایکو هێزەپوشتەو پەرداخەکانی ریژیمو بە چۆوک داهاتنی هێزەکانی ریژیمو شپرزەبوونیان، خومەینی بە شێوەیەکی ریاکارانەو بە ڕەوالەت بۆ دلدانەوەی خەلکی کوردستان، بەڵام لە راستی دا بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیو گەمارۆدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامی ٢٦ی خەزەلوەری بۆخەلکی کوردستان نارد. لەو پەیامە دا ئاماژە بەو کرابوو کە ناحەزانو بەدخوزان، ئەویان خراپ تی گەیاندوەو ئامادەیە لە ریگای وتوویژەوە کێشەی خەلکی کورد چارە سەر بکات. لە مێژوویی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دا ئەگەر رۆژی ٢٨ی گەلاویژ، رۆژی هێرش بۆ سەر خەلکی کوردستان، رۆژی دەسپێکی خەباتی بەرگریو خۆڕاگری خەلکی کوردستان لە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامیە، رۆژی ٢٦ی خەزەلوەر، رۆژی بەچۆک داهاتنی هێزەکانی ریژیم لە بەرانبەر خەلکی خۆڕاگری کوردستان دا دەژمێردری،

ئێستا دوای ٣١ ساڵ لە حالیکدا کە بناغەکانی سیستمی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆییو نێونەتەوەیی کەوتۆتە لەرزین، خەباتو خۆڕاگری نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانە لە ئاستی ئێراندا لە ئارا دایە،جێی خۆیەتی کە نەتەوەی کورد لە کوردستان ئێران، ٢٨ی گەلاوێژ وەک رۆژی خۆڕاگری لە مێژووی خەباتی خۆیدا سەبت بکا. چوونکە ئەمڕۆ خەباتی رەوای گەلی کورد، پشت ئەستور بە ئەزموونی ٣١ ساڵی خەباتو خۆڕاگری، وەشیارتر لە ڕابردوو، بە شێوازی جوراجور لە پانتایی کوردستانی ئێران دا پەرە پێداوەو هاودەنگیو پشتیوانی زیاتری نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، بەڵام رێژیمی کوماری ئیسلامی دژایەتی زۆرتری خەڵکی ئێرانو تەریک کەوتنەوەی زیاتری لە ئاستی جیهانیو ناوخۆییدا پێ براوە.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - رێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٢٨ی گەلاوێژ بیرەوەرییێکی تاڵ لە مێژووی کورد لە کوردستانی ئێران



**عەلی بەهرامی**

لە دوای ئەوەی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی دابەش کرا، هەستی بە کەمی و ژێردەستییێکی گەورە کرد کە لە پێناو رزگاری و وەدەست هێنانەوەی ئەو مافانەی کە لێی زەوت کرابوو، هەوڵ و تەقەلاییێکی یەکجار زۆری داوە. ئەو گەلە هەموو دەمێ ویستویە لە رێگەی ئاشتیانەوە بە مافەکانی بگا، بەلام کاتێ رێگەی ئاشتی هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بۆ دیفاع لەخۆی و وەدەستهێنانەوەی مافەکانی پەنای بردۆتەوە بەر چەک و لەبەرانبەر هێزی داگیرکەر و دژمندا وێستاوەتەوە.

لە مێژووی گەلی بەشخوار و ماف پێشێلکراوی کورد لە کوردستانی ...

ئێراندا، گەلێ رۆژی تاڵ هەن کە داگیرکەرانی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر دەست درێژیان کردۆتە سەر خاک و کەرامەتی.

یەکێک لەو رۆژە تاڵ و لە بیرنەکراوانەی کە تیایدا بە نارەوا هێرش کرایە سەر کوردستان و بە کافر دانانی گەلە مسوڵمانەکەی، لەرۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆریە، کە خومەینی خوێنرێژ و جەنایەت پیشە فتوای دژ بە گەلی کورد دا و بە کافری ناوبرد و زەوت کردنی سەر و ماڵی بە حەلاڵ دانا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

له حاڵێکدا خەڵکی کوردستان زۆرینەی مسوڵمانن خومەینی ئەو فەرمانە بێ بەزەییانەی دا. هەروەها خەڵکی کوردستان خواستەکانیان بریتی بوو لە چەند داوای سەرەتایی کە مافی هەر نەتەوەییێکە لەم گۆی زەوییەیە. ئەو داوایەی خەڵکی کوردستانیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بە درێژایی مێژووی چەند سەدەی رابردوو کورد وەک گەلێکی غەوارە و نامۆ و هاووەلاتی دەرەجە دوو و سێ چاوی لێکراوە.

هەرچەند نوێنەرانی کورد، بۆ کۆتایی بەو پێشێلکاری و نارەواییەی داگیرکەران، داوا رەواکانی خستە بەردەم دەسەلاتی نوێی خومەینی، ئەو داوایانەش بریتی بوون لە، بە رەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی کورد و لابردنی ئەو تەبعیزانەی لە دژی بە کار دەبرا.

بەلام لە وەلامی داوا رەوا و بەحەق و ئاشتیخوازەکەی کورددا، رژیمی بە ناو ئیسلامی و سەرەرۆ و لە سەرووییەوە خومەینی بە بۆمب و ناپاڵمی بە درندانەترین شێوە بەسەر ژن و منداڵ و پیر و لاوی کوردستان باراند و بە تۆپ و تانگ، لە شارەکانی پاوە، سنە، سەقز، بۆکان، مەهاباد و نەغەدە و بە دەیان جینایەتی وەک قارناو قەلاتان و حاجی کەند و ووسووکەندیان ئەنجام دا کە بە هەزاران کوردی بێ گوناح و تینووی ئازادی شەهید کران و بەشێکی زۆریش ئاوارەی دەرەوەی سنوورەکان بوون.

لە بەرانبەر ئەم ناحەقی و درندەییەی رژیمی ویلایەتی فەقیەدا، گەلی کورد و هێزە ئازادیخوازەکانی بەناچار کەوتنە دیفاع و لە هەموو لاوە بەرەنگاری هێزە زۆر و پۆشتەکانی رژیم بوونەوە و بۆ ماوەی سێ مانگ لە بەرانبەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی رژیمدا دیفاعیان کرد. بەلام بە سەر ئەوەشدا هێزەکانی رژیم توانیان بەشێکی زۆری ناوچە ئازاد کراوەکان داگیربکەنەوە. یەکێک لە هۆکانی ئەو سەرکەوتنەی رژیم نەبوونی یەک ریزی و یەک هەڵویستی هێزەکانی کورد و لە بەرچاو نەگرتنی هەل و مەرج و پێک هاتەی خەڵکی کوردستان بوو. چەند لایەن بەرەنگاری دەکرد لایەنی دیکە ئاگربریان لە بەرانبەر رژیم دا رادەگەیاند، یان بە جێی یەک خستنی ریزەکانی خەڵک تەفرەقە و دووبەرەکی دروست دەکرا، بۆ نمونە (شەری ئاغا و رەعیەت) لایەنێک دژ بە دەستەیێک ئاغا و بەناو لایەنگری رەعیەت و لایەنێک پشتیوانیی لە دەستەیێک لەئاغاکانی دیکەی دەکرد. یان بە ئاشکرا دژایەتی کردنی عەقاید و موقەدەساتی خەڵک دەکرا، ئەمانە و دەیان کاری لەو جۆرە بوونە هۆی ئەوەی نەک ریزی خەڵک و هێزە سیاسیەکان یەک نەبن، بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لەو خەڵکە بەناچاری لە شۆرش دوور دەکەوتنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

لەئەنجامی موقاوەمەت و خۆراگری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دژمن، خومەینی ناچار کرا، ئاگربەس لەگەڵ میللەتی کورد ڕاگەیێنێ. ئەو هەڵوێستەی خومەینی لە دوای ئەوە هات کە لە١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨، شۆڕشگێڕان و پێشمەرگەکانی سازمان و خەڵک هێزێکی گەورەی ڕژێمیان لەناوشاری بانە تێکشکاند. دیارە لەم سەرکەوتنە گەورەدا ناکرێ دەور و نەقشی ڕێبەری فیداکار و بەوەجی گەلەکەمان خوالێخۆشبوو جەنابی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی لە بەرچاو نەگیرێ، دەفتەری مامۆستا شێخ عزالدین کە لەلایەن ڕێبەری زیندەیاد مامۆستا سەید جەلال الدین حوسەینیەوە ڕێبەرایەتی دەکرا و لە بەرانبەر هێرشەکانی ڕژێمی خومەینی دا هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی لێبڕاوانەی هەبوو، لە پێچەکانی هەژدەدۆلان بەریان بە هێزەکانی ڕژێم گرت و تا دەروازەی شاری بانە بە سزای کردوە غەیرە ئینسانی و نائیسلامیانەی خۆیان گەیاندن، کە لەو بەرنگاریە بێ وێنەیەدا بە داخەوە ٨ پێشمەرگە شەهید بوون. کە بووە هۆی ئەوە خومەینی ئاگربر لەگەڵ کورددا رابگەیێنێ، بەلام ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لەلایەن خومەینی تەنیا پیلان بوو بە مەبەستی خۆسازدانەوەی هێزەکانی. هەربۆیە لەدوای خۆسازدانەوەی هێزەکانی ڕژێم جارێکی دیکە بێ بەزەییانە هێرشیان کردەوە سەر گەلی کورد.

گەلی کورد و ئازادیخوازانی هەموو ساڵێک لە یادی ٢٨ی گەلاوێژدا نەفرین دەنێرن بۆ فەرماندەران و بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە ملهورانە و سلاو و درود دەنێرن بۆ ئەو شەهیدە سوورخەلاتانەی لە پێناو ئازادی خاک و دژایەتی داگیرکەران و دیکتاتۆران خۆیان فیدا کرد.

لێرەدا پێویستە وەک وەفاییێک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ٣١ ساڵ شەڕی داسەپاو و بۆ ڕوو ڕەشی ئاخوندان و ڕژێمەکەیان، هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان هاوکاری و نزیکی و تەبایی بکەنە بەردی بناغەی کارەکانیان، با لەوە زیاتر بەو پەرتەوازەییە کار نەکرێ کە تەنیا دەسەلاتدارانی ئێران قازانجی لێ دەکەن و ئاسۆی ڕزگاری گەلەکەمان لەوە زیاتر دوا دەخا.

بەو هیوایەی بیرەوەری ٢٨ی گەلاوێژ هاندەرمان بێت بۆ برایەتی و تەبایی هەمیشەیی ناوماڵی کورد و هێزە ئازادیخوازەکانی.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ڕەوایی دان بەکوشتاری کوردستان بە در کردنی فتوایەک

لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییدائایەتوڵڵا خومەینی لە هەڵویستیکی توند و دەمارگرژانە دافتوای جیهادی بە دژی نەتەوەی کورد دەرکرد،ولە فەرمانێکی بەپەلەدا بە هەموو هێزە زەمینی،ئاسمانی و دەریاییەکانی ڕاگەیاند کە هێرش بکەنە سەر کوردستان و کۆتایی بەو هەل و مەرجە بێنن کە ئەو بە کێشە {غائلە}ناوی دەبرد.سەیر لەوەدایە کە کوردستان سنووری دەریایی نیە.

بە دوای ئەم فەرمانەی خومەینی بوو کە کوردستان کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم .خومەینی بۆ چاوترسێن کردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی نابە جێی لە پیگەی ئایینی خۆی وەرگرت و کوشت و بڕی خەڵکی کوردستانی بە دەرکردنی فتوایەک ڕەوایی پێ دا.

ئەو کەسانەی کە لە قوتابخانەکانی ئێراندا خوێندویانە هەر لە دەستپێکی خوێندنیانەوە لە گەڵ مانا و واتای وشەی جیهاد ئاشنا دەبن کە کەی، لە چە هەل و مەرجێک، دژی کێ و لە لایەن چ کەسێکەوە دەر دەکرێت.

لە قورئانی پیرۆز دا نزیک بە ٣٠ جار ئاماژە بە وشەی جیهاد کراوە کە تەنیا لە ٦ شوێن دا لە تەنیشت جیهاد وشی شەڕ بەکار هاتووە.لێرەدایە کە ئەگەر نەختێک زەحمەت بە خۆمان بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە مانای وشەی جیهاد زۆر گەورەترە لەوەی کەبەرتەسک بکرێتەوە بە شەڕی نیزامی دژی دوژمن کە لە نێوەرۆکی کتێبەکانی ئێراندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

لەم پێوەندییەدا پێغەمبەری ئیسلام لە جیهادی نیزامی بە جیهادی {اصغر}ناو دەبات ولە تەنیشت ئەو جیهادەدا ئاماژە بە بەربەرەکانی لە گەڵ نەفس دەکات کە بە جیهادی {اکبر} ناوی لێ دەبات.

هەر لەو کتێبانە دا ئاماژە بەوە دەکرێ کە کافرەکان دابەش دەبن بە پێنج بەشەوە [١معاهد، ٢ معابد، ٣ محارب، ٤ اهل ذمە، ٥ مستامنین ] کە لە نێوان ئەوانەدا حوکمی جیهاد تەنیا بۆ کافرانی موحارب {دژی خودا} ڕەوایە وئەوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**دیکە ناگرێتەوە.هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە حوکمی جیهاد کاتێک دەدرێت کە گیان و ماڵی موسڵمانان کەوتبێتە بەر هەڕەشە و مەترسی و لەلایەن نوێنەری خودا لە سەر زەوی یان جێ نشینەکانیەوە دەر دەکرێت.**

**بە سرنجدان بەو خاڵانەی سەرەوە ئەم پرسیارانە لە زەینی هەر خوێنەرێکدا دێنە گۆری ،بۆ وێنە،ئاخۆ خومەینی نوێنەری خودا لە سەر زەوی بوو کە فتوای جیهادی دژی نەتەوەیەک دەرکرد؟ ئایا خەڵکی کورد کافر و دژی خودا بوون کە فتوای جیهادیان لە سەر رەوا بێ؟ ئایا خەڵکی کورد هێرشیان کردبوە سەر گیان و ماڵی موسڵمانان؟ و... ودەیان ئایا و ئاخۆی دیکە کە بێ گومان وڵامیان لای هەر مرۆڤێکی بە ویژدان جگە لە وشەی "نە"هیچی دیکە نیە با بڵێین کە گەورەساڵانی کوردستان کافر بوون و حوکمی جهادیان لە سەر رەوا بووکە واش نەبوو، ئەی تاوانی ئەو منداڵە ساویلکانەی کە بە دەستی سەربازانی بە ناو ئیسلام کوژران چی بوو؟ئاخۆ ئەوانیش دژی خودا بوون؟**
**ئەی تاوانی ئەو کەسانەی کە بۆ پێشگیری لە کوشت و کوشتاری خەڵکەکەیان قورئان بە دەست بەرەو پیری پاسدارەکان رۆستن و خۆشیان بوونە قوربانی چی بوو؟ وای دابنێین کە کافر بوون باشە خۆ هەر هیچ نەبێ پەنایان بۆ قورئان هێنابوو کە پێغەمبەری ئیسلام لە پەیوەندییەدا دەڵێ گەورەترین گوناح لای من ئازار دانی ئەو کەسانەیە کە پەنا دەبەن بۆ ئیسلام جا چ بگات بە کوشتنیان.**

**خەلکی کوردلەو شەڕە نابەرانبەرەدا نەک هەر هێرشیان نەکردبوە سەر هیچ کەس و هیچ خاکێک بەڵکوو لە قووڵایی خاکی کوردستان دا{سنە، پاوە،مەریوان و...}و بۆ دیفاع لە کەرامەتی خۆیزن بەرانبەر بە هێزەکانی رێژیم وەستان کە مافی سروشتی هەر تاک،گروپ و نەتەوەیەکە کە لە خۆی بارانبەر بە هێرشی دوژمن دیفاع بکات.ئەو کوردانەی کە بونە قوربای خۆ لە شارەکانی تاران، قوم، مەشهەد و... نەکوژران هەتا بڵێین هێرشیان بردوە بۆ سەر ... بەڵکوو ئەوان لە سەر خاک و زێدی خۆیان بوون کە وەکوو داگیرکەر و هێرشبەر هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کراو بوونە قوربانی.**

**لە ئاکامی ئەم هێرشەدا سەدان رۆڵەی خوێندەوار و ئازادیخوازی کورد بونە قوربانی سیستمێک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بڵێین کەباجی خود ئاگاهی و تێگەیشتووی سیاسی خۆیان بەو رێژیمەدایەوە کە لە رێفراندۆمی بە ناو دیاری کردنی خۆیدا لە لایەن خەڵکی کوردستان و لە ژێر کاریگەری رێبەرانی سیاسی و ئایینی خۆی دەنگی "نە"ی وەرگرتبوو.**

ئەگەر ٣٠ ساڵ لەمەوپێش تەنیا کوردەکان دژی ئەو سیستمە راوەستان ئێستا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران ئەو رێژیمەیان قەبووڵ نیەو دەبینین کە بە هەزاران کەس دەرژێنە سەر شەقامەکان و دژی ئەو رێژیمە دروشم دەدەن. ئێستا ئیدی بۆ خەڵکی ئێران دەرکەوتووەکە فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوی کورد کە بوو بە هۆی کوشتنی سەدان رۆڵەی ئازادیخواز و خوێندەواری ئەو گەلە نەک هەر لە رووی ئاوەز نەبووە بەڵکوودەرخەری خوی و سروشتی دڕندەیی کەسایەتی خومەینی و ئەو سیستمە حکومەتییە بوو کە بە تاڵان کردنی دەسکەوتەکانی خەڵک و پێشکەش کردنی هەموو دەسەڵات بە ناوبراو بواری بۆ ئەنجامدانی وەها جنایەت گەلێک رەخساند.

لێرەدایە کە پێویست بوونی نیزامێکی سیکۆلار بۆ داهاتووی ئێران بە باشی دەردەکەوێ، هەتا جارێکی دیکە رۆڵەکانی هیچ نەتەویەکی دیکەی ئێران نەکونە بەر هێرشێکی لەم چەشنە،جارێکی دیکە رۆڵەی شیرخۆری هیچ دایکێک نەبینین کە ببێتە قوربانی سیاسەتی چەپەڵ و نگریسی وەها رژێمێک کە لە ژێر چەتری ئیسلام و بە ناوی خودا و قورئان دەست بۆ هەموو جینایەتێک دەبەن.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردیش پرسپکتیڤ - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بابەتی: ٢٠٠٩

-------------------------------------------------------------

## بە دڵی خۆش و ورەی بەرز بەرەوپیری رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بچین.



**عبدالله مهتدی**

بیست و هەشتی مانگی گەلاوێژ لە مێژووی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا رۆژێکی دیارە، رۆژێکی سەخت و پڕئەزموون، رۆژێکی جێی سەرنج و دەرس لێوەرگرتن و، بەگشتی رۆژێکی جێی یادکردنەوەیە. لە بیشت و هەشتی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا بوو کە فەرمانی هێرشێکی هەمەلایەنە و سەرکوتگەرانە لەلایەن رژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەر کوردستان دەرکرا. ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی هێرشێکی بێپاساو بوو، هێرشێک کە ئاورەکەی بە هەڵخڕاندنی هەستی چەواشەکراوی جەماوەری بێئاگا خۆش کرا، هێرشێکی بێبەزەییانە کە تێیدا پەلاماری داگیرکارانە لەگەڵ ئیعدامی بەکۆمەڵی کوڕ و کچ و پیرو لاو و سووتاندنی تەڕ و وشک تێکەڵ کرا، هێرشێک کە تەنانەت سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی، ئاغای مێهدی بازرگان، بە هێرشێکی بێپاساو چەواشەکارانە و نایاسایی ناوزەدی دەکات.

٢٨ی گەلاوێژ بۆ گەلی کورد و بۆ ئەو نەسلەی کە لە سەردەمی دوای شۆڕشی ئێراندا دەژیا رۆژێکی سەخت و دژوار بوو، رۆژێک بوو کە بە وتەی کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی، رابەری ناسراوی جەماوەری و سیمای گەشی موقاوەمەتی خەڵکی کوردستان، گەلی کورد کەوتە بۆتەی ئەزموونێکی گەورەوە. خۆشبەختانە گەلی کورد، سەرەڕای

هەموو هێرشکاری و پەلامار و توندوتیژییەک، لەو ئەزموونە سەربەرز و سەرکەوتوو هاتە دەر. ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژێکی تاڵ بوو، بەڵام ڕۆژی تاسان و چۆکدادان نەبوو، ڕۆژی ترسان نەبوو، ڕۆژی ڕاسان بوو، ڕۆژی بەرخۆدان بوو، ڕۆژی وەستانەوە و بەگژداچوونەوە بوو.

٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژێک بوو کە گەلی کورد، بێجگە لە ژمارەیەکی کەم چڵکاوخۆر و بەکرێگیراوی ڕژیم، هەموو یەکی گرت، هەمووان لەسەر بناغەی دیفاع لە مافی ژیان و مانەوەی خۆیان، دیفاع لە ئازادی و کەرامەتیان، دیفاع لە باوەر و پێناسیان دەستیان دایە دەست یەکتر و بەڵێنی تەسلیم نەبوونیان دا. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی لەشکان نەهاتووی گەلی کوردە.

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، وێڕای فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان، هەموو ئاسەوارەکانی ئازادی لە تاران و شارەکانی تریش کەوتنە بەر پەلامار و بەکردەوە نیشان درا کە ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی نەک هەر دوژمنی گەلی کورد بەڵکوو دوژمنی هەموو ئازادی و هەموو مافێکی ئینسانیی خەڵکی ئێرانیشە و هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان بەخەیاڵی خۆی بۆ تێکشکاندن و فەوتاندنی کوردستان وەکوو قەڵای ئازادیخوازی و دیمۆکراسیخوازی و پێکشەوتنخوازی لە هەموو ئێرانە. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ گەلی کورد و نیشاندانی پشتگیری لە ماف و داخوازییەکانی ئەو گەلەشە.

هەر بۆیەش ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژێکە بۆ یاد کردنەوە و ڕێز گرتن لە هەموو قوربانیانی ئەم هێرشە، ڕۆژێکە بۆ پتەوتر کردن یەکیەتی ڕیزەکانی گەلی کورد، بۆ نیشاندانی یەکڕیزی و هاوخەباتیمان، ڕۆژی وەستانەوە و خۆڕاگرییە، ڕۆژی دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ گەلی کورد و داخوازییە ڕەواکانیەتی. با بەهەموومان بە دڵی خۆش و ورەی بەرز بەرەوپیری ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بچین

٢٧ - ٧ - ٢٠٠٩ - ٣ی گەلاوێژ ١٣٨٨

سەرچاوە: ماڵپەری بەیان - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە بەرەبەری ٢٨ گەلاوێژدا ...



**حسەین یەزدانپەنا**

٢٨ی گەلاوێژ رۆژی فەرمانی جیهادی خومەینی دامەزرێنەر و رێبەری کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد و رۆژی دەسپێکی بەرەنگاری کورد لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا، بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان رۆژێکی ناسراوە.

بۆیە ئەوەندەی چۆنیەتی تێپەڕکردنی ئەم رۆژە لە لایان کوردستانییانەوە بەلامانەوە گرینگە، ئەوەندە شیکردنەوە و لێکدانەوەیمان بەلاوە مەبەست نییە؛ ئەوەندەی ئاواتەخوازین ئەم بۆنەیە ببێتە هاندەرێک بۆ گۆڕان، ئەوەندە "تەفسیر" کردنیمان لا ئارەزوو نییە.

بە ڕاستی خەڵکی کوردستان چۆن ئەم رۆژە تێپەڕ دەکەن؟ چ شتێ بیرەوەری هێرشێکی دڕندانەی سەرانسەریان لا زیندوو دەکاتەوە؟ بە چ شێوەیەک نەوەی نوێ، ئەوانەی ٢٨ی گەلاوێژیان لەبیر نایە یان ئەو دەم لە دایک نەبوون، ٣٠ هەمین ساڵوەگەڕی ئەو رووداوە ناخیان دەهەژێنێ؟ ئەی چۆن کوردستانیان جارێکی دیکە پاش ٣٠ ساڵ هەروەک ئەو کات، یەک دەنگ و یەک ئیرادە، بە داگیرکەر دەڵێن "نا"؟

ساڵی رابردوو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە نێوخۆماندا، حەولێکمان دا کە، بە بۆنەی ٢٩ هەمین ساڵوەگەڕی ئەو رووداوە، هاودەنگییەک پێکبێنین. تەنانەت رەشنووسی بەیاننامەیەکیش لە نێوانماندا دەگەڕا. بەڵام هەر ئەو هۆکارانەی لەمپەڕی رێی پێوەندیی و هاوکارییەکانن بەسەر ویستی ئەو هاودەنگییەدا زاڵ بوون و هیچ نەکرا. بەو حاڵەشەوە هیوا بەوەی لە ٣٠ هەمین ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژدا ئەو هاودەنگییە چێ ببێ، لەجێ نەچوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**ئەمسالێش لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە جموجۆڵەکان بۆ چۆنیەتی بەرەو پیر چوونی ٢٨ی گەلاوێژ لە لایان هێزە سیاسییەکانەوە دەستی پێکردوە. پارتی ئازادیی کوردستان PAK یەک لەو هێزانەیە کە بە بایەخەوە لەم بەستێنەدا دەبزوێ.**

**پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، چاوەڕوانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ هاودەنگی لەم رۆژەدا، وەدیی بێنن. ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی هەموو خەڵکی کوردستانە لە رۆژهەڵاتی نیشتمان و بۆ هەڵگرانی بیری نەتەوەیی و کوردستانییش بگرە یەک لە رۆژەکانی هەموو نەتەوەی کوردە. خەڵکی کوردستان لە هێزە سیاسییەکانیان دەوێ، پێکەوە لەو رۆژەدا یەک گوتار و یەک پەیامی هابەشیان هەبێ. ئێمە ئاواتەخوازین ئەم چاوەڕوانییە رەوایەی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان وەدیی بێ.**

**ئێمە ئاواتەخوازین هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەو کۆدەنگییە لەم بۆنەیەدا، نیشانی بدەن فەرهەنگی سیاسیمان گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵکی کوردستان لەوە دڵنیا دەکا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان سەرەڕای هەبوونی جیاوازی و تەنانەت ناکۆکیی لە نێو خۆیاندا، لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان و ئەو بابەتانەی پێوەندیی بە هاوکێشەی کورد و دوژمنەکانیەوە هەیە، جیاوازی و ناکۆکییەکان وەلا دەنێن و خۆشەویستی خەڵک و خاک و بەرژەوەندییە باڵاکانیان و یەک دەنگی بەرانبەر دوژمنان، کۆمان دەکاتەوە و سنوورە بەرتەسکە حیزبییەکان دەبەزێنین.**

**بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا، تەنیا هاودەنگی و یەک هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان دەتوانێ، ٢٨ی گەلاوێژ بە شێوەیەکی بەربڵاو  بەرێتەوە نێو ناخی تاکەکانی کۆمەڵ و جووڵەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە.**

**ئایا هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دەتوانن چاوەڕوانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتەکەمان وەدیی بێنن و ٣٠ ساڵەی فەرمانی کوشتاری خومەینی بکەنە بۆنە و رۆژێک بۆ یەکگرتوویی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و دەمەزەرد کردنەوەی خەباتی جەماوەریی بۆ رادانی داگیر کەر لە وڵاتەکەمان؟ رۆژانی دادێ روونی دەکەنەوە.**

**٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٠٩  /  ١١ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**

**سەرچاوە: ماڵپەری رەوانیوز  -  رێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی وەستانەوە و خۆڕاگری



**خالید سیادەت**

سی ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا خومەینی، ڕێبەری ئەوکاتی ئێران، لەگەڵ دەرکردنی فەرمانی جیهاد شەڕێکی خوێناوی لە دژی گەلی کورد دەست پێ کرد، شەڕێک کە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. بە دوای ئەو فەرمانەدا لە چەند لاوە بە هاوکاری هێزی ئاسمانی و ئەرتەش و پاسدار هێرش کرایە سەر کوردستان. ئەو هێرشە لە گەڵ وەستانەوە و بەربەرەکانیەکی کەم وێنەی گەلی کورد بەروڕو بووەوە. لە سەرەتاوە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانیان شارەکانی کوردستان داگیر کەن و بنکە و پایگای خۆیان دامەزرێنن، بەڵام زۆری نەخایاند کە لە ماوەیەکی سێ مانگیدا هێزی چەکداری خەڵک و پێشمەرگە توانیان داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێو شارەکان وەدەر نێن و دیسانەوە ئازادی و دەسەڵات بگەڕێننەوە بۆ خەڵک و هێزە سیاسیەکانی.

ئێستا دوای سی ساڵ لە حاڵێکدا کە بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی سەراسەریدا کەوتۆتە لەرزین، جێی خۆیەتی کە گەلی کورد کە هیچکات لە بەرابەر ئەو ڕێژیمەدا کۆڵی نەدا و لە خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمە ڕانەوەستا، ٢٨ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی وەستانەوە و خۆڕاگری لە بیر نەکا و بەو بۆنەوە چالاکی سیاسی گونجاو لە خۆی نیشان بدا.

لەو پێوەندیەدا ژمارەیەک لە ڕۆناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وولات نامەیەکیان واژۆ کردوە کە تێیدا ٢٨ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی ماتەمینی گشتی یان عەزای عمومی ناوزەد کراوە و داوا لە خەڵکی کوردستان کراوە لەو ڕۆژەدا سەری

سەعاتی ١٢ دوو دەقیقە بێدەنگی ڕاگرن و سەردانی بنەماڵەی گیان بەخت کردوان بکەن و بچنە سەر گڵکۆی شەهیدان.

دیارە کە مەبەستی ئەو بەڕێزانە لە نوسینی نێوی خۆیان لە ژێر ئەو نامەیە، مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە خەباتی گەلی کوردە، بەڵام بابزانین ئەو پەیامانەی کە لەو نامەیەدا هاتون خزمەت بەو ئامانجە دەکەن.

## ماتەمینی گشتی،

سی ساڵ لەوە پێش کە ئەو هێرشە بەربڵاوە کرا سەر  کوردستان، گەلی کورد دەستەوئەژنۆ دانەنیشت و ماتەمی نەگرت بەڵکو دەستی دایە چەک و چوە نێو سەنگەرەوە و لە دوژمن ڕاسا. کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە دەستی هات کردی، دەستە دەستە لاوانی ئیعدام کرد، شار و لادێکانی دایە بەر تۆپ و خۆمپارە، کارەساتی قارنێ و قەلاتانی خولقاند و بەندیخانەکانی لە تێکۆشەرانی کوردستان پڕ کرد. لە بەرابەردا گەلی کورد حیزبە سیاسیەکانی خۆی بە هێز کرد، هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری پێکهێنا و کۆچی مێژویی و ڕاوەستان لە بەرابەر تانکەکانی تاقی کردەوە. بەڵێ، سی ساڵ لەوە پێش لە جێی ماتەمین و عەزاگرتن وەستانەوە و خۆڕاگری پیشە کرا. ئێستا کە ئەو حکومەتە پشتیوانی خەڵکی ئێرانیشی لەگەڵ نەماوە و لە ناو خۆشیدا کێشەی توندی لێ ساز بوە و زەمینەی خرۆشانی جەماوەریش زۆر زیاترە، بۆچێ ڕێگەیەکی پاسیفیستی کە بە تایبەتی سەرچاوەی لە کولتوری ئایینی شیعەدایە بخرێتە پێش پێی خەڵک. ئایا ئەوە ناحەقی لەگەڵ ئەو خەڵکە نیە کە لە حاڵێکدا ئەوان لە دژوارترین ڕۆژەکاندا کۆڵیان نەدا و غەم و پەژارە داینەگرتن، ئێستا کە لە پێش چاومان ئاسوی هەستانەوەیەکی تازە دەبیندرێ، بێ دەنگی و ماتەمینیان پێ پێشنیار بکرێ. ئایا ئەوە هەنگاوێک بەرەودوا بردنەوەی ئاستی خەباتکارانەی گەلێکی ڕاپەڕیو نیە.

## دوو دەقیقە بێ دەنگی،

لەو نامەیەدا پێشنیار کراوە کە لەو ڕۆژەدا دوو دەقیقە بێدەنگی ڕابگیرێ. پرسیار ئەوەیە کە سەعات دوازدەی نیوەڕۆی مانگی گەلاوێژ لە سەدا چەندەی خەڵکی کوردستان لە شوێنی گشتی و لە دەوری یەکتر کۆبونەتەوە کە

بکرێ هاوکات دوو دەقیقە بێ دەنگی ڕاگرن. لە حاڵێکدا کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی شارەکان لەو کاتەدا لە نێو ماڵەکانیانن، خوێندکاران لە خوێندنگە و زانستگا نین و تەنانەت دوکاندارانیش بۆ پشوی نیوەڕۆ هاتونەوە ماڵ، چۆن بەشداری ئەو چالاکیە گشتیە بکەن. بە هەمو ئەوانەوە بڵێین کە بە هەرحاڵ بەشێک لە خەڵک دوو دەقیقە بێدەنگیان ڕاگرت. چ پێوانەیەک هەیە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە لەو کاتەدا بە ڕاستی دوو دەقیقە بێدەنگی ڕاگیراوە لە حاڵێکدا بێ دەنگی نە تۆمار دەکرێ و نە لە مێدیاوە بڵاو دەکرێتەوە.

لە ڕوانینی ئەو نامەیەدا ٢٨ی گەلاوێژ وەک ڕوداوێک لە مێژودا کە کاتی بەسەر چوە دەبیندرێ، کە ئێستا یاد لە شەهیدەکانی بکرێتەوە و ماتەمیان بۆ بگیرێ. بەڵام لە ڕاستیدا ٢٨ی گەلاوێژ و ئاکامەکانی ئەو فەرمانە دژی گەلیەی خومەینی ئێستاش هەر درێژەی هەیە. فەرمانەکەی خومەینی هەر لە جێی خۆی ماوە. کوردستان هەروا داگیرکراوە، پایگا و بنکەکانی ئەرتەش و پاسداران هەر لە جێی خۆیانن، کوردستان هەر ناوچەی ئەمنیەتیە، گەلی کوردیش هەر خەبات دەکا و کۆڵی نەداوە. بۆیە هەر وەک نێوی ڕۆژی ماتەمین و عەزا بۆ ٢٨ی گەلاوێژ نێوێکی گونجاو نیە و نێوی ڕۆژی خۆڕاگری لە گەڵ ئەو ڕوداوە گونجاوترە، بەو پێیەش لە جیاتی بێدەنگی، دەنگ هەڵبڕین و ئیعتێراز بە کۆماری ئیسلامی لە ساڵیادی ئەو ڕۆژەدا لە جێی خۆیدایە. ٢٨ی گەلاوێژی ئەوساڵ دەرفەتێکە کە ئیدیعانامەی گەلی کورد لە دژی سی ساڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان بێتە گۆڕێ.

لە ئێستاوە ٢٠ ڕۆژی ماوە بۆ ٢٨ی گەلاوێژ. ڕوون نیە ڕەوتی ڕوداوەکان لە ئێران و ڕەنگدانەوەی لە کوردستان تا ئەو کات چۆن دەبێ. بێ گومان خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام لە هەر کارێک دڵخوازترە، بەڵام بوونی ژمارەی زۆری هێزی سەرکوتی ڕێژیم لە کوردستان ڕەنگ بێ لە هەل و مەرجی ئێستادا ڕێگر بێ لەو کارە.

سەرنجێک بۆ ئەو ئەزمونەی خەڵکی تاران کە لە کاتی شەودا دێنە سەر سەربان و باڵکۆن و دروشمەکانی خۆیان دووپات دەکەنەوە دەری خست کە پێش پێگرتنی بۆ ڕێژیم ئاسان نیە. لە کوردستانیش لە بەر ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری خەڵک لەو کاتەی شەودا لە دەوری یەکتر و لە نێو ماڵەکانی خۆیانن، دەتوانن لە کاتێکی دیاریکراودا بچنە سەر سەربان و بۆ ماوەی نیو سەعات دروشمی مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە مافەکانی خۆیان بدەن. ئەو چالاکیە هەم لە توانای خەڵکی کوردستاندا هەیە و هەم دەکرێ تۆمار کرێ و لە مێدیاکانەوە بڵاو کرێتەوە و دەنگی کۆڵنەدەری و مافخوازی خەلکی کوردستان بە گوێی هەمو دنیا بگەیەنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabazi.org

**گۆرینی ئەو نامەیە لەو خاڵە ئەساسیانەدا بی گومان پشتیوانی جەماوەرێکی زۆرتر بۆ خۆی ڕادەکێشێ و پێش بەوەش دەگرێ کە سوننەتی نامۆ لەگەڵ کولتوری خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان بێتە نێو ئەو بزوتنەیەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەری چاک نیوز - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠٠٩**

## ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی دەستپێکردنی موقاوەمەتێکی سەربەرزانە بەرانبەر بە هێرشێکی جینایەتکارانە

٢٨ی گەلاوێژ سالڕۆژی دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەلکی کوردستانە. ٣٣ ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، کۆماری ئیسلامی لە کاتیکدا کە هێشتا پتر لە چەند مانگ لە تەمەنی دەسەلاتی تێپەڕ نەببوو، تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە لە رژیمی شاوە وەک میرات بۆی بەجێ مابوو و توانیبووی لەو ماوە کورتەدا وەگەڕیان بخات، لە پێناو سەرکوتی جەماوەرێک لە کوردستان بەکاریان بێنێت کە دەیانویست لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی خۆیان بەهرەمەند بن.کوردستان لە هەلومەرجێکدا کەوتەبەر شالاوی رژیمی ئیسلامی، کە دەورەیەکی چەند مانگەی رزگاری لە کۆت وبەندی دیکتاتۆری رژیمی پەهلەوییان تەجروبە دەکرد. حیزبە سیاسیەکان ئازادانە چالاکیان دەکرد، رێکخراوە مەدەنیەکان وردە وردە شکلیان دەگرت، لە هەندێک لە شارەکان شۆراکانی بەرهەمی خەباتی جەماوەری، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی خەلکیان بە دەستەوە گرتبوو، رێژەی جورم و جینایەت لە چاو تەواوی حەیاتی رابردووی ئەم کۆمەلگایە، بە لانیکەمی خۆی گەیشتبوو. فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پێشرەو رەگاژۆی کردبوو و وشیاری و شعووری سیاسی گشتی، بە ئاستێکی بالا گەیشتبو، ئیبتکار و خەلاقیەتی جەماوەری بۆ سارێژ کردنەوەی خەسارە کۆمەلایەتیەکان و ئەو زامانەی کە دەسەلاتی پەهلەوی لە سەر جەستەی کۆمەلگا بەجێی هێشتبوو، کەوتبۆە کار و هەستی ئینسان دۆستی و شور و شەوقی شۆڕشگێرانە سەرتاسەری کۆمەلگای داگرتبوو.

بەلام لە هەمانکاتدا،نیگەرانی لەو مەترسیانەی کە لە کوردستان و لە ئاستی سەراسەریدا هەستیان پێدەکرا، وردە وردە پەرەی دەسەند. رژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو، هەر لە یەکەم رۆژەکانی پاش راپەرینی ٢٢ی ڕێبەندان، هێمای دژێوی مەبەست و ئامانجی راستەقینەی خۆی بە جەماوەر نیشان دابوو. چەند مانگ پێشتری یەکەمین بەهاری ئازادی خەلکیان لە شاری سنە شەلالی خوێن کردبوو، پیلان گێری، هەرەشەو خەت و نیشان کێشانی بەردەوام، پشتگیری و بەهێز کردنی تاقم و گروپی کۆنەپەرەست و پشتیوانی لە پاشماوەکانی کۆنەپەرەستی دەرەبەگایەتی، نائەمن کردنی فەزای شارەکان لە رێگای جێگیر کردن و دامەزراندنی بنکەی چەکداری سەر بە رژیم، تەواوی ئەمانە زایەلی شوومی ئەو مەترسیانەی کە لە رێدا بوون، بە گوێی خەلکی کوردستان دا چرپاندبوو. لەو

رۆژانەدا کۆمەڵە سەرەرای تەواوی ئەم کارشکێنی و کەندو کۆسپانەی کە ناوخۆی کوردوستاندا دەیان خستە سەر رێگای، هەوڵی دەدا خەڵک لەو ئەو مەترسیانەی کە لەرێدا بوون ئاگادار بکات جەماوەری خەلک بۆ موقاوەمەت و بۆ خۆراگری بەرانبەر بە هێرشێک کە لە رێ دابوو ئامادە بکات.

بە هەر رادەیەک کە رژیمی ئیسلامی جێگا پێی خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران پتەوتر دەکرد، مەترسی هێرش بۆ سەر کوردستان زیادی دەکرد و هاوکات سێبەری رەشی ئیستبداد و کۆنەپەرەستی بەرە بەرە هەموو ئیرانی دادەپۆشی. ئەم مەترسیە لە چەند مانگ پێش رووخانی رژیمی شاە هەر لەو کاتەوە کە دورشمی "حیزب تەنیا حیزب اللە، رێبەر تەنیا روح اللە"،بوو بە وێردی سەر زمان، هەستی پێدەکرا و دەنگی پێی ئیستبدادێکی مەزهەبی هەر لەو کاتەوە دەبیسترا.

هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی رژیم بۆ سەر کوردستان رووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە پلانەکانی خومەینی و هاوبیرانی بە مەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران و ناچار کردنی جەماوەری راپەریو بۆ مل کەچ کردن لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی دا. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ماشێنی تازەی سەرکوت بە خێرایی کەوتەوە کار و نە تەنیا هێزە سیاسیەکان، بەڵکوو تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کرانە ئامانج. بە پێشوازی کردن لە شەری ئێران و عێراق، نە تەنیا کەش و هەوای کۆمەڵگای ئێرانیان میلیتاریزە کرد و شورا کرێکاریەکانیان داخست، بەڵکوو زۆربەی کارخانەکانیان لەکار خست و کرێکارەکانیان رەوانەی بەرەکانی شەر کرد، نە تەنیا دەفتەری گروپە سیاسیەکانیان لە زانکۆکان کۆکردەوە، بەڵکوو تەواوی زانکۆکانیان داخست، کرێکارانی نارازی و بێکاریان لە بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان و تاران دایە بەر دەست رێژی گوللە، هێرشیان کردە سەر خوزستان و تورکەمەن سەحرا، سوکایەتیان بە ژنان کرد و لەژێر چارشێوی رەش دا، یەخسیر کران و خزاندیانە گۆشەی ماڵەکانیانەوە. هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژ بەشێک بوو لە پلانێکی سەراسەری بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سەرکوتی ئەو جەماوەرەی کە بۆ رزگار بوون لە دەست سەرەرۆیی پەهلەوی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان راپەڕیبوون.

جەوهەری راستەقینەی حکومەتی مەزهەبی، زەوت کردنی ئیرادەیە لە ئینسان. لەم رووەوە ئەم رژیمە هەر لەبنەڕەتدا لە گەڵ ئازادی ئینسان بێگانەیە. خومەینی بە پشت بەستن بە تەقیە( یان رەوا بوونی درۆ لە مەزهەبی شیعە) دا، پێویستی بە دەرفەتێک بوو هەتا پایەکانی نیزامە ئیسلامیەکەی خۆی جێگیر بکات. بەڵام

وجودی کەش و هەوای ئازاد دەرفەتێکی ئەوتۆی پێنەدەدا، تا ئەو کاتەی کە سروەی نەسیمی ئازادی لە هەر شوێنێکی ئێران هەستی پێدەکرا، ئەو بە ئاسودەیی خەوی لێندەکەوت. لە روانگەی ئەوەوە ئازادی وەک ژەهرێک وابوو کە دەرژایە جەستەی رژێمی ئیسلامیەوە. ئەو تەنیا بۆ چارەسەری شەری نێوان دەست و پێوەندەکانی خۆی و جێنشیەکانی پێی دەگوتن کە:"پێوەر دەنگی خەلکە." خۆراگرییەکی پرژوبلاو و ناهاوئاهەنگ لە بەرانبەر هێرشی کۆنەپەرستیدا لە هەموو شوێنێکی ئێران شکلی گرت و رژیم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک لە ئاستی سەراسەریدا بە ئاسانی داگیر بکات. بەلام ئەم خۆراگریە لە کوردستان وەها جانانە بوو کە سەری کۆماری ئیسلامی تێیدا لەبەرد درا. ئەم خۆراگریە، دەنگی شۆرشی ئێران بوو کە لە کوردستانەوە دەبیسترا و بە گوێی خەلکی هەمو ئێران و جیهان دەگەیشت .ئەو خۆراگرییە لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگ دا خومەینی کێشایە پشت مێزی وتوێژ، تا ئەم جارەیان بە فێل و فریوکاری دەرفەتێکی گونجاو بەدەست بێنێت و بلێسەی ئاگری ئەم بزوتنەوەیە دامرکێنێتەوە. ئەم وتوێژە هەروەکوو چاوەروان دەکرا بە هۆی نەسەلماندنی هیچ بەشێک لە مافە سەرتاییەکانی خەلکی کوردوستان لە لایەن رژیمەوە، بە ئاکامێک نەگەیشت،کاتێک چەند مانگ دواتر رژیم هەستی بە ئامادەبوون کرد سەرلەنوێ هێرشی نیزامی خۆی دەست پێکردەوە. لە ماوەی ئەم ٣٢ ساڵە دا رێگایەکی سەخت و دژوار تێپەر کرا، بەلام خەلکی کوردستان لەم تاقی کردنەوە مێژووییە دا سەربەرز هاتنە دەرێ. بزووتنەوەی عادلانە و ئازادیخوازانەی ئەم خەلکە، توشی گەلێک هەوراز و نشێو بوو، بەلام "زەوی لە ژێر پێی رژیم لە کوردستاندا هەمیشە داغ" بوو. شۆرش لە ئێران شکستی پێ هات، بەلام بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان لە شکل وشێوەی جۆراوجۆردا درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێ گومان ٣٣ ساڵی رابردوو، دەورانێکی سەخت و دژوار بووە بۆ خەلکی کوردستان، بەلام نە بەو رادەیە دژوار کە ئەگەر سەریان بۆ دەسەلاتی ئەو رژیمە دانەواندبایە توشی دەبوون. ئەمرۆ لە هەل و مەرجێک دا یادی ٣٢ ساڵەی دەستپێکی ئەم خۆراگریە پر شکۆیە رێز لێ دەگرین کە تەخت و بەختی دیکتاتورەکارەکان لە روژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئافریقا کەوتۆتە لەرزین و لەرزەی مەرگ نیشتۆتە دلی کۆماری ئیسلامیشەوە و ریزەکانی ئەو رژیمەی شپرزە کردووە.

ئەمرۆکە زۆریەک لەوانەی کە سەردەمێک فەرمانیان دەدا "تا شۆرشی کوردستان دانەمرکێنن، پۆتینەکانتان لە پێ دەر مەهێنن" و یان " چاوەروانی فەرمانی خومەینی بوون تا ببن بە موجاهید بۆ سەرکوتی خەلکی ئازادیخواز " و یان" بۆ سلامەتی ئیمام دوعایان دەکرد" و داوایان دەکرد کە "سپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکرێ"، زۆریەک لە سازماندەرانی سەرەتایی ناوەندەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی، سەران و دامەزرێنەرانی سپای پاسداران کە دەستیان بە خوێنی خەلکی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران سوورە، هەمووی ئەمانەی کە ئەوکات

شمشێری دوژمنیان دەمەزەرد دەکردەوە و نەمامی سەرەرۆیی مەزهەبییان ئاو دەدا، ئێستا و لەم دەورەیەدا خۆیان بوونەتە قوربانی ئەم رژیمە و خەڵکی کوردستانیش شانازی بە خەبات و خۆڕاگری ٣٣ ساڵی خۆیانەوە دەکەن. خەڵکی کوردستان کە ئاڵاهەڵگرانی خۆڕاگری لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی بوون، لە رۆژی مێژویی ٢٨ی گەلاوێژ دا کە هێمای هاوپشتی و خۆڕاگرییە،ریز لە یادی ئازیزانێک دەگرن کە لە رێگای ئازادی و لە دیفاع و لە کەرامەتی ئینسانی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەش، خەڵتانی خوێن بوون. رۆژی ریزگرتن لە یادی ئازیزانێکی بێ دیفاعە کە لە شوێنگەلێکی وەک قارنێ و قەلاتان بە کۆمەڵ کوژران. رۆژی ریزگرتن لەو ئینسانە کۆمۆنیستە شەریفانەیە کە لە گۆشە و کەناری ئێرانەوە بە هانای خەڵکی کوردستانەوە هاتن و لە دیفاع لەو خەڵکەدا کە لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ دوژمنێکی غەدار، گیانیان بەختکرد.

ئەمرۆ کرێکارانی کوردستان هەڵسوڕاوانە لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و دەوری پێشڕەو دەگێرن، ژنان شانازی بە خۆراگریەک دەکەن کە بەرانبەر بە کۆنەپەرەستی و دەسەڵات لە هەموو سەنگەرەکاندا کردویانە. ئەو دروشم و داخوازیانەی کە کۆمۆنیستەکان لەم کۆمەڵگایەدا هێنایانە گۆرێ، ئێستا جەماوەری بوونەتەوە و بوونەتە هێزێکی مادی و ئەمانە هەمووی بەرهەمی بەشداری هەڵسوڕاوانەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەراسەری بۆ روخاندنی رژیمی پاشایەتی و خۆڕاگرییەکە کە لە رۆژی ٢٨ی گەلاویژی ساڵی ١٣٥٨وە لە بەرانبەر هێرشی رژیمی ئیسلامیدا شکڵی گرت.

سەرچاوە: ماڵپەری پەیام سیاسی هەوالنێر - رێکەوتی ٢٩ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ هێمای هاوپشتیی نەتەوەیی گەلی کورد



### ئەنوەر ئەسەدزادە

بەدرێژایی مێژووی گەلی کورد، ئەم گەلە تووشی کۆمەڵێک کارەساتو نەهامەتیی بووە کە لەقۆناغە جیاوازەکانیدا لەلایەن ئەو کەسانەی بەجۆرێک بیرۆکەی داگیرکاریو دەستەمۆ کردنی گەلی کوردیان لەسەر دابووە هاتۆتە ئاراوە. برگەیەکی مێژووی گەلی کورد نابینیتەوە کە ئەم گەلە توشی چەوسانەوەو هەوڵ بۆ لەناوبردنو فەوتاندنی لەلایەن دوژمنانییەوە نەدرابێت. ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەم داگیرکاریو کارەساتانەی کە بەشێوەی ناوبەناو بەسەر ئەم گەلەو بزووتنەوەو جوڵانەوەکانیدا هاتووە لەلایەن کەسانی پێشڕەوو پێشەنگەوە مقاوەمەتێکی بەدواوە بووەو ئەم گەلە شانازی ئەوەی هەیە هیچ کات نەبووە سەری کزیو تەسلیم بوون دابنەوێنێت، بەڵام یەک لەو خۆڕاگریو حەماسانەی کە گەلی کورد دەتوانێ شانازیی پێوە بکات بەرەنگاری بوێرانەیان بووە لەدژی هێرشی هەمەلایەنەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویی لەلایەن هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. ئەم بەرەنگاریو خۆڕاگرییەوە بووە هۆی بنیات نانی هاوپشتییەکی بێوێنە لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەهەموو لایەنو بیرکردنەوە جیاوازەکانییەوە. خەڵکی کورد کە ئەو سەردەمیش بەهۆی مێژوویەکی پێشوتری بەرەنگاری توانی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە دەست بکات بەرێکخستنی خۆیو حەماسەیەکی لە بەرەنگاری لەخۆی نیشاندا کە بەحەق دەکرێ ئێستاکە وەک هێمای بەرخۆدانو بەرەنگاری لەدژی داگیرکاری ناوی لێ ببرێت.

ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێت کە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە باس لەوە دەکرێ کە ئەم رۆژە وەک رۆژێکی مێژوویی لە ژێر ناوی رۆژی بەرەنگاریو هاوپشتی گەلی کورد لەدژی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی ناودێر بکرێ. بەحەق هەڵوێستێکی لەو جۆرە جێگەی بایەخەو دەبێت هەمووان هەوڵی خۆیان بۆ گشتگیرکردنی ئەم بیرۆکەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بدەنو چەسپاندنی رۆژێکی وا بۆ گەلی کورد دەبێتە قورساییەکی بەهێزو لەلایەکی دیکەشەوە خستنەڕووی جینایەتێکی دیکەی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامیش بۆ بیروڕای گشتی دەخاتەڕوو.

کۆماری ئیسلامی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران هاتەسەرکار بۆ ئەوەی بە جۆرێک شۆڕشەکە بارگاوی بکات بە بیری وشکی ئیسلامییو ئەم شۆڕشە بەرەو فەوتانو لەپێناو مسۆگەر کردنی نیزامێکی دواکەوتووی ئیسلامی ببات، دەستی دایە مراندنی ئەو هیواو ئۆمیدانەی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پێش شۆڕش بۆخۆیانیان وێناکردبوو. دیارە رووی هێرشو داپڵۆسینی رژێمو تاقمە جیاوازەکانی زۆربەی گەلانی ئێرانی گرتەوە، بەڵام ئەو گەلەی کە ئەساسەن دژی ئەم رژێمەو دژی ئەو فیکرو بۆچۆوونەی کە بەنیاز بوو لەئاستی ئێراندا بەکردەوەی دەربهێنێ گەلی کورد بوو لەئێران. گەلی کورد بەحوکمی ئەوەی خاوەن ئەزمونێکی پێشتووتری خەباتو بەرەنگاری بووە لەدژی داگیرکەرانی کوردستانو لەهەمانکاتدا خاوەن بزووتنەوەیەکی بەهێزی پێشکەوتنخوازانە بوو، دەست بەجێ بەنیازە پاونخوازایەکەی رژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی زانی.

بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد پاش تێکەوەپێچانی نیزامی پاشایەتی لەکوردستان، دەستی دابووە پێکهێنانی کۆمەڵێک رێکخراوەو نیهادی مەدەنی خەڵکییو کوردستان بەتەواوی بەشێوەیەکی دێمۆکراسیانە لەو ماوەیەدا بەرێوە دەچوو. ئەمەش لەلایەکەوە ببوە هۆی ترسی دەسەڵاتدارانی دەمارگرژی ویلایەتی فەقیە کە چاوی دیتنی ناوچەیەکی دێمۆکراتوئازادیان نەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە وەری خەباتکارانەی بزووتنەوەی رەوای گەلی کوردو بەگشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردی بۆ ئامادەیی هەر رووداو هێرشێک بردبووە سەرەوە. لەو سەردەمانەداو پاش ئەو ماوە کەمە لەدەسەڵاتی رژێمی ئایینیو پاش دەست بەجێ ناساندنی ناوەرۆکی نادێمۆکراتیکی ئەم رژێمە، بزووتنەوەی کورد بە هیچ جۆرێک حازر نەبوو بچێتە ژێر رکێفی سیاسەتە دواکەوتووەکانی حاکمانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی باسی هات و سەرباری ئەوەی گەلی کوردو بزووتنەوەکەی بۆ بەرگرتن بە هەر جۆرە توندوتیژییەک خوازیاری ئەوە بوو بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی شیاوو شارستانیانە رێگەی دیالۆگو دانیشتنی پێشنیار کرد، بەڵام حاکمانی دژە کوردو دژە دێمۆکراسی دژی ئەم هەوڵانە وەستانەوە. هەر وەک پێشووتر چاوەڕوان دەکرا دژی دیالۆگو وەستانەوەو بەرە بەرە لێدوانی مەلاکانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆنی خوێنو شەڕی لێدەهات. کاربەدەستانی باڵای ئەم رژێمە کەوتنە دارشتنی پرۆسەیەک بۆ بێدەنگ کردنو لەناوبردنی جەماوەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بەرینی کورستانو حیزبە سیاسییەکانی. ئەم هەوڵانەی رژیم لەئەنجام دا لە هێرشێکی بەرینی نیزامیدا لەرێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵی ٥٨ دا خۆی دەرخست. ئەم هێرشە لەزەمەنێکی دیاریکراوداو بە فەرمانی راستەوخۆی خۆمەینی کە تێیدا بە راشکاوانە بڕیار بە هەر سێ هێزی نیزامی ئێران درا تاکوو بەهەموو تواناییانەوە بزووتنەوەی کوردستانو سەرجەم بەڕێوەبەرانی ئەم بزاڤە سیاسی - کۆمەڵایەتییە نوقمی خوێنوفەوتان بکەن.

لایەنێکی دیکە ئەو راستییە بووە کە ئەم رژیمە لەتەواو هێزی راگەیاندنی خۆی کەڵکی وەردەگرت تاکوو سیمای دێمۆکراتیکی بزووتنەوەی گەلی کورد خەوشدار بکات. بەو چەشنە بەهێندیک پڕوپاگەندەی درۆ و فریودەرانە لەهەوڵی ئەوەدا بوو نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد بە گژ خەڵکی کوردا بکات. بۆ نموونە لەو پەڕی رووهەڵماڵاوییەوە باسی گرتنی چەندین ژنی موسڵمان دەکەن کە لە مزگەوتی جامیعەی شاری سنە بە دەستی هێزە کوردیەکانەوە گیراونو بەمەش هەستی ئایینی گەلانی ئێرانی خەوشدار دەکرد.

بەم چەشنە عەقڵییەتی هێرش دەستپێدەکاتو کوشتنوگوێنەدان بەقسەی بیرجیاوازان، جێگەی دیالۆگوزمانی لێکتێگەیشتن دەگرێتەوە، رژیمی بونیادگەرا بە بیری کۆنەپەرەستانە دەستی دایە قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان. دەستیدایە وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، دێهاتوشارۆچکەکان، وێرانکردنی باغوبێستانو کێڵگەکانو لەناوبردنی سەرچاوەکانی ژیان. لەو سەردەمەدا، لەچەشنی فەرماندەکانی سەر بە ئوردووگای نازیسم رژیم خەڵخاڵی رەوانەی کوردستان کردو ئەویش بە بێ لێپرسینەوە و راستەوخۆ و بە پێی بڕیارە دەرهاوردە دوگمەکانی، دەستی دایە بەدیلگرتنو راگواستنو لەئاکامدا کۆمەڵێک لە تێکۆشەرترین رۆڵەکانو ئەو کەسانەی دەنگی ئازادیخوازیو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی عەداڵەتخوازانەیان سەردابوو خستە ژێر پەتی سێدارەو ئیعدام کران.

ئەوەی ئێستاکە وەک سومبولی دیکتاتۆرییەتو شەڕەنگێزی بۆ سەرجەم بیروڕای گشتیو تەنانەت بۆ کەسانەی کە ئەوکات لەوەهەمدا بەسەریان دەبردو فریوی بەڵێنەکانی خومەینیان خواردبوو، کۆماری ئیسلامیو دەسەڵاتدارانییەتی. لەلایەکی دیکەوە سەمبولی خۆڕاگریو راوەستانو بەردەوام بوون بەدژی ئەو هێرشە بەرینو دوژمنکارانە و بزووتنەوەی بەرحەقو رەوای گەلی کوردە. خۆڕاگری خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لەبەرابەر ئەو هێرشەدا دەبێت وەک بیرەوەرییو لەهەمانکاتدا وەک هێمایەکی هەمیشەیی لە بیرو مێشکی لاوانی کۆمەڵگای کوردی بمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاستافی - رێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرەنگاری و هاوپشتی نەتەوەیی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی

## فواد کوردپوور

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ئەو ڕۆژە بوو کە بە بڕیاری خومەینی وەک ڕێبەری دەسەڵاتی تازە وەسەرکارهاتووی کۆماری ئیسلامی، فەرمانی هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان ڕاگەیاندرا. سی ساڵ پێش ئێستا و لە کاتێکدا شۆڕشی گەلانی تینوی ئازادی و ڕزگاری لە ئێران کەوتە ژێر تەوژمی کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی سیاسی شیعەو بە لاڕێدا چوو، هێرشی بێ بەزەییانەی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی خومەینی، هێرشێک بوو بۆ سەر هەموو دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و ئاوات و ئارەزووە پەنگخواردووەکانی مێلیۆنها خەڵک لە کوردستان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکراتێک. بزووتنەوەیەک کە لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خۆیدا، بە تێپەڕاندنی گەلێک قۆناغی سەخت و خویناوی، نرخێکی گەورەو قوربانییەکی زۆری بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری دانابوو.

گەلی کورد و بزووتنەوەکەی بە بێ هیچ تاوانێک جگە لە دیفاع لە سەنگەری ئازادیخوازی وێڕای هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکانی، بە بڕوبیانوی بێ ناوەڕۆک، کەوتنە بەر پەلاماری بێ پاساوی پاسداران. ئەوکاتەی کوردستان پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی تازەی کۆماری ئیسلامی وەک تاکە سەنگەری دیفاع لە ئازادی مابۆوە و لە خەمڵینی دێمۆکراتێکی خۆیدا بوو، چی دی بۆ کۆنەپەرەستان و پاسدارانی خومەینی تەحەمول نەکرا و بڕیاری قەتڵی عام و میلیتاریزە کردنی کوردستان، بۆ سڕینەوەی ئەم ئەزمونەو پاشەکشە و شکاندنی بزوتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد دەستی پێکرد.

هەرگیز نە هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و ڕەسەنەکان، نە ژنان و خوێندکاران و کرێکاران و مامۆستایان و سەرجەم خەڵکی کوردستان، خوازیاری شەڕ وماڵوێرانی وڵات و خاکەکەیان نەبوون و نین. ئەزموونی ڕێکخراوە جەماوەری و دێمۆکراتیکەکانی پاش ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و مانگەکانی ئەوەڵی دوای ڕاپەڕین لە شارو ناوچە

جۆراوجۆرەکانی کوردستان، سەلمێنەری ئەم راستییە مێژووییانەن. خواستە رەواکانی گەلی کورد بو سەلماندنی مافی سیاسی و نەتەوەییان، بۆ دامەزراندنی عەدالەتی کۆمەلایەتی و دیموکراتیزە کردنی ولاتەکەیان و هەروەها خەباتی بێ پسانەوە لەم رێبازەدا، تەنیا هەلوێست و کردەوەیەک بوو کە لە سەدان هەزار ئینسان لە کوردستان بە ئاشکرا دەبیندرا و تا ئێستاش رەوابوونی بەردەوامە.

هێرشی بێ بەزەییانەی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ سەر کوردستان، هێرش بوو بۆ سەر هەموو ئەو دەسکەوتانەو پێشێلکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد. زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدامی بە کۆمەل و بێڕەحمانە بە درێژایی سی سالی رابردوو لە لایەن دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە، تەنیا رێگەی سەپاندنی دەسەلاتی رژیم و سەرکوتی خەباتی گەلی کورد و رووبەرو بوونەوە لەگەل ئاشتیخوازی خەلکی کورد بووە. هەزاران هەزار خەباتکاری رێگەی رزگاری و رۆلەکانی خەلکی کوردستان، لە مەیدانە جیاوازەکاندا بوونەتە قوربانی ئەم داگیرکارییەی رژیمی ئیسلامی ئێران. خالی مێژوویی و جێی سەرنجی ئەم بەشە لە مێژووی گەلی کورد، وەستانەوەو بەرەنگارییەکی هەمەلایەنەو جەماوەری و چەکدارنە بوو بە دژی ئەم هێرشە. خەلکی کوردستان سنگی خۆیان و رۆلەکانیان کرد بە قەلغانی گوللەو هەرگیز سەریان بۆ کۆنەپەرەستی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی دانەنەواندو بە پشتیوانی و رێبەری حیزبە تێکۆشەرەکانی کوردستان لە بڕیارێکی نەتەوەیی و مێژووییدا، گەورەترین شانۆی خەبات و بەرەنگاریان لە بەرانبەر ئەم هێرشەی پاسدارانی رژیم ساز کرد.

ئێستاو پاش تێپەر بوونی سی سال بە سەر سالیادی ئەم رۆژە مێژووییەدا، جێگەی خۆیەتی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە ناساندن و رێزگرتن لەم رۆژە وەک رۆژی بەرەنگاری و هاوپشتی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەلات، هەم بزوینەری حافیزەی مێژوویی گەلی کورد بن بۆ یادەوەری بەرەی نوێی خەباتکاران و هەم سەنگەری خەبات و بەرخۆدانی کۆلنەدەرانەی خەلکی کوردستان بەرەو یەکریزی و یەکگرتوویەکی بەهێز رێبەری بکەن. رێزگرتن لە خوێنی شەهیدانی کوردستان و گرێدانەوەی بە خوێنی ئەو لاوە ئازادیخوازانەی کە بە ناحەق هەر ئێستا و رۆژانە دەرژێتە سەر شەقامەکانی تاران و شارە گەورەکان، پێویستە هەمەلایەنەتر بۆ سەلماندنی هاوخەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان لەگەل بزوتنەوەی ئازادیخوانەی سەراسەری، لە سیهەمین سالوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژ بێتە ئاراوە. خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە سالوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژدا پێویستە بە هێز و وزەیەکی تازەوە بەرەورووی دیکتاتۆری سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ببێتەوەو خۆی بۆ بەشداری و پشتیوانی خەباتی هەمەلایەنەو سەراسەری کە ئێستا لە شارە گەورەکان لە ئارادایە ئامادەتر بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**بەم بۆنەوە پێویستە خەڵکی کوردستان لەم رۆژەدا دەنگی کپ کراوی خۆیان بە دژی سیاسەتی شەڕ و کوشتاری نیزامی دەسەلاتدارانی ئێران روو بە کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنن. بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی و وشیاری سیاسی بە خەباتی یەکگرتووانە، دەتوانی هەوێنی یەکگرتوویی زیاتری ریزەکانی گەلی کورد لە قۆناغەکانی داهاتووی خەبات بۆ گەیشتن بە رزگاری یەکجاری مسۆگەر بکات**

**سەرچاوە: ماڵپەری ئاستافی - رێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**

## ٢٨ی گەلاوێژ، دەرسەکان و ئەزموونەکان

### کاوە فەتاحی

٣٠ ساڵ لەمەوە بەر و ڕێک لە دوای ماوەیەکی کورت لە دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی، ڕێبەری ئەو سەردەمەی کۆماری ئیسلامی، هێرشێکی هەمەلایەنە کرایە سەر کوردستان، کە لەو کاتەدا بەهێزترین سەنگەری ئازادیخوازی لە ئێراندا ئەژمار دەکرا. ئەو سەردەمە، لە کوردستان، خەڵک بە پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی وبە ڕێنوێنی ڕابەرانێکی ژیر و لێهاتوو تەمرینی دیموکراسییان دەکرد.

بە پێچەوانەی شوێنەکانی تری ئێران، کە کۆماری ئیسلامی توانیبووی شۆڕشی خەڵک بە قازانجی خۆی کۆنترۆڵ بکات، لە کوردستان خەڵک بە هیچ شێوەیەک فریویان نەخوارد و ڕژیم نەیتوانی لە باوەڕە ئایینیەکانی خەڵک بۆ فریودانیان کەڵک وەربگری. لە کوردستان خواستەکان جیاواز بوون و هەر ئەمەش وایکردبوو خەڵکی کوردستان لە سەرەتاوە بۆیان دەرکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وڵامدەرەوەی خواست و داواکارییە ڕەواکانیان بێت.

ڕژیم هێرشی کرد، بەڵام لە بەرامبەر ئەم هێرشەدا خەڵکی کوردستان نیشانیاندا کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی هەرگیز لە بەرامبەر هیچ دوژمنێکدا بێدەنگ نابێ و سەردانەوێنێ. تا ئەمڕۆکە و پاش ٣٠ ساڵ خەڵکی کوردستان خەریکی درێژە دان بەم مقاومەت و خۆراگرییەیە و هەرگیز، سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و گرتن و زیندان و ئەشکەنجە کردنە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بوونیان هەبووە، هەنگاوێک لە خواستە ڕەواکانی پاشەکشەی نەکردووە.

لە ڕاستیدا جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەکاتی هێرش بۆسەر کوردستان لەوسەردەمەدا دەنگدانەوەیەکی شیاوی نەبوو، میدیایەک کە پوششی شیاوی ڕووداوەکە بدات نەبوو. ئەگەر ئێستا چکۆلەترین حەرکەتێکی ئیعترازی لە ماوەیەکی کورت و لە ڕێگای ئامرازی پێشکەوتوی پێوەندی گرتن دەگاتە بەر دەستی ڕای گشتی نە تەنیا ئێران بەڵکو ڕای گشتی دونیاش، ئەو کات خەڵکی کوردستان هیچ ئیمکانێکی وای بۆ فەراهەم نەبوو. ئەوە لە حاڵێکدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بوو کە هێزی داگیرکەر لە ڕێگای میدیاکانیەوە دەیویست بە جۆرێکی تر رووخساری مەسەلەکە باس بکات و بەردەوام خەریکی چەواشەکاری بوو.

بەڵام ئەوەی جێگا تێرامانە و ئێستاکەش وەک خاڵێکی پۆزەتیڤ لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا ئەژمار دەکرێ ئەو یەکریزیەی خەڵکی کوردستان بوو کە لە کۆتاییشدا خۆڕاگری و بەرخۆدانێکی گەورە و قابیلی ستایشی لێ کەوتەوە. بە گەڕانەوەیەک بۆ مێژووی خەباتی کوردستان، دەبینین کە نەبوونی یەکریزی، زۆر جاران خەساری گەورەی لێکەوتۆتەوە و شکستی بە شوێن دا هاتووە. ئەگەر یەکریزی لە پاڵ بوونی زمان و خاک بە سێ فاکتەری پێناسەی نەتەوەیەک ئەژمار بکرێ ئەوە ٢٨ی گەلاوێژ دەتوانین بەرۆژێک دابنێین کە خەڵکی کوردستان تێیدا جێگایەکیان بۆ رەخنە گرتن لە نەبوونی تەبایی و یەکریزی نەهێشتوە و بە خۆراگری و دیفاع لە خواستەکانیان مێژوویەکیان بۆخۆیان تۆمار کرد کە تا ئەمرۆکەش لە ئاسمانی خەباتی رزگاریخوازانە ئەم گەلەدا دەدرەوشێتەوە.
28ی گەلاوێژ، کۆمەڵیک دەرس و ئەزموونی گەوەرەی هەیە کە نابێت فەرامۆش بکرێن. لەوانە گرینگی حیزبی پێشەنگ و بێ ڕاڕا و دەورێک کە دەتوانێ ئەو حیزبە لە قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی خەباتکارانەی نەتەویەک، گەلێک و چینێک بیگێڕێ. کۆمەڵە ئەو حیزبە پێشەنگە بوو کە سەڕەڕای گەنجی و تەمەنی کورتی چالاکی و ئەزموونی خەباتی ئاشکرا، توانی بە یارمەتی و لە بەر تیشکی تێگەیشتنێکی قوڵ و راستەقینە لە زەرفییەتەکانی خەڵکی کورد لە لایەک و لەلایەکیتر رادەی کۆنەپەرست بوون و دژە گەڵ بوونی دەسەڵاتێکی ئائینی وەک دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، بکەوێتە ریزی پێشەوەی خەڵکی کورد و ئالای خۆڕاگری و بەرپا کردنی بزووتنەوەیەکی شکۆدار هەڵدا. ئەوەی ئێستا و لە چەند ساڵی رابردوودا حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و کەسایەتییە سیاسیو رووناکبیرەکان کردوویانە، بۆ یاد کردنەوە لەم رۆژە، جێگای دەستخۆشییە و بێ گومان هەوڵی زیاتریش پێویستە. لەم سەردەمەدا خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ئەو نەسلەی ئەو رۆژانەیان لە یادە دەبێ هەوڵ بدەن یادگارییەکانی رۆژانی بەرەنگاری، بگوازنەوە بۆ نەسلی نوێ و سەرەڕای یاد کردنەوەی خۆڕاگری و فیداکاری ئەو سەردەمەی خەڵکی کوردستان، هەوڵ بدرێ دەرس لە ئەزموونەکانی وەربگیردرێت

**سەرچاوە: ماڵپەری ئاسۆی کوردستان - رێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# ٢٨ی گەلاوێژ، مێژووی دروستکردەوە

## باران سەلیمی

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە رۆژ، پڕە لە رووداو و پڕە لە تۆمارکردنی رووداو. رۆژەکان دەتوانن دووبارەبوونەوەی هەمان رۆژەکانی پێشووتر بن، رووداوەکانیش دەتوانن دووبارەبوونەوەی رووداوە ئاساییەکان بن‌و کەچی هەموو رووداوەکان تۆمار ناکرێن. هەموو رۆژەکان لەیەک ناچن، رووداوەکانیش لەیەک ناچن‌و هەر رووداوێکی رۆژانەش تۆمارناکرێت. رووداوێک تۆماردەکرێت کە ئاسایی نەبێت، لەبیرنەچێتەوەو مێژوو دروستبکاتەوە. رووداوێک تۆماردەکرێت کە سنگ بەسنگ بگوازرێتەوە، رۆژەکانی دواتر دروست بکاتو وەک هەوێنی بەردەوامبوونی ژیان دەوربنوێنێت. ئەم رووداوانە مێژوون، بەشێکی زۆری ئەو مێژوویەش کێشمەکێش‌وململانێی بەردەوام لە نێوان چەوساوەو چەوسێنەرە، هێرش‌و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دوو واتایەیەو ئەو تیوەرەیە کە هەموو ژیان خەباتەو خەباتیش بڕینی رێگەی دژوار بۆ ئاسوودەبوون‌و بەختەوەربوونی مرۆڤە. ئەم رۆژانە دەتوانێ ١٨ی مارسی ١٨٧١ی پاریس بێت، دەتوانێ ژیان‌و خەباتی رێبەرێکی وەک فوئادی مستەفاسوڵتانی بێت، دەتوانێ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بێتو سەرەنجام دەتوانێ ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ی کوردستان بێت.

٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ دەیتوانی وەک هەموو رۆژەکانی دیکەی ساڵ، رۆژێکی ئاسایی بێت، دەیتوانی پڕبێت لە رووداوی ئاسایی‌و دەیتوانێ وەک زۆربەی رۆژەکانی دیکە لەبیربکرێتەوە. دەیتوانی لە رۆژەکانی دیکە بچێت، تۆمارنەکرێتو نەبێتە مێژوو. کەچی ئەم رۆژە خۆی لە رۆژەکانی دیکە جیاکردەوە، رۆژە ناتەواوەکانی پێش خۆشی پڕکردەوەو تەنانەت بناخەی رۆژەکانی دواترو رووداوەکانی دواتریشی تۆمار کردەوە. ئەم رۆژە بوو بە گۆڕەپانی کێشمەکێش‌و ململانێی، بوو بە خاڵی لێکدادانی دوو واتاو بوو بە مێژوو. ٣٠ ساڵ بەسەر ئەم رۆژەدا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا ئێوارە بەسەر ئەو رۆژەدا نەهاتووە، هێشتا پرۆسەی لێکدادانی ئەو دوو واتایە کۆتایی پێنەهاتووەو هێشتا ئەم رۆژانەمان بۆ بەرۆژ دەکاتەوە.

ئەم رۆژە چ رۆژێک، ئەم رووداوە چ رووداوێک و ئەم مێژووە چۆن نووسراوەتەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

نارەزایەتی، ڕاپەڕینو شۆرش لە زۆر شوێنی جیهان کراوە، هەموو ئەم ڕاپەڕینو ئاخێزانە خاوەنی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشن، بارودۆخی کۆمەڵگاکانی دوای ڕاپەڕینو شۆرشیش خاڵی هاوبەشیان هەیە. زۆربەمان ڕاپەڕینەکەی ١٨٧١ی پاریسمان لە مێژوودا خوێندۆتەوە، جێگۆڕگێمان لەگەڵ کۆمۆناردە لاوەکانی شاری پاریس کردووەو ئافەرینمان بۆ ورەو جەسارەتی ئەو شۆڕشگێڕانە ناردووە. بەڵام ئێغراق نییە کە کەشو هەوای ئەو سەردەمەی کوردستان بە پاریس بشوبهێنین. لە کوردستانیش بیرەوەری لەم چەشنە زۆرن، جموجۆڵی لەو شێوە زۆرنو خاڵی هاوبەش زۆرن. گۆڕەپانی ئەو سەردەمەی کوردستان، گۆڕەپانی دارەدارەکردنو ئەزموونکردنی سەرەتاکانی دیموکراسی بوو، هەوڵ بۆ ئامادەکردنی بەستێنی کۆمەڵگای مەدەنی بوو، خەمڵاندنی ئاواتو هیوا بۆ ژیانێکی باشتر بوو. لەو سەردەمەدا، مەیدان مەیدانی بردنەسەرەوەی خۆوشیاری سیاسی کۆمەڵگا بوو، مەیدانی ئامادەکردنی کۆمەڵگا بۆ دەسەڵاتێکی خەڵکیو دێمۆکراتیک بوو، مەیدانی تئۆریزەکردنی چەمکو واتاگەلێکی وەک چینە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانو بەرژەوەندییە جیاوازو هاوبەشەکان بوو، مەیدانی باسکردن لە تەتبیقکردنی بەها دێمۆکراتیکەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کوردستان بوو.

ئەو سەردەمە لە زۆربەی شوێنەکانیتری ئێران باس لە کۆتایی شۆڕش دەکرا، باس لە تەواوبوونی پرۆژەی ڕاپەڕینی خەڵک دەکرا. کەچی لە کوردستان هێشتا سەرەتا بوو، هێشتا شۆڕش بەردەوام بووو باس لە ماندووبوونی زیاتر بۆ گەیشتن بە دەسکەوتی باشتر دەکرا. باس لە چییەتی ڕاپەڕینی خەڵکو باس لە گۆڕانکاری ریشەیی دەکرا، باس لە پێداویستی گەرەنتی کردنی مافەکانی خەڵکو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەکراو باس لە زەروورەتی درێژەی ئەو شۆڕشە تا گەیشتن بە شوێنی راستەقینەی خۆی دەکرا.

بەپێچەوانە، لە شوێنەکانیتر شۆڕشگێڕانی راستەقینەو رووناکبیرانی شۆرشگێڕ تەنیا مانەوە، سێکتاریزم، بەرچاوتەنگی و خیانەت بووە پێناسەی بەشێک لە پارتە سیاسییە ناسراوەکان. پۆپۆلیزمی ئیسلامی سیاسی بردبوویەوەو باس لە تاقانەبوونو دژایەتیکردن لەگەڵ هەموو هێماکانی دونیای شارستانی دەکرا. لە بەستێنی ناوشیاری ئەو کاتی کۆمەڵگای ئێرانو لە نەبوونی بەدیلی بەهێزی سیاسی، هەموو ماندووبوونەکان بۆ گەیشتن بەو خواستانەی کە شەڕی بۆکرابوو، کە ئارەقەی بۆ رژابووو کە خوێنی بۆ درابوو، لە لایەن دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو مۆنۆپۆل کرا. دژە شۆڕش خەریکی چەکەرەکردنو پەلوپۆ هاویشتن بوو، خواهر زێنەبەکانی داهاتوو هاوشان لە گەڵ برا ریشدارە کۆنەپەرستەکانیان تێزابو ئەسیدیان بەسەروچاوی ژناندا دەپرژاندو بەگشتی کۆمەڵگا بەرەو دیکتاتۆرییەتێکی رەهاو داخراو پەلکێش دەکرا.

ڕێبەرانی تازەبەدەسەڵات گەیشتوو، دەیانویست ڕەگەو سەرچاوەی ئەو تۆزە ئازادییەی کە لە شوێنەکانیتری ئێرانیش هەبوو، کۆیربکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە کوردستان دەروازە بوو، لەبەرئەوەی کە کوردستان مایەی دڵگەرمی بوو، لەبەرئەوەی کوردستان هەرێمی مەترسی بۆ دوارۆژی دەسەڵات بوو. دەیانویست قەڵای پشتیوانیکەرو ڕێنوێنیکەرو ئیلهامبەخش تێکبشکێنن. دەیانویست هەموو ئاسەوارو دەسکەوتە دێمۆکراتیکەکان بستێننەوەو بەگشتی دەنگی ئازادیخوازی لە قازانجو بەرژەوەندی دروستبوونی توێژێکی نوێی ئەریستۆکرات، بێدەنگ بکەن. لەوەها حاڵەتێکدا، کوردستان تەحەموول نەکرا، هەربۆیە هەموو هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی گەلی کورد بەهەندوەرنەگیراو فەرمانی جیهاد لە دژی گەلی کورد پەسندکرا. فەرمانی هێرشێک کە پێش لە پەسندکردنی، لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەوە چاوەڕوان دەکرا و لەو بارەوە وشیاری بە خەڵک دەدرا.

بەمەبەستی هێرش، ژووری عەمەلیات سازکرا، سەرمایەی مادیو مرۆیی تەرخان کرا، باس لە نەکردنەوەی بەندی پۆتینەکان تا سەرکوتی یەکجارەکی کوردستان کرا، چەواشەکاری کرا، کایە بە عەقڵی جەماوەری ئێران کرا، جۆشدانو بەسیجی جەماوەری لەژێر ناوی بەرگریکردن لە ئایین و لە ئیسلام سازدراو سەرەنجام هێرش کرا. لەدەرکردنی فەرمانەکەدا هێندە پەلەکرا کە تەنانەت هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان لەبیرکراو ئەم فەرمانە بۆ هێزی دەریاییش بەڕێکرا. پەلەکرا لەبەرئەوەی کە پێیانوابوو دەبێ لە کاری خێردا پەلە بکرێت، ئەم کارەش بۆ ئەوان خێر بوو، لەبەر ئەوەی کە داهاتووی ئەوانو سەرجەمی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دەخستە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی کە بوونی هەرێمێکی ئازادو دێموکراتو کراوەو ئەوەیش لە پاڵ دەستی ئەوان دوارۆژی ئەوانو چییەتی ئەوانی دەخستە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی کە پەتای ئازادیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو زۆربەهای دیکەی ئینسانی لە کوردستانەوە هەناردە دەکراو سەرجەمی ئێرانی دەگرتەوە.

لەبەستێنی بارۆدۆخی سیاسی تایبەت، ناوشیاری ئەو کاتی کۆمەڵگای ئێران، نەبوونی حیزبی سیاسی وشیار لە ئاستی سەراسەری کە ئەویش خۆی بەرهەمی دیکتاتۆرییەتی درێژماوەی پاشایەتی بوو و بەکەڵکوەرگرتنی ئەبزاری لە مەزهەب و حازروئامادەبوونی دامودەزگای ڕووحانییەتی شیعە بە مزگەوت و حوجرە و حوسەینییەکانییەوە، هێزێکی زەبەلاح بۆ سەرکوتو بۆ داگیرکردنی کوردستان بەڕێکراو شوێنکەوتنی مەبەستەکان نیشانەکرا. هێرش کراو کەچی قەت مەبەستەکان نەپێکرا، نەک لەبەرئەوەی کە هێزەکە گەورە نەبوو، نەک لەبەرئەوەی کە بەزەییو ڕەفتاری ئینسانی بەهەندوەرگیرا، مەبەستەکان نەپێکرا لەبەرئەوەی کە لایەنێکی بەرامبەریش هەبوو، لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی بەرامبەرە بزووتنەوەیەکی بەهێزی پێکهێنابوو، لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی بەرامبەرە بەخۆوشیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

سیاسی گەیشتبوو و لەبەرئەوەی کە ئەم لایەنی بەرامبەرە بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دابوو. ئەم لایەنی بەرامبەرە کوردستان بوو کە زۆرینەی تاکەکانی لە بزووتنەوەیەکدا لەژێر ناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا ڕێکخستبوو. بزووتنەوەیەک کە تا هەنووکەش زیندووەو تا گەیشتن بە ئامانجەکانی زێندوو دەمێنێتەوە.

هاوکات لەگەڵ هێرش بۆسەر کوردستان، کەش و هەوای کوردستان لە تەمرینکردنی دیموکراسییەوە بۆ بەرگریکردن لە دەسکەوتەکان گۆڕدراو وەک عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەڵێت، هەمووان لەسەر بناغەی دیفاع لە مافی ژیانو مافی مانەوەی خۆیان، دیفاع لە ئازادیو کەرامەتیان، دیفاع لە باوەڕو پێناسیان دەستیان دایەدەست یەکترو بەڵێنی تەسلیم نەبوونیان دا.

پێشتر وشەگەلێکی وەک بزووتنەوە، پێشمەرگە، بەرگری، یەکێتی، کۆمەڵە، پارتیزان و زور وشەیتر بوون، لە زۆر کەس بیسترابوون، ناساندنیان بۆ کرابووو کەچی ئەمجارەیان هەمووان دەیانویست خۆیان لەو واتانەدا بتوێننەوە، دەیانویست ئاوێتەی ئەم وشانە بنو دەیانویست خۆیان ببنە بکەرو کارەکتەری ئەم واتانە. ئەم ویستانەش لە پێداویستییەکەوە سەرچاوەی دەگرت، لە پێداویستییەک کە هەوێنی شوناسی ئەوانی وەک مرۆڤ و وەک کورد پێکدەهێنا، لە پێداویستیەک کە فەلسەفەی بوونی ئەوانو مانەوەی ئەوانی پێکدەهێناو پێداویستیەک کە بەنرخترین بەهاکانی ئەوانی لە مەحەکی تاقیکردنەوە دەدا. بەڵێن نەنووسرا، کەچی وەک پیرۆزترین نووسراوەکان خۆیدەرخست، زەروورەتی تەسلیم نەبوون نەنووسرابوو، کەچی وەک زەروورەتی هەناسەکێشانو خواردن پارێزراو ئەم بەسەرهاتانە دەستی پێکردو تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ئێستاش هەموو رۆژێکی ژیانی خەڵکی ئەم دەڤەرە، ٢٨ی گەلاوێژەو ئەم ڕۆژە بۆتە ژیانی هەموو ڕۆژێک. شۆڕش لای گەلی کورد کۆتایی پێنەهاتووەو تەنانەت بەشەکانیتری ئێرانیش دەیانهەوێ وەک کوردستان درێژەدەری ئامانجەکانی شۆڕشی ناتەواوی ٥٧ بن. ٢٨ی گەلاوێژ بووە دەروازەی درێژەدانی شۆڕشو بێ گومان بەسەرەنجامی شیاوی خۆی دەگات.

**سەرچاوە: ماڵپەری ئاستافی - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ئێران و راڤەیەک

ئارام. مەریوان

سی ساڵ لەمەوپێش لەکاتێکدا کە ئێمەی کورد لەژێر چەکمەی ئیستیبدادو سەرەڕۆیی دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی دەمان ناڵاندو دەنگی کپ کراومان بەهیچ کوێ نەدەگەیشت و هەموو رۆژێک باوک، برا، خوشک و دایکانمان لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی یا لەشەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ ەوە دەستی پێکرد لەمەیدانی بەرگریدا، گیانی ئازیزانمان بەختکرد، هیچ رێکخراوەیەکی مرۆڤ دۆست بە هانای ئێمە نەهات و دەیانو سەدانو هەزاران کەس لەباشترین و بەرێزترین مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە ببون بە قوربانی سیاسەتی چەوت و نامرۆڤانەی پاوانخوازانەی شۆوێنیستی پان ئێرانیست. ئەم جارەیان بەناوی ئایین و بەرگری لە فەوتانی ئیسلامی ویلایەتی فەقیە پاش سی ساڵ لەدەستپێکردنی سەرکوتی گەلانی بن دەستی ئێرانو خەڵکی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا، چەندین بزووتنەوەی جەماوەری هەرجارەیان لەژێر چەندین چەتری جیاواز وەک بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی مامۆستایان لە ئێراندا سەری هەڵدا و تاهەنووکەش درێژەی هەیە. بە سەدان و هەزاران کەس لە ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەندکراونو ماوەی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاوە. هەر دەنگێکی ئازادیخواز و نوێخوازیان لە گەرووداا تاساندووەو هەر چەشنە هەنگاوێکی مرۆڤ دۆستانەیان بە ناوی دژایەتی لەگەڵ خوداو ئیمامی زەمان پێناسە دەکەن، بەڵام بە خۆشیەوە، ئەو وشیارییە سیاسیەی کەلە ٣٠ ساڵ لەمەوپێشەوە ئێمەی خەڵکی کوردستان لێی بەهرەمەندبووین، ئەوە ئێستا لەنێو قووڵایی شەقامی سیاسیی ئێران و شارە گەورەکانی ئێرانەوە سەری هەڵداوە.

بەرەی ئازادیخوازی ئێران وەک مێژوویش باس دەکات وەک بزووتنەوەیەکی خاوەن ئەزموون هەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە تادەگاتە ٢٢ی رێبەندانو ئەو بزووتنەوەی کە سەرەنجی هەموو ناوەندە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشا و ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی کە بەدەیان میلیۆن مرۆڤی کێشایە سەر شەقام ، بۆ جارێکی دیکە هەواڵی ئەم بزووتنەوە بوو بە مانشێتی یەکەمی هەموو میدیا و گۆڤار و رۆژنامە گرینگەکانی

گۆڕەپانی سیاسەت لە جیهاندا. پاش هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان و هەست پێکردنی دەنگدەران بە دزینی دەنگەکانیان لەلایەن ئەحمەدی نژاد و باڵی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەو سەرکوتی جەماوەری بەزاڵهاتووی شارە گەورەکانی ئێران لەلایەن هێزە نیزامی، ئینتزامی، بەسیجی، لیباس شەخسیەکانەوە بە خوێن کێشانی لاوانی کوڕ و کچ، ژنان و پیاوان و تەنانەت لاوانی کەم تەمەن و دواتر زیندانی کردنی بەفراوانی ڕووناکبیران، هونەرمەندان و خاوەن قەڵەمەکان و هەڵسوڕاوانی سیاسیی و مەدەنی و ئەشکەنجەیان بە شێوازێکی نامرۆڤانەو دوور لەئەخلاقی سیاسی و شانۆی دادگای سەدکەسی کە وەبیرهێنەرەوەی دادگاکانی هیتلێر و ستالینە، دڵی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز دەهەژێنن.

دەسەڵاتێک ئەگەر باوەڕی بە عەداڵەت و مرۆڤایەتی بێت چۆن دەیانو سەدان کەس دەکوژێتو تەنانەت تەرمەکانیشیان رادەستی بنەماڵەکانیان ناکەنو لە شوێنێکی نادیاردا دەینێژنو بڕیاری قیرەتاوکردنی مەزاری ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە دەدەن؟ هەروا کە هەموومان دەزانین ئەم ئەشکەنجەو جینایەتانەی کە لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە: ئێڤین، کەهریزەک و قەزەڵ حەسار، دەخوڵقێن و بەسەر کوڕان و کچانی ئەم نیشتمانەدا دەهێنن، لە جەستە و ناخ و دەروونی ئەوان تێپەڕی کردووەو ئێستا بۆ شکانی کەسایەتی ئازادیخوازان هەروا کە مێژووی خەڵکی کوردستانیش لەم بارەیەوە، ئەم وتەی موسەوی و کەڕوبی کە دەڵێن: دەست درێژەی سێکسی کراوەتە سەر کوڕان و کچان پشت ڕاست دەکاتەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران جینایەتی نوێی ئەم جارەیان بە پەردەی ڕەشی مێژووی ٣٠ ساڵەی خۆیان زیاد کردو لەلایەکی دیکەشەوە، سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە شەڕی دەسەڵاتی لە نێو سیستەمی کۆماری ئیسلامی زیاتر روون کردەوە کە ململانێی دەسەڵاتی لەم ٢ مانگەی ڕابردوودا زیاتر لە هەر کات لە خۆی نیشان دا. هەر کام لە باڵەکانی دەسەڵات بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە باڵی ویلایەتی فەقیە کەوتنەتە خۆ و لەم پێناوەدا لە هیچ کۆششێک دریغیان نەکرد، لەوانە بنەماڵەی هاشمی رەفسەنجانی کە ئەگەر بنەماڵەی هاشمی رەفسەنجانی خۆیان تێکەڵ ئەم بزووتنەوەیە بکەن، ئەوە بزووتنەوەکە لەبەر چەند هۆ لەبار دەچێت: یەکەم ئەوەی کە بنەماڵەی رەفسەنجانی وەک خێزانێکی سەرکوتگەر و تالانچی ئاسەوارەمێژووییەکانی ئێران هەر لە باکور و باشوورەوە بگرە تا دەگاتە رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئێران. لە هەموو تەمەنی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانیش هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماری هەشت ساڵەی خۆیداو ئێستاشی لەگەڵ بێت، وەک سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و ناوەندی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستی هەبووە لە پەسەندکردنی یاسا دژەمرۆڤاییەکان بەسەرخەڵکی ئێراندا.

ئێستاش یەک مانگ و نیو لەو ڕۆژەوە هەموان لە میدیاکان ئاگادار و هەواڵیان پێ دەگەیشت کە هاشمی ڕەفسەنجانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە کە (داوا لە هەموو گروپ و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و ئایینییەکان دەکەم کە گوێ ڕاگرن بۆ فەرمایشاتی ڕەهبەری، واتە وتەکانی عەلی خامەنەیی). باشە هۆکاری ئەوەی کە ڕەفسەنجانی لەنوێژی هەینی چەند حەوتووی ڕابردوودا باسی لەوە دەکرد کە وڵات لە مەترسیدایە و دەبێت ڕێگا چارەسەرێکی سیاسی و عاقڵانەی بۆ بدۆزینەوەو فائیزەی کچی و کوڕەکانی ناردە سەر شەقام و هاوپشتی موسەوی و کەڕوبیان دەکرد، ئێستا هۆی چییە ٣٦٠ دەرەجە وەرچەرخاوەو پشتیوانی لە ویلایەتی فەقیە دەکات؟ ئەم هەڵسوکەوتەی هاشمی ئەوە دەسەلمێنێت کە لەسەر بەرژەوەندی خێزانی خۆی ئامادە بووە لەگەڵ خامەنەیی دەست بداتە هەر چەشنە سات و سەودایەک و کردیشی و ئێستا بۆ هەموان ئاشکرابووە کە هەموو دەسەڵاتداران لە ڕیفۆرمخوازانەوە بگرە تا دەگاتە پاوانخوازانی نێو دەسەڵات، کاتێک کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر هەموویان دەبن بە قەڵغان و لەسەر مانەوەی نیزام هەر هەموویان کۆک و هاودەنگ دەبن. لەلایەکی دیکەوە پاش ئەو ڕیسواییەی کە دوابەدوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانو ئەو ئەشکەنجەو ئیعدامو دەست درێژیە سێکسیانەی کە بە کچانو کوڕانو ژنانو پیاوان لەنێو بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کرا، بۆ کەم ڕەنگکردنەوەی ئەم ڕیسواییانە لەروانگەی نێونەتەوەییەوە، مەحموود ئەحمەدی نژاد هات و ٣ ژنی بۆ پۆستی بەرپرسی وەزارەتەکان بەمەجلیس پێشنیارکرد کە گۆیا من ڕچەشکێنم و زیاتر لە دەوڵەتی خاتەمی بایەخ دەدەم بەژنان، بەڵام زۆربەی جەماوەری ڕۆشنبیری کۆمەڵگای ئێران باش دەزانن کە ئەو ژنانە نەک هەر باوەڕیان بە ژن بوونی خۆیان نییە، نەک هەر خوازیاری دونیاییەکی نوێ نین بۆ ژنان، بەڵکو ئەو ٣ ژنە خۆیان لە سەرکوتی ژنانی ئێران دەستیان هەبووە چ وەک بەرپرسی بەسیجی ژنانی کەرەج، چ وەک بەرپرسی ناوەندەکانی ئەمری بەچاکە و نەهی لە خراپەی کۆماری ئیسلامی دەستیان هەبووە لە سەرکووتی ژنان لە ئێران.

ئێستا بۆ هەمووان ڕوونە کە ڕێگای ڕزگاری گەلانی ئێران نەک هەر لەژێر عەباکەی مێهدی کەڕوبی و شاڵە سەوزەکەی موسەویو هاتوو هاواری فائیزەی ڕەفسەنجانی نایەتە دی، بەڵکو تاکە ڕێگای ڕزگاری و بەدەست هێنانی دیمۆکراسی بۆ ئێران هاودڵی و یەکگرتوویی گروپ و ڕێکخراوە سیاسییە نوێخواز و دیمۆکراتەکانی شەقامی سیاسی ئێرانە، نە پشت بەستن بە ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ خۆیان ئازادی کوژ و خوڵقێنەری ٢٨ی گەلاوێژەکان و خاوەرانەکان بوون.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاستافی - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# کوشتاری ساڵی ٦٧، پەڵەیەکی ڕەشی نێوچاوانی ڕێژیم

به فەرمانی ئایەتۆڵڵا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی خۆیدا دەری کردو لەڕاستیدا درێژکراوەی فەرمانی جیهادی ناوبراو بوو، گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش لە گیراوە سیاسییەکان دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا چەند هەزار کەس لە نەیاران و جیابیرانی دەسەڵاتی ئیسلامی ....

## حەسەن سەلیمی

به فەرمانی ئایەتۆڵڵا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی خۆیدا دەری کردو لەڕاستیدا درێژکراوەی فەرمانی جیهادی ناوبراو بوو، گەورەترین کوشتاری بەکۆمەڵ ئەویش لە گیراوە سیاسییەکان دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا چەند هەزار کەس لە نەیارانو جیابیرانی دەسەڵاتی ئیسلامی کە بەشێکی زۆریان چاوەڕوانی ئازادبوونیان دەکرد، لە بێدادگا چەند خولەکییەکانی ڕێژیمدا سزای ئێعدام کردنیان بۆ دەرکراو لە ناکاو لە سێدارە دران. قۆناخی یەکەمی ئەم کردەوە دڕندانەیە لە هاوینی ١٣٦٧ی هەتاویدا دەستی پێکردو لە مانگی خەرماناندا گەیشتە چڵەپۆپەو هەتا پایزی ئەو ساڵە درێژەی کێشاو تەنانەت بەشێکیان وەرزی زستان ئێعدام کران. بەشێکی بەرچاو لەم قوربانییانە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژرانو شوێنی نێژرانیان واتە "خاوەران" تا ئێستاش لە کەسوکاری لە سێدارەدراوەکان شاردراوەتەوە.

هاوینی ساڵی ١٣٦٧، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، دوای هەشت ساڵ شەڕیماڵوێرانکەر لەگەڵ ڕێژیمی بەعس ناچار بوو جامی ژەهر بخواتەوەو بە شێوەیەک لە شێوەکان شکستهێنانی لە شەڕدا قەبووڵ بکا. ئەوە کاریگەریی پتری لەسەر ورەی ڕێژیمو دڕندەخوویی زیاتری شەخسی خومەینی دانا، هەر بۆیە لە هەوڵدا بوون ئەم شکستە قەرەبوو بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە فەرمانێکی ڕەشبیرانەدا، بێڕەحمانەو بە دڵڕقییەکی لەڕادەبەدەر هەزاران لاوی ئازادیخوازی لە بێدادگاکانی خۆیدا گوللەباران کرد. هۆکاری سەرەکیی ئەم زنجیرە ئێعدام کردنانە کارو کردەوەو هەرەسهێنانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم بوو. گرتنو ئەشکەنجەو کوشتارو قەتڵو بڕی خەڵک لە لایەن ڕێژیمەوە دیاردەیەکی نوێو جێگەی سەرسووڕمان نیە، ئەوە ٣٠ ساڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

دەسەڵاتدارانی ئەم حکوومەتە ئاسمانییە تانوپۆی لەگەڵ تاوانو کۆمەڵکوژی تەنراوەو بە تەواوەتی لەگەڵ هەرچەشنە دڕندەییەک ئاوێتە بووە. ئێستاش پاش ٢١ ساڵ لە تێپەڕینی ئەم کارەساتە، تینوویەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خوێنی بەندکراوانی سیاسی نەشکاوەو کوڵی مرۆڤکوژییان دانەمرکاوە. ئێستاش ڕۆژ نیە گرتنو ئەشکەنجەو ئازار، لە سێدارەدان، بێڕێزیکردنو دەستدرێژیکردنە سەر بەندکراوەکان لە ئێرانی ژێر حوکمی ئاخووندیدا روو نەدەن.

ڕێژیم بە تەما بوو بە پاکسازیکردنی زیندانەکان لە ڕێگەی ئێعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەوانەوە، وا بنوێنێ کە پاش شەڕ لەگەڵ عێراقو کێشەی نێوخۆیی سەرانی دەسەڵاتدار، لە ئێراندا هیچ چەشنە کێشەو ئاریشەیەک لە ئارادا نیە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەتا ئەمڕۆش ڕەوتی دەستبەسەرکردنو بێسەروشوێن کردنو لەسێدارەدانی خەڵک لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا هەر بەردەوامەو، لە بەرانبەردا چالاکانی سیاسیو مافەکانی مرۆڤ زیاتر سوورن لەسەر درێژەدانی خەبات، خەباتێک کە ڕێژیم ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک سەرکوتو بێدەنگی بکات. ئەم خەباتە بە چەشنێک کەوتۆتە سەر پێ کە تا سەرکەوتن و دابینبوونی ویستەکانی هێور نابێتەوە. لەڕاستیدا دەبێ بڵێین سەرانی ڕێژیم وێنایەکی ئەوتۆیان هەبوو دەنگی ئازادیخوازیو جیابیری بۆ هەتاهەتایە لە ئێران کپ دەکەن، بەڵام هەر ئەو گرتووخانانەی کە ٢١ ساڵ لەمەوبەر بە لەسێدارەدانی چەند هەزار کەس چۆڵ کران، ئەمڕۆ هەموویان بە بەندکردنی ڕۆڵە ئازادیخوازەکان ئاخنیون، ئەویش ئەوەیکە لەو گرتووخانەگەلەدا چی رووی داو بارودۆخی دەستبەسەرکراوان بە چ شێوەیەکە، بە جێگای خۆی. سەیر لەوەدایە کە قاتڵانو بەڕێوەبەرانی قەتڵەکانی دوێنێو یەک لەوان کوشتاری زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧، ئێستا بە وەڕێخستنی شانۆی هەڵبژاردنو شەڕی دەسەڵاتو پێشبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی سەروەتو سامانی خەڵکو داکۆکیکارانی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی خومەینیزم لە هەوڵی بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی مافویستی خەڵکی ئێران دان. سەرۆک وەزیری سەردەمی کوشتاری ساڵی ٦٧، هەنووکە بۆتە جڵەوبەدەستی گۆڕانو پێداچوونەوە بە بنەماکانی پێکهاتنی کۆماری ئیسلامیدا. ناوبراو خوازیارە خەڵک لەمبارەیەوە پشتگیریی لێ بکەن کەچی ئەو ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئامادە نەبوو لەمەڕ ئەم کارەساتە بدوێو تەنانەت ئامادەش نیە پاش ٢١ ساڵ داوای لێبوردن لە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو قوربانیيانە بکاو بەم چەشنە ئۆقرەیان پێ ببەخشێ. پرسیار ئەوەیە ئایا کەسێک کە ئامادە نیە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر ئەو کارەساتەدا، داوای لێبوردن لە بنەماڵەی قوربانیانو خەڵکی ئێران بکاو لەوانەیە ئەوە بە خاڵی زێڕینی سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆی بزانێ، هاتنەوەی بۆ دەسەڵات مانای چیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**بێگومان خوێنی بەناحەق رژاوی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ٦٧ و هەموو ئازادیخوازانو مافخوازانی سەرانسەری ئێران هەرگیز فەرامۆش ناکرێو تەواوەتی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەم کوشتارەو هاوشێوەی ئەم جینایەتەدا بەشدارو تاوانبارنو، دەبێ بە تاوان دەرهەق بە مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن.**

**لە بیستویەکەمین ساڵوەگەڕی ئەم رووداوە دڵتەزێنەدا سەری رێزو کڕنۆش بۆ خەباتو خۆڕاگریی هەموو ئازادیخوازانو رزگاریخوازان دادەنەوێنین و ئەم کردەوە ناشیرینەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکوومو ریسوا دەکەین.**

**سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٢٢ی سیپتەمبەری ٢٠٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# بەياننامەی حيزبەكان:

------------------------------------------------------------

## بەياننامەی هاوبەشی سێ پارت و ڕێكخراوی سياسيی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژەوە

**خەڵكی خۆڕاگری كوردستان!**

**حيزب و ڕێكخراوە سياسييەكان!**

**كۆڕو كۆمەڵە مرۆڤدۆستەكان!**

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ (١٩ی ئاگۆستی ٢٠١١) ٣٢ ساڵ بەسەر دەركردنی فەرمانی جيهادی "خومەينی"(ڕێبەری ئەو كاتی ڕێژيمی تازە بە دەسەڵات گەيشتووی ئێران) دژی خەڵكی مافخواز و دێموكراسيخوازی كوردستان رادەبرێ. وەک بۆ هەموو لايەک ئاشكرايە، لە كاتێكدا ڕێبەرانی بزووتنەوەی مافخوازانە و دێموكراتيكی خەڵكی كوردستان هەوڵيان بۆ چارەسەری دێموكراتيک و ئاشتيخوازانەی پرسی كورد لە ئێران دەدا، ڕێژيمی تازە بە دەسەڵات گەيشتووی ئێران بە پيلان گێڕان و دروستكردنی كۆسپ و تەگەرە لە بەردەم دانوستانەكانی نێوان هەيئەتی نوێنەرايەتيی گەلی كورد و دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها بە سەركوتی ئازاديخوازان و جيابيران بواری بۆ هێرشێكی هەمە لايەنە بۆ سەر خەڵكی كوردستان رەخساند. ئەم هێرشە پاش كۆبوونەوەی مەجليسی خيبرەگان لە ٢٧ / ٥ / ١٣٥٨ و رۆژێک دواتر (واتە ٢٨ / ٥ / ١٣٥٨) بە دەركردنی فتوايەک لە لايەن خومەينی يەوە دەستی پێكرد و

شەڕێکی نەخوازراو ماڵ وێرانکەر بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنرا. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کە بە "شەڕی سێ مانگە" ناسراوە، سەدان کەس بوون بە قوربانی و بە هەزاران کەسیش ماڵوێران بوون و هەروەها خەڵکێکی زۆر بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان هاتنە ریزی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیانەوە.

خومەینی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، بە دەرکردنی ئەم فتوایە ویستی خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوە بندەستەکان(کورد و ئازەری) بە تایبەتی لەو کاتەدا تووشی شەڕێکی نەخوازراو بکا و پەلوپۆ بهاوێ و دەست بەسەر هەموو ناوچەکانی ئێراندا بگرێ. بۆیە پاش ئەم فتوایە، شەڕێکی بەرین و هەمەلایەنە، سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و ئێعدام و تیربارانی بە کۆمەڵی خەڵکی ئارزادیخواز و مافخوازی کورد دەستی پێکرد. لەم پرۆسەیەدا بە سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی، لە ژن و پیاو لە پیر و لاو و منداڵ بە بێ هیچ سوچ و تاوانێک و بە بێ هیچ دادگایی کردنێک گیانیان لێ ئەستێندرا. ئەمەش بۆ رێژیمێکی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو کە تا دوێنێ لافی ئازادی و دادپەروەریی لێ دەدا، کەچی پاش بە دەسەڵات گەیشتنی هەر لە یەکەم هەنگاودا دەستی کرد بە پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ، بابەتێکی سەرسووڕ هێنەر بوو. بەداخەوە ئەو کات بە هۆی لاواز بوونی ئامرازەکانی پێوەندی و راگەیەنی مۆدێرنەوە کۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی پێویست لە قووڵایی تراژیدیاکە ئاگادار نەکرایەوە، بۆیە زۆربەی وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و مرۆڤدۆستەکان لە ئاست ئەم هێرشە بێدەنگ بوون. خاڵێک کە پێویستە هەموو لایەک بە چاوی رێزەوە سەیری بکەین، بەرەنگاری و فیداکاریی خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانە لە ئاست ئەو شەڕەدا کە بەسەریاندا سەپێنرا. هەر لە یەکەم ساتەکانی دەرکردنی فتواکەی خومەینیدا خەڵکی کوردستان قارەمانانە بەرەوڕووی پەلاماری هێزەکانی رێژیم بوونەوەو ماڵ و کۆڵان و شەقامی شارەکان کرانە سەنگەری بەرگری و داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلی کورد. هەر لە ئاکامی ئەم خۆڕاگری و مقاومەتە قارەمانانەی خەڵکدا بوو کە شەڕەکە پاش سێ مانگ شکستی هێنا و خومەینی ناچار بوو مل بۆ وتووێژ و دانوستان (ئەگەرچی بە شێوەی کاتی و تاکتیکیش بێ) کەچ بکا. بۆیە ناودێرکردنی رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ وەک "رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان" لە جێ خۆیدایە.

ئێستاکەش پاش ٣٢ ساڵ کە یادی ئەو رووداوە تاڵە دەکەینەوە، ئەگەر سەیری رووداوەکانی ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکان بکەین، دەبینین رەوتی رووداوەکان بە قازانجی ئازادیخوازان و نەتەوەبندەستەکان دەچێتە پێشەوە و ئەوەی کە باوی نەماوە و گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی، رێژیمە دیکتاتۆر و سیستمە سەرەڕۆکانە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش چاوخشاندنێک بە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە وڵاتانی عەرەبیی و باشووری ئەفریقایان گرتەوەو ئێستاش

گەیشتۆتە سوریا، بەسە. لە لایەکی دیکەوە لە یادی ٣٢ ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژ"ڕۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان"دا، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ڕێژیمی ئێران وەک چۆن ئەو کات پەلاماری کوردستانی دا، ئێستاش لەو پەلامار و سیاسەتە نەگریسە دەستی هەڵ نەگرتووەو بە ئامرازی مۆدێرنتر و چەکی پێشکەوتووترەوە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج و ڕۆژانە بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵ دەدا هێرش بکاتە سەر گەلی کورد و بزووتنەوە دێموکراتیک و مافخوازانەکەی.

لە یادی ٣٢ ساڵەی دەرکردنی فتواکەی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان، جارێکی دیکە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان، جەخت لە سەر تەبایی نێوان سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەینەوەو هیوادارین ئەم جۆرە ڕووداوە مێژووییانە ببێتە ئەزموونێک بۆ هەموو لایەک و لە داهاتووشدا بە تەبایی و یەکگرتوویی بەرەوڕووی هەر چەشنە نیازێکی دوژمنانە بەرامبەر گەلەکەمان ببینەوە. هەروەها داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە بۆ ناساندن و دادگایی کردنی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران بەگشتی و بەتایبەت ئەو تاوانبارانەی کە لەم جینایەتە سامناکەدا دژی خەڵکی کوردستان دەستیان هەبووە، هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ.

سڵاو لە بوێری و خۆڕاگریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان
سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەو دێموکراتیکی گەلی کورد

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگوستی ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## راگەیاندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ




**هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!**

**٣٥ ساڵ لەوەو پێش واتە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە فەرمانی خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی بە دەسەڵات گەیشتوو، هێزە چەکدارەکانی ئەم دەسەڵاتە هەڵیان کوتایە سەر کوردستان و شەڕێکی نەخوازراو و ناڕەوایان بەسەر گەلی کورددا سەپاند. بیانووی ئەم هێرشە بۆسەر کوردستان کۆمەڵێک درۆ و بوختانی بێ بنەما روو لە حیزبە سیاسییەکان بوو کە تەنیا بۆ وروژاندنی هێزە چەکدارە توندڕەوەکانی خۆیان بوو کە بە پەلە ئامادەیان کردبوون بۆ پەلاماردانی شار و دێهاتەکانی کوردستان.**

**لە بەرانبەر ئەم هێرشە هەمەلایەن و ناڕەوایەدا بەرگرییەکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شێوازەکانی خەبات و بە تایبەت خەباتی چەکداری بەرپا بوو کە دوای سێ مانگ کۆماری ئیسلامی و خومەینی هێنایە سەر مێزی وتووێژو دانووستان. هەرچەند ئەم وتووێژە و دانووستانە بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا بە مەبەستی پشوویەک بوو بۆ خۆتەیارکردنەوەیەکی دووبارە بۆ هێرشێکی سەرلەنوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەزموونی زۆر گرینگیشی بۆ کورد بە گشتی و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی تێدا بوو.**

**٢٨ی گەلاوێژ هەرچەند لە مێژوودا بە ڕۆژێک ناسراوە کە کوردستان دەکەوێتە بەر پەلاماری هێزی سەرکوتگەر و بێ رەحم، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆژێکیشە کە بەرگریەکی رەوا و مقاومەتێکی نەتەوەیی لە دایک دەبێ کە تا**

**ئێستاش بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. کوردستانی ڕۆژهەڵات ٣٥ ساڵ لەوە پێش کۆمەڵگایەکی سێکولار، کراوە و لێوانلێو لە ڕۆژنامە و چاپەمەنیی جۆراجۆر بوو، ژنان لەوپەڕی ئازادی و بە بێ هیچ گرفتێک لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو بوارەکانی ژیان بەشدارییان دەکرد، کرێکاران و مامۆستایان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا خەریک بوون بە کەڵک وەرگرتن لە کەشوهەوای ئازادی سیاسی، خۆیان ڕێک دەخست و بەرگرییان لە ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی خۆیان دەکرد.**

**لە حاڵێکدا لە باقی شار و شارۆچکەکانی ئێران کە باڵی ڕەش و نگریسی کۆنەپەرستی و خەفەقانی سیاسی خۆی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا دەکێشا و کۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی کوردستان وەک جەزیرەیەکی ئازاد تەحەمول بکات.**

**ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە گەلی کورد بە گشت حیزبە سیاسییەکانی زۆر هەوڵی دا کەلە ڕێگای هێمنانە و بە شێوازەکانی ئاشتیخوازانە، داخوازییەکانی خۆی بەیان بکات و بۆ دەستەبەرکردنیان خەبات بکات. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی تەنیا زمانی چەک دەزانێ و لە نیزامێکدا کە ئەو نوێنەرایەتی دەکا و خەریکە دایدەمەزرێنێ، جێگایەک بۆ خەباتی ئاشتیخوازانەی نەتەوەیی و مەدەنی نییە. بۆیەش گەلی کورد چارەیەکی نەما جگە لەوە دەست بۆ چەک بەرێ و خەباتی پێشمەرگانە لە دژی هێرشکەران بۆسەر کوردستان وەڕێ بخات و وەڵامێکی شیاو بە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بداتەوە.**

**قۆناغی خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دژی کۆماری ئیسلامی پڕە لە حەماسەی شکۆدار لە قارەمانی و لەخۆبردوویی، هەموو لایەک لە بیرمانە کە کۆماری ئیسلامی بۆ داگیرکردنی هەر بستێک لە خاکی کوردستان لەگەڵ چ خۆڕاگری و مقاومەتێک بەرەوڕوو دەبوو. لەسەر بەستێنی ئەم بەرخۆدانە کە ئێستاش بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەردەوام و زیندووە.**

**ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەو یادی ٣٥ ساڵەی ئەم ڕۆژە دەچین کە گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هێشتا بە ئاواتەکانی نەگەیشتووە و هەروا لەژێر گوشاری سیاسی، نەتەوەیی، ئابووری و فەرهەنگی دایە. شێوازەکانی خەبات لە کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان درێژەی هەیە و لە بەرانبەردا گرتن، زیندان و ئیعدام لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کۆتایی نەهاتووە و درێژەی هەیە، هەر بۆیە لەو موناسبەتەدا ئێمە پەیمان و بەڵێن لەگەڵ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تازە دەکەینەوە بۆ درێژەدان بە خەبات تا وەدیهێنانی مافە سیاسی و**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

نەتەوەیی‌یەکانمان.

جێی خۆیەتی هەر لێرەدا لە سەروبەندی یادکردنەوەی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی فەرمانی جیهاد بۆسەر کوردستان ئاماژە بە پەلامار و هێرشی دڕندانەی هێزێکی توندڕەوی وەک داعش بکەین کە لەژێر ئاڵای ئایین، هەر وەک کۆماری ئیسلامی، خوێن و ماڵی کورد بە حەڵاڵ دەزانێ و لە هیچ تاوانێک دژ بە گەلی کورد و مرۆڤایەتی خۆنا پارێزی. ئێمە جینایەت و کۆمەڵکوژییەکانی خەڵکی مەدەنی و کەمایەتییە ئایینییەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە دەچێتە چوارچێوەی جینۆساید و قڕکردن بە توندی مەحکووم دەکەین.

لە هەمان کاتدا رێز دەگرین لە یارمەتی و بە هاناوە هاتنی دنیای دەرەوە و خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی کوردستانی رۆژهەڵات کەلە شێوازی جۆراوجۆردا خۆی نواند. لەو پێوەندییەدا پشتیوانی لە خۆڕاگری و بەرگریی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی باشوور دەردەبڕینەوە لە دژی تیرۆریستانی داعش و هەر ئەو جۆرەی پێشتریش رامانگەیاندووە ئامادەی هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکین لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتەکانی.

سەرکەوێ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد

بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## بەیاننامەی کۆمەڵە بەبۆنەی ساڵڕۆژی هێرشی رژێم بۆ سەر کوردستان

**کاتێک رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی فەرمانی هێرشی هەمەلایەنەی بۆ سەر کوردستان دەرکرد، نە کەس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد و نە پانتایی تۆقێنەری ئەو جەنایەتانە لە کەس روون بوو کە لەلایەن سەربازانی ئیسلام و خەڵخاڵی و پاسدارانەوە خوڵقا.**

**بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم رۆژەکانی قۆرخ کردنی دەسەڵاتەوە، نەوەک هەر دژایەتیی خۆی لەگەڵ کوردستان، لەگەڵ خەڵکی راپەڕیوی کوردستان لە قۆناغێکی گونجاوی مێژووییدا بۆ گەیشتن بە مافەکانیان،لە بەرامبەر حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی نەگونجاو لەگەڵ پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی رژێم، نەشاردەوە، بەڵکوو هەر لە رۆژانی سەرەتاوە کەوتە بیانووگرتن و دەست کەوتنی دەرفەتێک بۆ هێرش و پێشگیری لە گەشەی بزووتنەوەی کوردستان. سەرەتا لە یەکەم رۆژەکانی دوای ٢٢ی رێبەندان و بە هێرشی پڕوپاگەندە و میدیایی دەستیان پێکرد و تۆمەتی ناڕەوا و درۆی گەورەیان بۆ گەلی کورد هەڵبەست. پاشان نەورۆزی خوێناویی سنەیان بەسەر خەڵکی خەباتکاری شاری سنە و کوردستاندا سەپاند و سڵیان لە هیچ پیلانێک نەکردەوە بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و بزووتنەوە رزگاریخواز و جەماوەرییەکەی کە لەگەڵ رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی، دەرفەتی گەشەی بۆ رەخسابوو.**

**بەڵام گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی و لە پێشەوەی هەموویان کۆمەڵە وەک هێزێکی نوێخواز و چەپ و سۆسیالیستی بە رێبەرایەتیی کاک فواد، بە جۆش و خرۆشێکی جەماوەریی یەکگرتووانە، چاودێریی رووداوەکانی دەکرد و بە هیوایان بە داهاتوو و گەشەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان، قۆناغێکی تایبەتی تێپەڕ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

دەکرد. گەلی کورد یەکگرتووانە و بە ورەیەکی پۆلایین و بە بیری تیژ و بە دروشمی "ئێمە شەڕمان ناوێت بەڵام کۆڵیش نادەین" کەئەو کات لە سیاسەتی کۆمەڵەو لە کەسایەتیی کاک فواد دابەرچاو بوو، بەرەوپیری ڕووداوەکان دەچوو. بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەریی مانگەکانی دوای هاتنە سەر کاری ڕژێم، لە کوردستان پەرەی دەسەند.

کۆماری ئیسلامی، کوردستان و ئەو بزووتنەوە سیاسییەی پێ قەبووڵ نەدەکرا کە چوارچێوەی نوێی حکوومەت بۆ دژایەتی کردنی پێکهاتبوو. هەر بۆیە فەرمانی هێرش و فەتوای سەرکوتکردنی کوردستان درا. گەلی کورد بە کەمترین ئامادەیی و کەرەستەی پێویست، بەڵام بە ورەیەکی پۆڵایین، خۆڕاگریی کرد. کۆمەڵە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە ژێر ناوی "گەلی کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەدا" ئەم ورە و خواستەی سەلماند. لەشکری ئیسلام و خومەینی و خەڵخاڵی و سپای پاسداران، بە هێزی داگیرکەرانە هاتنە ناو کوردستان. شار و دێهاتیان دایە بەر هێرش و کوشتن و لەسێدارەدانی کوردیان دەست پێکرد. ڕەشەکوژی و جینۆسایدیان کردە بەرنامەی سەرەکییان.

بەڵام پێشڕەویی ڕژێم لە کوردستان، سەرەڕای ئەو هەموو جەنایەتەی کە لە ماوەیەکی کورتدا خوڵقاندیان، لەلایەن هێزی پێشمەرگە و ڕاپەڕینی جەماوەرەوە بەرپەرچ درایەوە. ئەم قۆناغە کە بە شەڕی ٣ مانگە ناوی دەرکرد، ڕژێمی هەتا ناو سەربازخانەکان پاشەکشە پێکرد و ناچاری کرد وەفدی دانوستان -ئەگەرچی بە مەبەستی کات کڕین بۆ خۆ ڕێکخستنەوە- بەرەو کوردستان بنێرێت.

٣٥ ساڵ لەو سەردەمە تێپەڕی. گەلی کورد مێژووی خۆی خوڵقاند، بەڵام نەک لە هەلومەرجی گونجاوی خۆیدا. ٣٥ ساڵ پاکتاو و کومەڵکوژی و گۆڕینی کوردستان بۆ سەربازخانەیەکی گەورە، بووە بە تێکشکانێکی گەورە و ریسواییەکی بەرین بۆ کۆماری ئیسلامی. خوێنڕێژترین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، ئێستا ناویان ئاوێتەی کۆمەڵکوژی و کوشتاری خەڵکی کوردستان بووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، پتەوتر و بەرینتر لەوکات، هەر بەردەوامە. پانتایی جوگرافیای سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان و وشیاریی نەتەوەیی و ڕۆڵی ژنان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەرینتر بووە. ناوی بزووتنەوەی کوردستان و پێشکەوتووترین هێزی مرۆیی و یەکسانیخوازانە و سۆسیالیستی لە هەناوی ئەم بزووتنەوەیەدا، بەرز و خۆشناوترە. بزووتنەوەی کوردستان هەڵگری بەهای بەرزی مرۆڤایەتی و دێمۆکراتیک و پێشکەوتووانەیە کە سەرەڕای خواستە سەرەکییەکەی و گەیشتن بە مافی چارەنووس، ئەم بزووتنەوەیەی لە ڕووی ناوەرۆک و پەیام و بانگەشەکەیەوە، زۆر بەرینتر کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**لە ٢٨ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٥٨ هەتـا ئێسـتا، بە هەزاران ژن و پیـاوی خەبـاتکـاری بـزووتنەوەی کوردسـتان، بە خۆڕاگری و ورەی پۆڵاییینەوە، لە بەرەکانی بەرەنگاریی خەڵکی کوردستن و لە نـاو زیـندان و ئەشکەنجەگاکان و لە خەبـاتی پێشمەرگانەدا، لە بۆمبـاران و هێـرش بـۆ سەر شـار و دێهـاتی کوردسـتان، گیـانی خۆیـان فیـدا کـردووە و ناویـان بـووەتە مێـژووی نەتەوەیەک کە لە بـارودۆخێکی زۆر دژوار و نەخـوازراودا، مێژوویەکـی پـڕ لە شـانازییان خوڵقاندووە کە بێگومان سەرچاوەی ئەزموون و شانازی و هیوا بە داهاتووە.**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٣**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## راگەیەندراوی دەست بەکار بوونی کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣٢ساڵ بەر لە ئێستا لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی حوکمی جیهاد دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند.

فەرمانی جیهاد کە وەک فتوایەکی شەرعی خۆی پێناسە دەکرد بریتی بوو لە داگیرکردنی کوردستان و کوشتن و لەناوبردنی ئازادیخوازان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە هەمان کاتیشدا کاولکردنی ئەو ناوچانە کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون.

داگیرکەرانی ئیسلامی هەموو تاوان و جینایەتێکیان دەرحەق بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدا و لە ئاکامی ئەو هێرش و داگیرکارییەدا، هەزاران کەس بوونە قوربانی و کوشتاری بەکۆمەڵ و حوکمی لە سێدارەدانی ئازادیخوازانیان بەتاک و کۆ وەرێخست و لە گەڵ هەموو ئەو تاوانانەشدا شار و گوندەکانیان وێران کرد.
فەرمانی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژدا بۆ جیهاد دژی گەلی کورد وەک پەڵەیەکی ڕەش بە نێو چاوانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە نەقشی بەستووە و سەلمێنەری سیاسەتی شۆڤێنیستی و داگیرکەرانەی ڕێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی بوو بەڵام بینیمان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاش ئەم حوکمە نەبڕایەوە و هەروا درێژەی هەبووە، لەماوەی ئەم ٣٢ ساڵەدا ژمارەیەک لە ڕێبەرانی گەلی کورد تیرۆر کران، لەسێدارەدانی ئازادیخوازانی کورد بەردەوامی هەبووە، شێواندنی ناسنامە و کلتووری نەتەوەیی و بەتاڵان بردنی سامانی نەتەوەیی و هەروەها بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، درێژەی ئەم فەرمانەیە کە بە سەر گەلی کورددا سەپا.

لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵێک لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمپەینێک بە ناوی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ڕادەگەیەنن و هەوڵەکانی خۆیان بۆ ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان چڕ دەکەنەوە و داوا لە لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان

دەکەن کە لە ٢٨ی گەلاوێژەوە حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان رابگەیەندرێت.

ئێمە لە کەمپیەنی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان" خوازیاری یەکێتی و یەکریزیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاودەنگی و هاوخەباتی هێزە سیاسییەکان بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بەگەلی کورد و راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانین.

یادی سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی ٢٨ی گەلاوێژ بەرز رادەگرین و
هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان
کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

١٥ی ئاگۆستی ٢٠١١

## داخویانی کەمپەینی حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ

هەروەک ئاگادارن، فەرمانی جیهاد دژ بە گەلی کورد کە لە لایەن یەکەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە" ئایەتوڵا خومەینی" راگەیاندرا و ئەو فەرمانە نامرۆڤییە بوو بە هۆی دەستپێکی ژێنۆسایدێکی دیکە و ماڵوێرانیەکی زۆری بۆ هەزاران مرۆڤ بە دواوە بوو، هەروەها ئەو فەرمانە سەلمێنەری سیاسەتی شۆڤێنیستی و داگیرکەرانەی ڕێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی بوو بەڵام بینیمان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاش ئەم حوکمە نەبڕایەوە و هەروا درێژەی هەبووە، لەماوەی ئەم سی و چەند ساڵەدا ژمارەیەک لە ڕێبەرانی گەلی کورد تیرۆر کران، زیندانی کردن و لەسێدارەدانی ئازادیخوازانی کورد بەردەوامی هەبووە، شێواندنی ناسنامە و کلتووری نەتەوەیی و بەتاڵان بردنی سامانی نەتەوەیی و هەروەها بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، درێژەی ئەم فەرمانەیە کە بە سەر گەلی کورددا سەپا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

لەم پەیوەندییەدا ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمپەینێک بە ناوی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان" مان ڕاگەیاندووە و خوازیارین هەوڵەکانی خۆمان بۆ ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان چڕ بکەینەوە، هەر بەم بۆنەش داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و ڕاگەیاندنەکان و جەماوەری کوردستان دەکەین کە لە ٢٨ گەلاوێژەوە بە ماوەی یەک حەوتوو، بە حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسرێ و لە ماوی ئەو حەوتوویەدا، هەر کەس و لایەنێکی کوردی هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە هەندەران بە هەر شێوازێکی مومکین و مەدەنیانە ئەو داگیرکاری و شەرهەڵگیرساندنانەی کۆماری ئێسلامی ئیدانە بکەن و دەنگی نارەزایەتی خۆیان دەرببڕن.

ئێمە لە کەمپینەی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان" خوازیاری یەکێتی و یەکڕیزیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاودەنگی و هاوخەباتی هێزە سیاسییەکان بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بەگەلی کورد و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێویستیەک دەزانین.

یادی سەرجەم شەهیدان و قوربانیانی ٢٨ی گەلاوێژ بەرز و بەرێز بێت.
هەر شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کەمپەینی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان"
شەمزین جیهانی، جەماڵ نەجاڕی، ئاسۆ پیرۆتی، ئەنوەر عەباسی، تاهیر قاسمی، شلێر باپیری، هوومەن سەعدیە
٢٧ گەلاوێژی ١٣٩٠ ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## بەیاننامە: با رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بکەینە رۆژی یەکگرتوویی گەلی کورد لە رۆژهەڵات دژی داگیرکەر




بەیاننامەی ناوەندی پێشەوا بەبۆنەی تێپەر بوونی ٣٢ساڵ بەسەر فتوای خومەینی دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ٣٢ ساڵ پێش ئێستا لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٥ ی هەوتایدا، خومەینی رێبەری ئەوکاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە فتوایەکی دا دژی گەلی کورد "جیهادی دژی گەلی کورد" راگەیاند و خوێنی مرۆڤی کوردی بۆ کوشتن حەلال کرد. ئەم فتوایەی خومەینی لە کاتێکدا بوو کە ماوەی نزیک بە ٦ مانگ بوو شۆرشی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆری پاشایەتی دا سەرکەوتبوو و تازە دەهات کە خەلکی ئێران رەنگی ئازادی بەخۆیانەوە ببینن بەلام هەر زوو دیکتاتۆری دیکە باڵی بەسەر ئێراندا کێشا کە تاکو ئێستاش لەگەڵ بێ ئەو دیکتاتۆریە بەناو ئیسلامیەی کۆماری ئیسلامی بەردەوامی هەیە.

فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی لە کاتێک دابوو کە گەلی کورد و رێکخراوە سیاسیەکانی تا ئاخرین چرکەکانیش لە رێگا چارەیەکی ئاشتیانە دەگەڕان بۆ چارەسەرکردنی کیشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەلام بەدەسەڵات گەیشتوانی تاران ئەوەندەی لەدەستیان هات تەنگ و چەلەم و کۆسپێکی زۆریان لەبەردەم نوێنەرانی کورد ساز کرد کە دەچوون بۆ گفتوگۆ بۆ تاران.

لە رۆژی ٢٧ی گەلاوێژ مەجلیسی خیبرەگان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا دەربارەی رەوشی کوردستان و رووداوەکانی ناوچە کورد نشینەکان، رۆژی داوتر واتە ٢٨ی گەلاوێژ خومەینی فتوایەکی دەرکرد دژی گەلی کورد و شەرێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**مالوێرانکەری بەسەر خەلکی کوردستابدا سەپاند، لە ئاکامی ئەو شەڕەدا سەدان کەس بوون بە قوربانی و بە هەزاران کەسیش ماڵوێران بوون و هەوەها خەڵکێکی زۆر بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان هاتنە ریزی بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیانەوە.**

**لە یادی ٣٢ ساڵەی دەرکردنی فتواکەی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان، ناوەندی پێشەوا جارێکی دیکە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو هێرشە بۆ سەر خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان، هیوا خوازیشین ئەو رووداوە مێژووییانە ببێتە فاکتەرێک بۆ هەموو لایەک و هەموو خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات کە لە داهاتووشدا بە تەبایی و یەکگرتوویی بەرەوڕووی هەر چەشنە نیازێکی دوژمنانە بەرامبەر گەلی کورد ببینەوە. هەروەها داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە جیهانیەکانیش دەکەین کە بۆ ناساندن و دادگایی کردنی سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەم جینایەتەی کە بووە هۆی رشتنی خوێنی بەناهەقی گەلی کورد دەستیان هەبووە، هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ.**

**ئۆسلۆ ـ نۆروێژ**

**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٠**

**سەرچاوە: ماڵپەری ناوەندی پێشەوا - رێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ"راگەیاندنی ڕۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستان.

لە ئاکامی خەباتی قارەمانانەی گەلانی ئێران، و لە ژێر روناکایی سیاسەتی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی جیمی کارتر لە ناوەڕاستەکانی دەیەی پەنجای سەدەی پێشوو، گوشار و زەخت و زۆری سەر کۆمەڵگای ئێران تا ڕادەیەک کەمتر بووەوە و چاودێرانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ مەودایان پێدرا بە شێوەیەکی بەربەستکراو سەردانی زیندانەکانی ئێران بکەن. سانسۆڕی چاپەمەنییەکان تا ڕادەیەک کەم بووەوە و فەزای نیمچە ئاواڵەی سیاسی دەرفەتی ئەوەی پێک هێنا کە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ و تێکۆشەرانی سیاسی ئێران دەرەتانی دەربڕینی بیروڕای خۆیان وەدەست بخەن. لاوانی پڕ هەست و خەباتگێڕی کوردستانیش - کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا دەرفەتی ڕاگەیاندنی بیروبۆچوونی خۆیان نەبوو، ئەو هەلەیان قۆزتەوە و بە بۆنەی جیاجیاوە لە شارەکانی کوردستان دەستیاندایە خۆپیشاندان لە سەر شەقامەکان. ئەم خۆپیشاندانانە، هەر لە سەرەتای کارەوە ڕەنگێکی تایبەت بە کوردستانی هەبوو. لە گەلێک شاری ئێران، بەتایبەت دوای ئەوەی خەڵکی تاران لە ڕۆژی تاسووعای ساڵی ١٣٥٧ دا هێزی خۆیان دەرخست، زوربەی کات مەلای شیعە ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی بە دەستەوە بوو و لە ئەنجامدا نارەزایی دەربڕینی خەڵک وردە وردە ڕەنگێکی ئایینی بە خۆیەوە دەگرت. بەڵام لە کوردستان نارەزایی دەربڕینی کۆمەڵانی خەڵک ڕەوشتێکی دیمۆکراتیک و ئازادیخوازانەی هەبوو و کچان و ژنانی کورد شان بە شانی پیاوان دەنگی ئازادیخوازانەیان بەرز دەکردەوە.

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی رژیمی شایەتی برووخێت، لە شارە کوردییەکاندا، لە سەر بنەمای شۆڕای جۆربە جۆری گەڕەکەکان، شۆڕای شار پێک هاتن. ئەم شۆڕایانە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی هێمنانەی خەڵکیان بەڕێوە دەبرد و پاراستنی ڕێک وپێکی کارەکانیان گرتبوە ئەستۆ. ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان - کە تا ئەودەم بە شێوەی نهێنی چالاکییان دەکرد، وردە وردە ئاشکرا بوون و دروشمی سیاسی و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەبردە ناو خەڵک، بە چەشنێک کە لە ڕۆژی ڕووخانی حکوومەتی پادشاییدا، زوربەی شارەکانی کوردستان بە دەست خەڵک و شۆڕای هەڵبژاردەی ئەوانەوە بوو. فەزای سیاسی شارەکانی کوردستان بە تەواوەتی کراوە بوو و هیچ بەربەستێکی نابەجێیان بە سەردا دانەدەسەپێنرا، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنیان بڵاو دەکردەوە و فەزایەکی هاسانگرتن وهاوشانی بە سەر ژینگەی سیاسیدا زاڵ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، دەوڵەتێکی کاتی دەسنێژی ئایەتوڵڵا خومەینی و پەیڕەوی شۆڕای شۆڕشی ئێران هاتە کایەوە - شۆڕایەک کە تێیدا مەلاکان دوەری سەرەکییان دەبینی. ئەندامانی شۆڕا، و تا ڕادەیەکیش دەوڵەتی کاتی، لەوە تووڕە بوون کە وەک بەشەکانی دیکەی ئێران، لە کوردستانیش دەسنیاکانی ئەوان سەرەپەتی کاریان بە دەستەوە نەبوو و لەبیری ئامادەسازیدا بوون بۆ گۆڕینی بارودۆخ لە ناوچەکە.

هەر ئەو ڕاستییە، بوو بە هۆکاری هەڵاییسانی شەڕێک کە لە ڕۆژانی کۆتایی ساڵی ١٣٥٧ و سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٨ دا شاری سنەی خستە ناو ئاگر و خوێنەوە وکۆژراو و زە رە رو زیانێکی زۆری لێ کەوتەوە. لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە لیژنەیەک نێردرایە سنە، کە پێک هاتبوو لە ئاغایان تاڵەقانی، بەهەشتی، ڕەفسەنجانی و بەنی سەدر؛ هاوکات، وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی کاتییش هاوڕێ لەگەڵ وتەبێژی 'جەمعییەتی کوردانی مەرکەز' و دوو کەسایەتی کوردی دانیشتووی تاران چوون بۆ سنە و ووت وێژێکی جیددییان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ بەڕێوە برد. بە هۆی ڕاوەستانی نوێنەرانی گەلەوە، بەڕێوە بردنی شار کەوتە دەست شۆڕای هەڵبژێرراوی خەڵک و بەم شێوەیە هێمنایەتی باڵی بە سەر شاری سنەدا کێشایەوە.

ڕەنگدانەوەی هەواڵەکانی کوردستان لە سەرانسەری ئێراندا گەلێک بەربڵاو بوو و بوو بە مایەی دڵگەرمی ئازادیخوازان و لایەنگرانی ڕاستەقینەی دیموکڕاسی. ڕێکخراوە چالاکەکانی کوردستان ڕێکخستن و تەبلیغاتی خۆیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵک پەرە پێدەدا و هەموو هەوڵی خۆیان لە پێناو پتەو کردنی بنەماکانی دیموکراسی خستبوە گەڕ. بە داخەوە مەلایانی حاکم لە تاران کەڵکی خراپیان لەو فەزای هاسانگرتن وهاوشانییە وەرگرت و دەستیان دایە ناردنی هێزی چە کدار بۆ کوردستان و زەمینەیەکی لەباریان بۆ پێکدادانی چەکدارانە لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان پێک هێنا. سەرەڕای هەموو ئەم ئامادەسازییە چەپەڵانە، کوردستان وەک قەڵایەکی پتەوی دیموکراسی و مەشخەڵی بەگڕو تینی ئازادی سەرانسەری ئێران، خۆی دەرخست و کرێکار و خوێندکار و ڕووناکبیر و هونەرمەند دەستە دەستە لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە ڕوویان دەکردە کوردستان، لەوێ نوسراوەکانیان ئازادانە بڵاو دەکردەوە و بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و بە گوشت و پێست بەرهەمی دێمۆکراسیان هەست پێدەکرد.

مەلایانی دەسەڵاتدار لە تاران ئەم بارودۆخەیان پێ قەبووڵ نەدەکرا لە بەر ئەوەی تا ئەودەم ئیتر لە هەموو ئێراندا لە لایەک حیزبوڵڵا کووچە و کۆڵانی قۆرغ کردبوو وهیچ حزب و ڕێکخراوەیەک دەرەتانی خۆپیشاندانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

تەنانەت لە ڕادەیەکی بەربەستکراویشدا نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە خومەینی بە هۆی هێنانە گۆڕێی 'وحدت کلمە' وە، لە ڕاستیدا دەرگای دەربڕینی هەر چەشنە بیروبۆچوونێکی داخستبوو و بە ڕاشکاوی دەیگوت 'ئەگەر سی ملیۆن کەس بڵێن بەڵێ، من دەڵێم نا' (ناوەرۆکی قسەکە). لە بارودۆخێکی ئەوتۆدابوو کە خومەینی و هاودەستەکانی سەرەتایان بۆ هێرشێکی گەورەی سوپایی بۆ سەر کوردستان ئامادە کرد و چاوەڕێی بیانوویەک بوون بۆ ئەوەی پیلانی گڵاوی خۆیان بەڕێوە بەرن.

سەرئەنجام، کۆنەپەرستان ئامادەسازیی سەرەتاییان پێک هێنا و خومەینی لە ڕۆژی ۲۸ ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ دا بە شێوەی ڕەسمی 'جیهاد'ی دژ بە کوردستانی ڕاگەیاند. ناوبراو داوای لە هەموو خەڵکێکی موسوڵمان (لایەنگرانی ویلایەتی فەقیە) کرد ئەرکی شەرعی خۆیان- واتە هێرش کردنە سەر کوردستان و هەڵکەندنی 'ئەساسی کفر و ئیلحاد' ، بەجێ بهێنن.

مستەفا چەمران - پەروەردەکراوی ڕێکخراوەی ئەمەلی لوبنان، هاوڕێ لەگەڵ ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی جەللاد و سەردەستەی دیکەی تاقمە چەکدارەکانی رژیم وەربوونە کوردستان و شەڕێکی تەواوعەیاریان بە سەر خەلکی کوردستاندا - کە زوربەی زۆریان موسوڵمان بوون، دا سەپاند. 'جیهاد'کەرانی هۆگری ویلایەتی فەقیە لە کوردستان تاوانی وایان بەڕێوە برد، کە وێنەی لەجیهاندا کەمتر بینراوە. پاش ئەوەی خومەینی جیهادی ڕاگەیاند ولە پەیوەندی ئەم بڕیارەدا دەستە دەستە پیر ولاویان دایە بەر جوخەی ئێعدام. دوکتۆر، کادیری نەخۆشخانە و برینداران لەم جینایەتانە جیاواز دانەنران. لە نەغەدە بە فەرمانی مەلا حەسەنی و زەهیرنەژاد، گوندی قاڕنا و قەڵاتان قەتڵی عام کران، و هاوکات لە زیندانی تەورێز دەیان زیندانی کوردیان شەوانە بە بێ هیچ موحاکەمەیەک ئیعدام کرد. شەپۆلی کوشت و بڕوجینایاتی دژی ئینسانی رژیم وردە وردە هەموو کوردستانی گرتەوە، پاسدارانی رژیم هەزاران مرۆڤی بێ تاوانیان بە بێ سڵ کردنەوە کوشت و هەموو ئەو جینایەتانەی وا خۆیان کردبوویان لە کتێبی وانەی قوتابخانەکاندا بە حیسابی گەلی مەزڵوومی کورد نووسی و دەرخواردی قوتابییەکان دا، بۆ ئەوەی زیاتر تووی ڕق و دووبەرەکی لە ناو کۆمەلانی خەڵکدا بچێنن.

### گەلۆ هەڵبژاردنی ڕێکەوتی ۲۸ی گەلاوێژ بۆ ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان بە هەڵکەوت بووە؟

کۆدیتای ئیمپریالیستی ئەمریکا و ئینگلیز دژ بە دەوڵەتی یاسایی موسەددیق لە ڕۆژی ۲۸ ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

بەڕێوە چوو و ئەو ڕۆژە لە مێژووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێراندا وەک 'ڕۆژێکی نگریس' تۆمار کراوە و هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژەش بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان لە لایەن خومەینییەوە بە هەڵکەوت نەبوو. خومەینی بە زانیارییەوە و بە ئاگاداری لە چۆنایەتی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ئەو ڕۆژەی بۆ ڕاگەیاندنی 'جیهاد' دژ بە گەلی کوردستان هەڵبژارد. بۆ مەگەر ئەوە نەبوو کە کودیتاکە ی بە 'شەپلاخەیەکی خودایی لە بناگوێی موسەددیق' (ناوەرۆکی قسەکە) ناو بردبوو وئەو ڕووداوە نگریسەی بە زانیارییەوە تەقدیس کردبوو؟ بەڵی، خومەینی ئەو ڕۆژە شوومەی بە ڕاگەیاندنی جیهاد دژ بە کوردستان ژیاندەوە و لە ئەنجامدا، گەلی کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دا دوو جار برانە کوشتارگە. لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی 'جیهاد' ەوە تا ئێستا، حە فتە نەبووە لاوانی خەباتگێڕی کورد لە ژێر ئەشکەنجە دا گیانیان بەخت نەکردبێت یان لە لایەن بێدادگە ئیسلامییەکانەوە ناجوامێرانە ئیعدام نەکرابن، یا خود بەکرێگیراوانی ڕژیم لە دەرەوەی وولات، بە تایبەت لە کوردستانی عیراق، تیرۆریان نەکردبێتن. ترۆری یەک بەدوای یەکی ڕووناکبیر و ڕێبەرانی سیاسی گەلی کورد، نموونەی ڕوون و لەبیر نەچووی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەن و قەراری دادگای میکونوس بۆ مەحکوم کردنی ڕێبەرانی پلەی یەکەمی کۆماری ئیسلامی شایەدی ئەو ڕاستییەن.

ئێمە- ئەوانەی وا ئەم ڕاگەیاندنەمان واژۆ کردووە، بە هەستی بەرپرسیایەتی و بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری هەزاران مرۆڤی کورد کە بوونەتە قوربانی دەستدرێژییەکانی ڕژیمی دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ئێران، خەڵکی جیهان و خاوەنی ویژدانی بەخەبەر لەم ڕاستییانە ئاگادار دەکەینەوە و بۆ ئەوەی بیرەوەری تاڵی ئەم جینایەتانە لە بیر نەچێت، پێشنیار دەکەین کە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە کوردستان ڕابگەیێنرێت.

پێشنیاز دەکەین ئەمساڵ و هەموو ساڵێک لە سەعات ١٢ی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ (بە کاتی ئێران) دا، خەڵکی کوردستان بە کرێکار، جوتیار، فەرمانبەری ئیدارات و ڕێکخراوە دەوڵەتی و تایبەتییەکان و هەموو توێژەکانی دیکەوە، لە هەرکوێیەکی جیهان بوون، دەست لە کار بکێشنەوە و دوودەقیقە بێدەنگی ڕابگرن. پاشان بۆ دانانی گوڵ، بچنە سەر گڵکۆی ئەوانەی وا لە ڕێگەی ئازادیدا گیانیان بەخت کردووە و هەروەها بچنە چاوپێکەوتنی بنەماڵەی بەرێزی شەهیدان و بەم شێوەیە، یادی هەموو گیان بە خت کردووانی ڕێگای ئازادی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان زیندوو ڕابگرن.

ئێمە لە گەلانی ئێران وهەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چالاک و ڕاگەیاندنە گشتییەکان دەخوازین دەنگیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە و ئەم هەنگاوە پەسند بکەن و لە خەلک و لایەنگرەکانیان بخوازن کە هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان، ئەم ڕێزگرتنە، لە ڕێگەی دوو دەقیقە بێدەنگی یەوە، بەڕێوە بەرن.**

**ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهان! ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ! ویژدانە بەخەبەرەکان! مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز! ئێوە لەڕێگەی پشتگیریکردنی ئەم بزووتنەوەی نارەزایی دەربڕینەوە، خۆتان لە تەنیشت گەلێکی مەزلوومدا دەبیننەوە کە دەیان ساڵە بۆتە قوربانی دەستدرێژی و هەموو چەشنە جینایەتێکی دیکەی دژی مرۆفایەتی لە ئێران. خەڵکی کوردستانیش وەک گەلانی تر مافی ئەوەیان هەیە لەو مافە ناسراوانەی وا لە جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ومەنشوری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون کەڵک وەربگرن. هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ماتەمینی گشتیدا، دەری بخەن کە مافەکانی مرۆف دەکرێت و دەبیت سەرانسەری جیهان و هەموو نەتەوەکان بگرێتەوە.**

**خاوەن ئیمزاکان:**

**صارم الدین صادق وزیری، باقر موئمینی، دوکتۆرحوسەین خەلیقی، هاشم کەریمی، غەنی بلووریان، عەزیز ماملێ، ئەنوەر سۆڵتانی، یۆسف ئەردەڵان، دوکتۆر سوهەیلا قادری، نەجمەددین غوڵامی، ناسر ڕەزازی، ڕەشید فەیزنەژاد، کاڵێ ئاتەشی، ناهید بەهمەنی، دوکتۆرمحەممەد ڕەحیمی، عەلی میهرپەروەر، دوکتۆر کامران ئەمین ئاوە، ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، ئێران نەسیمی، گەلاوێژ حەیدەری، زبێدە (زبێ) زەبیحی، مەلەکە مستەفا سوڵتانی، جەمیل محەممەدی (جەمیل نەوەرە)، جەعفەر تیکانتەپە، سیامەند موعینی، هوشەنگ خەتمی، ئاسۆ ساڵح، شەهلا دەبباغی، سەدیقە نەبەوی، عەتیە میعمارپوور، شەیدا میعمارپوور، خەلیل حەواری نەسەب، حەسەن دەرزی، مەعرووف کەعبی، مستەفا مودەڕڕسی، عەبدولعەلی سەنجابی، ئازاد سەقزی، نادر فەتحی، کەریم دانشیار، ئەحمەد بەهرامی، ئیبراهیم فەرشی، ڕەحیم بەهرام زادە، ئەمیرقازی، جەمعییەتی کوردانی دانیشتووی فەڕەنسە، سیروان کاوسی، ماناز قورئانی، محەممەد ئەحمەدیان، سورەیا باباحاجیانی،**

**سەرچاوە : ماڵپەری ئەمرۆ**

## ڕاگەیەندراوی سازمانی خەبات بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژساڵرۆژی فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری سەرەتای قۆناغێکی تاڵ و پڕ ئازارە کە گەلی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتداری ڕژێمی خومەینی تووشی هات. ٢٨ی گەلاوێژ ئەو ڕۆژە ....

شوومەیە کە فەرمانی جیهاد دژی گەلی کوردی تێدا دەرکرا و خومەینی جینایەتکار فەرمانی بە هێزە درندەکانیدا هێرش بەرنە سەر کوردستان و لە ماڵ و ناموس و گیانی هاوەلاتیانی کورد و هیچ جینایەتێک دەست نەپارێزن.
لەکاتێکدا کورد دەیهەویست لە ڕێگەی ئاشتیەوە چارەسەری کێشەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیم بکات ڕوی ڕاستەقینەی دەسەڵات بە دەرکردنی ئەو فەرمانە درندانەیە بۆ گەلی کورد ئاشکرا بوو. هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی بنەما ئیدئۆلۆژییە دواکەوتوەکانی ئەو دەسەلاتە دژی مرۆڤە هەر جۆرە هەولێک بۆ چارەسەری ئاشتیانە، لەلایەن دەسەڵاتەوە شکستی پێهێندرا و تەنانەت هەوڵی کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی ئەو گەلە لە ڕێگەی ئاسن و ئاور و باروت درایەوە و وەڵامی خومەینی بۆ داوا ڕەواکانی کورد سڕینەوەی یەکجاری ئەو گەلە بوو. لەدوای ئەو هێرشە، خەڵکی کوردستان خۆراگرییێکی کەم وێنەی مێژووییان بەڕێوە برد و لە ڕێگەی جۆراوجۆر بەرپرچی ئەو حوکم وهێرشە درندانەیان دایەوە، بەڵام سەرەرای ئەوەش بەداخەوە دەرئەنجامی ئەو شەڕە داسەپاوە کارەساتێکی هەژێنەری مرۆیی بوو کە تێیدا بە سەدان ژن و منداڵ و گەنج و پیری کورد لە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستان بوونە قوربانی و شەهیدکران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەماوەی هێرشی هێزە بەکرێگیراوەکان بۆکوردستان و لەو قۆناغە سەختە دا پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لە ژێر رێبەرایەتی مامۆستا سەیید جەلالی حوسەینی خۆراگری وقارەمانی کەم وێنەیان ئەنجامدا بەتایبەت لە تێکشاندی هێزی گاردی جاویدان (سپای قودس) وانەیێکی کەم وێنەیان بە دەسەڵاتداراندا و لەدوای ئەو جەنگە کەم وێنەیە خومەینی ناچاربوو لە رادیۆ تاران بڵێ "خەڵکی کوردستان من دەنگی ئێوەم بیست" و سەرلەنوێ بانگەشەی فریوکارانەی دیاڵۆگ و چارەسەری ئاشتیانە بەرز بکاتەوە.

بێ گومان بە تێپەرینی ٣٤ساڵ بەسەر ئەو کارەسات و سەردەمەدا، قورسایی ئەو فەتوا درندانەی خومەینی لەسەر شان و ژیانی خەڵک ماوە و بە رێگەی جۆراوجۆر لەلایەن کاربەدەستانی رژیمەوە تا ئێستاش کاری پێدەکرێ. هەر لەو چوارچیوەدا ٣٤ ساڵە کوردستان لە رێگەی فشارە ئابووری و سیاسی و ئەمنیەتی و پەرەدان بە خەسارە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن دەسەلاتەوە ئەوفەتوایەی لەراست بەرێوە دەچێ. باوەر بەوەی کە دەسەڵات بە گۆرینی مۆرەکانی لەراست خەڵکی کورد گۆرانی بەسەر دا بێ خەیالێکی دوور لە راستی و چەواشەکارانەیە. تەنیا رێگەی کۆتایی و هەڵوەشانەوەی ئەو فەتوایە و رزگاری خەڵکی کورد لەدەست مەینەتی و بێ بەشیەکانی دەسەڵات نەمانی ئەو دەسەڵات و سیستەمە و جێگرکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک و خەڵکیە.

جێگەی دڵخۆشیە کە خەڵکی کوردستان بە ئیرادەییێکی قایم بۆ گۆرانی دۆخی هەنووکەیی لەسەرانسەری کوردستان تێ دەکۆشن و سەرەرای بەرەوسەر بردنی فشارە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان خەڵک زیاتر پێ لەسەر مافەکانیان دادەگرنەوە و ووشیارییەکی سیاسی بەربڵاو لە ئاستی کوردستان بەرچاو دەکەوێ.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەساڵیادی فەرمانی دزێوی خومەینی بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان سڵاو و درود دەنێرێ بۆ روحی پاکی شەهیدان و دووپاتی دەکاتەوە کە باش بوونی دۆخی گەلی کورد بە مانەوەی ئەو دەسەڵاتە هەرگیز وەدی نایە و تەنیا چارەسەر هەوڵ و خەباتی هەمەلایەنە و هاوخەباتی لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێران بۆ نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتە نارەوایە لە وەلاتی ئێرانە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کومیتەی ناوەندی - ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٢

سەرچاوە: ماڵپەری خەباتی کوردستانی ئێران - رێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## له رۆژی ٢٨ی گەلاوێژدا چ بکرێت؟ چ ناوێک بۆ ئەو رۆژە دیاری بکرێت؟



بەیان - راپۆرتی تایبەت: له بەرەبەری هاتنی ٢٨ی گەلاوێژ داین. ٢٨ی گەلاویژی رۆژی دەرکردنی فتوای خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر رۆژهەلاتی کوردستانە. سێ دەیە لەمەوپیش خومەینی بە دەرکردنی فتوایەک فەرمانی کوشتنی خەلکی کوردی لە ئێران دەرکرد.

پاش سێ دەیە لەو کارەساتە هەتاکوو ئیستاش لای کوردەکان یادکردنەوەی پێویستی بۆ نەکراوەو وەک رۆژێکی کارەساتباریش یادی ناکەنەوە.

سایتی بەیان لە گەڵ بەرزراگرتنی بە گژداچوونەوەی کورد بەرامبەر بە فتواکەی خومەینی دەپرسێت پێویستە لەم رۆژەدا چ بکرێت و چ ناوێک بۆ ئەو رۆژە دیاری بکرێت؟

- رۆژی ماتەمینی کوردستان؟

رۆژی خۆراگریو بەرەنگابوونەوە؟

تو پێتوایە چ ناوێک بۆ رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ هەلبژێردرێت باشترە؟

لە لایان ماڵپەڕی "بەیان"ەوە ئەم پرسیارانە ئاراستەی کۆمەڵێک لە نووسەر، مێژوونووس و سیاسەتوان، شاعیر و رۆژنامەنووسی رۆژهەلاتی کوردستان کراون و لە خوارەوە دەقی راو بۆچوونیان بەرامبەر بەو رۆژە بخوێننەوە.

**ناسر ئێرانپوور: پێویستە ئەم ڕۆژەبکرێتە هێمای و نمادی شەڕخوازی و دژایەتی خومەینی و ڕژیمەکەی لە گەڵ گەلی کورد.**

**دەپرسن: چ ناوێک بۆ ئەورۆژە دیاری بکرێت: ڕۆژی ماتەمینی کوردستان یان رۆژی خۆراگری و بەرەنگاربوونەوە؟ لەگەڵ ناوزەدکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی "ماتەمینی" نیم. ئەم وشەیە بۆنی ئاییینی لێدێ و ناتەبایە لەگەڵ ئەم هێرشە بەرفراوانە. ڕەنگە "ڕۆژیشەڕفرۆشی حکومەتی ئیسلامی بە کورد" دیاری بکردرێ، باشتر بێ. ئەگەر قەراروایە ڕۆژێکی ماتەمینی دیاری بکەین، ئەوە باشتر ڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو وەک ئەم ڕۆژە دیاری بکەن.**

**بێهزاد خۆشحاڵی: رۆژی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان گونجاوترین ناوە بۆ رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ.**

**بە ڕای من ئەگەر بتوانین کۆدەنگییەک لە نێوان یاساناس و پارێزەرانی مافی مرۆڤ پێک بێنین و لەو رۆژە کە سەرکوتی خەڵکی کوردستان دەست پێدەکات هەتاکوو ١١ی خەرمانان کە ساڵرۆژی کۆمەڵکوژی قارنێیە وەک دۆسیە" جینایەتی دژ بە بەشەرییەت بکەین بە سەنەدی جینایەتی کۆماری ئیسلامی" و "وەک بەڵگەنامەی حقوقی جینایی دژ بە مرۆڤ" ئەتوانین بەڵگەیەکی مێژوویی - یاسایی بۆ ئەو جینایەتە بخوڵقێنین و ئیتر ئیجازە نەدەین هەر حکوومەتێک هەلسێ و ئۆپراسیۆنی بە کۆمەڵ کوشتنی کورد لە مێشک و کردەوەیدا بخاتە دەستووری کارییەوە.**

**جەمال نەجاری :ئەوەی کە تا ئێستا کراوە لە قەدەر مەزنی ئەو کارەساتە مێژوویە نییە کە بەسەر گەلی کورد هاتووە**

**سەرەتا سپاس بۆ ئێوە کە گرنگی و بایەختان بە مەسەلەی فتوای جیهاد دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان داوە و ئومێد دەکەم هەموو میدیاکانی دیکەش بە بایەخەوە سەیری ئەم کۆمەڵکوژییە بکەن کە سی و چەند ساڵێک لەو پێش بە فەرمانی خومەینی دیکتاتۆر بە سەر گەلەماندا سەپێدرا.**

**٢٨ ی گەلاوێژ یادکردنەوەیەکی تاڵە بۆ گەلی کورد و پەڵەیەکی رەشە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران و رێبەرەکانی، ئەم فەرمایە کە خۆی بە فتوایەکی شەرعی پێناسە دەکرد بە ناوی کۆمارێکی ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەر کار و لە لایەن دامەزرێنەری ئەم کۆمارەوە فەرمانی جێبەجێکردنی درا سەرەتایەک بوو بۆ شەڕێکی**

دژخایەن لە گەڵ گەلی کورد لە رۆژهەڵات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەم گەلە چەوساوەیە کە هەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە بە دەستی پێشەوای نەمر قازی محەمەد خەباتی دەست پێکردبوو، بۆیە رێبەری کۆماری ئیسلامی بەم فتوایە شەڕ لەگەڵ کورد و بزووتنەوەکەی بە حەلال و شەرعی لەقەڵەمدا و بە دەرکردنی ئەم فەرمانەش کوردستان جارێکیتر داگیرکرایەوە و ئەم داگیرکارییە هەتا ئێستاش بەردەوامە و لە ئەنجامی ئەو داگیرکارییەدا کوشت و کوشتارێکی بێرەحمانە لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەرێخرا و بە هەزاران خەلکی بێتاوان بوونە قوربانی و ئازدیخوازانی کورد لە سێدارە دران و کۆمەڵکووژی و ڕەشە کوژی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، پۆل پۆل لاوان لە شارەکانی کوردستان ئیعدام دەکران و شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر گەلی کورد دا سەپا و شار و دێهاتەکانی کوردستانی گرتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە کوردستانی داگیر کرد و بە تەواوی ملیتاریزەی کرد، حیزبەکانی لە شارەکان وەدەرنا و دەستی بە سەر ناوچەی کوردستان و سامان نەتەوەییەکەیدا گرت، ئەوان بە کوشتاری بێرەحمانەی خەڵک لە گوندەکانی قاڕنێ و قەڵاتان ئەو پەڕی جینایاتی خۆیان نیشاندا کە تیایدا بەزەییان بە ژن و منداڵ نەهاتەوە و حورمەتی مزگەوتیان شکاند و قورئانیان سووتاند، ئەمە جگە لە ژینوساید و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد ناکرێ هیچ ناوێکی دیکەی لەسەردا بنێن، شەڕی ٢٤ رۆژەی سنە و کوشتاری خەڵکی ئەم شارە و لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مهاباد و جینایەتەکانی خەڵخاڵی هەموویان باس و لێدانەوەی زۆر هەڵدەگرت و لەم دەرفەتە کورتە ناکرێ قسەیان لەبارەوە بکەین.

بەلام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە لە پاش ئەو سی و چەند ساڵەدا گەلی کورد و حزبەکانی رۆژهەلات بەداخەوە بایەخیان بە مەسەلەی جیهاد دژی گەلی کورد نەداوە و هەموو ساڵێ لە کاتی یادکردنەوەکەیدا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک باسەکە کۆتایی پێ هێناوە. ئەگەر گەلی کورد لە رۆژهەڵات ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا دەچەوسێتەوە و توانای دەنگ هەڵبڕینی نییە، خۆ حیزبەکان ئازادن و دەتوانن لە میدیاکانی خۆیان و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا شروڤە و لێدانەوەیان بۆ کوشتاری گەلی کورد لە ٢٨ی گەلاوێژ هەبێت؟ ئەوەی کە تا ئێستا کراوە لە قەدەر مەزنی ئەو کارەساتە مێژوویە نییە کە بەسەر گەلی کورد هاتووە، دەبوایە وەک گەلی جوولە کە کارەساتی هۆلۆکاست یان بە هەموو دونیا ناساند فیلم و دیکۆمێنت و شانۆیان لەسەر کردو شیعر و چیرۆک و رۆمانیان لەسەر نووسی، با ئێمەش بەمجۆرە لەسەر کارەساتی ٢٨ی گەلاوێژ بدوێین و بابەتی لەسەر بنووسین و بە نەوەی نوێی نیشان بدەین کە کۆماری جینایەتی ئیسلامی چی بەسەر گەلی کورد هێناوە. با حیزبەکان زیاتر

**خۆیان ماندوو بکەن، با پتر لە سەر ئەو رووداوە تاڵانە ورد ببنەوە با چیت بەیانانامە دەرنەکەن، پێویستە حیزبەکان واز لە دووبەرەکی و دژایەتی یەکتری بێنن و بە هاودەنگی و هاوهەڵوێستی دۆزی گەلەکەیان بەرەو پێشەوە ببەن.**




**پێویستە لە ساڵەوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژدا ئەوەی لەدەستمان دێ بۆ ناساندنی جینایەتەکانی رژێمی کۆمەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بیکەین، هەر کەس چی لەدەست دێ بیکا، نارەزایی خۆمان دەربڕین دژ بەم تاوانە دژە گەلییە، مەرج نییە نارەزایی دەربڕینی هەموومان وەک یەک بێ، گرنگ ئەوەیە ئەم مەسەلەیە بە تاوانێکی مەزن بزانین و بۆ ناساندنی هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە.**

**ئێمە وەک کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەوان بۆ ئەمساڵ کەمپەینێکمان وەگەڕ خستووە بۆ ٢٨ی گەلاوێژ بە ناوی "حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" و پێمان وایە لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دا جارێکیت رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دەرکردنی فتوایەک داگیر کرایەوە و پێویستە کۆتایی بەم داگیرکارییە بهێدرێت.**

**ئەوەی کە چ ناوێک بەو یادکردنەوەی ئەم رۆژە دابندرێت دەگەڕێتەوە سەر هەست و شعووری تاکەکانی کۆمەڵگە کە چۆن لەم رووداوە دەڕوانن، هەموو ئەو ناوانەی ئێوە پێشنیارتان کردووە لە جیی خۆیانن و دەکرێ بە رۆژی ماتەمینی کوردستان و رۆژی خۆراگری و بەرەنگابوونەوەی لەسەر دابندرێت بەڵام ئێمە لە کەمپەینی " حەوتووی بەرەنگار بوونەوە دژی داگیرکاری رۆژهەڵاتی کوردستان" بەو قەناعەتە گەیشتووین کە دەبێ کۆتایی بە داگیرکاری**

سیاسی و کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بهێندرێت و بهێڵن خەڵکی کوردستان لە ئازادی سیاسی و ئازادی و کۆمەڵایەتی و کلتووریدا ژیان بکات و شتی بەسەردا نەسەپێنن.

ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین تۆ زیاتر ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران لە کوردستان و لەسەر ئەو باوەڕەین بە هاودەنگی و هاوهەڵوێستی دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. کورد دەبێ هاودەنگ و هاوهەڵوێست پێ لەسەر مافی رەوای خۆی دابگریت کە ئەویش مافی هەیە وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە کیانی سیاسی خۆی هەبێت و خۆی بەرێوەبەری وڵاتی خۆی بێت، با کۆتایی بە داگیرکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بێنین و هاو دەنگ و هاورا بۆ گەیشتن بە ئامانج بە یەکەوە هەنگاو باوێین.



**محەمەد حەکیمی**: رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە بروای من هیچ کاتێک رۆژی ماتەم و شین نیە

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ رۆژی بەرنگاری و شۆرش و خۆراگری گەلی کوردە بە دژی یەکێک لە دیکتاتۆرترین و خوێنرێژترین مرۆڤەکانی سەر زەویە، کە لە ژێر ناوی خوا و ئاییندا فەتوای هێرش بۆ سەر کوردستانیا دەرکرد و فەرمانی جیهادی بە دژی گەلێ کورد ەرکرد و دەستووریدا کە لە زەوی و ئاسمان و بەحرەوە هێرش بکەنە سەر کوردستان.

بەرێزان منیش لە گەڵ ئەوەدام کە بەراستی هیچی وا بۆ ئەو رۆژە نەکراوە و دەبوا ئەو رۆژە وەکوو رۆژی خۆراگری گەلی کورد و هەروەها کلە دەرەوەش وەکوو کۆمەڵکوژی بە جیهان بناسیندرایت بەڵام بەداخەوە لایەنە سیاسیەکانی ئێمە بە هیچ شێوەیک گوێ بەو شتانە نادەن و نەیانداوە و ئەمەش کارەساتە کە ریبەری گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات گوێ بەم مێژووە گرنگانە نادات.

بە سپاسەوە بۆ ئێوەی ئازیز من پێشنیار دەکەم وەکوو رۆژی خۆڕاگەی و بەرنگاربوونەوە بناسێنرێت زۆر باشترە، چۆنکا گەلی کورد تا ئەمرۆکەش هەر خەریکی موبارزە و خۆراگرییە نلە بەرامبەر دەسەڵاتێکی نگریش و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییدا..

**سۆران پـاڵانی**: مـن پـێم وایە دەبێـت زیـان و زەرەرەکـانی ئەو کارەسـاتە گەورەیە کە لە راسـتیدا کەورەتـرین و درنـدەترین کارەسـات لە هـاتنە سـەر کـاری رژێمـی تـازە بە دەسـەڵات کەیشتووی کۆمـاری ئیسلامی بە پێـی زمـارو ئامرێکی زانستیانەو راست دروست و بە شیوەی دیکۆمنتی ئەرشیف بکرێـت و بەربەرەکـانی و خۆراگری و نوانـدنی داستانە قارەمانەکانی ئەو کارەسـات و شەرە نەخوازراوە کە نـاوی فتوای جیهـادی لێنـا خەمەینـی بکرێتە دەرس و چەندین لیکۆلینەوەی لە سەر بکری و بۆ ئەوەی نەوەکـانی داهـاتوو وەک وانە و بەشێک لە مێـژووی درنـدەی داگیـر کەران و بەشێکی بێوێنە لە خۆراگری نەتەوەیەک لە بیری نەکەن و سودی لیوەرگرن.

دەبیت لەم رۆژەدا هەموو ساڵێک تێکرای نەتەوەی کورد بە هەمـوو بیـرو بـاوەریەکـانەوە لە هەر کوێیەکی ئەمدنیا هەن بە هر جۆرێک کە بۆیـان دەکرێ یـاد لەم رۆژە بگـرن و بە تـایبەت ناوەنـدەکانی مـافی مرۆڤ و ناوەنـدەکانی پشـتیوانی لە میللەتـانی بندەسـت بە شـیوەی تەواوی لەم کارەسـاتە ئاگـادار بـکەنەوە بـۆ ئەوەی بتـوانین ئەم کارەساتەی کە سی ساڵ زیتری بە سەر دا تێدەپەری وەکو جینۆساید دژی نەتەوەیەک لە ناوەندە نێو دەوڵەتیەکان دا بناسری من پـێ وایە ئەم رۆژە رۆژی خۆراگـۆری و بەرنگـاربوونەوە و خوڵقانـدنی داستانی بێوینەیە لە مێـژووی نەتەوەکەماندا کە دەبێت بە شتنازیەکی گەرورە لە مێژوودا بینووسینەوەو رێزی لێبگرین.

سڵاو لە شەهیدانی قارەمانی و بەشدارانی بریاردەری رۆژی بەرەنگاربوونەوەو خۆراگری خەڵکی کوردستان.

**ئەمجەد حسێن پەناهی**: گەلی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران یەکیک لەو نەتەوانە بـووە کە مێژوویکی دورو درێژی لە خەبات بۆ سەربەخۆیی و بەدیهاتنی مافەرەواکانی خۆی هەیە لەم مێژووە پڕ لە هەورازو و نێشێوە



**دا زۆر روداوی تاڵ و ناخۆشی بە خۆیەوە بینیوە یەکێک لەو ڕوداوانە کە بە دوای ڕاپەرینە گشتیەکەیً خەڵکی ئێران بە گشتی دژ بە رژیمی پاشایەتی ٢٨ی گەلاوێژە کە دوای دەرکردنی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لە لایەن خۆمەینیەوە بوو کە ئەم شەرە لە ناو کۆرو کۆمەلی کوردەواریدا بە شەری ٣ مانگە ناسراوە. لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان بۆ بە قولی خۆیان دەرکردنی هێزی پێشمەرگە لە کوردستان کە پیان وابوو ئە توانن گەلی کورد بێدەنگ بکەن لە بەرانبەر خاستەکانیدا بەلام گەلی کورد بە یەک دەنگ و یەک هەلوێست بەرەنگاری ئەم شەرە بووەوە لە پەناێ ئەمەیشدا دەرسێکی مێژوویی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان تومار کرد ئەم ئەزموونە مێژوویە کە ئێستا هەموومان شانازی پێوە دەکەین دەبێت بیکەین بە نموونە بۆ یەکریزی ئێستامان و داهاتویش.. بە ڕایً من دەبێت لەم رۆژە دا خەڵکی کوردستان بە گشتی هەموو هێزە سیاسیەکان بە هەر جیاوازیکی فکری کە هەیانە ئەم رۆژە بکەن بە رۆژی خۆراگری و بەرخۆدان دژ بە داگیرکەرانی کوردستان.**

**سەرچاوە: ماڵپەری بەیان - ڕێکەوتی: ١٧ی ئاگۆستی ٢٠١١**

## به مەبەستی مانگرتنی گشتی لە یادی ٣٢ ساڵەی فەتوای خومەینی لە دژی نەتەوەکەمان

**بانگەوازی هاوپەیمانی ستراتیژیکی رۆژهەلاتی کوردستان**

**به مەبەستی مانگرتنی گشتی لە یادی ٣٢ ساڵەی فەتوای خومەینی لە دژی نەتەوەکەمان**

**گەلی وڵات داگیرکراوی کوردستان**

**کچان و کوڕانی نەتەوە خواز**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**

**کۆڕ و کومەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان و ئێران و کوردستان**

**بە بۆنەی تێپەڕبونی ٣٢ ساڵ بەسەر فەتوای جیهادی خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی گەلی ئازادیخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و قوربانی بوونی هەزاران کەس لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان ،بە مەبەستی تێکشکانی ئیرادەی نەتەوەیی و سەرکوتی هەمەلایەنە؛**

**هاوپەیمانی ستراتیژی رۆژهەلاتی کوردستان لە ڕێگەی ئەم راگەیەنراوە وە بانگەوازی مانگرتنی گشتی ئاراستەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکات و داواکارین کە لە ٢٨ی گەلاوێژ دا خەڵکی بە ئەمەگی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی ئەم کارەساتە لە بیر نەکراوە، ئەم چەن خاڵە پێشنیارکراوەی هاوپەیمانیەکەمان رچاو بکەن؛**

**١- لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دا وێڕای داخستنی دوکان و بازارەکان لە چوونە دەر خۆ ببوێرن.**

٢- له رۆژی ٢٨ی گەلاوێژەوە تا ٣ی خەرمانان ببێتە حەفتەی بەرنگاری لە دژی داگیرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٣- داواکارین لە خەلکی کوردستان سەعاتی ٩ی شەوی ٢٨ی گەلاوێژ بۆ ماوەی ٥ خولەک(دەقیقە) گڵۆپ و رووناکایی ماڵەکانیان بکوژێننەوە.

٤- هەر لەم راگەیاندراوە دا ، داواکارین لە سەرجەم حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە دەرکردنی راگەیاندنێکی هاوبەش هاوئاهەنگ لەگەڵ بانگەوازی هاوپەیمانیەکەمان داوای مانگرتنی گشتی بکەن لە کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان.

ناوەندی راگەیاندنی

"هاوپەیمانی ستراتێژی"

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

پارتی لیبراڵ دیمکڕاتی کوردستان

پارتی ئازادی و دیموکراسی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەری پینوسەکان - رێکەوتی: ١٥ی ئاب (ئاگۆست)ی ٢٠١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی پەرچدانەوەی مرۆڤ کوژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

**نە بۆ بەندیخانە! نە بۆ گیان ئەستاندن ! نە بۆ کۆماری ئیسلامی!**
**خەڵکی وریا و تێکۆشەری کوردستان!**

لە ساڵە وەختنەی فتوای هێرشە شەری ئایینیی ئایەتوڵلا خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان (٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی)، کە دەسپێکی شەپۆلی داپڵۆسین، سەرکوت، کۆکوژی و مالوێرانی و ئاوارەبوونی تێکڕایی خەڵک بوو، شەڕێکی تۆکمەی توندیش بە سەر خەڵکی کوردستان داسەپێنرا.

ئەم فتوایە، هەر نەک یەکەم کازیوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژێم دژ بە خەڵکی کوردستان بوو، بەڵکو لە ڕاستیدا زاڵ بوونێکی ڕەبەقی کۆنەپەرستی و دوور لە یاساییش بوو، کە حکومەتێکی بێ بەزە و چەوت و چەپەڵی لێ ساز بوو. حکومەتێک کە هەر دەنگێکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی بە زیندان و بەند و ئازار و فەوتاندن وەڵام دایەوە و بە پشت ئەستووریی کۆنەپەرستانی ناو کۆمەڵگە، کپی و بێدەنگییەکی مردووخانەیی بە سەر گۆشاوگۆشی ئێران دا سەپاند.

خۆبەخشانی شێت و شەیدای ویلایەتی فەقیە لە کوردستاندا جینایەتێکی ئەوتۆیان لە دەست هەڵوەری کە لە دیرۆکی نەتەوەکانی سەر ئەم جیهانە دا بێ وێنە بووە. ئەوان، هاودەم دەگەڵ ڕاگەیاندنی فتوای شەڕی ئایینی لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی و ناردنی خەڵخاڵی مرۆڤکوژ بۆ کوردستان، گەنج و پیریان پۆل پۆل ڕادایە بەر گوللە. پزیشکەکان، برین پێچ و تەنانەت برینداراانی ژێر دەرمانیش لەم کۆکوژییە دەرنەچوون. بە فەرمانی مەلا حەسەنی و بەڕێوەبردنی سەرهەنگ زەهیرنەژاد سەرۆکی ئەوکاتی لەشکەری ٦٤ی ورمێ، لە شارەکانی نەغەدە، شنۆ، مەهاباد، ورمێ و سەلماس دا شەڕیان بە خەڵک فرۆشت و نیشتەجێیانی دەیان گوند و ئاواییان دایە بەر دەسرێژی گوللە؛ وێنەی زیندوویان قاڕنێ و قەڵاتانە. هاوکات، لە بەندیخانەی شاری تەورێزیش دەیان ڕۆڵەی کوردیان بەبێ هیچ سەرخوێندنەوە و دادگایی کردنێک، لە شەو دا تیرباران کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

له یەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی شەڕی ئاییینی هەتا ئێستا، هەزاران تێکۆشەری کورد، لەوپەڕی ناجوانمێری دا، لە لایەن دادوەرانی مێشک ترشاوی دادەگەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سزای مەرگیان بە سەر دا سەپاوە و شەهید کراون، یان لە هەندەران، بەتایبەت لە کوردستانی عێراق، بکەرانی نادیاری کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستاندوون.

ترۆری یەک بە دوای یەکی ڕوناکبیران و سەرۆکانی سیاسیی خەڵکی کورد، وێنەگەلی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕەشەکوژییانەی دژ بە مرۆڤن و دەنگی دادگای میکونوسی ئاڵمان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی تاوانباریەتی سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم کوشتارە دا، پشت ڕاستکەرەوەی ئەم ڕاستییانەیە.

بە تێپەڕ بوونی زێدە لە سێ دەیەی ڕاگەیاندنی شەڕی ئاییینی، ئێستایش ئەگەر خەڵکی وریا و مافخوازی ئێران بە بۆنەگەلی جۆراوجۆر نیازی وەڕێخستنی خۆنیشاندانێکی ئاشتیخوازانەیان هەبێت، ڕژێم بۆ چاوترساندنی خەڵک، بە گورجی چەند ڕۆڵەی تێکۆشەری سیاسیی کورد لە دار دەدات و بەم چەشنە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات لە هیچ سووکایەتی و پێشێلکردنێکی مافی ئینسانی خۆ ناپارێزێت.

ئێمە ئەو کەسانەی وا ئەم بانگەوازەمان واژۆ کردووە، لە ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی فتوای خومەینی (٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی) لەمەر کوشتاری خەڵکی کوردستان و بۆ ڕاگرتنی ڕێز و خۆشەویستیمان سەبارەت بە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، ڕایدەگەیەنین کە:

ڕۆژی پێنجشەمۆ ٢٨ی گەلاوێژ، ڕێکەوتی ١٩ ئاگوست کاتژمێری ١٢ نیوەڕۆ بە کاتی ئێران - لە ئەورووپا دا کاتژمێری ٩:٣٠ ، خەڵکی کوردستان بە تێکڕای کرێکار، موچەخۆرانی ئیداری و کارمەندانی ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان و کەرتی تایبەت و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەر جێ و شوێنێک هەن، دوو خولەک بێدەنگی ڕابگەیەنن. ئەمجار بۆ دانانی چەپکە گوڵ لە سەر گڵکۆی گیانبەخت کردووانی ڕێگای ڕزگاری و سەردانی بنەماڵەکانیان ، ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەجێ بهێنن. هەروەها بۆ پەرچدانەوەی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوویی دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافخوازانەی خەڵکی ئێران، لە کاتژمێری ١٠ی شەو بە کاتی تاران، بە ماوەی دوو خولەک چراکانی ماڵ و شوێنی کاری خۆیان بکووژێننەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

هاووڵاتییانی بەڕێز! ژنان و پیاوانی وریا و لاوانی لە گیان بوردووی ئێران! لە ساڵەوەختینەی فتوای ئایەتوڵڵای خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان؛ ئێوەیش دەتوانن بە تێکۆشانی وریایانەی خۆتان لمبۆزی دێوی دیکتاتۆڕی بلەوەز لە خۆڵی ڕێگاتان وەربدەن.

وەرن با دەست لە ناو دەست و شان بە شانی تێکۆشەرانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، دەنگی هاواری ئازادی و مافخوازیمان پێکەوە تێکەڵ بکەین و هەتا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆمان نەسرەوین. هەمووومان پێکەوە و یەکدەنگ بڵێین کوشتن، ترۆر، ئەشکەنجە و زیندان ئیتر بەسە. ئەمجار بە هەنگاوی لێبڕاوانە، بۆ دانان و دامەزرانی ڕژێمێکی دیموکراتیک و شارستانیانە و پێشڕەو، بەرەو پێش بچین.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد - ئوروپا

سەرچاوە: کوردستان پۆست - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی بەرەنگاری گەلی کورد دژ بە هێرشی کۆماری ئیسلامی




بیست وهەشتی گەلاوێژی هەموو ساڵێک، وەبیرهێنەرەوەی لاپەڕەیەکی گرینگ لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، واتە شکڵ گرتنی بەرەنگاری نەتەوەیی و یەکگرتووانەی سەرجەم خەڵکی کوردستان، بەرانبەر بە هێرشی نیزامیی و داگیرکەرانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خۆمەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ هاتە ئاراوە. کوردستان پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ توانی بۆ ماوەیەکی کورت شنەبای ئازادی هەڵمژێت و بە شێنەیی هەنگاو بەرەو خەملینی خۆی هەڵگرێت.

ئەو سەردەمە، لە کاتێکدا ئیسلامی سیاسی توندرەو بە ڕێبەری خومەینی باڵی ڕەشی خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵگای ئێراندا سەپاندبوو، کوردستان وەک کۆمەڵگایەک کە خەریک بوو هەموو جموجۆڵێکی کۆمەلایەتی و سیاسی فرەچەشنی لە هەناوی خۆیدا پەرەوەردە دەکرد، بزووتنەوەیەکی سێکۆلار و پێشکەوتنخوازی لە کۆی ئەم جموجۆڵانەدا پێگەیاندبوو. ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازانەی بزووتنەوەی کوردستان، عەداڵەتخوازی و بوونی دەنگە جیاوازەکان لەفەزایەکی دێمۆکراتیک لە پێناو گەییشتن بە خواستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کورد، چی دی بۆ دەسەڵاتی تازە پێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی تەحەمول نەدەکرا.

فەرمانی هێرشی سەراسەری بۆ کوردستان لە لایەن خومەینییەوە تەنیا لەبەر ئەوەی گوایە ژنانی موسلمان لە مزگەوتی جامیعەی شاری سنە بەدیل گیراون، زیاتر لە درۆ و بیانوییەکی بێ ناوەرۆک بۆ دەستپێکی داگیرکردنی

کوردستان، شتێکی دیکە نەبوو. گوتاری ئاشتیخوازانە و دێمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان بە ناحەق لە لایەن پاسدارانی خومەینی و حکومەتی تازە وەسەرکارهاتوی کۆماری ئیسلامی خڵتانی خوێن کرا. لەم نێوەدا، هەزاران لاو و خەڵکی بێتاوانی کوردستان بوون بە قوربانی شەڕێکی نابەرابەر. گەلی کورد وێرای هێزە سیاسییەکانی، ناچار بوو لە بڕیارێکی مێژوویی، بەرەنگاری چەکدارانە و نەتەوەیی دژ بە هەڕەشەی نەمان و هێرشی نیزامی کۆماری ئیسلامی هەڵبژێرێت. هەربۆیە ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵوەگەڕی بەرەنگاری رەوای گەلی کوردە دژ بە شەڕفرۆشی حاکمانی کۆماری ئیسلامی.

تێپەر بوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر دەسەلاتی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی، ئێعدامی سیاسی و ئەشکەنجە و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی نێو بزووتنەوەی کوردستان، هێشتا نەیتوانیوە ئاگری ژێر خۆڵەمێشی ئەم خەباتە بکوژێنێتەوەو شوناس و گوتاری ئازادیخوازانە و ئاشتیخوازنەی خەڵکی کورد لە نێو ببات. هاتنە ئارای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو دیمۆکراسیخوازانەی خەڵکی ئێران لە ساڵی رابردوو دژ بە دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بەنێوی "جولانەوەی سەوز"، بە تەواوی سەلماندی کە خەباتی سی ساڵەی بزوتنەوەی کوردستان دژ بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، خەباتێکی بەرحەق و رەوایە. لە جەریانی ئەم بزووتنەوەیەدا، پشتیوانی بەشێکی بەرچاو لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و لەوانە کۆمەڵە و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و خوێندکاری، هاوتەریبی مێژوویی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردی لەگەڵ بزوتنەوەی دێمۆکراسیخوازانەی سەراسەری بۆ هەموان سەر لە نوێ ئاشکرا کردەوە.

تێپەراندنی بەشێک لە هێڵە سوورەکانی بزوتنەوەی سەوز و شکاندنی تابۆی ویلایەتی فەقیە لەسەر شەقامەکان بە دوپاتکردنەوەی دروشمی "مەرگ بۆ ئەسڵی ویلایەتی فەقیە" و هەروەها لایەنگریی بەشێکی بەرچاوی ئەم بزوتنەوە فرەچەشنە لە سێکۆلاریزم، بە شێنەیی رێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە هەم لەلایەکەوە دیواری بێ متمانەیی و بەدگومانی هەڵێنجراو لە سێ دەیە پڕوپاگەندەی ژەهراوی کۆماری ئیسلامی بە دژی کورد و هێزە سیاسییەکانی، قەڵەشتی گەورە هەڵبگرێت و لە لایەکی دیکەوە، کوردیش مەجالی دوپاتکردنەوەی خواستە رەواکان و دروشمەکانی خۆی بۆ بزوتنەوەی سەراسەری بۆ رەخسا. ئەگەرچی هێشتا پاشماوەی پڕوپاگەندەی دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کورد لە زەین و کولتوری هەندێک لە خەڵکانی بەشدار لە بزووتنەوەی سەراسەریدا ماوە، بەلام بەگشتی پرۆسەی پێوەندی و لێکتێگەیشتنێکی نوێ لە ئاکامی ئەم رووداوانە هاتۆتە ئاراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**لە سیو یەکەمین ساڵوەگەری ٢٨ی گەلاوێژدا، جارێکی دیکە وێڕای مەحکومکردنی هێرشی درندانەی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەکەی و پێویستی ڕێزگرتن لە بەرەنگاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دژ بەم هێرشە، پێویستە لەسەر خەباتی سیاسی و مەدەنی و جەماوری خەڵکی کورد دژ بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی جەخت بکەینەوە. هاوکات پەرەپێدانی هاوپشتی و هاوخەباتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری و دیمۆکراسیخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ بزوتنەوەی کوردستان، پێویستیەکی مێژووییە لە پێناو هەڵتەکاندنی تانوپۆی دیکتاتۆری هەوسارپساو لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا.**

**سەرکەوێت بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد**
**مەرگ و نەمان بۆ رژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**سەرچاوە: ماڵپەری ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٠**

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدکا،لە سیهەمین ساڵی دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی خەباتگێڕو ئازادیخوازی کوردستان!

کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان!

گەلی کوردو حیزبە پێشڕەوەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە خەبات دژی رێژیمی پاشایەتیدا رابردوویەکی دوورو درێژو پرشنگداری هەیەو لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئەم خەباتەدا، گەلێک قوربانیی بەنرخی داوە، لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا زۆر چالاکو لە پێشەوەی ئەم خەباتە قارەمانانەیەدا، بە هیوای هێنانە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتی کە لەودا خەڵکی سەرانسەری ئێران بە ئازادیو دێموکراسیو گەلی کوردیش بەمافی رەوای خۆی شاد بێ، تێکۆشاو تا سەرئەنجام رێژیمی دژی گەلیو دژی ئازادیی حەمەڕەزا شا لە ٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا رووخاو تۆماری رێژیمی شاهەنشاهی لە ئێراندا پێچرایەوە.

لە سبەینێی سەرکەوتنی ئەم راپەڕینە شکۆدارەدا، گەلی کورد هیوادار بوو بە مافە رەواکانی بگات، کەچی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، دەستی بە پیلانگێڕی دژی ئەم نەتەوە مافخوازە کردو سەرەتا لە نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری سنە شەڕێکی خوێناویی بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا سەپاند کە لەو شەڕەدا بە سەدان نەفەر لە خەڵکی ئەم شارە قارەمانەیان شەلاڵی خوێن کرد، زۆریشی پێ نەچوو لە ٣١ی خاکەلێوەی هەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**ساڵدا شەڕی نەغەدەی ساز کرد.**

**حیزبی دێموکرات بە ناردنی چەندین وەفد بۆ تارانو وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوکاتی تاران لە خومەینییەوە بگرە تا بازەرگانو بەنیسەدرو... هتد، زۆری هەوڵ دا بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو دوور لە شەڕو کێشە، ویستەکانی گەلی کورد بخاتە بەر نەزەری کاربەدەستانو بەهیوای چارەسەری ئەم کێشەیە هەوڵی دا، بەڵام بەداخەوە ڕێژیم لە باتی لەبەرچاوگرتنو هەنگاو هەڵێنان بۆ دابینکردنی ویستی ڕەواو عادڵانەی خەڵکی کوردستان، تەپڵی شەڕی لێداو لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، خومەینی بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جهاد دژ بە گەلی کوردو حەڵاڵکردنی گیانو ماڵی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە مافخوازو ئازادی ویستە شەڕێکی نەخوازراوو نابەرانبەری بەسەر گەلی کورددا سەپاند کە تا ئێستاش لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوامە.**

**خومەینی لە فەرمانەکەیدا کە بە بیانووی شەڕی پاوە، بەڵام لە ڕاستیدا دژی هەموو خەڵکی کوردستان دەری کردبوو، دەستووری بە هێزە چەکدارەکانو پەیڕەوانی خۆی دا تا بەرەو کوردستان وەڕێ بکەون. لەو فەرمانەدا سەرکوتکردنی گەلی کوردی بە ئەرکێکی شەرعیو گرنگتر لە نوێژو ڕۆژوو داناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خەباتگێڕی ڕێگای مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانی، هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. لە چوارچێوەی ئەم فەرمانە زاڵمانەیەدا بوو کە هێزە پۆشتەو پەرداخەکانی ڕێژیمو پەیڕەوە ساویلکەو دەمارگرژەکانی خومەینی، هێرشیان کردە سەر خەڵکی بێدیفاعو ماف ویستی کوردستان. هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لەژێر فەرماندەیی چەمران بە هاوڕێیەتی قازی شەرعێکی وەک خەڵخاڵی، دەستیان دایە قەتڵو عامی خەڵکی کوردستانو لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە دەستیان نەپاراست.**

**لە چوارچێوەی ئەو فەرمانەدا، سەدان لاوی بێتاوانی کوردیان بە دوای محاکمە چەند دەقیقەییەکانی خەڵخاڵیدا ئیعدام کرد، پاساوی خەڵخاڵی بۆ ئەم کردەوە دژی مرۆڤانەیە ئەوە بووە کە ئێمە لە سێدارەیان دەدەین، ئەگەر بێتاوان بوون دەچنە بەهەشتو ئەگەریش تاوانبار بوون بە سزای خۆیان گەیشتوون.**

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**لە کەشو هەوایەکی ئەوتۆی زاڵ بەسەر کوردستاندا، دەبوایە خەڵکی کوردستانو هێزە خەباتگێڕەکانی یا مل بۆ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ئەم ژێنۆسایدە نامرۆڤانەیە راکێشن، یان بڕیاری بەرەنگاری لە دژی بدەن کە بە خۆشییەوە خەڵکی ئازاو چاونەترسی کوردستان بە رێبەرایەتیی هێزە سیاسییەکانیو لە پێشەوەی هەموویان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێگای دووهەم واتە رێگای بەرەنگارییان هەڵبژارد. حیزبی دێموکرات لە راگەیەندراوێکدا، روو لە بیرورای گشتیی ئێرانو کوردستان، وێڕای روونکردنەوەی مەبەستی ئەو فەرمانە رایگەیاند کە لە بەرانبەر ئەو هێرشە نامرۆڤانەو دڕندانەیەدا کە بە مەبەستی قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستانە، نەک تەسلیم نابێ، بەڵکوو دەست دەداتە بەرەنگاریو خەباتی ئازایانەو بەم چەشنە شەڕی بەرەنگاری لە دژی هێزی هێرشکەر دەستی پێ کرد.

لە پاش سێ مانگ شەڕو بەرەنگاریی ئازایانەی هێزی پێشمەرگەو وەشاندنی دەیان زەبری کاریگەر لە پەیکەری هێزە جینایەتکارە بێورەکانی رێژیم، کە لە رەوتی خەباتی خەڵکی کوردستاندا بە شەڕی سێمانگە ناسراوەو شپرزەبوونی ئەم هێزە، خومەینی بە رواڵەت بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خەڵکی کوردستانو لە بنەڕەتدا بۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیو گەمارۆدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری بۆ خەڵکی کوردستان نارد. لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ناحەزانو بەدخوازان، ئەویان خراپ تێگەیاندوەو ئەو ئامادەیە لە رێگای وتوویژەوە مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکا. حیزبی دێموکرات وێڕای هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ئامادەیی خۆیان بۆ وتوویژو چارەسەری ئاشتیانەی مافەکانی خەڵکی کوردستان راگەیاند. لە راستیدا رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر، رۆژی سەرکەوتنی بەرەنگاریی قارەمانانەی خەڵکو ئیعترافی راستەوخۆی رێژیم بە شکانی هێزەکانی بوو، هەر بۆیە ئەگەر ٢٨ی گەلاوێژ وەک رۆژی هێرشی کۆنەپەرستی بۆ سەر خەڵکی کوردستان رۆژێکی گرنگو خاڵی دەستپێکی خەباتی بەرگریی خەڵکی کوردستانە، رۆژی ٢٦ی خەزەڵوەریش رۆژی بەچۆکداهاتنی هێزەکانی رێژیمو سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە، بۆیە وەک رۆژێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی حەقخوازانەی گەلی ئێمەدا دەژمێردرێ.

خەڵکی ماف ویستو ئازادیخوازی کوردستان!

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ، سی ساڵ بەسەر فەرمانی جیهادی خومەینی بە دژی خەڵکی کوردستان تێدەپەڕێ. لەو ٣٠ ساڵەدا گەلی ئێمە لە خەباتێکی بەرگریو رەوادا گەلێک ئەزموونی بەنرخی لە پێناو بردنەپێشی ئەو خەباتەدا وەدەست هێناوە، ئەو خەباتو ئەزموونانە بە نرخی شەهیدبوونی دەیان هەزار لە خەڵکی کوردستانو زیندانیو دەربەدەربوونی هەزاران رۆڵەی تێکۆشەری دیکە تەواو بووە. ئەو زیندانییانەی تووشی دەیان جۆر ئەشکەنجەی

جەستەیی‌و رەوانی کراون‌و تەنانەت پاش تەواوبوونی دەورانی حوکمی داسەپاو بەسەریانداو ئازادبوونیان، شوێنەوارەکانی ئەم ئەشکەنجە جەستەیی‌و رەوانییە هەروا لەسەریان ماوەتەوە، بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان زێدو نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووەو دوور لە کەس‌و کار لە وڵاتی غەریبایەتی‌و لەوپەڕی بێئیمکاناتی بەڵام لەوپەڕی سەربەرزیدا دەژین‌و نرخی ئەو ئەزموونانە بووە، بەڵام وەک رێبەری هەمیشە زیندوومان دوکتور قاسملوو فەرموویەتی "گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا"، بەڵێ گەلی کورد فیداکارو دڵ ئاوەڵا، نرخی ئەو ئازادییەی داوەو ئامادەیە لە پێناو مافو ئازادییەکانیدا لەوەش زیاتر نرخ بدات.

ئەگەر لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا، هێزە خەباتکارەکانی کورد لە پێناو بەرگری لە نیشتماندا دەستیان دایە بەرەنگاریی چەکدارانەو لەو مەیدانەدا سوارچاکی‌و لێهاتوویی خۆیان بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نیشان داو دەیان ئەزموونیان لە ئازایەتی‌و لێهاتوویی تۆمار کرد، لە ٥ ساڵی رابردووشدا لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووو لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات، خەڵکی کوردستان بە داخستنی دووکان‌و بازاڕەکانیان‌و بە کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیان‌و دەربڕینی دەیان ناڕەزایەتیی دیکە، وەکوو ناڕەزایەتیی مامۆستایان، ژنان، کاسبکارانی سەرسنوورو... هتد، شێوەیەکی دیکەیان لە خەبات دەست پێ کردوەو لەو مەیدانەشدا سوارچاکو چالاکن‌و ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک لەو خەباتدا بەشدارن.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستاندا دەستەوەستان‌و داماوە، هەر رۆژە بە تێچوویەکی زۆرەوە دەست دەداتە پیلانێکی نوێ بە مەبەستی لاوازکردن‌و لەنێوبردنی خەباتی خەڵکی کوردستان، بەڵام بە خۆشییەوە، بەهۆی وریایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە پیلانەکانی رێژیم یەک لەدوای یەک پووچەڵ دەکرێنەوەو دەبنە بڵقی سەر ئاو.

کۆمەڵانی بەشەرەفو ماف ویستی کوردستان!

ئەگەر ٣٠ ساڵ لەمەوپێش، تەنیا خەڵکی کوردستان ماهییەتی ئەم رێژیمەی ناسیبووو لە دژی خەباتی دەکرد، ئەوا ئێستا ماهییەتی دواکەوتووانەو دژی ئینسانیی ئەم رێژیمە نەک تەنیا بۆ خەڵکی سەرانسەری ئێران، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش دەرکەوتووە.

دوایین رووداوی گرینگو جێی ئاماژە، شانۆی هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ئێراندا بوو کە ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

هەڵبژاردنە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەهۆی نادێموکراتیک بوونو نایەکسان بوونیەوە، بایکوت کراو گوترا کە رێژیم مۆرەی خۆی بۆ بەناو سەرۆک کۆماریی دەستنیشان کردوە، هەر بۆیە بەشداری لەو هەڵبژاردنەی بە بێمانا لە قەڵەم دا.

بە دوای راگەیاندنی ئاکامی دەیەمین شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی کە نێزیک بە دوو مانگ لەمەوپێش بەڕێوە چوو، شەپۆلێکی نارەزایەتیو قینی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، تەقییەوەو بە میلیۆنان کەس لە خەڵک، دژ بە رێژیم رژانە سەر شەقامەکانو هاواری نارەزایەتیو بێزاریی خۆیان بە گوێی هەموو خەڵکی دنیادا راگەیاند.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

ئێستا پاش ٣٠ ساڵ لەسەرکاربوونی ئەم رێژیمە سەدە نێوەڕاستییەو دەرکردنی فەرمانی جیهاد بە دژی کوردو دەیان پیلانی دیکە بە دژی ئەم گەلە، بە خۆشییەوە خەباتی خەڵکی کوردستان هەم لە بواری نێوخۆییو هەم لە بواری نێونەتەوەیدا بەڕادەی بەرچاو بەرەوەپێش چووەو رواڵەتی راستەقینەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیش رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لە بەرچاوی خەڵکی ئێرانو جیهانو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا دەردەکەوێ، رێژیم رۆژانە لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکان بەرەوڕوو دەبێو بۆ چارەسەری هەموو ئەم قەیرانانەش، تەنیا رێگایەک کە پەنای بۆ بردووە سەرکوتو کوشتارو زیندانیکردنو ئەشکەنجەی وەحشیانەی خەڵکی تێکۆشەرو ئازادیخوازە. ئەم شێوە هەڵسوکەوتو بیروبۆچوونەی رێژیم بۆخۆی پێکهێنەری گەورەترین قەیرانەکانە، هەر بۆیە ئێمە لە سیهەمینساڵیادی دەرکردنی ئەم فەرمانە جینایەتکارانەیەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی ئازادیخوازی کورد، هەموو کردەوەکانی دیکەی رێژیم لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی ئازادیخوازان لە سەرانسەری ئێراندا مەحکووم دەکەینو هاودەردیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەم رووداوە دەردەبڕینو پشتیوانی لە خەباتی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئازادی، دێموکراسیو مافە نەتەوایەتییەکانیان دەکەین. ئێمە دڵنیاین کە خوێنی بە ناحەق رژاوی تێکۆشەرانی کوردو رەنجو مەینەتی هەزاران کەس لە رۆڵە خەباتگێڕەکانی بە فیڕۆ ناچێو سەرئەنجام رێژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە.

بڕووخێ رێژیمی سەرکوتکەرو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە دژی ستەمو دیکتاتۆری**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٧ / ٥ / ١٣٨٨ ( ١٩ / ٨ / ٢٠٠٩)**

**سەرچاوە: کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٩ی ئاگوستی ٢٠٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

# پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ سیهەمین ساڵرۆژی هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دەرچوونی فەرمانی هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستانە. ٣٠ ساڵ لەمەوبەر و لە ئاوا رۆژێکدا، کۆماری ئیسلامی لە کاتیکدا کە هیشتا پتر لە چەند مانگ لە تەمەنی دەسەلاتی تێپەڕ نەببوو، تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە لە رژیمی شاوە وەک میرات بۆی بەجێ مابوو و توانیبووی لەو ماوە کورتەدا وەگەڕیان بخات ، لە پێناو سەرکوتی جەماوەرێک لە کوردستان بەکاریان بێنێت کە دەیانویست لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی خۆیان بەهرەمەند بن.

کوردستان لە هەلومەرجێکدا کەوتە بەر شاڵاوی رژیمی ئیسلامی، کە دەورەیەکی چەند مانگەی رزگاری لە کۆتوبەندی دیکتاتۆری رژیمی پەهلەوییان تەجروبە دەکرد. حیزبە سیاسیەکان ئازادانە چالاکیان دەکرد، رێکخراوە مەدەنیەکان وردە وردە  شکڵیان دەگرت، لە هەندێک لە شارەکان شۆراکانی بەرهەمی خەباتی جەماوەری، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی خەڵکیان بە دەستەوە گرتبوو، رێژەی جورم و جینایەت لە چاو تەواوی حەیاتی رابردووی ئەم کۆمەڵگایە، بە لانیکەمی خۆی گەیشتبوو. فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پێشرەو رەگاژۆی کردبوو و وشیاری و شعووری سیاسی گشتی، بە ئاستێکی بالا گەیشتبو، ئیبتکار و خەلاقیەتی جەماوەری بۆ سارێژ کردنەوەی خەسارە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو زامانەی کە دەسەڵاتی پەهلەوی لە سەر جەستەی کۆمەڵگا بەجێی هێشتبوو، کەوتبۆە کار و هەستی ئینسان دۆستی و شورو شەوقی شۆڕشگێرانە سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتبوو.

بەڵام لە هەمانکاتدا،نیگەرانی لەو مەترسیانەی کە لە کوردستان و لە ئاستی سەراسەریدا هەستیان پێدەکرا، وردە وردە پەرەی دەسەند. رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، هەر لە یەکەم رۆژەکانی پاش راپەرینی ٢٢ی رێبەندان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

هێمای دزێوی مەبەست و ئامانجی راستەقینەی خۆی بە جەماوەر نیشان دابوو. چەند مانگ پێشتری یەکەمین بەهاری ئازادی خەڵکیان لە شاری سنە شەلاڵی خوێن کردبوو، پیلان گێری، هەرەشەو خەت و نیشان کێشانی بەردەوام، پشتگیری و بەهێز کردنی تاقم و گروپی کۆنەپەرەست و پشتیوانی لە پاشماوەکانی کۆنەپەرەستی دەرەبەگایەتی، نائەمن کردنی فەزای شارەکان لە رێگای جێگیر کردن و دامەزراندنی بنکەی چەکداری سەر بە رژیم، تەواوی ئەمانە زایەڵی شوومی ئەو مەترسیانەی کە لە رێدا بوون، بە گوێی خەڵکی کوردستان دا چرپاند بوو.

لەو رۆژانە دا کۆمەڵە سەرەرای تەواوی ئەم کارشکێنی و کەندو کۆسپانەی کە ناوخۆی کوردوستاندا دەیان خستە سەر رێگای، هەوڵی دەدا خەڵک لەو ئەو مەترسیانەی کە لەرێدا بوون ئاگادار بکات جەماوەری خەلک بۆ موقاوەمەت بۆ خۆراگری بەرانبەر بە هێرشێک کە لە رێ دابوو ئامادە بکات. بە هەر رادەیەک کە رژیمی ئیسلامی جێگا پێی خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران پتەوتر دەکرد، مەترسی هێرش بۆ سەر کوردستان زیادی دەکرد و هاوکات سێبەری رەشی ئیستبداد و کۆنەپەرەستی بەرە بەرە هەموو ئیرانی دادەپۆشی . ئەم مەترسیە لە چەند مانگ پێش رووخانی رژیمی شاو هەر لەو کاتەوە کە دورشمی "حیزب تەنیا حیزب الله، رێبەر تەنیا روح الله"،بوو بە وێردی سەر زمان، هەستی پێدەکرا و دەنگی پێی ئیستبدادێکی رەشی مەزهەبی هەر لەو کاتەوە دەبیسترا.

هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی رژیم بۆ سەر کوردستان رووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو بەشێک بوو لە پلانەکانی خومەینی و هاوبیرانی بە مەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران و ناچار کردنی جەماوەری راپەریو بۆ مل کەچ کردن لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی دا. هەر بەم هۆیەوە بوو کە ماشێنی تازەی سەرکوت بە خێرایی کەوتەوە کار و نە تەنیا هێزە سیاسیەکان، بەوڵکوو تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کرانە ئامانج. بە پێشوازی کردن لە شەری ئێران و عێراق، نە تەنیا کەش و هەوای کۆمەڵگای ئێرانیان میلیتاریزە کرد و شورا کرێکاریەکانیان داخست، بەڵکوو زۆربەی کاخانەکانیان لەکار خست و کرێکارەکانیان رەوانەی بەرەکانی شەر کرد، نە تەنیا دەفتەری گروپە سیاسیەکانیان لە زانکۆکان کۆکردەوە، بەڵکوو تەواوی زانکۆکانیان داخست، کرێکارانی نارازی و بێکاریان لە بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان و تاران دایە بەر دەست رێژی گوللە، هێرشیان کردە سەر خوزستان و تورکەمەن سەحرا، سوکایەتیان بە ژنان کرد و ژێر چارشێوی رەش دا، یەخسیر کران و خزاندیاننە گۆشەی مالەکانیانەوە. هێرش بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژ بەشێک بوو لە پلانێکی سەراسەری بە مەبەستی ئەستاندنەوەی تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕش و سەرکوتی ئەو جەماوەرەی کە بۆ رزگار بوون لە دەست سەرەرۆیی پەهلەوی و بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شیاوی ئینسان راپەڕیبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

جەوهەری راستەقینەی حکومەتی مەزهەبی، زەوت کردنی ئیرادەیە لە ئینسان. لەم رووەوە ئەم رژیمە هەر لەبنەڕەتدا لە گەڵ ئازادی ئینسان بێگانەیە. خومەینی بە پشت بەستن بە تەقیە( یان رەوا بوونی درۆ لە مەزهەبی شیعە) دا، پێویستی بە دەرفەتێک بوو هەتا پایەکانی نیزامە ئیسلامیەکەی خۆی جێگیر بکات. بەڵام وجودی کەش و هەوای ئازاد دەرفەتێکی ئەوتۆی پێنەدەدا، تا ئەو کاتەی کە سروەی نەسیمی ئازادی لە هەر شوێنێکی ئێران هەستی پێدەکرا، ئەو بە ئاسودەیی خەوی لێنەدەکەوت. لە روانگەی ئەوەوە ئازادی وەک ژەهرێک وابوو کە دەرژایە جەستەی رژێمی ئیسلامیەوە. ئەو تەنیا بۆ چارەسەری شەری نێوان دەست و پێوەندەکانی خۆی و جێنشیەکانی پێی دەگوتن کە پێوەر دەنگی خەلکە.

خۆراگرییەکی پرژوبڵاو و ناهاوئاهەنگ لە بەرانبەر هێرشی کۆنەپەرستیدا لە هەموو شوێنێک شکڵی گرت و رژێم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بە ئاسانی داگیر بکات. بەڵام ئەم خۆڕاگریە لە کوردستان وەها جانانە بوو کە سەری کۆماری ئیسلامی تێیدا لەبەرد دا، ئەم خۆڕاگریە، دەنگی شۆڕشی ئێران بوو کە لە کوردستانەوە دەبیسترا و بە گوێی خەڵکی هەمو ئێران و جیهان دەگەیشت. ئەو خۆراگرییە لە ماوەی کەمتر لە ٣ مانگ دا خومەینی کێشایە پشت مێزی وتوێژ، تا ئەم جارەیان بە فێڵ و فریوکاری دەرفەتێکی گونجاو بەدەست بە دەست بێنێت و بڵێسەی ئاگری ئەم بزوتنەوەیە دامرکێنێتەوە. هەربۆیە کاتێک چەند مانگ دواتر هەستی بە ئامادەبوون کرد سەرلەنوێ هێرشی نیزامی خۆی دەست پێکردەوە.

لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە دا رێگای سەخت و دژوار تێپەڕ کرا، بەڵام خەڵکی کوردستان لەم تاقی کردنەوە مێژووییە دا سەربەرز هاتنە دەرێ. بزووتنەوەی عادڵانە و ئازادیخوازانەی ئەم خەڵکە، توشی گەلێک هەوراز و نشێو بوو، بەڵام "زەوی ژێر پێی رژێم لە کوردستان هەمیشە داغ" بوو. شۆڕش لە ئێران شکستی پێ هات، بەڵام بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستان لە شکل وشێوەی جۆراوجۆردا درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێ گومان ٣٠ ساڵی رابردوو، دەورانێکی سەخت و دژوار بووە بۆ خەڵکی کوردستان ، بەڵام نە بەو رادەیە دژوار کە ئەگەر سەریان بۆ دەسەلاتی رەشی ئەو رژێمە دانەواندبایە توشی دەبوون.

ئەمرۆ لە هەل و مەرجێک دا یادی ٣٠ ساڵەی دەستپێکی ئەم خۆڕاگریە پڕ شکۆیە رێز لێ دەگرین کە رژێمی کۆماری ئیسلامی لە گێژاوێکی مەرگبار دا گرفتار بووە. خۆڕاگری لە بەرانبەر رژێمی ئیسلامیدا سەرتاسەری ئێرانی گرتۆتەوە. ئەم خووّاگریە، بالەکانی رژێمی  بە گژ یەکتردا کردووە. زۆریەک لەوانەی کە سەردەمێک فەرمانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

دەدا "تا شۆڕشی کوردستان دانەمرکێنن، پۆتینەکانتان لەپێ دەر مەهێنن" و یان "چاوەڕوانی فەرمانی خومەینی بوون تا بین بە موجاهید بۆ سەرکوت خەڵکی ئازادیخواز" و یان" بۆ سلامەتی ئیمام دوعایان دەکرد" و داوایان دەکرد کە "سپای پاسداران بە چەکی قورس تەیار بکرێ"، زۆریەک لە سازماندەرانی سەرەتایی ناوەندەکانی ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی، سەران و دامەزرێنەرانی سپای پاسداران کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران سوورە، هەمووی ئەمانەی کە ئەوکات شمشێری دوژمنیان دەمەزەرد دەکردەوە و نەمامی سەرەرۆیی مەزهەبییان ئاو دەدا، ئیستا و لەم دەورەیەدا خۆیان بوونەتە قوربانی ئەم رژیمە و خەڵکی کوردستانیش شانازی بە خەبات و خۆڕاگری ٣٠ ساڵی خۆیانەوە دەکەن.

خەڵکی کوردستان کە ئاڵاهەڵگرانی خۆڕاگری لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی بوون، لە رۆژی مێژووی ٢٨ی گەلاوێژ دا کە هێمای هاوپشتی و خۆڕاگریە، تازیەبار نابن، ئەوان دەزانن کە خوێنی گیانبەختکردوانیان لەم ریگایە دا بە فێرۆ نەچووە، ئەوان سەر بەرز و سەرفەراز، بە شانازی بەو خۆڕاگرییەی کە ئێستا ئیتر بە پانتایی هەموو ئێران لە ئارادایە، بەرەو ئاسۆیەکی رۆشن، رێگای خۆیان درێژە پێدەدەن.

ئەمرۆ وشیاری سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستان لە ئاستێکی بەرز دایە. کرێکارانی کوردستان هەڵسوراوانە لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا بەشدارن و دەوری پێشڕەو دەگێرن، ژنان شانازی بە خۆراگرێەک دەکەن کە بەرانبەر بە کۆنەپەرەستی و دوسەلات لە هەموو سنەگەرەکاندا کردویانە. ئەو دورشم و داخوازیانەی کە کۆمۆنیستەکان لەم کۆمەڵگایە دا هێنایانە گۆرێ، ئێستا جەماوەری بوونەتەوە و بوونەتە هێزێکی مادی و ئەمانە هەمووی بەرهەمی بەشداری هەڵسوراوانەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەراسەری بۆ روخاندنی رژیمی پاشایەتی و خۆڕاگریەکە کە لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨وە لە بەرانبەر هێرشی رژیمی ئیسلامی دا شکڵی گرت. رێز لەم رۆژە مێژویە دەگرێن و درود دەنێرێن بۆ هەموو ئەو ئینسانە سەربەرزانەی کە لەم رێبازەدا دا گیانیان بەخت کردوو و هەروەها سەری رێز دادەنەوێنین بۆ بنەماڵەی سەربەرز و خۆڕاگری ئەوان.

کومیتەی ناوەندی کۆمەلە ریکخراوی کوردوستانی حیزبی کومونیستی ئیران

٢٦ گەلاوێژی ١٣٨٨هەتاوی / ١٧ئوتی ٢٠٠٩زایینی

سەرچاوە: ماڵپەری کۆمەڵە - رێکەوتی: ١٧ی ئووتی ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## با ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژی قەتڵ و عامی گەلەکەمان لە یاد نەکەین. بەیاننامەی پارتی سەربەستیی کوردستان.




کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو.

مانگ و ڕۆژ نییە لە ڕۆژمێرەکانی ساڵدا کە پڕ نەبێت لە کارەساتی جۆراوجۆر بۆ سەر گەلەکەمان، و ئەو کارەساتانەش بێوچان بۆ سەر خاک و زێدمان بەردەوامە، پێویستە هەموومان لە ئاست خۆمانەوە ئەو ڕۆژمێرو کارەساتانە بکەین بە پەرتووکی مێژوویی، بۆ قەدرزانی و خۆڕاگری خاک ونەتەوەکەمان، وهەروەها بیکەینە پەیامێکیش بۆ نەوەی داهاتوومان.

٢٨ ی گەلاوێژی ٢٦٨٠ی کوردی، واتە ١٩٨٠ی زایینی ، یەکێکە لەو ڕۆژە شوومانەی مێژووی نەتەوە بندەستەکەمان لە ئێران، کە بە فەرمانی ئایەتوڵلا خۆمەینی ڕێبەری ئاینی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بە فەرمانی جیهادی کورد کافرە لە مێژوودا تۆمار کراوە، هێرشی دڕندانە وبێبەزەییانەی سوپای پاسداران کرایە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و بە سەدان و هەزاران کەس کوژران و بریندار کران و ڕاپێچی سیاچاڵەکانی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە کران.

هاوڵاتیانی تامەزرۆی سەربەخۆیی یەکجاری: ئەگەر ئێمەی کورد بە تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ئەو ڕووداوە مێژوویانە بێدەنگ بین و وەک پێویست کاری لەسەر نەکەین، ئەوا هەرگیز ناتوانین لە ڕووداوەکانی مێژوودا ئەزموونێک وەرگرین بۆ ئەوەی بتوانین لەو جۆرە کارەساتانە بە دوور بین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

هێرشەکانی ٢٨ی گەلاوێژی ٢٩ ساڵ پێش، هێرش بۆ سەر گروپ ولایەنێکی تایبەتی نەبووە، بەشکو هێرشی سەرتاسەری بووە بۆ سەر گەلەکەمان بەمەبەستی جینووسایدکردنمان، بۆ ئەم مەبەستەش وشەی کورد کافریان بە کار هێناوە، بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی کەسانی دواکەوتوو پەیرەوانی ئاینی تایبەتی ئیمام خومەینی بۆ ئەم جینایەتە ڕاکێشن.

پارتی سەربەستیی کوردستان وەک پارتێکی نەتەوەیی خۆرهەڵاتی کوردستان، داوا لە گشت کوردستانیانی خۆشەویست لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەکەین، کە لە وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕۆژە تاڵەو ڕسواکردنی ڕێژیمی کورد کوژی ئێران، لە چالاکییەکان بەشداری بکەن وەبیری کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕێژیمەکانی داگیرکەرەکانی کوردستان بێنەوە، کە ئێمەی کورد هەرگیز تاوانەکانی ئێوەی داگیرکەر لە یاد ناکەین.

هاوکات داوا لە گشت پارت ولایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازییەکی سیاسی و هزری، هەوڵبدەن کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییەوە و چەندین جینایەتی دیکە پێک بێنن، کە بتوانن لە ئاست جیهاندا لە سەر ئەم کردەوانە بە شێوەیکی زانستی کار بکەن، و لە دادگاکانی جیهانی سکاڵا بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران تۆمار بکەن.

ڕسوایی بۆ کۆماری ئازادی کوژی ئیسلامی ئێران و سەربەرزی وسەرفرازی بۆ گەلی کورد،

هەر شەکاوەبێت خەبات لە پێناو سەربەخۆیی و سەربەستیی یەکجاری گەلەکەمان.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.


٢١ی گەلاوژی ٢٧٠٩ ی کوردی. ٢٠٠٩/٨/١٢ زاینی.

سەرچاوە: ماڵپەری پارتی سەربەستیی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەڕی قڕکردنی کورد لەلایەن خومەینیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



ڕەنجدەر دۆڵەگۆمی

لە ساڵی (١٩٧٩) دا شەڕی قڕکردنی کورد بە بڕیاری (خومەینی) دەستی پێکرد، بە سەرۆکایەتی یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی شیعەگەری تورک و فارسان بەناوی (بەنی سەدر) کە ناوی شەڕی جیهادی (خومەینی)یە، خومەینی وای نیشان دا گەلی کورد بێباوەڕە و دژی خوا و پێغەمبەر و قورئانە. (خاڵ خاڵی و مستەفا چەمران و ئەندازیار بازرگان) وەک سەرانی ڕژێمی خومەینی لەگەڵ بەنی سەدر دا بە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ـدا هاتن وەک پێشڕەوانی (سوپای خومەینی) کورد کوژ، لە هەر شار و گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کە دەستیان بەسەردا گرت کۆمەڵ کوژیەکی زۆریان کرد بەبێ جیاوازی ژن و پیاو و کچ و کوڕ و منداڵ تەنانەت سەدان منداڵی کوردانیان بە (بزماران) کوشت!! ئەو کاتە زۆرایەتی گەل و خاکی ڕۆژهەڵات لەژێر دەستی (حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕش گێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان) دا بوو. تێکۆشەرانی (ی.ن.ک) بەتایبەتی و تێکۆشەرانی (حیزبی شۆشیالستی کوردستان) و (پارتی شۆشیالستی کورد – پاسۆک) و هەرێمی کوردستانی (حیزبی شۆعی عێراقی) ڕەنج و خوێن و گیانیان پێشکەشی گەلی قارەمان و خاک و جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد لەو هێرشەدا لوتی بەرزی سەرانی لەخۆبایی خومەینی و سوپا داگیرکەرەکەی شکا، ناچار پەنای بۆ وتووێژی ساختەکارانە و فێڵبازانە برد کە ئەوە بە درێژایی مێژوو نەریتی داگیرکەرانی کوردستان بووە، کاتێک بەوەش هیچی بۆ نەکرا هێرشی کورد قڕکردنی دەستپێکردەوە توانی هەتاکو ساڵی (١٩٨٥) تەواوی خاک و گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتەوە ژێر دەستی خۆی، ئەوەی هێندە زوو بوو بە هۆکاری داگیر کردنەوەی کوردستان ئازایەتی و تواناکانی ئەو ڕژێمە کورد کوژە نەبوو، بەڵکو شەڕی کورد خۆری و خۆ خۆری نێوان دێموکرات و کۆمەڵە بوو کە هەر لە ساڵی (١٩٨٠)وە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەتاوەکو کۆتایی (١٩٨٧) درێژەی هەبوو زۆر جاران ڕادەوەستا بەڵام لە ساڵی (١٩٨٥) بوو بە شەری سەرتا سەری ئەوەش بەڕێبەرایەتی (دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو) و (عەبدوڵلای موهتەدی) شایەنی باسە ڕێکخراوی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستان بە ڕێبەرایەتی مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنی بەشداری شەڕی بەرگری کورد و کوردستانیانەی کرد. (مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی) وەک تاکە ڕێبەرێکی نەتەوایەتی و ئاینی و مرۆڤایەتی گەلی کورد نەخشی بەرچاوی هەبوو لە یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کوردستان دا. (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی (١٩٤٥) دامەزراوە، بۆ ڕۆشنبیرانی کورد باش ناسراوە، خاوەنی هەزاران ڕەنج و خوێن و گیان بەخشیوە ڕێبەرە گەورەکانی کە گیان و خوێنیان بەخشیوە بریتین لەوانە:**

**١- پێشەوا قازی محەمەدلە ساڵی ١٩٤٧.**

**٢- عەبدوڵلای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق لە ساڵی (١٩٧٠) لە پایتەختی عێراق (بەغدا) لەلایەن بەعسیانەوە بێ سەر و شوێن کرا.**

**٣- دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو لە ساڵی ١٩٨٩.**

**٤- دکتۆر سادقی شەرەف کەندی کە برای مامۆستا هەژاری شاعیرە لە ساڵی ١٩٩٢.**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە ساڵی (١٩٦٩) دامەزراوە، لە سالی (١٩٧٩) خەباتی ئاشکرای دەستپێکردووە بە ڕێبەرایەتی گیان و خوێن بەخشیو سەرکردەی هاوچەرخ و نوێ خوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاتی کوردستان (فوئادی مستەفا سوڵتانی) کە ناسراوە بە (کاک فوئاد) لەهەمان ساڵدا لە نێوان شاری (سەقز و بانە)دا گیان و خوینی بەخشیوە هەرچەندە یەکەم گیان و خوێن بەخشیوی کۆمەڵە کە ڕۆژی کۆمەڵەشە (کاک حەمە حوسێنی کەریمی)یە کە (ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵە)یە، کاک شوانی قارەمان پێشەنگی پێشمەرگەکان لە شاری سنە گیان و خوێنی بەخشی. ئەوانە نمونەی سەرکردەکانی کۆمەڵە بوون، ئێستا حیزبی دیموکرات بۆتە دوو بەش (مستەفای هیجری و عەبدوڵلای حەسەن زادە) ڕێبەرایەتی دەکەن بارەگای سەرەکیان لە (شاری کۆیە)ی سەربە (پارێزگای هەولێر)ی باشووری کوردستانە. کۆمەڵە سێ حیزبی کۆمەنیست و پێنج کۆمەڵەی لێ کەوتۆتەوە ڕێبەرانی کۆمەڵەکان:**

**١- ئیبراهیمی عەلی زادە.**

**٢- عەبدوڵلای موهتەدی.**

**٣- عومەری ئیلخانی زادە.**

**٤- عەبدوڵلا دلێر.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

٥- سەعیدی وەتەن دۆست. بارەگای سەرەکیان لە (شاری سلێمانی) ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەوەی ئەو دوو جوڵانەوەی بە لاڕێدا برد و پارچە پارچەی کرد شەڕە خۆ خۆریە جۆریە جۆراو جۆرەکان و بیری گەوجانەی دەستەگەری و ناوچەگەری و ئێرانچێتی و کۆمەنیستی خەیاڵی دوژمن بە کورد و کوردستانیان بوو، بیری خۆ سەپێنی و پاوان خوازی دەسەڵاتیش هۆکارێکی تری شەڕی خۆ خۆری و خنکاندنی دەنگ و ڕەنگی ئازادیخوازانەی دژ بەو شەڕە بوو. هەرچەندە لە ساڵی (١٩٧٩) بۆ (٢٠٠٣) پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراقی دا هەبوو بەڵام سەربەخۆیی سیاسیان لەدەست نەدا، نەک لە دژی جوڵانەوەی باشووری کوردستان، تەنانەت لە دژی ڕژێمی ئێرانیش سیخورایەتی و گەلە جاشەتیان پەسەند نەکرد، سەدان ڕەنج و خوێن و گیانیشیان بە گەل و باشوری کوردستان بەخشی کە ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیایی لێی دا بە ئەنقەست، ئەو ڕەوشت و ناموسە هەرە بەرزە کوردانەیەش لە (پێشەوا قازی محەمەد) و (فوئادی مستەفا سوڵتانی)یەوە وەک میرات بۆ مایەوە، سەری بەرزی هەڵۆی سەربەرزانەی کورد و کوردستانیانەم بۆ گەل و خاک و ڕەنج و خوێن و گیان بەخشیوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دادەنەوێنم .

واژۆکەران

(بە پێی پیتی ئەلف وبێ)

ئارام چراغی – ئارام عوسمانی – ئارێز ئەندری ( ڕۆژنامەنووس) – ئارێز داراپوور – ئاریا موکریانی – ئاوات ئەلیار- ئازاد سەقزی – ئیبراهیم کۆنە پۆشی– ئەحمەد عەزیزی – ئەسرین حوسەینی – ئەسعەد ڕەشیدی – ئەفشین میهرئاسا – ئەمجەد کەریمی – ئەمیر سەڵەواتی – ئەنوەر بایزیدی – ئەنوەر سوڵتانی –ئێرەج وەڵەدی- ئەیووب ڕەحمانی (سویس) – بابا علی میهرپەروەر - بروسک ئیبراهیم ( ئاڵمانیا ) –جەعفەر تیکانتەپە – جەمیل نوورە – جەواد مەلا - حەسەن ئەیووب زادە – حەسەن دەرزی - حوسەین خەلیقی – خەلیل حەواری نەسەب - ڕزگار نەلاسی (بلژیک) - ڕەزا کاویانی – ڕووناک ئەیازی – سەرهەنگ چیا – سەعید شەمس – سمکۆ عەلی (نۆروێژ) - سیامەند موعینی – سیروان کاوسی – شاخەوان عەزیزی – شەهلا دەباغی - سابیر شێخولئیسلامی – عارف نادری – عەبدولرحمان خادمیانی – عەبدوڵڵا عەلی (نۆروێژ) – عەتییە میعمارپوور- عەلی ڕازدار - فاتیح مەردوخ – کاڵێ مورادی – کامڕان ئەمین ئاوە – کەریم دانشیار - گەلاوێژ حەیدەری – گۆران ئەمیری – لوقمان فارووقی - لەیلا محەممەدی – محەممەد خاکی – محەممەد سەییار- مستەفا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

مودەڕڕیسی – موزەففەر نامداری – مەهین شوکروڵڵاپوور- ناهید بەهمەنی – نیدا ئێرانی – نگین شێخولئیسلامی – ویدا نیعمەتیان – هادی بوتیمار- هاشم کەریمی -  هوشەنگ خەتمی و......

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کورد – ئوروپا

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان پۆست  -  ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## ٢٨ی گەلاوێژ هێمای درندەیی رژیمی ئیسلامییە و نیشانەیەکە بۆ ئیرادەی بەهێزی خۆراگرانەی خەڵکی کوردستان

٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی نەپساوەی خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری ئێران و کوردستاندا بە رۆژێکی رەش ناسراوە، وەبیرهینەورەوەی جینایەت و رووداوگەلێکی تاڵە، هەروەها بە دەسپێکی بانگەشەی ئاشکرای سەرکوتکاری و هێرشی سیستماتیک و هەمەلایەنەی دەسەڵاتدارانی سەرەرۆی ئێران بۆ سەر بزوتنەوەی ئازادیخوازیی و عەداڵەتویستیی خەڵکی مەینەتدیتووی ئەم وڵاتە دادەندرێ.

پاش سەرکەوتنی راپەڕینی پڕشکۆی جەماوەری لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا و ڕەوینەوەی سێبەری رەشی دیکتاتۆری پاشایەتی قۆناغێکی تازە لە ژیانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا دەستی پێکرد. درگای ژیانێکی نوێ لە کۆمەڵگایەکی کراوە و سەربەستدا بەرەورووی خەڵک کرایەوە. ئەم خەڵکە بۆ یەکمجار و پاش زیاتر لە نیو سەدە کەوتبوونە بەر درگانەی سەردەمێکی نوێ و دەرفەتی هەڵسووڕانێکی سەربەستانەی سیاسی - کۆمەڵایەتی و سازکردنی ژیانێکی شیاوی ئینسانی و بە دوور لە ستەم و سێبەری رەشی دیکتاتۆری هاتبوە گۆڕ.

بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسلامی خەونێکی دیکەیان بۆ کۆمەڵگای ئێران دەبینی و پیلانێکی دیکەیان لەبنسەردا بوو. ئەوانە هەر لە رۆژەکانی یەکەمی سەرکەوتنی راپەڕینی جەماوەریدا جاڕی تەواوبونی شۆرش و ئەستاندنەوەی چەک لە دەست جەماوەر و گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ ماڵەکانی خۆیان دا. دەستیانبرد بۆ خۆتەیارکردن و سازکردنەوەی هێزی چەکداری سەرکوتگەر. زمانی فێڵ و تەڵەکە و هەڕەشە و زەبر نواندنیان خستە کار هەتا بە هەر جۆرێک کە بووە بەری قووڵبوونەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری بگرن و بەرەبەرە دەستکەوتەکانی شۆڕشیش بخەنە ژێرپێ و هەر رۆژ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

زیاتر له چاوەڕوانییەکانی خەلک بۆ باشتر بوونی گوزەران و چاکتربوونی فەزای کۆمەلایەتی و سیاسی له ناو کۆمەڵگادا کەم بکەنەوە.

له درێژەی ئەم رەوتی کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەدا هەموو نیشانەکان دەریان خست کە خەڵکی رەنجدیدە و بێبەشکراوی کوردستان، کە خەباتی دەیان ساڵەی دژواری دژ بە ستەمیان تێپەڕاندووە نایانەوی مل بە داوی دژی شۆڕشانەی دەسەلاتدارانی تازە بدەن. خوازیاری جۆرێکی دیکەی ژیانی سیاسی ـ کۆمەلایەتین کە لەگەڵ بۆچوونی کۆنەپەرستانەی دەسەلاتداراندا یەک ناگرێتەوە. خوازیاری قووڵکردنەوە و درێژەدان بە شۆرش و چەسپاندن و بەرینکردنەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕشن. خوازیاری نەمانی بنکەکانی سەرکوت و زۆروێژین، خوازیاری دەسەلاتی راستەقینەی جەماوەری و پاراستنی ئازادییە دموکراتیکەکانن. خوازیاری دوورخستنەوەی دین لە دەسەلاتی سیاسی و سەقامگیرکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی سەربەستن. نایانەوێ جارێکی دیکە سێبەری دیکتاتۆری و زەبروزەنگ ـ ئەمجار بە بەرگ و سیمای ئایینی و ئیسلامییەوە ـ باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت. خوازیاری سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی و دامەزراندنی عەدالەتی کۆمەلایەتین و بە گشتی خوازیاری ئەوەن کە خۆیان چارەنووسی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتییان دیاری بکەن و چیتر رێگا نەدەن تووشی هەلاواردن و سووکایەتی ببنەوە و کوردستان ببێتە کۆمەڵگایەکی وەدواخراوی مۆڵدراو بە هێزی چەکدار.

خەڵکی کوردستان هەر لەو ماوە کەمەی کە دەستیان کەوتبوو وێڕای هەموو کۆسپەکان و سەرەڕای هەموو کەموکورییەک کە هەبووبێ نیشانی دا کە دەتوانێ بە پشت بەستن بە هێزی خۆی کۆمەڵگایەکی ئینسانی و ئازاد دابمەزرێنێ و بەرێوەی ببات. لەو ماوە کورتەدا کوردستان ببوە مەکۆی ئازادی و تواندرا نمونەیەکی سەرکەوتوانەی دەسەلاتی راستەقینەی جەماوەریی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی شۆڕاکانی گەرەک و شارەکان و هەڵبژاردنی ئازاد بەرێوە بچێ. کۆمەڵە وەک هێزێکی سیاسی و بە دەربەست نەخشێکی بەرچاوی لە بەدیهێنانی تەواوی ئەو دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ بەرینکردنەوەی شۆڕش و چەسپاندنی دەستکەوتەکانیدا گێڕا و وەک سەنگەرێکی قایم لە دژی زۆروێژییەکانی دەسەلاتدارانی کۆنەپەرستدا وەستایەوە.

هەموو ئەم داوا و چاوەڕوانییە ئینسانی و عادلانەیە بە گەرووی دەسەلاتدارنی ئیسلامی تاڵ بوون، بۆیان قووت نەدەچوو، نەیاندەویست بچنە ژێرباری ویست و داخوازی ئەوتۆ، هەر بۆیە رێگای فێڵوفەرەج و تەشقەلەیان گرتە، هێشتا مانگ و نیوێک لە داتەپینی رژیمی پاشایەتی تێنەپەڕیبوو کە کەوتنە بڕوبیانوو لە خەڵکی کوردستان و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

نەورۆزی خوێناوییان بۆ شاری سنە بە دیاری هێنا و کەوتنە چاوسوورکردن و زبروزەنگ نیشاندان و هەڕەشە کردن لە خەڵکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری کوردستان و هەر رۆژەی لە جێگایەک و لە هەر شوێنەی بە بیانویەکەوە ئاوری دوژمنکارانەیان هەڵدەگیرساند، هەتا چۆک بە ئیرادەی یەکگرتوانەی خەڵکی مافخوازی کوردستاندا بهێنن.
درێژەی ئەم ڕەوتە سەری لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دەرهێنا کە خومەینی وەک رێبەر و سەرۆکی حکومەتی ئیسلامی هەموو زمانی فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی خستە ئەو لایەوە و ڕاشکاوانە و بە ئاشکرا بیچمی دژی ئینسانی حکومەتەکەی دەرخست و فتوای جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستانی راگەیاند. داوای لە هەموو هێزە چەکدارەکانی زەمینی، هەوایی و دەریایی و سپای پاسداران و سەرجەمی بەکرێگیراوان کرد « لە ماوەی ٤٨ ساعەتدا سەری فیتنە لە کوردستان پان کەنەوە و دەسەڵاتی ئیسلامی لە کوردستاندا بچەسپێنن«. جەنابی بەنی سەدری سەرکۆماریش فەرمانی بە ئەرتەش دا کە «تا کۆتایی هێنان بە غائیلەی کوردوستان بەنی پۆتینەکانیان نەکەنەوە». ئەمانە بە درۆ بڵاویانکردەوە کە کمونیستەکان لە مزگەوتی جامێعەی سنە ژن ومندالی موسڵمانەکانیان بە بارمتە گرتوە و ئەمەیان کردە پاساوی فتوا ئیسلامییەکەیان و پەلامارە دژی ئینسانییەکانیان. بەمجۆرە لە هەموو لایەکەوە کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی درندانەی هیزە چەکدارەکانی حکومەتی ئیسلامی و بەئاگروئاسن کەوتنە جەستەی خەڵکی خەباتکاری کوردستان. لە هەموو شارەکان ئیعدامی بەکۆمەڵ وەرێکخرا و کوشتوکوشتاری خەڵکی بێتاوان دەستپێپکرد. ئەم پەلامار و زۆروێژییانە بوون بە هەوێنی خۆڕاگری و بەربەرەکانێیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان کە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

زنجیرەی ئەم شاڵاوە دژی ئینسانییانە کە سی ساڵە درێژەی هەیە و لە فتواکەی خومەینییەوە بە بەردەوامی بەڕێوە دەچێت خەسارێکی مەزنی بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەیاندووە و کۆسپ و تەگەرەی گەورەی خستوەتە سەر رەورەوەی رەوتی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی; بە هەزاران ئینسانی فیداکار و تێکۆشەری ئەم وڵاتە خوێنیان رژاوە، بە دەیان هەزار ئینسان کەوتونەتە بەر زەبری لێدان و گیران و بەشێکی زۆریش پەرپوە و پەرتەوازەی هەندەران کراون، بەڵام قەت رەورەوی خۆراگری و درێژەدانی خەبات لە دژی ملهوڕی و زۆرداری لە وەستان نەکەوتووە و قەت دامودەزگاکانی حکومەتی ئیسلامی ئەوجۆرەی ئیدعایان دەکرد نەیانتوانی کۆمەڵگای ئێران بکەنە «دورگەی ئارام» بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی تاڵانکارانە و بەدیهێنانی ئاواتی دژی ئینسانییان.

دەسەڵاتی رەشی حکومەتی ئیسلامی لەم ماوەیەدا سەرەڕای هەموو دڕندەیی و جینایەتێکی بێ وێنە کە لێیان وەشاوەتەوە، سەرەڕای ژیانێکی تاڵ و سەخت و دژوار کە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی بێدەرەتان و گەلانی مافخوراوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

ئێرانیان سازکردووە، هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ ساتێکیش سەرینی ئاسودەیی و ئەرخەیانی بخەنە ژێر سەریان و هەرگیز بۆ ساتێکیش مۆتەکەی روخانی دەسەڵاتە نگریسەکەیان لەبەر چاو ون نەبووە.

ئێستا زیاتر لە سی ساڵە ئەم ڕەوتی خەبات و بەربەرەکانێیە لە دژی دەسەڵاتی درندانەی حکومەتی ئیسلامی لە ئاراداییە. هێشتا مۆڵەتە ٤٨ سەعاتییەکەی خومەینی بۆ (پانکردنەوەی سەری بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و شکاندنی موقاومەتی خەڵکی کورد تەواو نەبووە و ئێستاش پاشی سی ساڵ ئەو ئاواتەیان بۆ نەهاتۆتە دی. خەڵکی کوردستان لە درێژەی ئەم خەبات و بەربەرەکانێیەدا گەلێک رۆژگاری سەخت و تاڵیان تێپەڕاندووە، سەرەڕای هەموو ئەم دژوارییانە ئێستا چاوکراوەتر لەپێشوو ئاڵای ئەم خەباتە ئینسانی و عادلانەیە لە دژی سڕینەوەی ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردنی چەند قات، لە دژی زۆرداری نەتەوەیی و لە پێناو ئاشتی و ژیانێکی شەرافەتمەندانەی بێ چەوساندنەوە دەشەکێنێتەوە. ئەم خەڵکە نەک هەنگاوێک بەرەو دواوە نەچووە، بەڵکوو خاراوتر و بە ئەزمونتر لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا حزوری هەیە و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان و لەهەموو توانا و وزەرفیییەتەکان بۆ درێژەدان بە خەباتی عادلانە و بۆ گەیشتن بە عەداڵەت و سڕینەوەی ستەم و نابەرابەری تێدەکۆشێ.

ئێستا حکومەتی ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێک کەوتۆتە بەر رق وتووڕەیی کۆمەڵانی رەنجدیتوی ئێران و کوردستان. سەرانسەری ئێران بۆتە شانۆی نارەزایەتی دەربڕین دژ بە حکومەتی ئیسلامی، ئێستا شوورەی پۆڵاینی موقاومەتی جەماوەری سەرتاپای حکومەتی ئیسلامی خستۆتە بەر لێکبڵاو بوون.

ئێمە دڵنیاین کە هەموو دامودەزگاکانی رژیم لەبەردەم راپەڕینی پڕشکۆی جەماوەریدا چۆکدائەدەن و گەورەترین سەرکەوتنی مێژوویی بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازی لەئێران و کوردستان تۆمار دەکرێ. ئەمە ئەزمونی بێ ئەملاولای مێژووە و چارەنووسی نەگۆڕی هەموو دەسەڵاتێکی زۆردار و جیانەتکارە و کۆماری ئیسلامیش بە هەموو فێل و تەڵەکەکانییەوە، بە هەموو دڕندەیی و جینایەتەکانیەوە ناتوانێ خۆ لەو چارەنوسە لا بدا. ئێمە داوا لە خەڵکی خۆڕاگری کوردوستان دەکەین کە ٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ واتە سیهەمین ساڵیادی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردوستان بکەن بە رۆژی یەکیەتی و یەکگرتووییان و ریزی خەباتکارانەیان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی پتەوتر بکەنەوە.

**ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە (فراکسیون)**

**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٨ / بەرابەر بە١٨ی ئاگوستی ٢٠٠٩**

**سەرچاوە: ماڵپەری بەیان - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٩**



## راگەیێندراوی سپای رزگاریی کوردستان سەبارەت بە ۲۸ی گەلاوێژ




**هاونیشتمانیانی بەڕێز!**

**ئەمڕۆ ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۸۷، ۲۹ ساڵ لە فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێئەپەڕێ.**

**۲۹ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێکا تازە حکوومەتی شا رووخابوو و دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی لە ئێران هاتبووە سەرکار، لە بڕیارێکی دژی مرۆڤایەتیدا، خومەینی ڕێبەری حکومەتی تازە، بڕیاری جیهادی دژ بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرکرد.**

**بڕیاری جیهادی خومەینی دژ بە گەلەکەمان، هێندەی تر هێزەکانی ڕێژیمی بۆ وێران کردنی وڵات و کوشتنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دڕتر کرد. هێزەکانی ڕێژیم بەبێ دەسپاراستن لە هیچ جینایەتێک، هەڵیانکوتایە سەر کوردستان و بە هەزران کەس لە خەڵکی کوردستانیان شەهید و بە هەزارانیان ڕەوانەی بەندیخانەکان کرد و ئێعدامی دەستەجەمعیان وەڕێخست.**

**بەڵام ئەوەی جێی شانازیی گەلەکەمان بوو لەو کاتەدا، ئەوەبوو کە سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو هێزە خۆیان تەیار کردبوو و بەهەموو شێوەیەک هێرشیان دەهێنایە سەر خاکەکەمان و دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەئەپاراست،**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە یەک دەنگ و لە هەڵوێستێکی مێژووییدا، بەگژ داگیرکەراندا چوونەوە و شکستیان پێهێنان و بۆ ماوەی ٣ مانگ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوو. ئەو بەرگری و بەرپەرچدانەوەیە بۆ هەمیشە لە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورددا ئەمێنێتەوە.

سپای رزگاریی کوردستان کە لەو کاتەدا هەزاران پێشمەرگەی بۆ پاراستنی کورد و کوردستان ڕێکخستبوو، لەم هەڵوێستە مێژووییەی گەلەکەمان دا، هاوکات و هاوشان لەگەڵ پیشمەرگەی حیزبەکانی تری کوردستان، بەشداری چالاکانەی لە گورزوەشاندن لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئاخوندی کرد و لەم ڕێگایەشدا سەدان پێشمەرگەی شەهید بوون.

ئەمڕۆ لە ٢٩ هەمین ساڵی ئەو ڕووداوە مێژووییەدا سپای رزگاریی کوردستان، پا لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتیی نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دائەگرێ و خۆشی بۆ تێهەلچوونەوەی خەباتی توندوتۆڵ و ژیانەوەی شانازییەکانی ڕابردووی ئامادە ئەکاتەوە. هەروەها بەمجۆرە پشتیوانی خۆی لە بانگەوازی چالاکانی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات بۆ کۆدەنگی لەسەر ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ڕائەگەیێنێ.

کۆمیتەی ساخکەرەوەی سپای زرگاریی کوردستان

٢٨ گەلاوێژی ١٣٨٧ ١٨ ئاگۆستی ٢٠٠٨

سەرچاوە: ماڵپەری سپای زرگاریی کوردستان - ڕێکەوتی ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨



# شەکاوە بێ ئاڵای بەرخۆدانی نەتەوەیی



**لە بیست ونۆیەمین ساڵی فەرمانی جیهاد دژی خەڵکی کوردستان.**

**ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!**

**کوردستانییە نیشتمانپەروەرەکان!**

**٢٨ گەلاوێژی ئەمساڵ، ٢٩ ساڵی ڕەبەق بەسەر دەرچوونی فەرمانی جیهاد بەدژی خەڵکی وڵاتەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ.**

**٢٩ ساڵ لەمەوبەر، لەپاش زنجیرەیەک پەلامار و شەڕفرۆشیی حاکمانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران، سەرەنجام لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەدەرکردنی حوکمی جیهاد لە سەر کورد ، شەڕ و پەلاماری سەرانسەریی بە دژی نەتەوەکەمان، ڕاگەیاند.**

**بەدووای دەرچوونی ئەو حوکمە، دەیان هەزار کەس لە هێزەکانی ئەرتەش و پاسداری کۆماری ئیسلامی لە عەرد و ئاسمانەوە بە پاڵپشتی تۆپ و تانک و تەیارە،**

**هێرشێکی بەربڵاویان بە ئامانجی داگیرکردنەوەی کوردستانی ئازاد و تێکشکاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabaz.org

بەچۆکداهێنانی ڕۆڵەکانی ئەم خاکە و سەپاندنی حوکمی داگیرکەری، وەڕێخست.

هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەپێی حوکمێ کە دەرچووبوو، لە هیچ تاوان و جینایەتێکی دژی مرۆڤی دەرهەق بە ڕۆڵەکانی کورد، نەپرینگانەوە و لە ئاکامی ئەو هێرشە سەرانسەرییەدا، هەزاران مرۆڤی کوردیان بە زەبری بوردومان و پەلامار و کوشتاری بەکۆمەڵ یان هەڵخستنی سێدارە و ڕێکخستنی ئیعدامی بەتاک و کۆ، لە ناو برد. هەروەها بەشێک لە ئاوەدانی و کێڵگە و دار و دەوەنی وڵاتەکەمانیان کردە سووتماک.

لە بەرانبەر حوکمی جیهادی خومەینی و هێرشی هێزەکانی بەرفەرمانیدا، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد داماو و دەستەوەستان نەوەستان و بە یەکگرتوویی و وەڕێخستنی بەرگری و بەرخۆدانێکی مێژوویی،لاپەڕێکی دیکەی پڕ سەروەرییان خستەسەر مێژووی بەرەنگاریی نەتەوەی کورد بەرانبەر پەلامارەدەران و لە ماوەی ٣ مانگدا، دەرسێکی وایان بە داگیرکەران دا کە سیستەمی سەرکوت و داگیرکەریی ڕێژیم پەکی کەوت و هەر خومەینی خۆی ناچار بوو فەرمانی ڕاوەستانی شەڕ و بانگەوازی ئاشتی دەربکا.

ئەو فەرمانەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژدا بە دژی کورد دەریکرد، درێژەی ئەو ڕێچکەیە بوو کە حکومەتە یەک لەدووای یەکەکانی ئێران هەر لە شاکانی سەفەوییەوە تا قاجار و پەهلەوی بۆ تووناکردنی گەلی کورد و بەتاڵان بردنی سامانی وڵاتەکەی گرتبوویانە بەر.

خۆڕاگری و کۆڵنەدانی کوردان و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەر و حەولدان بۆ بەرقەراریی دەسەڵاتی نەتەوەییش، نەریتێ بوو کە لە شێخی شۆڕشگێران شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و سەرداری گەورەی گەل سمکۆی شکاک و هەڵۆی سووری مەڵبەندی لوڕستان قەدەم خێر و پێشەوای شەهیدی گەل قازی محەممەدەوە بەمیرات بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد مابووەوە.

بەمجۆرە ئەگەر ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩٧٩) سیمبولی عەقڵیەت و سیاسەتی شۆڤێنیستی و داگیرکەرانەی ڕێژیمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی بوو، بڕیاری بەربەرەکانی و بەرخۆدانی جەماوەریی گەلی کورد،هێمای بزوتنەوەیەکی ئازادیبەخشی نەتەوەیی و تێکۆشان لە پێناو سەروەریی و دەسەڵاتی خۆیی ئەو گەلە بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**شەڕ و تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە ماوەی ٢٩ ساڵی ڕابردوودا نەبڕاوەتەوە و درێژەی هەیە. تیرۆری رێبەرانی گەلەکەمان، ئیعدامی رۆڵەکانی کورد لە زیندانەکاندا، بەتاڵان بردنی سامانی نەتەوەیی کوردان، تێکدانی باری دیمۆگرافی هەرێمە رەسەنەکانی کوردستان، حەولدان بۆ شێواندنی ناسنامە و کلتور و کەسایەتی کورد، بڵاوکردنەوەی مادە بێهۆشکەرەکان، پەستاندنی هەزاران کورد لە ئەشکەنجەگاکان و کوشتاری بەردەوامی ڕۆڵەکانی کورد لەسەر سنوورەکان، درێژەی ئەو حوکم و شەڕەیە کە ٢٩ ساڵ لەمەوبەر بەسەر کورد دا سەپا.**

**بەڵام نە داگیرکردن و میلیتاریزەکردنی کوردستان و نە قوربانییە زۆر و زەوەندەکانی نەتەوەی کورد، بزوتنەوەی ئازادیبەخشی کوردستانی پەک نەخستووە و بە هەموو هەوراز و نشێوەکانەوە، گەلی کورد و حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی ،ئاڵای ئازادی و ملنەدان بە زۆرداریبیان شەکاوە ڕاگرتووە.**

**ئەمڕۆ لە دەسپێکی ٣٠ ساڵەی دەرچوونی حوکمی جیهاد و فەرمانی قەلاچۆی نەتەوەکەمان لە رۆژهەلاتی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان لەسەر ئەم پرێنسیپانە پێدادەگرێ:**

**١- هیچ دەوڵەت و حکوومەت و دەسەڵاتێکی سیاسیی کە هەڵقوڵاوی ئیرادەی راستەقینەی خەڵکی کوردستان نەبێ، لەسەر خاکی کوردستان شەرعیەتی نییە و ڕادان و هەڵتەکاندنی مافی ڕەوای نەتەوەی ئێمەیە.**

**٢- رێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرانی بڕیار بەدەستی، بەرپرسی هەڵایسانی شەڕ و هەموو ئەو تاوان و جینایەتانەن کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ەوە تا ئێستا دژ بە خەڵکی کوردستان، خوڵقاوە. گەلی کورد خوازیاری دادگایی کردنی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو شەڕ و تاوانانە و قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانیەتی.**

**٣- بڕیاری بەرەنگاری لە حاست لەشکرکێشی و دەسدرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، لە لایان خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بڕیارێکی دروست و مێژوویی بوو و زۆر بەجێیەکە ٢٨ی گەلاوێژ بە رۆژی بەرگری نەتەوەیی بەرانبەر جیهادی خومەینی (لە رۆژهەلاتی کوردستان) دابنرێ.**

**٤- کێشەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، لەگەڵ دەسەلاتدارانی داگیرکەر و تۆتالیتێری حاکم و عەقڵیەت و سیاسەتی شۆڤێنیستییە و پەیامی کورد بۆ گەلانی ئێران، برایەتی و پێکەوە ژیان بە ئاشتی لە هەرێمەکەدایە.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

**٥- هەموو ساڵێ بە گشتی و ٣٠ یەمین ساڵی فەرمانی ئەو جیهادە و بەرەنگاریی کوردان بە تایبەتی، ببێتە ڕۆژی یەکێتی و یەکڕیزیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوەدەنگی و پلانی هاوبەشی هێزە سیاسییەکان بۆ لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بەگەلی کورد و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ٦- نەتەوەی کورد مافی خۆیەتی بۆ پاراستنی خۆی لە کوشتار و قەلاچۆ، وێڕای پشت بەخۆ بەستن،**

**هانا بۆ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرێ و داوای هاوکاری لە هێزە دێموکراتییەکانی جیهان بکا.**

**شەکاوە بێ ئاڵای بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی ٢٨ی گەلاوێژ**

**بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی و یەکڕیزی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی**

**مەجلیسی گشتی**

**پارتی ئازادیی کوردستان**

**٢٨ گەلاوێژی ٢٧٠٨ / ١٨ ئاگۆستی ٢٠٠٨**

**سەرچاوە: ماڵپەری ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٨**



# به هاسانی هەموو کۆمەڵکوژییەکان



## نووسینی: سەعید سەنەندەجی

## لە فارسییەوە: مەسعوود مەناف

دووی سێپتامبر، ٣٣ ساڵ بە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە دا تێپەڕ دەبێ کە لە ٢ی سێپتامبری ١٩٧٩ی زاینی [١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی] قەوما. ئەی لە کوێن داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ تا دەنگی قوربانیانی فاشیسم بە دنیا بگەیەنن؟

گوندی قاڕنێ، یەکێک لە گوندەکانی کوردستانە کە بە گوێرەی دابەشکردنی جوگرافیایی لە ئێران، وەک یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شارستانی نەغەدە لە پارێزگای ورمێ دێتە ئەژمار. [هەر کەمێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران] ئەو گوندە لە لایەن چەکدارانی ڕەژیمی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆدرا و دانیشتوانەکەی بە دەستی نێردراوانی حکومەتی ئێران کوژران.

کۆمەڵکوژی هەژێنەری کوردەکان لە قاڕنێ، هەر بە کوشتنی هاوڵاتیانی ئەو گوندە کۆتایی نەهات بەڵکوو چەکدارانی ڕەژیم، ڕەحمیان بە تەرمی قوربانیانیش نەکرد و بە خەنجەر و ساتوور، دەست و سەریان لە جەستەی بێ گیانیان جیا کردەوە. ئێستاش سەرەڕای تێپەڕبوونی سی و سێ ساڵ لەو هەڵسوکەوتە هەژێنەرە، بکوژرانی

ناسراوی ئەو کارەساتە، لە ژێر چەتری پشتیوانی حکوومەتی ناوەندی ئێران دانە و هەرگیز بانگهێشتی دادگایەک نەکراون تا بە محاکەمەیان، گۆشەیەک لە زامی دڵی بنەماڵەی قوربانیان سارێژ بێت و ئارامیان پێ ببەخشێ.

گەلی کورد کە پاش لەسەرکارلابردنی "محەممەد رەزا پەهلەوی"، بە دڵخۆشی، بیری لە داهاتووی خۆی دەکردەوە، هەرگیز بە خەیاڵی دا نەدەهات کە دوژمنایەتی ڕەژیمی نوێ لە بەرانبەر کورد، هەر وەک ڕەژیمەکەی پێشوو درێژەی هەبێت بەڵام مێژوو بە زوویی نیشانی دان کە لە هەڵە دان و دەسەڵاتی ناوەندی، هەمان سیاسەتی حکومەتی پێشوو لە بەرانبەریان دا پێڕەو دەکات.

تەنیا چەند مانگ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، سیاسەتی گووشار و دوژمنایەتی لەگەڵ کورد، بوو بە هۆی چۆلکرانی ۳۰ گوندی "سۆما" و "برادۆست". کۆچێکی زۆرەملی کە وەک یەکێک لە شێوازەکانی "کۆمەڵکوژی" دێتە ئەژمار، زانیارییەک کە تەنانەت لە ڕۆژنامەی "کەیهان"ی زمانحاڵی ڕەژیمیش دەنگی دایەوە و لە ۸ی ئاوریلی ۱۹۷۹ واتە ۱۸ی نەورۆزی ۱۳۵۸ بە چاپ گەیشت.


## حاجی حەسەنی و قەمەبەدەستانی هاوڕێی

حکومەتی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، سیاسەتی گووشار بەرانبەر بە گەلی کوردی کردبوو بە یەکێک لە بەرنامە سەرەکییەکانی خۆی. لە کتێبی" قارنا و انقلاب- "کە کۆمەڵێک بەڵگەی فەرمی حکومەتی ئێران و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی دە خۆیدا کۆکردۆتەوە -ئەو خاڵە تەیید دەکرێت کە" حاجی عەزیم مەعبوودی "لە نامەیەک دا بۆ" بەهلوول گوڵستان، عەزیز بازدار و خەلیل خەسرەوی"، لە ڕدێن سپییەکانی ناوچە، نووسیبووی :وێڕای سڵاو، تکایە بۆ کڕینی خۆراکی گوندی قارنێ، هەم خۆتان و هەم برایانی تری ئەو گوندە هاتووچۆی شار[مەبەست نەغەدە] بکەن. هەر کەس چووکترین کێشەی بۆ ئێوە برایانی کورد سازکرد، بە زووترین کات بە ئینتزامات یا خۆمی ڕابگەیەنن تا بە ناوی زیدی ئینقلاب بیگرین و ڕادەستی بەرپرسانی دەوڵەتی بکەین. خۆلاسە هیچ خۆتان نارەحەت مەکەن، ئێمە هەموو براین."

دانیشتوانی گوندی قارنێ کە سەرەڕای پێڕەوکرانی سیاسەتی داماڵینی کورد لە لایەن ڕەژیمەوە، لە ماڵی خۆیان لە سەر خاکی هەمیشە کوردستانییەکەیان دەژیان، کاتێک ئەو نامەیان لە لایەن بەرپرسێکی فەرمی وڵاتەوە بە دەست گەیشت، هیوربوونەوە و بە دڵخۆشییەوە لە داهاتووی خۆیان دەڕوانی. بەڵام مخابن ئەوان خافڵ لەوە بوون کە ئەو

نامە تەنیا داوێکی تری ڕەژیمە و دەسەڵاتداران تەنیا بۆ فریوی بیرو ڕای گشتی و پێشگرتن لە هەڵاتنی دانیشتوانی ئەو ناوچە، نامەیەکی ئەوتۆیان بۆ ناردوون.

٢ی سێپتامبری ١٩٧٩ی زایینی [١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی]، نزیک بە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ، کاتێک منداڵەکان لە حەوشە کایەیان دەکرد و ژنان سەرقاڵی کاروباری ناوماڵ و گەنج و کاڵەکانی گوند لە دەور و پشتی دێ سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشت و کاڵ بوون، چەکدارانی ڕەژیم، تەیار بە تانک و تۆپ و چەکی قورس و سووک و سارد، هێرشیان کردە سەر گوندی قارنێ.



لە ڕاپۆرتێک دا کە ڕۆژی ٧ی دێسامبری ١٩٧٩، لە ڕۆژنامەی "ئیتلاعات"ی چاپی تاران بڵاوکرایەوە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە تەیاربوونی چەکدارانی ڕەژیم بە "تۆپ و تانک و چەکی سووک و هتد کراوە.

"مەلا محەممەد"، پێشنوێژی گوندی قارنێ، کاتێک هێرشی هەمەلایەنەی چەکدارانی ڕەژیم بۆ سەر گوندەکە دەبینێ، کتێبی پیرۆزی قورعان بە دەستەوە دەگرێ و دەچێتە پێشوازیان و بە ناوی کەلامی خودا سوێندیان دەدات کە خەڵکی قارنێ نەکوژن بەڵام جەلادەکانی ڕەژیم، گوللەیەک لە سینگی ئەو مەلایە دەدەن و پاشان سەری دەبڕن. ڕووداوێک کە لە ڕۆژی ١٧ی سیپتامبری ١٩٧٩ لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتیش دا بە چاپ گەیشت.

بە گوێرەی فیلمێکی کورتی بەڵگەنامەیی کە "بێهداد بۆردبار" ئامادەی کردووە، ئەو کات ٨٠ ماڵبات لە گوندی قارنێ ژیاون. ڕۆژنامەی کەیهان، کە زمانحاڵی حکومەتە، ڕۆژی ٢٧ی نۆڤامبری ١٩٧٩ڕاپۆرتێکی لەمبارەوە بڵاوکردەوە و تێیدا نووسیبووی کە هەژماری کوژراوانی قارنێ ٦٨ کەس بووە.

چەکدارانی ئێران لە ماوەی ٢ کاتژمێر دا، هەر گیانلەبەرێکی کە دیتیان کوشتیان. لە منداڵ و ژن و پیرەوە بگرە تا گەنج و بەساڵاچوو و پاش ئەوەی کە کوشتارە ئەمرکراوەکەیان ئەنجام دا، تەرمی بێ گیانی قوربانییەکانیان لەت لەت کرد لە دەرەوەی ئاوای فڕێیان دان تا وا نیشان بدەن کە ئەو کەسانە لە شەڕ دا کوژراون. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی ١٧ی سیپتامبری ١٩٧٩ی خۆیدا ئاماژە بە هەڵسوکەتی وەحشیانەی بکوژان و پارچە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

پرچەکردنی تەرمی قوربانیانی قاڕنێ دەکات.

"سادق خەڵخاڵی" کە لە ناوی بە ڕێژەی یەکجار زۆری ئیعدامەکان لە کوردستان گرێ دراوە، سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی قاڕنێ لە نامەیەک دا بۆ "خومەینی" ڕێبەری ئەوکاتی ئێران نووسیبووی: ڕووداوی دڵتەزێنی قاڕنێ، دڵ هەر مرۆڤێک دەشەوتێنێ. "مەلا مەحموود مەستوورزادە"، کە بە قورئانەوە دەچێتە پێشوازی هێرشبەران، لە لایەن پیاوەکانی "مەعبوودی، سەرگورد نەجەفی، عەزیز.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

## كۆمەڵكۆژی لە رۆژهەڵاتی کوردستان: لاپەڕەی : ٣٠٥

--------------------------------------------------------

## *لێکدانەوەی شەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ١٩٧٩ - ١٩٩١*

### س.ماکوان

**کوشتنی بەکۆمەڵ یانێ لە مەترسی هاویشتنی بوونی کۆمەڵێک لە ئینسانەکان یان گەلێک. دەکرێ کوشتنی بەکۆمەڵ لە تاقە وشەیەکدا کورت بکرێتەوە "سیفر کردن" واتە کۆمەڵێک ئینسان لەگەڵ سیفر بەرانبەر بکرێن. ئەمە پێناسەیەکە لە کۆمەڵکوژی کە Henri R Huttenbach پرۆفیسۆری زانستی سیاسەت لە زانستگای نیۆیۆرکی ئامریکا لە کۆمەڵکوژی دەیدا.**

**ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریدا دەستیکرد بە کوشت و بڕ و لەنێو بردنی فیزیکی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئایا دەکرێ وەک کۆمەڵکوژی یان قەلاچۆ پڕ بە مانا سیاسییەکەی ناوزەد بکرێ؟ دانی حوکمی جیهادی لە دژی خەڵکی کورد لە لایەن خومەینیەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دەکرێ وەک حوکمی قەلاچۆ و کۆمەڵکوژی بنرخێندرێ.**

### تابلۆی سەرجەمی کۆمەڵکوژییەکان:

### بەشی یەکەم: کۆمەڵکوژییەکان

| ڕیز | ناوی گوند | ناوچە | ڕێکەوت | کوژراو و ساقکراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قارنێ | نەغەدە | ١٩٧٩ | ٤٩ |
| ٢ | قەلاتان | نەغەدە | ١٩٧٩ | ١٢ |
| ٣ | دیلانچەرخ ، حەڵبی ، کۆیکان ، کەرێزەی شکاکان | نەغەدە | ١٩٨١ | ٢٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | چەقەڵ مستەفا | نەغەدە | ١٩٨٢ | ١٣ |
| ٥ | خەلیفەلیان ، گۆڕخانە | نەغەدە | ١٩٨٢ | ٨ |
| ٦ | ئیندرقاش و وسووکەند | مەهاباد | ١٩٧٩ | ٣٥ |
| ٧ | قەرە گوڵ | مەهاباد | ١٩٨١ | ١٨ |
| ٨ | سەوزی | مەهاباد | ١٩٨١ | ٩ |
